زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# کاراکتەرە سینتاکسی و سیمانتیکیەکانی کردار لە کوردیدا

**نامەیەکە**

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کراوە
وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

**لەلایەن**

**بنار عبد الجبار جميل**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا

**بە سەرپەرشتیاری**

**د.حاتم وليا محمد**

ئەیلول ٢٠١٥

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَقُل رَّبِّ أَدۡخِلۡنِي مُدۡخَلَ صِدۡقٖ وَأَخۡرِجۡنِي مُخۡرَجَ
صِدۡقٖ وَٱجۡعَل لِّي مِن لَّدُنكَ سُلۡطَٰنٗا نَّصِيرٗا ﴾

الإسراء: ٨٠

# بەڵێنامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیەکە ناونیشانەکەی بریتیە لە ***کاراکتەرە سینتاکسی و سیمانتیکیەکانی کردار لە کوردیدا*** هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بلاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: **بنار عبدالجبار جميل**

بەروار: / / ٢٠١٥

هەواڵنامەی کتێب

# پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لەپسپۆری زمانی کوردی من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەمشێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: **د. حاتم ولیا محمەد** واژوو:

بەروار:

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بەپشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:
ناو: **د. گۆران سۆران فەیزی**
سەرۆکی بەشی کوردی
بەروار:

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی بالا لەکۆلێژ
واژوو:
ناو:
بەروار:

هەواڵنامەی کتێب

# بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (**کاراکتەرە سینتاکسی و سیمانتیکیەکانی کردارلە کوردیدا** ) خوێندەوە و قوتابیەکەمان بە ناوی (**بنار عبدالجبار جمیل**)بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی زمانی کوردیدا تێدایە.

واژوو :
ناو: **پ. د. طالب حسێن علی**
ئەندام
بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو:
ناو: **پ.ی.د. عبدالوەاب خالد موسی**
ئەندام
بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو :
ناو: **د.حاتم وليا محمد**
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو:
ناو: **پ. د. وریا عمر امین**
سەرۆکی لیژنە
بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو:
ناو: **پ. ی. د. سعید عمر ابراهیم**
ڕاگری کۆلیژی پەروەردە- بریکار
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
بەروار: / / ٢٠١٥

هەواڵنامەی کتێب

پێشکەشە بە

-پێشکەشە بەهەموو ئەوانەی خزمەتی زمانی کوردی دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاس و پێزانین

*مامۆستای گەورەم (د.حاتم وليا محەمەد) کەبەهەستێکی برایانەو لەخۆبوردووییەوە، سەرپەرشتی نامەکەی کردم و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە کاتی نووسینی نامەکەمدا چەندەهاجار وانەی تایبەتی پێوتووم و سەرچاوەی بەنرخی لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ وەرگێڕاوم و بە زانیارییە وردو ڕێنماییە زانستیەکانی یارمەتی داوم و بەردەوام وەک هاوڕێ و باوک و براو کەسێکی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا کردووم. هیوای لەش ساغی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، ئاواتەخوازم نموونەی بەڕێزیان لە زیادبوون دابێت.

*هاوڕێ و براو مامۆستای دڵسۆز (م. فەیسەڵ غازی) کە هەمیشە یارمەتیدەرم بووە.

*هاوڕێ و براو مامۆستای دڵسۆز (م. نەبەز ئیسماعیل حەمەد) کە لە وەرگێراندا لە زمانی ئینگلیزیەوە بەو پەڕی پشوودرێژییەوە یارمەتی داوم، هیوای لەش ساغی بۆ دەخوازم.

هەواڵنامەی کتێب

## پوختە


ئەم نامەیە باسێکە دەربارەی (کاراکتەرە سینتاکسی و سیمانتیکیەکانی کردار لە کوردیدا)، کە پۆلکردنێکی واتایی وردی کردارەکان دەگرێتەخۆ. جگە لە بەشی یەکەم کە بۆ پێشەکی تەرخان کراوە، ئەم نامەیە لە شەش بەش پێکهاتووە بەم شێوەیە:-

بەشی دووەم کە هیچ ناونیشانێکی نەدراوەتێ لە دوو تەوەر پێکهاتووە، باس لە رۆلە واتاییانە دەکات، کە بەشداری لە ڕووداو و بارودۆخێکدا دەکەن، وە ئەو پەیوەندییە بناغەییەی کە رۆلی بەشداربوو دەیبێ لەگەڵ کرداری سەرەکی لەناو ڕستەیەک یاخود لاڕستەیەک دا، خراوەتەڕوو. لە تەوەرەری دووەمی ئەم بەشەشدا باس فەرهەنگ و ڕێزمان بەشێوەیەکی فراوان دەکرێت. هەوڵدراوە دەربارەی ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەم دوو ئاستە بەوەی کە، چۆن وشەکان و پێکهاتەکانی ناوەوەیان پەیوەندی بەم پێکهاتانەوە هەیە کە لەلایەن سینتاکسەوە بەرهەم دهەێنرێ بخرێنە ڕوو.

لە بەشی سێیەمدا چەمکی کردار بۆ دوو جۆری سەرەکی و لاوەکی دابەشکراون کە دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو بەشەکانی دوواتر.

بەشی چوارەم: بەشێوەیەکی گشتی کردارەکانی تەوەرەکانی ئەم بەشە لەژێر ناونیشانی (جۆری یەکەمی کردارە سەرەکیەکان)، ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە هەبوونی چالاکیەک دەکەن، واتە ئەو کردارانەی کە بەتێئاخنینی فرێزە ناویەکان دەتوانن ڕستە درووستبکەن.

بەشی پێنجەم:- بەناونیشانی (جۆری دووەمی کردارە سەرەکیەکانە)ە، ئەم بەشە لە حەوت تەوەر پێکهاتووە، کە کردارە سەرەکییەکانی گشت تەوەرەکان وەک بەشەکەی پێشووتر دەتوانن بە تەنیا لە ڕستەدا دەربکەون و هەموو رۆڵەکانیشیان بە فرێزی ناوی پڕبکەنەوە، بەلام جیاوازیەک لە کردارەکانی ئەم بەشە لەگەڵ ئەوەی پێشووتر، وەرگرتنی لاڕستەی تەواوکەرییە، وەک جێگرەوەیەک بۆ فرێزی ناوی کە بەشێوەیەکی ورد دەستنیشانکراون.

بەشی شەشەم:- ئەم بەشە لەم تەوەرانەی خوارەوە پێکهاتووە لەژێر ناونیشانی (کردارە لاوەکیەکان).

لە لقی یەکەمی تەوەرەی یەکەم وەسفێکی گشتی کردارە مۆدەڵ و نیمچەمۆدەڵەکان کراوە، واتە ئەو کردارانەی کە بەتەنیا ناتوانن هیچ رۆڵێکی سیمانتیکی سەربەخۆیان

هەبێت و بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەدوای کردارە سەرەکییەکان دێن.لە لقی دووەم و سێیەم و چوارەمی بەشی شەشەم باس لەو کردارانە دەکرێت کە بە کردارێکی تری سەرەکییەوە دەبەسترێنەوەو لەگەڵ هەریەک لە تایبەتمەندی و خاسییەتە سیمانتیکی و سینتاکسیەکانی کردارەکە بە وردی باس کراون.

تەوەری دووەمی بەشی پێنجەمیش لە دوو لق پێکهاتووە باس لەو کردارانە دەکات، کە تەنیا یەک ڕۆل دەناسێنن و کردارێکی تری سەرەکییان لەدوادێت بەشێوەی لاڕستەی تەواوکەری.

تەوەری سێیەمی بەشی پێنجەمیش لە دوو لق پێکهاتووە، لە هەردوو لقیشدا باس لە کردارەکانی (دروستکردن ) و (یارمەتیدان) کراوە. کە یەک ڕۆڵی سەربەخۆیان هەیە ئەویش هۆکارەکەیە، وە لاڕستەی تەواوکەریش وەردەگرن.

تەوەوەری چوارەمی بەشی شەشەم، بەهەمان شێوەی تەوەرەکەی پێشووتر دەبێتە دوو لق، تیایدا ئاماژە بەو کردارانە کراوە کە تێنەپەڕن و لاڕستەی تەواوکەری وەک بکەریان وەردەگرن، وە خستنە ڕووی ئەو ڕۆڵەیکە هەندێک جار جگە لە ڕۆڵە بکەرەکە کە لە ناو لاڕستە تەواوکەریەکە وەریدەگرێت.

بەشی حەوتەمیش لە یەک تەوەر پێکهاتووە، کە تیشک خراوەتە سەر جۆری لاڕستەکان، ئەو پەیوەندییە سیمانتیکیەی نێوان کردارە یاریدەدەرەکە و کردارەکەی نێو لاڕستەکان کە هەیە، خراوەتە ڕوو.

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆک


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | بەڵێنامە | ii |
| | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | iii |
| | بڕیاری لێژنەی تاقیکردنەوە | iv |
| | پێشکەشنامە | v |
| | سوپاس و پێزانین | vi |
| | پوختە | viii-vii |
| | ناوەڕۆک | x-ix |
| ١- | پێشەکی | ١-٣ |
| ٢-١ | پەیوەندی نێوان ڕۆلە واتاییەکان و ئەرکە ڕێزمانیەکان | ٤-١٣ |
| ٢-٢ | فەرهەنگ و ڕێزمان | ٨ |
| ٣- | کردارە سەرەکی و کردارە لاوەکییەکان | ١٤-٢٤ |
| ٤- | جۆری یەکەمی کردارە سەرەکییەکان | ٢٥-٦٨ |
| ٤-١ | جوڵەو مانەوە | ٢٥ |
| ٤-٢ | جوڵەی جەستە | ٣٩ |
| ٤-٣ | دان | ٤٥ |
| ٤-٤ | کارلێککردن | ٥١ |
| ٤-٥ | کەش و هەوا | ٦١ |
| ٤-٦ | هەندێ کرداری تر | ٦٤ |
| ٥- | جۆری دووەمی کردارە سەرەکیەکان | ٦٩-١٢٤ |
| ٥-١ | سەرنجدان | ٦٩ |
| ٥-٢ | بیرکردنەوە | ٨٠ |
| ٥-٣ | بڕیاردان | ٨٨ |
| ٥-٤ | قسەکردن | ٩٣ |
| ٥-٥ | حەزپێکردن | ١١٢ |
| ٥-٦ | بێزارکردن | ١١٦ |
| ٥-٧ | هەندێ کرداری تر | ١٢١ |


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| ٦- | کرداره لاوەکیەکان | ١٩٠-١٢٥ |
| ٦-١ | جۆری یەکەمی کرداره لاوەکیەکان | ١٢٥ |
| ٦-١-١ | مۆداڵ و نیمچه مۆداڵ | ١٢٥ |
| ٦-١-٢ | دەستپێکردن | ١٣٨ |
| ٦-١-٣ | هەوڵدان | ١٤٨ |
| ٦-١-٤ | پەلەکردن (خێراکردن ) | ١٥٥ |
| ٦-١-٥ | وێران | ١٥٦ |
| ٦-٢ | جۆری دووەمی کرداره لاوەکیەکان | ١٦٠ |
| ٦-٢-١ | ویستن | ١٦١ |
| ٦-٢-٢ | دواخستن | ١٧٢ |
| ٦-٣ | جۆری سێیەمی کرداره لاوەکیەکان | ١٧٤ |
| ٦-٣-١ | درووستکردن | ١٧٦ |
| ٦-٣-٢ | یارمەتیدان | ١٨٢ |
| ٦-٤ | جۆری چوارەمی کرداره لاوەکیەکان | ١٨٥ |
| ٦-٤-١ | وادەرکەوتن | ١٨٥ |
| ٦-٤-٢ | گرنگیپێدان | ١٨٩ |
| ٧- | چەند خاڵێکی گرنگ سەبارەت بە جۆر و واتای لاڕستەکان | ٢٠٠-١٩١ |
| | ئەنجام | ٢٠١ |
| | سەرچاوەگان | R٢١٩- R٢٠٣ |
| | پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی | B-A |


هەوڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم:

### پێشەکی:

نامەکە بە ناونیشانی (کاراکتەرە سینتاکسی و سیمانتیکیەکانی کردار لە کوردیدا)یە. پوختەی نامەکەش باس لە دوو لایەنی کردار دەکات لەڕووی ئەرک و واتا. لەبەر ئەوەی چێوەی نامەکە لە بارەی زمانی کوردیە، بۆیە بە شیاومان زانی دەربڕینی (لە کوردیدا) لە ناونیشانەکەدا بنوسین.

### گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی بابەتەکە خۆی لە پۆلکردنەکانی بەشە کردارە بەگشتی و کردار بەتایبەتی لە ڕووی واتاوە دەبینێ. بایەخێکی زۆری هەیە بۆ ئامادەکردنی تۆڕی فەرهەنگی لە زمانێکدا.

### هۆی هەڵبژاردنی نامەکە:

نەبوونی پۆلکردنێکی گشتی واتایی بۆ کردار، لە زمانی کوردیدا.

### گیرو گرفتی توێژینەوەکە:

باسێکی گشتگیرەو تاڕادەیەک دەتوانێ کردارەکان لە خۆبگرێ . نەبوونی سەرچاوەی پێویست بە زمانی کوردی لەسەرباسەکە، وە ئەو زانیاریانەی لە ناوەڕۆکی ئەم نامەیە خراونەتە ڕوولە لە سەرچاوە ئینگلیزیەکان وەرگیراوە، وەرگێڕانی ئەو سەرچاوانەش کارێکی ئاسان نییەو پێویستی بە دووبارە داڕێشتنەوە هەیە بە پێی تایبەتمەندی زمانی کوردی.

### ڕێبازی لێکۆلینەوەی نامەکە:

ڕێبازی نامەکە وەسفی شیکارییە، بەلام لە ڕاستیدا کتێبی( New Approach to English Grammar)ی (R.M.W،Dixon) تایبەت بە پۆلکردنی واتایی کردارو ئەو میتۆدە سادە و پاراوەی کە دانەری پیادەی کردووە، بۆ من بوو بە تاکە سەرچاوەی کار یان ڕوونتر بدوێم بە نەخشە ڕێگا.

## ناوەڕۆکی نامەکە:

ئەم نامەیە لە حەوت بەش پێکهاتووە. بەشەکانیش بەم شیوەیەی خوارەوە ڕێکخراون:

***بەشی یەکەم:*** بۆ پێشەکیەکە تەرخان کراوە، کە باس لە ناونیشانی نامەو گیروگرفتەکانی.......هتد، دەکات.

***بەشی دووەم:*** بۆ پەیوەندی نیوان ئەرکە ڕیزمانییەکان و ڕۆڵە واتاییەکانی کردار لەزمانی کوردییە، وەڕوونکردنەوەیەک لەبارەی هاوسنوری نێوان فەرهەنگ و ڕیزمان دەخاتە ڕوو.

***بەشی سێیەم:*** دەروازەیەکی تاڕادەیەک فراوانە لەبارەی کردارە سەرەکی و کردارە لاوەکیەکانە.

***بەشی چوارەم:*** ئەم بەشەش باس لە جۆری یەکەمی کردارە سەرە کیەکان دەکات، لە ڕووی سیمانتیک و سینتاکسەوە، کە دەکرێن بە چەند لقەوە:

١- جووڵەو مانەوە.

٢- جولەی جەستە.

٣- دان.

٤- کارلێککردن.

٥- کەش و هەوا.

٦- هەندی کرداری تر.

لەگەل لقکردنی کاتیگوریانەی هەندێک لە کردارەکان.

***بەشی پێنجەم:*** باس لەجۆری دووەمی کردارە سەرەکیەکان دەکات، ئەو کردارانەش بریتین لە:

١- سەرنجدان

٢- بیرکردنەوە

٣- بڕیاردان

٤- قسەکردن

٥- حەزپێکردن

٦- بێزارکردن

٧- هەندێ کرداری تر

هەواڵنامەی کتێب

خستنە ڕووی هەر یەک لەو ئارگومێنتانەی کە کردارەکان داوایان دەکەن، هەر کردارێکیش داوای لاڕستەیەکی تەواوکەری کردبێت بە نمونەوە جۆری لاڕستەکەش ڕوونکراوەتەوە.

***بەشی شەشەم:*** ئەم بەشەش باس لە کردارە لاوەکیەکان دەکات، کە لەنێو خۆیدا بۆ چوار جۆر دابەش دەبێت.

**جۆری یەکەمی** کردارە لاوەکیەکانیش چەند لقێکی لێدەبێتەوە، ئەوانیش کە بریتین لە:

١- مۆدەڵ و نیمچە مۆدەڵ
٢- کرداری دەستپێکردن
٣- کرداری هەوڵدان
٤- کرداری خێراکردن
٥- وێران

**جۆری دووەمیش** بریتیە لە کردارەکانی :

١- ویستن
٢- دواخستن

**جۆری سێیەمیش** بریتە لە:

١- درووستکردن
٢- یارمەتی دان

**جۆری چوارەمیش** بریتە لە کردارەکانی :

١- گرینگیدان
٢- بینین

بە خستنە ڕووی جۆری ئەو لاڕستانەی کە کردارەکان داوایان دەکەن بە نموونەوە.

**بەشی حەوتەم:** لەم بەشەدا چەند خاڵێکی گرنگ سەبارەت بە جۆرو واتای لاڕستەکان ڕوونکراوەتەوەو، وە دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە لاڕستەیەکی تەواوکەری یەی کە هەر کردارێک ڕی پێبدات وەک تەواو کەرێک، دیاری کراوە.

هەوالنامەی کتێب

# بەشی دووەم

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم:-

### ٢-١ پەیوەندیی نێوان ڕۆڵە واتاییەکان و ئەرکە ڕێزمانییەکان:

هەر جۆرێکی سیمانتیکی کە هاوبەشی پۆلە کردارێک دەکات ژمارەیەک ڕۆڵی سیمانتیکی وەردەگرێت، بۆ نموونە: لە کرداری (دان)دا (بەخشین، دیاری، وەرگرتن) بەشداری دەکەن. هەروەها کردارێکی وەک (قسەکردنی)ش دەتوانێت داوای سەرچاوەیەک بۆ گوێگرێک – پەیامێک و ناوەندێک) بکات. بەلام هەموو کردارێک بە ناچاری داوای ئەم ڕۆلانە ناکەن، وەک هەندێک کرداری (جولە) تەنها داوای یەک ڕۆڵ دەکەن، بۆ نموونە:

١- ئازاد ڕادەکات.

لەکاتێکدا هەندێکی تر ڕۆڵی دووەمیش وەردەگرن وەک: ئەو خاڵەی کە جووڵەی تێدا ڕوودەدات، بۆ نموونە:

٢- ئازاد چوو بۆ قوتابخانە.

(کەواتە کردار چەند زانیاریەکی سەبارەت بە ئارگومێنتەکان هەڵگرتووە، کە ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئارگومێنتەکان هەڵدەبژێرێت و ڕۆڵی واتاییان پێدەبەخشێ.[١](میدیا جلال، ل١١٩). ڕۆڵە واتاییەکانیش ئەو ڕۆلانەن کەبەشداری لە ڕووداو و بارودۆخێکدادەکەن. بە واتایەکی تر؛ ڕۆڵە واتاییەکان، بریتییە لەو پەیوەندییە بناغەییەی کە بەشداربوو لەگەڵ کرداری سەرەکی لەناو ڕستەدا یاخود لەلا ڕستەدادەبیێت، بە حاڵەتی واتا، سیمانتیک ڕۆڵ، سیتا ڕۆڵ، هەروەها حاڵەتی قووڵ و حاڵەتی ڕێزمانی ناسراوە. توانای کردەی کار لە بەستنەوەی چەشن و جۆری ئارگیومێنتەکاندا، ئەو توانایەیە کە ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئارگومێنتەکان هەڵدەبژێریت و ڕۆلی واتاییان پێدەبەخشێت، بە واتایەکی تر لە زماندا کار هەڵدەستێت بە پێدانی ڕۆڵی واتایی، ئەو ڕۆلانەش تەنیا بەو ئارگومێنتانە دەدات کە لەگەڵیدا دەگونجێت (میدیا جلال، ٢٠١٢، ل١٢٤). هەریەک لەو ڕۆلانەش کە کردار دەیبەخشێ لە کاراو کارتیکراو، دەبێت ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەورۆڵە واتاییانە و نیشانە واتاییەکانی ئارگومێنتەکاندا هەبێت*، جونکە (هەڵبژاردنی بکەرو بەرکار هەر لەخۆوە

---

* بڕوانە: ١- محەمەدی مەحوی،٢٠١٠:،٧٩

٢- د.حاتم وليا،٢٠٠٩: ٨٥

٣- ڤیان سلیمان حاجی،٢٠٠٩،ل.٧٩

٤- شادیە ساڵح مستەفا،٢٠١٤: ٣٣

٥- د.سەباح رەشید،٢٠٠٩: ١١٠-١١١

بەئارەزو نابێ، هەندێ کەرەستە توانای ئەوەی تێدایە بەم ئەرکانە هەستێ و هەندێکی تر توانایان کەمترە، تەنانەت هەندێکیشیان هەر ناتوانن ئەم ئەرکانە جێ بەجێ بکەن.(یوسف شریف،٢٠٠٩، لا٦٨) بۆ نموونە: کرداری ( شکاندن) داوای دوو ڕۆڵی واتایی دەکات، کە یەکێکیان ڕۆڵی کارا و ئەویتریشیان ڕۆڵی کارتێکراو، کارا دەبێت کەسێک بێت (+ زیندوو + توانای شکاندنی هەبێت)، کارتێکراوەکە دەبێت شتێک بێت (+ بەرجەستە+ بشکێنرێ)، بە واتاییکیتر بوونێکی فیزیکی هەبێت، وەک:

٣- کچەکە پێنووسەکەی شکاند.

بەلام لەگەڵ ئەوەش دا هەندێ جار چەندین جۆری تری کرداری وەک: (فڕێدان، لێدان، تێگرتن، شکاندن، لەکۆڵکردنەوە، چاککردنەوە......) ئەمانە ڕێپێدانێکی ئیدیەمانتیکیان هەیە، بڕوانە ئەمەنەی خوارەوە:

٤- پەلارێکی تێگرتم .

(ژمارە و جۆری ڕەگەزەکانی کردار لە ڕێی هێزی کردارەکەوە دیاریدەکرێت، هەر کردارێک بە هێزی کردارەکەوە وەچە کەتیگۆری دەکرێت)(محمد عمر عەبدول، لا٣٥). هەر لە ڕۆڵە سیمانتیکیەکانەوە نەخشە بۆ پەیوەندییە سینتاکتیکیەکان دەکێشرێت، ئەگەر کردارێک تەنها یەک ڕۆڵی ناوکی هەبێت، ئەوە لە ئاستی سینتاکسدا یەکسانە بە بکەری تێنەپەڕ، یان لەگەڵ بکەری تێنەپەڕدا دەگونجێت. بکەری کردار تێنەپەڕەکانیش بوارێکی سیمانتیکی فراوانیان هەیە، بۆ نموونە: ئەمانەی خوارەوە لەگەڵ یەکدا بەراورد بکە:-

٥- دزەکە هەلات.

٦- بەردەکە بۆ خوارەوەی گردەکە غلۆر بووەوە.

ئەگەر کردارێک دوو ڕۆڵی سیمانتیکی یان زیاتری هەبوو لەو کاتەدا یەکێکیان ئەرکی سینتاکتیکی (بکەری تێپەڕ) دەبینێت، ئەویتریشیان ئەرکی (بەرکاری تێپەڕ دەبینێت) بە واتاییکی تریش؛ کرداری تێپەڕی یەک بەرکاری ئەو جۆرە کردارەیە، کە گوزارەیەکی لە کردەی تەواو کردندا، پێویستی بە تەواوکەرێک هەیە، کە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت (محمد عمر عەول، ٢٠٠٨ لا٦٥).

بنەمای سیمانتیکی ئەوە دیاریدەکات، کە کام ڕۆڵ لەگەڵ کام ئەرکدا دەگونجێت، یان (یەکسانە بە کام ئەرک). بەم جۆرە سیما واتاییەکانی کردار حوکم دەکات کە هەر

---

٦-شیلان عمر حسەین،٢٠١١: ١٥٧

٧-د.ساجدە عەبدوڵلا فەرهادی،٢٠١٣: ٢٥-٢٨

٨-ژیان عبدالله محمد،٢٠١٤: ١٦--١٨

کردارێک چەند ڕۆڵ وەردەگرێت و لە چاڵەکانی ڕستەدا لە ڕووی و سیمانتیک و سینتاکسدا ڕیزیان دەکات ، چونکە ئەگەر گونجان لە نێوان هەر یەک لە سیما واتاییەکانی کردار و ئارگومێنتە داواکراوەکاندا نەبێت، ئەوا ڕستەی نادروست بەرهەم دێت، بڕوانە ئەمەی خوارەوە:

٧- *ئاگرمان بەسەر دا هات.

سیما واتاییەکانی کرداری (داهات) داوای فرێزێکی ناوی دەکات کەواتای کات بگەیەنێت وەک (ڕۆژ، شەو، ....هتد) بۆیە ناکرێت هەموو جۆرە فرێزێکی ناوی لەشوێنی (ڕۆژ) دابنێیت، تەنها ئەو ناوانە نەبێت کە واتای کاتی هەیە و لە پەیوەندی ستونیدا بتوانێ شوێنی یەکتر بگرنەوە، بە هەمان شێوەش پێویستە گونجان لە نێوان هەر یەک لە بکەر و بەرکار لە ئاستی ئاسۆییشدا هەبێت.

کاتێک کردارێک دوو ڕۆڵی ناوکی هەبێت، لەو کاتەدا نەخشە بۆ بکەری تێنەپەڕ ناکێشرێت دەبێتە بەرکاری تێپەڕ، بڕوانە ئازاد لە هەموو ئەم نموونانەی خوارەوەدا:

٨- ئازاد پەرداخەکەی شکاند.

٩- ئازاد نەوزادی گریاند.

١٠- نەسرین سەیری ئازاد دەکات.

کاتێک گوزارەیەک زیاتر لە دوو ڕۆڵ هەڵدەبژێرێت، ئەوەی کە بە دەرکەوتوویی لە نێوان چالاکیەکەوە کاری تێدەکرێت، بۆ بەرکاری تێپەڕ نەخشەی بۆ دەکێشرێت ، ئەو ڕۆڵەی کە وەک بەرکار نا ناسرێتەوە، بەهۆی ئامرازێکی پەیوەندی گونجاوەوە دەستنیشان دەکرێت، (ئەوانە ئەو کردارانەن کە سێ بارگە دەخەن، بەواتاییێکی تر ئەو کارانەن کە (سەرەڕای بکەر ناو بێت یان پاڕستە بێت) پێویستیان بە دوو تەواوکەریتر هەیە (دلێر کانەبی،٢٠١٣ لا١٢). واتە؛ تەنیا بە دوو کەرەستە واتای تەواو نابێت ، بۆیە پێویستی بە کەرەستەیەکیتر هەیە بۆ ئەوەی واتاکەی تەواو بێت، دەتوانین بەم جۆرە بڵێین تێپەڕی ئاوێتە) (ساجیدە عبداللە،٢٠١٣ لا٣٣) بڕوانە ئەمانەی خوارەوە:

١١-ئازاد بە تاپڕەکە کۆترەکەی کوشت.

١٢-پۆلیسەکە بە گوللە دزەکەی بریندار کرد.

(ڕۆڵی سیمانتیکی پەیوەندی ئەو بەژداربووانە دەردەخات کە دراوەتە پاڵ ڕووداوێکی سەرەکی گوزارە، (Shahin, A.A., 2011 p.16). بڕوانە ئەم ڕستەیە:

| بە نەخۆشەکە. | دا | گوڵەکەی | ئەو |
|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| pp. phrase<br>Recipient | Verb | direct object<br>Theme | Subject<br>Agent |

هەندێ جۆری سیمانتیکی، کە هەندێ لێکسیمی تر دەگرنە خۆ، جۆرێک لە جیاوازی کەم یان زۆر دەخەنە ڕوو، سەبارەت بە جەخت خستنە سەر ئەو ڕۆڵانەی کە دەیبینن، بۆ نموونە هەردوو جۆری هەواڵدان (پێگوتن) یان زانیاریدان (بیرهێنانەوە) بۆ (قسەکردن) دەگەڕێتەوە، کە داوای قسەکەر گوێگر، پەیام دەکەن، هەرچی بیرهێنانەوەیە جەخت دەکاتە سەر پەیامەکە و لە ئەنجامدا پێیدەڵێت، کەچی (هەواڵدان) جەخت دەکاتە سەر گوێگر و لە ئەنجامدا پەیامەکەی پێدەڵێت، بۆ نموونە:-

١٣-ئازاد بڕیارەکەی بۆ نەسرین باس کرد.

لە هەندێ کردارەکانی جۆری سیمانتیکی کە سێ ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە دوو جۆر پێکهاتەدا بەدەردەکەون، بڕوانە ئەمە:-

هێڤی هەموو پارەکەی دا بە هیوا.

هێڤی (بەخشەر)

هەموو پارەکە (دیاری)

هیوا (وەرگر)

١٤-هێڤی هەموو پارەکەی بە هیوا دا.

هەردوو ڕۆنانەکە دوو دەرکەوتنی سیمانتیکی جیاوازیان هەیە، ئەو ڕۆڵەی کە وەک بەرکار ناسراوە جەختی دەکەوێتە سەر وەک دەرکەوتوویکی تایبەتی چالاکیەکە، لەم نموونەیەدا تەنها ئەو فریزە ناوییەی کە سەرچاوەیەکی دیار و ناسراوی هەیە، پێدەچێت گونجاوتر بێت بۆ بەرکار، کەواتە لەوانەیە یەکێک بڵێت:

١٥-هێڤی هەموو پارەکەی دایە پیاوە باشەکە.

بەڵام بە دەگمەن دەگوترێت:

١٦- *هێڤی دایە پیاوە باشەکە هەموو پارەکە.

چونکە (پیاوە باشەکە) زۆر نادیارە و شتێکی گشتی یە، کە ببێتە هەڵبژێردراوێک بۆ ئەوەی ببێتە بەرکار، زۆر گرنگە کە هێزی بخرێتە سەر.

ڕۆنانی ئارگۆمێنتی کردارێک پێشبینی ژمارەی پێکهێنە پێویستیەکانی کرداریەکە دەکات، بەلام مەرج نیە پێشبینی جۆرەکەشیان بکات، با بۆ ماوەیەک وای دابنێین کە جۆری ئەو پێکهێنەی کە ئارگومێنتەکە دەناسێت، دەبێت بە شێوەیەکی فەرهەنگی بە هێما بکرێت، ئێمە دەتوانین نواندنە فەرهەنگیەکەی کردارەکان کە لە ماناکانیان و دیاریکردنی ناسینەوەی ئەرگومێنتەکانەوە دادەڕێژرێت چاکتر بکرێن، (د. حاتم وليا، ٢٠٠٩، ل٨٩) ، بڕوانە ئەمانەی خوارەوە:-

١- بینین ف ن١ ف ن ٢

٢- هاتن ف ن ١

٣- دان ف ن١ ف ن ٢ ف بەند ٣

کردارەکان دادەبەزن بۆ دوو چینی فراوان، ئەوانەی کە تەنها یەک ڕۆڵ داوادەکەن (کردارە تێنەپەڕەکان)ن، وە ئەوانەش کە پێویستی بە دوو ڕۆڵ یان زیاتر دەبێت (کردارە تێپەڕەکان)ن. (وا پێدەچێت کە داواکاریەکانی لقکردنی کاتی گۆریانە بەرەو بیرۆکەی تێپەڕی و تێنەپەڕی ڕێزمانی تەقلیدی و توانای کردار لە ڕێزمانی بەندێتیمان بباتەوە، بەوەی کە کردارێکی تێنەپەڕ پێویستی بە کردارێکی ناوکی (بەرکارێک) نی یە و کردارێکی تێپەڕیش پێویستی بە تەواوکەرێکی ناوکی (بەرکارێک) هەیە. هەندێک لە کردارە تێپەڕەکانیش دوو تەواوکەر(بەرکار) وەردەگرن .) (د. حاتم وليا، ٢٠٠٩، ل٨٤).

## ٢-٢ فەرهەنگ و ڕێزمان

ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دایە جۆرێکە لە پەڕینەوە لە نێوان کەرەستە مۆرفۆلۆجیەکان بۆ ئاستی سینتاکس. سەرەڕای جیاوازی ئەم دووئاستە**، ئەو نێوانەی ئەم دوو ئاستە بە مۆرفۆ سینتاکس ناسراوە (کە هەموو فۆرمە مۆرفۆلۆجیانە دەگرێتەوە ئەرکیان لە سینتاکسدا هەیەو بە کەتیگۆریە مۆرفۆ سینتاکسیەکان ناو دەبرێن، وەک چەمکەکانی ناسراوی، نەناسراوی، کەس و ژمارە، ڕەگەز، دۆخ، ئەسپێکت.......کە گیرەکە وشە گۆڕەکان و نووسەکەکان دەیان نووێنن.

---

** بڕوانە: پ.د.رفيق شواني،٢٠١٤: ٣٠-٣٢

(ئومێد بەرزان برزۆ،2010، لا٢١). کەواتە؛ مۆرفۆسینتاکس زاراوەیەکی زمانەوانی هەڵقولاوی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسە، کە تێکچڕژانی دوو ئاستی زمانە لە یەک ئاستدا*.بۆ نمونە:-

- گرتمیان.
- گرت/مۆرفیمی مۆرفۆلۆجی

م / مۆرفیمی سینتاکسی

یان /مۆرفیمی سینتاکسی

ئەوەی کە بە هۆی مۆرفۆلۆجیەوە دەکرێت لە زمانێکدا، لەوانەیە لە ڕوانگەی سینتاکسەوە ئەنجام بدرێت لە زمانێکیتردا وەک لاتین(زمانێکە کە ریزبوونی ئازادی هەیە، بکەر و بەرکار بهەۆی دۆخەکانی ناوی و هۆکاری (nominative and causative)و نیشانەدەکات یەک لە دوای یەک، زمانی کوردی بکەر دەخاتە پێشی کردار و بەرکاریش دەخاتە نێوانیان.هەندێ زمان هەندێ مۆرفیمی وشەدارێژی وای هەیە کە یەکسانە بە لێکسیمە سەربەخۆکان لە زمانەکانی تردا. بڕوانە ئەمەی خوارەوە:

(warao) لە ڤەنزوێلیدا پاشگرێکی کرداری –puhu– هەیە، کە بەرامبەر بە کرداری مۆدەلی (can) دەوەستێت لە زمانی ئینگلیزی دا. لە ruhu (sit) دادەڕێژرێت ruhu-puhu (can sit) کە بوارێکی تەواوی (tense aspect) گەردانی کرداری وەردەگرێت. بۆ ئەنجامدانی هەمان دەرەنجامی سیمانتیکی زمانی ئینگلیزی دوو کرداری (can.sit) لە پێکهاتەیەکی سینتاکسی لەناو فرێزی کرداریدا بەکاردەهێنرێت.

لە سەرەتادا تیۆری پەیوەندیی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دەربارەی ئەوە بوو کە چۆن وشەکان و پێکهاتەکانی ناوەوەیان پەیوەندیی بەو پیکهاتانەوە هەیە، کە لەلایەن سینتاکسەوە بەرهەم دەهێنرێن، دواتر ئەو تیۆرە ئەوەشی گرتەوە کە چۆن یاساکانی دارشتنی وشە ئالۆزەکان پەیوەندی بە دارشتنی پێکهاتە سینتاکسیەکانەوە هەیە. کێشەیەک کە لە باسکردن و جیاکردنەوەی پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دێتەئاراوە، ئەوەیەکە ڕوون نیە کە تا چەند شیاوە پێکهاتە ئیدیۆماتیکیەکان یان دەربڕینە فرە وشەییەکان دەبێت بدرێنە پاڵ وشە و لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا ڕیز بکرێن، یان دەبێت بەگوێرەی یاسا سینتاکسیەکان مامەڵەیان لەگەڵ دا بکرێت. (Boas,2008,116).

---

* بڕوانە : ا- بازیان یونس محی الدین، ٢٠١٣، ل٢١,
٢- ئەبو بەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ل٧٠,
٣-وریا عمر امین، ٢٠١٢، ل٧-١١.

یەکێک لە بابەتە بنەڕەتیەکانی پەیوەست بە پەیوەندی نێوان سینتاکس و مۆرفۆلۆجی چۆنیەتی خستنەڕووی پێکهاتەی وشە ئاڵۆزەکانە. لە (١٩٨٠)کاندا لەپێناو دروستکردنی پێکهاتەیەک بۆ وشە ئاڵۆزەکان لەسەر بنەمای (تولّی-X) چەندین پێشنیاز کراوە، کە هاوتا بووە لەگەڵ ئەو پێشنیازانەی بۆ پێکهاتە سینتاکسییەکەی کراوە. سەرەڕای گیرەکە گەردانیەکان، گیرەکە ئەرکیەکانیش وەک سەرەی فریز شیکاریان بۆ کراوە (Uribe & Mendikoetxea ،Etxebarria,1997,p.5). ئەو وشانەی کە لە شێوەی فریزن، سەرەدارن و سەرەیان هەیە*، بۆ نموونە (چاو ڕەش، ڕەش ماڵ، گوڵ بە دەم).

بیرۆکەی هەندێک لە گیرەکە ئەرکیەکانی مۆرفۆلۆجی لە سینتاکسیشدا دەتوانرێت لێیان بکۆڵدرێتەوە، لەبەر ئەوەی گیرەکە ئەرکیەکان دەبنە سەرەی ئەو فریزانەی کە تیایاندا دەردەکەون. بەیکەر لە ڕۆنانی گوزارەی ئاڵۆز لێکۆڵینەوەی لە پرۆسەی تێکهەڵبوونی کردارە سینتاکسی و مۆرفۆلۆجیەکانی ژمارەیەک زمانی جیهانی کرد، کە بۆی دەرکەوت ئەو گۆڕانەی وشە، کە لە سەرەی فریزەکەدا هاتووە بە هۆی پرۆسە سینتاکسیەکانەوە بووە، نەوەک خودی فریزەکە. گریمانە گرنگەکەی چۆمسکی لە بیردۆزی بچوکترین یەکەی پرۆگرامی (Minimalist Program) ئەوەیە کەسیفەت و تایبەتمەندیە مۆرفۆلۆجیەکان دەبنە هۆی ڕوودان و دروست بوونی کردارە سینتاکسیەکان. ئەو تایبەتمەندییە فەرهەنگیانەی وشە کە دەخرێتە ناو کردارە سینتاکسیەکان، دەکرێت بە شێوەیەکی ئاشکرا لە کاتی وەرگرتنی ئەرکێکی سینتاکسیدا دەربکەوێت.( Etxebarria, (Uribe & Mendikoetxea ،1997,p.5

دەکرێت فۆرمی وشە لە لایەن ئەو پێکهاتە سینتاکسیەکەیەوە کاری تێبکرێت، کە وشەکەی تیایدا بەکاردێت. بۆ نموونە وشەی (ڕۆیشتن) ، ژمارەیەک فۆرمی هەیە وەک: (ڕۆیشت، دەڕوات، دەڕۆیشت...هتد)، هەڵبژاردنی هەریەکێک لەو فۆرمانەی ئەو کردارە دەوەستێتە سەر ئەو بارودۆخە سینتاکسیەی کە کردارەکە تێدا دەردەکەوێت.

ئەگەر بمانەوێت لەلایەنی سینتاکسی وشە بدوێین، دەبێت ڕێگەی چوونە ژوورەوە بۆ باسکردنی هەندێک سیفەت و تایبەتمەندی مۆرفۆسینتاکسی هەبێت. بە واتایەکی تر؛ ئەو سیفەتانەی کە تارادەیەک سینتاکسی و کەمێکیش مۆرفۆلۆجیین. بۆ نموونە ئەگەر باسی وشەیەک بکەین لە زمانی ئینگلیزی کە ناوە، دەبێت بزانین کە ئایا ئەو ناوە ژمێردراوە، وەک وشەی(Spades- بێڵەکان)، کە ناوێکی ژمێردراوە، بەلام وشەیەکی وەک

* بڕوانە: سمیرە توفیق یونس، ٢٠٠٠: ٣-٤

(equipment– ئامراز) ناوێکی نەژمێردراوە. لەم دوو ناوەدا، ناوە ژمێردراوەکە مۆرفیمی کۆ وەردەگرێت و ناوە نەژمێردراوەکە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە نیشانەی کۆ وەرناگرێت، ئەمەش کاردەکات سەر چۆنیەتی ڕەفتارکردنی ئەم دوو ناوە لە فرێز و لە ڕستەدا. بۆیە دەکرێت بڵێین: (this spade– ئەو بێڵە) یان (these spades – ئەو بێلانە)، بەلام تەنیا دەکرێت بڵێن: (this equipment– ئەو ئامرازە) و ناکرێت بڵێن. (these equipments) .(Katamba,1993,p.14)

لە زمانەوانیی بەرهەمهێناندا، مۆرفۆلۆجی بلاوبۆوە* گانگەشەی سەرەکی ئەم تیۆرە هیچ جیاکردنەوەیەک لە نێوان پێکهاتەی وشە و ڕستە دا نیە. واتە؛ سینتاکس تاکە بزوێنەرەی بەرهەم هێنەرە کە فۆرمی وشە ئالۆزەکان و فرێزە ئالۆزەکان دروستدەکات. ئەم ڕێبازە بەرهەڵستی چەمکی تقلیدیانەی فەرهەنگی دەکات، کە تیایدا فەرهەنگ یان (وشە) تاکە یەکەی ڕێکخستن و دارشتنی فۆرمی وشەکانە و تاکە یەکەی هەڵگرتنی تایبەتمەندیە باو و ناباوەکانی وشەشە .کەچی لە تیۆری (MD)دا هیچ تاکە یەکەیەکی فەرهەنگی یەکخراو نیە بۆ دیاریکردنی هەڵسوکەوتی وشە. بەڵکو سیفەتەکانی وشە دەبێت بدرێتە پاڵ ئەرکەکانی. ئەم تیۆرە بابەتی پەیوەندی نێوان سینتاکس و مۆرفۆلۆجی برەوپێدا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە بۆوە، لەوانەش ئەگەر ڕیزبوونی مۆرفیم بەندە بە پێکهاتە سینتاکسیەکان، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە پێکهاتە سینتاکسیەکان شێوەی سیستەمێکی پلەبەندیان هەیە لە سەرەوە بۆ خوارەوە یان بە پێچەوانەوە، لەکاتێکدا ڕیزبوونی مۆرفیمەکان هێلییە (Halle p.111،1993، Marantz & Morris ).

لەگەڵ ئەوەش چەندین لێکۆڵەری وەکو هال و مارانتز و هاری و نۆیەر و هارلی بەرهەڵستی سەربەخۆیی بوونی مۆرفۆلۆجی دەکەن و پێیان وایە وشە و ڕۆنانی وشە دەشێت لەچوارچێوەی بنەما سینتاکسیەکان ڕوونبکرێنەوە. ئەگەر پرۆسەکانی وەک لێکدان و دارشتنی وشەڕۆنان لە چوارچێوەی بنەما سینتاکسیەکان بە تەواوی شیبکرێنەوە، ئەوا دەرئەنجامەکەی دەبێتە هۆی ئاسانکردن و سادەکردنی ڕێزمان. لە هەمان کاتیشدا پێویستی هەبوونی بوارێکی وەکو مۆرفۆلۆجی کەمتر دەبێتەوە، لەبەرئەوەی سینتاکس هەم دەتوانێت شیکاری بۆ وشە بکات و هەم بۆ فرێزیش. سەرەرای ئەوەش ژمارەیەکی لێکۆڵەری تری وەک (بیستۆ و سکالیس، دی سیۆلۆ و ویلیەمس)، پێیان وایە کە مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دووبواری جیان لە یەکتری، بەلام

* چوارچیوەیەکی تیۆریە، لەلایەن مۆریس هال و ئالیک مارانتز لە ١٩٩٣ ناسیندرا.

خاڵی بەریەکەوتنیان هەیە، چونکە لەو خاڵە بهەیزانەی کە پاڵپشتی لەیەکتر جیاوازبوونی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا دەکات ئەوەیە، کە یاسا مۆرفۆلۆجیەکان، بە پێچەوانەی یاسا سینتاکسیەکان، لەوانەیە پێویستیان بە ئاماژەدان بە پێکهاتەی فۆنۆلۆجی هەبێت کاتێک کە لەسەر وشەیەک جێبەجێدەکرێن.(Trias,2010,p.15-17،2010).

لە هەندێک باردا پێکهاتە مۆرفۆلۆجیەکان و پێکهاتە سینتاکسیەکان بە شێوەیەکی روون لە یەکتری جیاوازن، لە زمانێکی وەک زمانی کوردیدا بکەری کۆ لە رستەدا، فرمانی شێوە کۆ وەردەگرێت، کەواتە ئەوە سینتاکسی رستەکەیە وایکردووە فرمانی رستەکە بە مۆرفۆلۆجیەکی جیاواز دەربکەوێ، وە ئەگەر ئاوەڵناوێک لە پلەی بەراورد دەربکەوێت، یان بلێیت رستەیەک لە رووی سینتاکسیەوە پێویستی بە ئاوەڵناوێک بێت لە پلەی بەراورددا، ئەوا دەبێت مۆرفۆلۆجی وشە ئاوەڵناوەکە گۆڕانی بەسەردا بێت و مۆرفیمی پلەی بەرواورد وەربگرێت لە شێوەی گیرەکێکی ئەرکی.

(مۆرفۆلۆجیی دارشتن دەتوانێت وشەی شێوە ئاڵۆز دروست بکات کە لە رەگ و ریشەوە سیفەتی سینتاکسی جیاوازتریان لەو وشانەوە هەیە، کە لێیانەوە دروست بوون. بۆنموونە مۆرفۆلۆجی دارشتن لە رێگەی گیرەکە گەردانیەکانیەوە دەتوانێت پۆلی وشە بگۆرێت و بەم شێوەیەش وشە سیفەتە سینتاکسیەکانی دەگۆرێت (Harley,2010,p.3).

بۆ نموونە وشەی (زانین)، کە دەکرێت وەکو بکەر یان بەرکار یان تەواوکەر لە رستەدا دەربکەوێت، کاتێک لە رێگەی گیرەکە گەردانیەکانی مۆرفۆلۆجی دارشتنەوە گۆران بەسەر پۆلەکەی دابێت.

لەپەیوەندی مۆرفۆسینتاکسی بەگشتی کارلێکردنی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس روون نیە، هەندێکجار هیچ گۆرانێک لە کارلێکردنەکەیان بەدیناکرێت، بۆیە بەم پەیوەندیە مۆرفۆسینتاکسیە دەگوترێت ناتەواو یاخود شکستخواردوو. ئەمەش کاتێک روودەدات کە هەندێک گیرەکی دیاریکراو لەگەڵ هەندێک قەدی وشەی دیاریکراو یەکدەگرن، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی دا وشەی (plastic) کە ناوە، کاتێک گیرەکی (ity)، کە پاشگرێکە ناو دروستدەکات، دەچێتە سەر ئەم وشەیە، وشەکە دەبێتە (plasticity) هەر بە ناوی دەمێنێتەوە. واتە؛ ئەو گۆرانەی لە مۆرفۆلۆجی وشەکە روویدا بە هیچ شێوەیەک کاری نەکردە سەر لایەنی سینتاکسی وشەکە، تەنیا گۆران لە واتای وشەکە روودەدات، وشەی (plastic) واتا (پلاستیک) دەگەیەنێت، کە پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی وشەکە دەبێتە

هەوڵێ ئەمەی کتێب

(plasticity)، واتای وشەکە دەبێتە (هەبوونی کوالیتی پلاستیکی لە ماددەیەک دا، نەرم و جیڕبوون وەکو پلاستیک).

ئەوەی لێرەدا سەرنج دەدرێت، زیاتر پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆجی و سیماتیکسە، لەوەی پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکس بێت. هەر ئەم پەیوەندییەی نێوان مۆرفۆلۆجی و سیماتیکسە بۆتە هۆی دروست بوونی بۆشای لە نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی وشەکە. بۆشایەکی تری نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکس ئەوەیە کە پاشگری بکەری (er) لە زمانی ئینگلیزیدا کاتێک دەچێتە سەر کردارێکی وەکو (play)، کردارەکە دەگۆڕێت بۆ (player)، واتای ئەنجامدەری کردارەکە دەدات بەدەستەوە. بەلام ئەو پاشگرە بکەریە ناچێتە سەر کردارە (stative) "کردارە جێگیرەکان" لە زمانی ئینگلیزی دا واتە؛ پاشگری (er) ناتوانێت کردارێکی وەکو (know) بگۆڕێت بۆ ناوی (knower*). ئەمەش واتە؛ مۆرفۆلۆجیای وشەکە ناتوانێ ببێتە هۆی دروستکردنی گۆڕانکاری لە باری سینتاکسی وشەکە (Harley,2010,p.4).

کتێبی هەولێرنامە

# بەشی سێیەم

هەواڵنامەی کتێب

**بەشی سێیەم:**

٣- کردارە سەرەکیەکان و کردارە لاوەکیەکان

چەمکی کرداری بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بەسەر دوو جۆر کردار بەم شێوەیەی خارەوە دابەش بکرێ:

**١-کردارە سەرەکیەکان:** ئەوانەن کە ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ هەبوونی چالاکییەک دەکەن، واتە ئەو کردارانەی کە بۆخۆیان دەتوانن ڕستە دروستبکەن بە تێئاخنینی فرێزە ناویەکان لە ڕۆڵی واتایی جۆراوجۆردا. بۆ نمونە:-

١- من دەخوێنم .

٢- من لەو دەدەم.

٣- کچەکە بە درێژایی ڕووبارەکە مەلە دەکات.

٤- ئەو سێوەکەی دەکرۆشت.

٥- ئەوان سەیری تۆیان دەکرد.

ئەو کردارانەی لەم ڕستانە بەدی دەکرێن، کرداری فەرهەنگین لە هەموو زمانێکدا.

**٢-کردارە لاوەکیەکان:** ئەوانەن کە وەسفی واتایی بە هەندێ کرداری تر دەگەیەنن، ئەوانەی کە لە پێکهاتەیەکی مۆرفۆلۆجی یان سینتاکسی تایبەت دان، بۆ نمونە:-

١- من لەوانەیە لە ئەو بدەم.

٢- کچەکە هەوڵیدا بە درێژایی ڕووبارەکە مەلە بکات.

٣- من نەمەێشت سێوەکە بکرۆژێت.

٤- لێیانگەڕام سەیری بکەن.

هەندێ یان هەموو ئەو کردارانە ڕەنگە لە زمانێکیتردا بە گیرەکی گەردانی کرداری بناسرێن. بەلام هەموو ئەو کردارانە لە زمانێکی وەکو کوردیدا دوو دابەش بوونی سەرەکی وەک (کردارە سەرەکی و لاوەکیەکە) بناسرێنەوە.

بە شێوەیەکی گشتی کردارە سەرەکیەکان چەند سیمایەکی جیاکەرەوەیان هەیە لەڕووی سینتاکس ومۆرفۆلۆژییەوە و گرنگترینیشیان ئەمانەی خوارەوەن:-

١-کردارەسەرەکیەکان بەوە دەناسرێنەوە، کە یەکێکن لەو پۆلە ئاخاوتنانەی، کاتێک کە لەڕووی سینتاکسەوە دەبنە دەمی ڕابردوو، ئەوا لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە ئاماژە بۆ دەمی ڕابردوودەکەن. بۆنمونە:

٥ -نامەکەی نووسی.

٢-تایبەتمەندییەکی تری ئەم کردارە سەرەکیانە لە گونجانی نێوان بکەر-کردارە سەرەکیەکەدا، لە کەس و ژمارەدا دەردەکەوێت.

٣-یەکێک لەو گۆڕانە بەرچاوانەی کە بەسەر مۆرفۆلۆژیای کردارە سەرەکیەکاندا دێت، کاتێک کە لە ڕووی سینتاکسەوە ڕستەکە لەباری بکەرنادیاریدایە. وەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا دیارخراوە:

٦- دەرفەتمان پێدەدرێت.

٧- بردرانە کتێبخانە.

٤-تایبەنمەندیەکی تر، توانای دەرکەوتنی کردارە سەرەکیەکانە، لەپێکهاتەیەکی شێوە داخوازیدا بە تەنیا یان لەگەڵ بەرکار، وەیا لەگەڵ تەواوکەر، کە بکەرەکە جێگیرکراوە بە جێناوی لکاو، یاخود بکەرەکەی دەبێتە مۆرفیمی سفر (Ø). بۆ نموونە ئەگەر بڵێین: (برۆ، بخوێنەوە) کرداری سەرەکی بە تەنیایە. ئەگەر بڵێن: (کتێبەکە بخوێنەوە)، ئەوا کرداری سەرەکی و بەرکار هەیە لەڕستەدا، بەڵام ئەگەر بڵێین: (بەدەنگی بەرز پێبکەنە)، ئەوا ڕستە داخوازیەکە تەنیا لە کرداری (پێبکەنە) و ئاوەڵکرداری چۆنیەتی (بەدەنگی بەرز) پێکهاتووە. (Mark C.،Baker,2003,p.131).

٥-لە ڕیزبوونی وشەیدا، کردارە سەرەکیەکان دەکەونە دوایی کردارە لاوەکییەکانەوە، وەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٨-دەتوانێت بخوێنێت.

٩-دەبێت بڕۆم.

کردارە سەرەکیەکان لە زماندا چەندین دابەشکردن و پۆلێنکردنیان هەیە، هەر پۆلێنکردنێک و دابەشکردنێکیش لەسەر بنەما و پێورەێکە. لە ڕووی بنچینەو پێوەرە سیمانتیکیەکانەوەش، کردارە سەرەکیەکان دەبنە دوو پۆلی سەرەکی:

<u>**یەکەم-کردارە (کرداریەکان/کردەوەییەکان):**</u> ئەو کردارانەن کەباسی ڕووداوێک یان کردەوەیەک دەکەن کە لەلایەن کەسێک، شتێک، گیاندارێک یان هێزێکی سروشتیەوە ئەنجام دەدرێت، جا ئەو کردارە، بیری بێت یان فیزیکی بێت. بەوەش دەناسرێنەوە، کە وەسفی ئەوە دەکەن بکەری ڕستە کە چی دەکات. لە هەرە گرنگترین سیفەتەکانی کردارە کرداریەکان ئەوەیە، کە دەتوانن لە دەمی بەردەوامی بەکاربێن. ئەم کردارانە بۆ سەرچەند جۆرێک دابەش دەبن:

**١-کرداره چالاکیەکان (کردەوەیەکان):** ئەوکردارانەن کە باسی چالاکیەک و کردەوەیەکی فیزیکی دەکەن، وەک move (دەجولێت)، hurry (پەلەدەکات)، walk (دەڕوات)، carry (هەڵدەگرێت)، laugh (پێدەکەنێت)، play (یاریدەکات).

**٢-کرداره پرۆسەییەکانی بیر:** ئەو کردارانەن کە لە ڕێگەی بیرو هۆشەوە ڕوودەدەن و کەمتر پەیوەستن بە لایەنی فیزیکی کەسی ئەنجامدەرەوە، وەک: think (بیردەکاتەوە)، puzzle(سەری سوڕدەمێنێت)، guess (دەخەمڵێنێت)، calculate (لێکدانەوە/وازانین).

**٣-کرداری گۆڕانی بار (کرداری گۆڕانی پرۆسەیی):** ئەو کردارانەن کەباسی گۆڕانی باری شتێک یان کەسێک دەکەن، گۆڕانەکەش لە شێوەی پرۆسەیەکدایە، وەک: develop (گەشەدەکات)، grow (گەورەدەبێت)، improve (بەرەوپێشدەچێت)، change (دەگۆڕێت)، widen (فراواندەبێت)، increase (زۆردەبێت).

**٤-کرداره ساتیەکان/کاتیەکان:** ئەو کردارانەن کە بەتەنیا ڕوودەدەن و ماوەیەکی زۆر کەمیان پێویستە، واتە؛ مەودای ڕوودانیان ساتیە. نەک پرۆسەیی، وەک: hump(بازدەدات)، stab(چەقۆلێدان)، prick (کوندەکات)، knock (لەدەرگادەدات).

**٥-کرداره گواستنەوەیەکان:** ئەوکردارانەن کە باسی ڕوودای گواستنەوەی فیزیکی دەکەن لە شوێنەکەوەیە بۆ شوێنێکی تر، وەک: arrive (گەیشتن/دەگات)، leave (جێدەهێڵێت)، die(دەمرێت)*.

(جیم) کرداره کرداریەکان (چالاکیەکان)ی بەسەر سێ جۆری سەرەکی دابەش کردووە:

**ا- کرداره بە جێهێنانیەکان:** ئەو کردارانەن، کە باسی بەجێهێنانی تەواوەتی شتێک دەکەن، واتە؛ لە ڕووی لۆژیکیەوە کۆتایی کردارەکە دەردەخەن، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا دیارە:

٦- گەیشتە لوتکەی چیایەکە.

**ب- کرداری بەدەستهێنان:** ئەو کردارانەن، کە باسی کت و پڕ ڕوودان دەکەن، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٧- کێشەکەی بۆ دەرکەوت.

---

* بڕوانە: (leech, G. and other, 2010,p.73)

ج- **کرداری جموجۆڵی:** ئەو کردارانەن، کەباسی چالاکیەکە یان جموجۆڵێک دەکەن، کە بۆ ماوەیەکی نادیار بەردەوامە لە ڕوودانی، واتە؛ سنووری ڕوودانی کردارەکە دیاری ناکەن (Jim،2002، p.73 )، وەک: ئەم نموونەی خوارەوە:

٨-منداڵەکە دەخەوێت.

## <u>دووەم: کردارە (بارییەکان/جێگیرەکان:</u>

ئەو کردارانە بەوە دەناسرێنەوە، هیچ گۆڕانێک لە باری کردارەکە ڕوونادات و بە جێگیری دەمێننەوە. هەروەها خاڵی کۆتایی دەرناخەن. بە پێچەوانەی کردارە کرداریەکان و پرۆسەییەکان، لە بنەڕەتدا کردارە باریەکان، بۆ وەسفکردنی بارێک یان دۆخێک بەکاردێن. هاوشێوەی کردارە کرداریەکان، دەبنە چەند جۆرێک :

١- **کردارە هەستی و پێزانینیەکان:** ئەو کردارانەن کە باس لە هەست و درکپێکردنەکانی مرۆڤ دەکەن، وەک: see (بینین)، hear (بیستن)، smell (بۆنکردن)، taste (تامکردن)، feel(هەستکردن).

٢- **کردارە هەستیە بیریەکان،** ئەم بەشە کردارانەن کە باسی هەست دەکەن، بەلام لە ڕووی بیریەوە، نەک لایەنی فیزیکی، وەک: know(زانین)، understand(تێدەگات)، believe(باوەڕدەکات)، doubt (گوماندەبات/گوماندەکات)، hope(هیوادادەخوازێت)، think(بیردەکاتەوە).

٣- **کردارە سۆزداریەکان:** ئەم جۆرە کردارانە پەیوەستن بە لایەنی سۆزداریەوە و سۆز دەردەبڕن، وەک: love (خۆشیدەوێت)، hate (ڕقی لێدەبێتەوە)، envy (ئیرەیی پێدەبات)، like(حەزی پێدەکات).

٤- **کردارە بوونیەکان:** ئەو کردارانەن کە باسی بوونی شتێک دەکەن، وەک: belong(هی)، own (هەیەتی)، possess (خاوەنداریەتی دەکات)، seem (پێدەچێت). **(**Leech G,and other, 2010, p.41**).**

ژمارەیەک دابەش کردن سەبارەت بەلایەنی سینتاکسی کردارە سەرەکیەکان هەیە، دیارترینیان، بەسەر کردارەسەرەکیە تێنەپەڕەکان و کردارە سەرەکیە تێپەڕەکان، کردارە دوولایەنیە تێپەڕەکانن.

**یەکەم: کردارە تێنەپەڕەکان:** ئەو کردارە سەرەکیانەن، کە واتا و پێکهاتەی ڕستەتکە تەنیا بە هەبوونی بکەر و کردار تەواودەبێت، واتای کردارەکە ناوەستێتە سەرهیچ پارچەیەکی تری ڕێزمانی و هەر لەسەر کردارەکە دەمێنێتەوە. بەواتایەکی تر، (پەیوەندیی ڕوودان بە کاراوە ڕادەگەیەنن، ئەم جۆرە کردارانە پێویستیان بە بەرکارەوە نیە، جیاوازی لە ڕووی پەیوەندی بە بەرکارەوە دەبێتە تایبەتمەندیەکی ڕستەسازی ئەو دوو دەستە کردارە). (ئەورەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤، ل٤٧) هەندێ لەم کردارانە وەک: (پێکەنین، کوکین، مردن، خەوبینین، ڕۆیشتن، دانیشتن).

**دووەم: کردارە تێپەڕەکان:** ئەو کردارانەن کە ناتوانن بە تەنیا واتاو پێکهاتەی ڕستەکە تەواو بکەن و پێویستیان بە پێکهێنێکی تری ڕێزمانیە بۆ ئەوەی واتای کردارەکە تێبپەڕێتە سەری، کە (واتای چالاکی کارا و ڕێچکەی بەرەو کردار نیشاندەدات). (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧) ئەوکردارە سەرەکیە تێپەڕانەش دەبنە چەند جۆرێک:

أ- کرداری سەرەکی تێپەڕی تاک بەرکاری: ئەوکردارانەن کە تەنیا پێویستیان بە یەک بەرکار هەیە لە ڕستەدا، بۆ نموونە، (خاوێنکردنەوە، قەرزکردن، خواردن، خواردنەوە، قوتدان، شوتلێدان) وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٨- یادنامەیەک دەخوێنێتەوە.

هەروەها هەندێ کردار هەن، پێویستیان بە دوو کەرەسە (گرێی ناوی و گرێی بەند) وەردەگرن، ناکرێ ئەم دوو کەرەسەیە هیچیان لاببرێن. (محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ل١٧٤) بڕوانە ئەمانەی خوارەوە:

٩- ئازاد لە ئێمە ناگەڕێت.

ب- کرداری سەرەکی تێپەڕێ جووت بەرکاری: ئەو کردارانەن کە واتا و پێکهاتەی ڕستەیان تەنیا بە هەبوونی یەک تاکە بەرکار تەواو نابێت، بۆیە پێویستیان بە دوو بەرکارە، بەمەش واتای کردارەکە تێدەپەڕێتە سەردوو بەرکار، کە یەکێکیان دەبێتە ڕاستەوخۆ ئەوەی تریشان ناڕاستەوخۆ، وەک:(پێگوتن، نیشاندان، پێشەکەشکردن، فێرکردن، پێدان، دان، کڕین، گرتن، فرۆشتن، دروستکردن، والێکردن، پرسین، ناردن) وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١١- چیرۆکێکی بەکچەکە گوت.

١٢-کتێبێکی بە کچەکە دا.

ئەو بەرکارەی کە لە کردارەکەوە نزیکترە لە ڕووی کاریگەریەوە، ئەوا دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆ.

ج-هەندێ کرداری تێپەڕ سێ کەرەسە وەردەگرن، (دوو گرێی ناوی و، گرێی بەند) واتە؛ ئەم کردارانە پێویستیان بە سێ ڕۆڵی واتایی هەیە، (سێ جێکەوتە وەردەگرن)، لەم بارەدا کردارەکە بە سێ فرێزی ناوی پەیوەست دەبێت ، فرێزی ناوی یەکەم (NP1) کارا دەگرێت و (NP2) دەبێتە جێکەوتەی بەرکار و (NP3) دەبێتە جێکەوتەی تەواوکەری، کە لە گرێیەکی بەند پێکدێت.(د.تالب حسین، ٢٠١٤، لا١٢٠). لە ڕستەسازیی کوردیدا کەرەستەکان ئاسایی وا ڕیز دەکرێن، کە لە دوای بەرکاردا بەپێی پێویست ئاوەڵگوزارەش بێت، لەم خاڵەش دا وەک بەرکار دەردەکەون، (بکر عمر علی، ٢٠١٤، ل٢٢١-٢٢٢) بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:-

١٣- ئازاد کتێبیکی بە نەوزاد فرۆشت.

١٤ -کچەکە پێی لە داوەکە ئالا.

١٥-من تۆ بە پیاو دەزانم.

**سێیەم: کردارە دوولایەنیە تێپەرەکان (ambitransitive):** ئەوکردارانەن، کە هەندێکجار دەبنە تێپەڕو هەندێکجاریش دەبنە تێنەپەڕ، ئەمەش دەوەستێتە سەر سنوورو بواری دەقەکەی[*]. هەندێک لە باوترین ئەوکردارانەش ئەمانەن: (دەشکێنێت، دەخواتەوە، دەخوات، نقوم دەبێت، پارەدەدات، دەکاتەوە) وەک لەم نموونانەی خوارەوەداخراوەتە ڕوو:

١٦- (منداڵەکە گڵۆپەکەی شکاند) تێپەڕ

١٧-(فڕنەکەم دوێنێ شکا) تێنەپەڕ

١٨- (پیاوێک پەنجەرەکەی کردەوە)تێپەڕ

١٩- (کۆگایەک ئەمڕۆ زوو دەکرێتە)تێنەپەڕ

٢٠- (برام پارەی فیترەکەی دا) تێپەڕ

٢١- (پێشتر پارەمان دا) تێنەپەڕ

لە ڕستەکانی ژمارە (١٦و ١٨و ٢٠)دا هەسێ کرداری (شکاند، دەکاتەوە، پاری دا) بەرکارەکانی (گڵۆپەکە، پەنجەرەکە، فیتەرەکە)ی یەک بە دوای یەکدا لە دوا هاتووە، بۆیە ئەو سێ کردارە لەم ڕستانەدا وەک کرداری تێپەڕدەرکەووتوون. لە کاتێک هەمان ئەو کردارانە لە رستەکانی(١٧و ١٩و ٢١)دا بەرکاریان لە دوا نەهاتووە ئەوەی لە دوایان هاتوون ئاوەڵکاری کاتین، بۆیە لەم ڕستانەدا ئەو کردارانە بوونەتە تێنەپەڕ.[*]

---

[*] بڕوانە: یوسف شریف سەعید,٢٠١٣,ل.٤٤-٤٦

[*] بڕوانە: David. 1984 ,Dover,p.91-104

لە دیدی هیڵستن (١٩٨٤)دا هەندێک کردارمان هەیە، پێیان دەگوترێت لێکدەرەکان، چونکە بکەری ڕستەو تەواوکەری کردارەکە بەیەکەوە دەبەستنەوە، هەندێک لەوکردارانەش ئەمانەن: (دەبێتە، دەردەکەوێت، واپێدەچێت، دەمێنێتەوە)(Huddleston,1984,p86.)، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢١- ئەمرۆ برایەکەت نەخۆش دەردەکەوێت.

٢٢- ئەنجامی تاقیکردنەوەکە بە نەزانراوی دەمێنێتەوە .

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە شێوەکانی کرداری یاریدەدەری بنەڕەتی (**be**) لە زمانی ئینگلیزی و(ە، بوو، دەبێت) لە زمانی کوردی دەتوانن ئەم ڕۆڵە بگێڕن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە (are، as، is، were،was ) کە شێوەکانی کرداری یاریدەدەری بنەڕەتی (be)ن، کاتێک بە تەنیان لەڕستەدا ئەوا دەبنە کرداری سەرەکی، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٣-(باوکی زێڕینگرە) .His father is a goldsmith

لایەنێکی تری سینتاکسی کردارە سەرەکیەکان ئەوەیە، کە هەندێک لە کردارە سەرەکیەکان وەک کرداری لاوەکی لە ڕستەدا ئەرک دەبینن و کردارێکی سەرەکی تریان لە دوادێت، ئەوکردارانەی وەک کردارێکی لاوەکی لە پێش کردارێکی سەرەکی تر دەردەکەون بەسەر چەند گروپێکدا دابەشدەبن:

**<u>گروپی یەکەم:</u>** ئەوکردارە سەرەکیانەی کە لە پێش کردارێکی سەرەکی تردێن، کردارە سەرەکیەکە بە فرێزێکی پێشناوی، کە پێکدێت لە (پریپۆزیشنێک و کرداریک لەشێوەی چاوگ)، لە زمانی ئینگلیزیش دا، بەشێوەی (کردار+ing) لە دوایان دێن. ئەو کردارانەی ناو ئەم خشتەیەش چەند نمونەیەکن لەم کردارانە:

| ژمارە | کرداری سەرەکی کە کردارێکی سەرەکی تری لە دوادێت | |
|---|---|---|
| ١ | Detest | ڕق لێدەبێەوە |
| ٢ | Admit | دان پێدادەنێت |
| ٣ | Suggest | پێشنیازدەکات |
| ٤ | Quit | وازلێدهەێنێت |
| ٥ | Participate | بەشداریدەکات |

٢٤- لێره رقم له گوتنی گۆرانیه.

لەم ڕستەیەدا دەبینین، کە کرداری سەرەکی (ڕقلێبوونەوە) لە ڕووی ڕێزبوونی وشەیی و واتایەوە وەک کردارێکی لاوەکی دەرکەوتووە لە پێش کردارێکی تری سەرەکی کە (وتن)ە، بەلام لە ڕاستیدا کرداری (ڕقلێبوونەوە) هەر خۆی وەک کرداری سەرەکی ڕستەکە دەمێنێتەوە، لەڕووی سینتاکسیەوەش کرداری) وتن (یان ئەوەتا بکەری نیە، یان گەر هەشی بێت، ئەوا هەمان بکەری کرداری سەرەکی( ڕقلێبوونەوە)یە. ئەوەی جێی سەرنجە سینتاکسی کرداری سەرەکی یەکەم وایکردووە، کە گۆڕانی مۆرفۆلۆجی بەسەر شێوەی کرداری دووەم دابێت، وە وایکردووە کە ئەو کردارە سەرەکیەی لە دوای دێت شێوەی ناو وەربگرێت، تاوەکو بتوانێت بیکاتە بەرکاری خۆی.

**<u>گروپی دووەم:</u>** ئەوکردارە سەرەکیانەی کە کردارێکی سەرەکی تریان لە دوادێت، لە نێوان هەردوو کردارە سەرەکیەش پریپۆزشنی (بۆ) و (ب)ی دانانی دێت. ئەم گروپە زیاتر بۆ دەربڕینی مەبەست بەکاردێن و ئەم خشتەش چەند نموونەیەکن لەم کردارانە:

| ژمارە | کرداری سەرەکی کە کردارێکی سەرەکی تری لە دوادێت و بە هۆی ( to- بە، بۆ)و(ب)ی دانانیەوە، بەیەکەوە دەبەسترێنەوە. | |
|---|---|---|
| ١ | Agree | ڕازی دەبێت |
| ٢ | Decide | بڕیار دەدات |
| ٣ | Want | دەیەوێت |
| ٤ | Start | دەست پێدەکات |
| ٥ | Plan | پلان دادەنێت |
| ٦ | Refuse | ڕت دەکاتەوە |
| ٧ | Promise | بەڵێن دەدات |
| ٨ | Expect | پێشبینی دەکات |

بۆ نموونە سەرنجی ڕستەی ژمارە (٢٩) بدە:

٢٥- ڕازیمە برۆمە ئەوێ.

لەم ڕستەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە کرداری سەرەکی( ڕازی دەبێت)، لە ڕووی ڕیزبوونی وشەیەوە لە شوێنی کرداری یاریدەدەری لاوەکی هاتووە، ئینجا کردارێکی تری سەرەکی لە دوای هاتووە. کرداری (ڕازی دەبێت) لە ڕووی سینتاکسیەوە کاردەکاتە سەر کردارە سەرەکیەکەی کە لەدوای دێت، دەبێت بە هۆی پریپۆزشنی (بە)ەوە بتوانێت لە دوای دەربکەوێت*.

(هەندێک کرداری سەرەکیمان هەیە کە هاوبەشن لەنێوان گروپی یەکەم و گروپی دووەم. واتە؛ دەکرێت ئەو کردارە سەرەکیەیانەی کە لە دوایان دێن بەهەردوو شێوە دەربکەون. بەلام جیاوازیەکی فراوان لە واتایان بە دیدەکرێت) (Harry,2000,p.144)، بۆ نموونە سەیری ڕستەکانی ژمارە (٢٦و ٢٧) بکە:

٢٦- داخستنی دەرگاکەم بیرکەوتەوە.

٢٧- بەبیرم هاتەوە دەرگاکە دابخەم.

لەڕووی سیمانتیکیەوە ئەم دوو ڕستەیە جیاوازیان زۆرە. ڕستەی ژمارە (٢٦)واتای (دەرگاکەم داخست، پاشان بە بیرم هاتەوە) دەگەیەنێت. کرداری (داخستن) پێش کرداری بە بیر هاتنەوەکە) بووە. لە کاتێکدا ڕستەی ژمارە (٢٧) واتای ئەوە دەگەیەنی کە (بە بیرم هاتەوە دەرگاکە دابخەم، واتە؛ کرداری بیرکردنەوەکە یەکەمجار ڕوویداوە دواتر کرداری داخستنەکە.

ئەوەی لەم نموونانە بە دیدەکرێت، ئەوەیە کە چۆن گۆڕانی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی ئەو کردارە سەرەکیەی کە لە دوای کرداری سەرەکی یەکەمەوە دێت، کاردەکاتە سەر لایەنی سیمانتیکی ڕستەکەو وادەکات واتایان تەواو لە یەکتر جیاوازبێت.

هەروەها کرداری سەرەکی (هەوڵدەدات) دەکرێت بە دوو واتای جیاواز لە پێش کردارێکی سەرەکی تر دەربکەوێت، بۆ نموونە سەیری ڕستەکانی ژمارە (٢٨و ٢٩) بکە:

٢٨- هەوڵی بەکارهێنانی نیکۆتینم دا.

٢٩- هەوڵی دا جانتیەکە بەرز بکاتەوە.

---

* بڕوانە: (Thomas, 2011, p.38-41).

ڕستەی یەکەم، واتای ئەوە دەدات کە کەسی قسەکەر شتێکی وەک تاقیکردنەوەیەک کردووە و شتەکە ئاسان ئەنجامدراوە، بۆیە کردوویەتی تا بزانێت کارەکە ئەو ئەنجامەی هەیە کە کەسەکە دەیەوێت. لە کاتێکدا لە ڕستەی ژمارە (٢٩)دا هەمان کرداری (هەوڵدەدات) کردارێکی سەرەکی لە دوا هاتووە کە (بەرزدەکاتەوە)یە، ڕستەی ژمارە (٢٩) واتای ئەو دەگەیەنێت، کە ئەنجامدانی کارەکە شتێکی قورس بووە و کەسی ئەنجامدەریش سەرکەوتوو نەبووە لەم کردارە.

<u>**گرووپی سێیەم:**</u> ئەو کردارە سەرەکیانەن کە لە ڕیزبوونی وشەیدا دەکەونە پێش کردارێکی تری سەرەکی، بەلام ڕستەواخۆ ناکەونە پێشیان، بەڵکو بەرکارێک دێتە نێوانیان. زۆر بەی جاریش ئەو بەرکارە دەکرێت ببێتە بکەری کرداری سەرەکی دووەم (Quirk،Greenbaum,1990,p.346) هەندێک لەم کردارانەش ئەمانەن:

| ژمارە | کرداری سەرەکی + بەرکار+ کردارێکی سەرەکی تری لە دوادێت | |
|---|---|---|
| ١ | Ask | داوادەکات |
| ٢ | Let | لێدەگەڕێت |
| ٣ | Help | یارمەتی دەدات |
| ٤ | Want | دەیەوێت |
| ٥ | Allow | ڕێگەدەدات |

سەرنجی ئەم دوونموونەی خوارەوە بدە:

٣٠- داوات لێدەکەم تۆ بیکەیتەوە.

٣١- یارمەتیت دەدەم خۆت رزگار بکەیت.

ئەوەی لەم دوو ڕستەیەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیەکە هەردوو کرداری(داوادەکات)و (یارمەتی دەدات) ڕاستەوخۆ کردارەسەرەکیەکەی تریان لە دوا نەهاتووە، بەڵکو بەرکاری (تۆ)یان لە دوا هاتووە، ئینجا کردارە سەرەکیەکەی تر هاتووە (دەکاتەوە)و (ڕزگار بکەی). خاڵێکی تر سەبارەت بەلایەنی سینتاکسی ئەم دوو ڕستەیە ئەوەیە کە لە هەردوو ڕستەکەدا (من) بکەری کرداری (کردنەوە_ڕزگار دەکات)ە، و بەرکاری هەردوو کردارەکەش (تۆ)یە. سەرەڕای ئەوەی کە جێناوی (تۆ) دەبێتە بەکاری کرداری یەکەم، دەشبێتە بکەری کرداری سەرەکی دووەم.

هەندێک کرداری سەرەکی وا هەیە، کە دەکرێت بەرکاری لەدوابێت، ئینجا کردارێکی سەرەکی تری لەدوابێت، بەلام جیاوازیەکەی ئەوەیە کە ئەو کردارە ڕێگە نادات بەرکاری کرداری سەرەکی یەکەم ببێتە بکەری کرداری سەرەکی دووەم، بەڵکو بکەری کرداری سەرەکی یەکەم هەرخۆی دەبێتە بکەری کرداری سەرەکی دووەمیش لە ڕستەکەدا، بۆ نموونە سەیری ڕستەی ژمارە(٣٢) بکە:

٣٢-بەلێنم پێدای کە بێم.

# بەشی چوارەم

## ٤-جۆری یەکەمی کرداره سەرەکیەکان

### ٤-١ کردارەکانی جووڵە و مانەوە:

ئەو کردارانەن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان باسی جوڵە دەکەن. لەلایەن لێکۆڵەرانەوە بەسەر چەندین پۆل و جۆردا دابەش کراون، کە هەریەک لە ڕوانگەی خۆی لێی ڕوانیوە و بەپشت بەستن بە تایبەتمەندییەک یان زیاتر لە تایبەتمەنییەکی ئەو کردارانە، دابەشکردنەکەی کردووە. لیڤن یەکێکە لەوانەی کاری لەسەر ئەو کردارانە کردووە، کە باسی جولانەوە دەکەن. لە دیدی ئەودا ئەوکردارانە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەبن، لێرەدا مەبەستمان کردارەکانی هەردوو ئەو گروپەیە کە پەیوەستن بە شتی بێ گیان، (Levin,1993,p.246). هەروەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١- زەوی بەدوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

لەم ڕستەیەدا کرداری (دەسوڕێتەوە) باسی جولانەوەیەک دەکات کە بە شێوەیەکی تەوەریی یان خولگەییە و بەبێ ئەوەی بکەرێکی مرۆڤی هەبێت (زەوی) وەک شێوەی تەنە جولاوەکە لە ڕستەکەدا دەردەکەوێت. (خۆر) وەک بنکەی تەنە جێگیرەکەو فرێزی پێشناوی (بەدوریدا) یارمەتی کردارەکەی داوە لە دیاریکردنی چۆنیەتی جوڵەکە.

لە زمانەوانیدا، کردارەکانی جووڵە بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسە کراون، هیچ تاکە پێناسەیەکی گشتگیر نیە کە بتوانێت سەرجەم تایبەتمەندییەکانی ئەو کردارانە بگرێتە خۆ، وە هیچ کۆدەنگیەکیش لەنێوان ئەو زمانەوانانەدا نیە، کە لەو بوارەدا کاردەکەن سەربارەت بە پۆلێن کردن و سنووردارکردنی ژمارەی ئەو کردارانە، بەلام ئەوەی هەموو لە سەری هاوڕان ئەوەیە کە ئەم کردارانە هەندێک سیفەتی سیمانتکی بەرچاویان هەیەکە بریتین لە: بوونی کردارێکی فیزیکی گواستنەوە لە کردارەکەدا، گۆڕین، جولاندن، جێگۆڕینی تەنێکی گیاندار یان بێ گیان لە بۆشایدا.

بە شێوەیەکی گشتی کرداری جولاوە دەکرێت، لەڕووی سیمانتیکیەوە، بکەوێتە بەر یەکێک لەم جۆرە جولانە: جولاندن، ڕۆیشتن، هاتن.

١- ئەو کردارانەی باسی جولاندن دەکەن، دەکرێت جوڵەکەیان لە ئەنجامی گۆڕانی شوێنێکەوە بێت، دەشێ بڵێین ئەوسیفەتەی گۆڕانی شوێن لە زۆربەی هەرە زۆری کردارە جولاوەکان بەدی بکرێت.

٢- جوڵەکردن لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە لە تەنی چاودێرەوە واتە؛ بە دوورکەوتنەوە لە شتێک، لە زمانی کوردی بە کرداری (ڕۆیشتن) لێکدەدرێتەوە، یان بە واتەیەکی تر؛ تەنی جوولاوە دەست بە جوڵە دەکات بە جێهێشتنی سنووری تەنێکی تر. دەکرێت ئەم کردارە جولاوانەش بە کۆمەڵەی (ڕۆیشتووەکان) دابنرێت .

٣- جوڵەکردن لەڕێگەی نزیک بوونەوە لە تەنی چاودێر واتە؛ جوڵەکردن بەرەو شتێک یان نزیک بوونەوە لە تەنێکی تر)، ئەم جۆرە جوڵەیەش بە زۆری بە هەردوو کرداری (هاتن و هێنان) لێکدەدرێتەوە، کە تیایدا تەنێک بەرەو سنووری تەنی چاودێر جوڵە دەکات.

بۆیە دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی تر بڵێین: لە ڕووی سیمانتیکیەوە جوڵەکە جێهێشتنە یان گەیشتنە، ئەمەش لەبەر ئەوەی تا ئاڕاستەی جوڵەکە دیاری بکرێت، کە جێهێشتنی شتێکە یان گەیشتنە بۆ لای شتێک **(Jackendoff,1990,p.89)** ، لایەنێکی تری سیماتیکی کردارە جولاوەکان کە بریتیە لە دەرخستنی ئاڕستەی جوڵەکردنەکە. گواستنەوە و جولانەوە بە شێوەیەکی گشتی ئاڕاستەدارن. کە بە بێ هەبوونی ئاڕستە شتێکی زەحمەتە لە زۆربەی کاتدا، تەنانەت ئەگەر خودی کردارەکەش ئاڕستە دەرخەر نەبێت، دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاڕستەیەکی بەربەردا بکرێت جا بهەۆی بەرکار یان پریپۆزشن یان فریزێکی پێشناوی بێت.

کاتێک باسی ئەو کردارە جولاوانە دەکەین کە ئاڕستەدارن، پێویستە ئاماژە بەو تایبەتمەدییە سیمانتیکیانەش بدەین:

١. هەبوونی تەنی جولاوە.
٢. بوونی بکەری جولاندنەوەکە.
٣. شێوەی جولانەوەکە (چۆنیەتی جولانەوەکە).
٤. ئاڕستەی جولانەوەکە.
٥. سنوور و شوێنی جولانەوەکە.

(سەبارەت بە خاڵی چۆنیەتی جولانەوەکە، دەکرێت بە شێوەی جیاوازبێت، وەک لە کرداری (گاگۆڵکێ دەکات، بە هێواشی دەجولێ، دەخشێ)، کە تیایدا تەواوی جەستە بەشدارە، بەبێ بەشداریکردنی هیچ ئامارزێکی دەرەکی لە جوڵەکردنەکەدا، بەلام بۆ کردارەکانی (هەڵکێشان و ڕاکێشان) ئەوە ڕوونە کە کەسی ئەنجامدەر هێز بەکاردێنێت بۆ جوڵە پێکردنی تەنێک یان ببێە هۆی جوڵەی تەنێک بەرەو شتێک یان کەسێک، یان لە کەسێک یان شتێک دوورکەوێتەوە. لە کاتێک دا بۆ کردارە جولاوەکانی وەک

(لێدەخوڕێت)کەسی ئەنجامدەر هەر بەتەنیا ناتوانێت جوڵەکە ئەنجام بدات بەڵکو پێویستی بە ئامرازێکی دەرەکیە. (Palmer,1995,p.111)

بەم جۆرە کردارە جولاوەکان لە ئاستی سیمانتیکیدا دەکرێن بە دوو بەشەوە، کە جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان ئەو دوو جۆرە هەیە، ئەوکردارە جولاوانەی کە بەشێوەیەکی زگماکی ئاڕاستەدارن، ئەوکردارە جولاوانەی کە شێوازدارن. جۆری یەکەمی کردارە جولاوەکان ڕێڕەو ڕێچکەی ئاڕاستەیان تێدایە. جۆری دووەم لە جولانەوەکە (بەرەو یان بۆلای ئامانجێک) دەردەبڕن، ئەم دەربڕینەشیان بهەۆی ئەوەوەیە، کردارەکە بە فریزی پێشناوی بەستراوەتەوە، کە ئەو فریزە پێشناویەش ئاڕاستەکەی هەڵگرتووە لە کردارە جولاوەکە دا، بەو فریزە پێشناویەش دەگوترێت (ئامانجی کرداری جولاوەکە) (Levin,1998,p.108) سەیری ئەم دوو ڕستەی خوارەوە بکە کە جیاوازی نێوان هەردوو جۆری کردارەکانی جووڵە ڕووندەکاتەوە:

٢-گوڵدانەکە بەر بۆوە (سەرزەوی) و شکا.

٣- سەیری کوڕەکەی کرد بە شەلەشەل چووە ناو کوخەکە.

لە ڕستەی ژمارە (٢)دا کرداری (بەربۆوە)، یەکێکە لەو کردارانەی جۆری یەکەم، کە خۆی لە خۆیدا بە شێوەیەکی زگماکی جولانەوەکەی ئاڕاستە دارە، هەربۆیە دەکرێت لەگەڵ ئەم کردارەدا فریزی پێشناوی (بۆ سەرزەوی) بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانەو هەڵبژاردەیی دەربکەوێت. کردارەکە بەبێ هەبوونی ئەو فریزە پێش ناویەش خۆی ئاڕاستەی هەڵگرتووەو ئاڕاستەکەشی دیارە بۆ سەر زەویە. لە کاتێکدا لە ڕستەی سێیەمدا (بە شەلە شەل دەڕوات) کردارێکی جولاوەی جۆری دووەمە، کە پێویستی بە فریزی پێشناوی (بۆ ناوکوخەکە) هەیە بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی جولانەوەکەی، چونکە ئەوکردارە هەر خۆی بەتەنیا ناتوانێت ئاڕاستەکەی جوڵەکەی هەڵگرێت. هەروەها بەو فریزە پێشناویەش کە لەگەڵ کرداری دووەم بە شێوەیەکی ناچاری دەردەکەوێت، دەگوترێت (فریزی ئاڕاستەیی/ یان ڕێڕەودار)

**-ئەگەر کرداره جولاوەکان لە سەر پێوەرێک دابنرێن دەبنە سێ جۆر:**

**یەکەم:** ئەو کرداره جولاوانەی کە هەمیشە ئاڕستەدارن، واتە؛ بە شێوەیەکی سروشتی ئاڕستەی لە خودی واتا جولاوەکەی بەدیدەکرێت، نموونەی ئەو کردارانەش لەم خشتەیە دایەو خراونەتەڕوو:

| ژ | کرداری جولاوەی ئاڕستەدار (تێنەپەڕ) |
|---|---|
| ١ | گەیشتنە شوێنێک |
| ٢ | بەرزبوونەوە |
| ٣ | نقوم دەبێت |
| ٤ | چوونەژوورەوە |
| ٥ | هاتنەدەرەوە |
| ٦ | ڕادەکات، هەڵدێت |
| ٧ | دەگەڕێتەوە |
| ٨ | دەڕوات |
| ٩ | بەردەبێتەوە |
| ١٠ | دەڕوخێت، دەکەوێت |
| ١١ | دێت |
| ١٢ | دەپەڕێتەوە، پێدا تێپەڕدەبێت |
| ١٣ | هەڵدێ، بەرزدەبێتەوە |
| ١٤ | دەکشێتەوە |
| ١٥ | جیادەبێەوە، جێدهەێڵێت |

لەلایەنی سینتاکسیەوە، زۆربەی هەرزۆری ئەو کردارانەی کە جولاوەی ئاڕستەدارن، کرداری تێنەپەڕن، واتە؛ واتای کردارەکە تێنەپەڕیوەتە سەر بەشێکی تری ڕێزمانی کە بەرکارە، بەڵکو واتای ڕستەکە بە (جولانەوە و ئاڕستەکەیەوە) تەنیا بە هەبوونی کردارەکە تەواو دەبێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کاتێک لە ڕێزبوونی وشەیدا فرێزی پێشناوی لەدوایان دێت، ئەو فرێزە پێشناویەش دەبێتە بەشێکی ئارەزوومەندانە، نەک ئیجباری. هەندێک لەو کردارانەی  کە جولاوەی ئاڕستەدارن لە ڕووی سینتاکسەوە تێپەڕن، بەلام ژمارەیان زۆر کەمە،(Cummins,1996,p.445) وەک ئەم کردارەی ئەم خشتەیە:

| لقكردنی كاتيگۆريانەی كردار | كرداری جولاوەی ئاڕستەدار (تێپەڕ) |
| --- | --- |
| ف ن | جێدهەیڵێت |

بڕوانە ئەم دوونموونەی ژمارە(٤ و ٥):

٤- شارەكەی جێهێشت.

٥- ئەو تۆی جێهێشت.

بەلام هەندێ كرداری تێنەپەڕمان هەیە، كە داوای فرێزێكی بەند دەكەن، وەك لەم خشتەی خوارەوە خرانەتەڕوو:

| لقكردنی كاتيگۆريانەی كردار | كرداری جولاوەی ئاڕستەدار (تێنەپەڕ) |
| --- | --- |
| ف ب | هاتنەخوارەوە، غلۆلبوونەوە بۆخوارەوە |
| ب ف | دەگات |

سەیری نموونەكانی ژمارە (٦، ٧) بكە:

٦- لەپەیژەكان هاتەخوارەوە.

٧-گەیشتە بینایەكە.

كرداری (هاتن) كە كردارێكی تێنەپەڕە هەندێ جار وەك كردارێكی یاریدەدەر خۆی دەنوێنێت لە هەردوو زاری ژوورو و ناوەڕاستدا، بە تایبەت لەو بارەی كە دەبێتە كەرەستەیەك بۆ دروستكردنی بكەرناديارى لە كرمانجيی ژووروودا*. ئەورەحمانی حاجی مارف ئاماژە بەوە دەكات، كە (هاتن) وەك كردارێكی یاریدەدەر لە كرمانجيی ژووروودا دەكەوێتە پێش كردارێكی تێپەڕ، لە كرمانجيی ناوەڕاستدا بە پێچەوانە دەكەوێتە پێش كردارێكی تێنەپەڕ، سەیری ئەمانەی خوارەوە بكە:

٨- ئازادی سێڤ خوار ← سێڤ هاتە خوارن

* بڕوانە: ١- حاتەم وليا محمەد، ٢٠٠٤

٢- پ.د. وریا عمر أمین، ٢٠٤: ١٧٢-١٧٤

٣- محەمەدی مەحوی، ٢٠١١: ٢٠٦-٢٠٩

٩- چێشتەکە کولا ← چێشتەکە هاتە کوڵ

خاڵێکی تر کە پەیوەستە بەلایەنی سینتاکسی کردارە جوولاوەکان ئەوەیەکە، لە ڕووی دەم کاتەوە باس لە ڕووداێک دەکەن کە خاڵی کۆتایی هەیە، چونکە لەو کردارانەدا شوێنی بەدەستهاتوو یان ئامانجی دیاریکراویان هەیە، کە شوێنی بەدەستهاتووی ئەم کردارانە بە شێوەیەکی زگماک لەگەڵیان دەردەکەوێت کاتێک هیچیان لە دوا نەهاتووە، جگە لە ئاوەڵکاری کاتی نەبێت (Levin,1995,p.123)، وەک لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٠- زوو گەیشت.

١١- زوو دەگەڕێنەوە.

هەردوو کرداری جولاوەی ئاڕستەداری تێنەپەڕ لەم دوو ڕستەیەدا خاڵی کۆتایان دیارە و شوێنی هێنانەدیشیان دیارە، هەردوو وشەی (زوو) ئاوەڵکاری کاتین.

هەروەها دەکرێت ئامانجی ئاڕاستەکەش لەگەڵ کردارە جولاوەکان دیاری بکرێت، کاتێک فرێزی پێشناوی لەگەڵ کردارەکە دێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٢- چووە لای دەرگاکە.

لەم ڕستەیەدا دەبینین کە کردارە جولاوە ئاڕستەدارەکە فرێزی پێشناوی (لای دەرگاکەی)ی وەرگرتووە و بەم شێوەیەش ئەم فرێزە پێشناویە (ئامانجی) ئاڕاستەی کردارە جولاوەکەی دەستنیشان کردووە، یان دەکرێت کردارە جولاوە ئاراستەدارەکە فرێزێکی پێشناوی وەک (ڕێڕەو)ی ئاڕاستەکە ڕۆڵ ببینێت، وەک لە ڕستەی ژمارە (١٣)دا خراوەتەڕوو:

١٣- بە پەیژەکاندا بەرزبۆوە.

هەرچەندە لەم ڕستەیەدا لە ڕووی سینتاکسەوە فرێزە پێشناویەکە تەواوکەرێکی ناڕاستەوخۆی کردارەکەیە، بەلام لە ڕووی سیمانتیکەوەش وا لێکدەدرێتەوە کە ڕێڕەوی ئاڕاستەی جولانەوەی کردارەکەیە.

بەم شێوەیە، کردارە جولاوە ئاڕاستەدارەکان، یان ماوەدار دەبن و ئەرکی کرداری بەجێهێنان بەتەواوی دەبینن، نموونەی ئەو کردارانەی کە ماوەدارن و بە جێهێنانی تەواویان هەیە (بەرزدەبێتەوە، دێتەخوارەوە، دەکشێتەوە). یان ئەوەتا کردارە جولاوە ئاڕستەدارەکان دەست بەجێ ڕوودەدەن و بێ ماوەن و بەدەستهێنانیان تێدایە، وەک: (بەردەبێتەوە، دەروخێت، دەڕمێت، دەچێتە ژوورەوە).

سیفەتیکی تری سینتاکسی ئەم کردارە جولاوە ئاڕاستەدارانە ئەوەیە کە ئەو کردارانەی لەگەڵ پریپۆزشنی (بۆ/ بۆ ماوەی) هەڵناکەن، جا کردارەکە چ ماوەدار بێت یان بێ ماوە بێت و ڕوودانی دەست بەجێبێت، بەڵکو لەگەڵ پریپۆزشنی (لە/ لەماوەی) دەتوانێت دەربکەوێت (Levin,1995,p.123). وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٤- لە پەیژەکان هاتە خوارەوە لە ماوەی دوو خولەک.

١٥- پردەکە ڕوخا لە ماوەی دە خولەک.

لەم دوو ڕستەیەدا دەبینین کە کرداری جولاوەی ئاڕاستەداری ماوەدار (دێتەخوارێ) لەڕووی سینتاکسیەوە ناتوانێت لەگەڵ پریپۆزشی (بۆ/ بۆ ماوەی) دەربکەوێ، هەرچەندە کردارەکە ماوەداریشە، چونکە لایەنی سیمانتیکی ڕێگری دەکات و ئەوکات ڕستەکە دەبێتە:

١٦- *لە پەیژەکان هاتە خوارێ بۆ ماوەی دوو خولەکدا.

بەلام هەرچی پریپۆزشنی (لە/ لە ماوەی) دەکرێت لەگەڵ ئەو کردارە دەربکەوێت و لایەنی سیمانتیکی هیچ بەربەستیەک دروست ناکات و ڕستەکە دەبێتە:

١٧- لەپەیژەکان هاتەخوارەوە لە دوو خولەکدا.

بەهەمان شێوەش بۆ کرداری (ڕوخا) لایەنی سیمانتیکی ڕێگە نادات پریپۆزشنی (بۆ/بۆماوەی) لەگەڵ کردارەکە دەربکەوێت و ڕستەکە ببێتە:

١٨-* پردەکە بۆ ماوەی دە خولەکەدا ڕوخا.

بەلام دەکرێت کردارەکەی بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ پریپۆزشنی (لە/ لەماوەی) دەربکەوێت و لایەنی سیمانتیکی ڕێگری ناکات و ڕستەکە دەبێتە:

١٦- پردەکە لەماوەی دە خولەکدا ڕووخا.

ئەوەی جێی سەرەنجە کارلێک و پەیوەندی سینتاکسی و سیمانتیکی ئەو کردارە جولاوە ئاڕاستەدارانەیە، کە زۆربەی جار سیفەتێکی سیمانتیکیان بۆتهەۆی دروست بوونی سیفەتێکی سینتاکسیان، هەندێکجاریش بە پێچەوانەوەیە. وەک لە نموونەیەکی وەک ئەوەی ژمارە (١٧ و ١٨)دا سیفەتی سینتاکسی کرداری جولاوەی ئاڕستەدار بۆتە هۆی سنووردارکردنی لایەنی سیمانتیکی:

١٧- شاژنەکە گەیشت.

١٨- شاژنەکە بە عەبایەکی شینەوە گەیشت.

لە ڕستەی ژمارە(١٧)دا کرداری جولاوەی ئاڕستەداری (گەیشت) کردارێکی تێنەپەڕە، لە ڕووی سینتاکسیەوە تەواوکەری وەرنەگرتووە، هەربۆیە جەختکردنەوەی تەواوی ڕستەکە

لەلای گوێگر گەیشتنەکەیە. لە کاتێکدا لە ڕستەی ژمارە (١٨)دا هەمان کردار فرێزی پێشناوی وەردەگرێت کە(بە عەبایەکی شینەوە)یە، جەختکردنەوەی ڕستەکەیەو سەرەنجی کەسی گوێگر ڕادەکێشێت، نەک کرداری گەیشتنەکەیە (leech,1985,p.506).

هەر سەبارەت بە کردارە جولاوە ئاڕستەدارەکان، (دڕاگان) بە شێوەیەکی گشتی ئەو کردارانە دەکاتە دوو پۆل: پۆلی یەکەم، کردارە جولاوە ئاڕستەدارە سەرچاوەیەکان، کە باسی خاڵی دەست پێکی جوڵەکە دەکەن.

پۆلی دووەم، کردارەجولاوە ئاڕستەدارە ئامانجیەکان، کە جەخت دەکەنە سەر خاڵی کۆتایی جوڵەکردنەکە. لەوەش زیاتر (دڕاگان) پۆلی دووەم بەسەر دوو جۆر دابەشدەکات و هەر جۆرێکیان دوو ئاڕاستە لە خۆدەگرێت. (Dragan,2011,p.76-77) پۆلی یەکەمی ئەو کردارانە لەم خشتەیە دایە:

| ژ | کرداری جولاوەی ئاڕستەداری سەرچاوەیی |
|---|---|
| ١ | جیادەبێەوە، جێدهەیڵێت |
| ٢ | هەڵدەچێت، دەردەدات |
| ٣ | دەڕوات، جێدهەیڵێت |
| ٤ | کۆچدەکات، هەڵدێت |
| ٥ | دێتەدەرەوە |
| ٦ | ڕادەکات، |
| ٧ | هەڵدەقولێت |

کردارەکانی پۆلی دووەمیش لەم دوو خشتەیەدا ڕوون کراوەتەوە:

| کردارە جولاوە ئاڕستەدارە ئامانجیەکان | |
|---|---|
| جۆری یەکەم: کردارە تەوەر ئاسۆییەکان | |
| لقی یەکەم<br>بەرەوپێش | لقی دووەم<br>بەروەدواوە |
| بەرەوپێش دەچێت | دووردەکەوێتەوە |
| تێدەپەڕێت | دەکشێتەوە |
| دەبڕێت | دەگەڕێتەوە |

| کرداره جولاوه ئاڕستەداره ئامانجیەکان | |
|---|---|
| جۆری یەکەم: کرداره تەوەر ستوونیەکان | |
| لقی یەکەم<br>بەرو سەرەوه | لقی دووەم<br>بەرەو خوارەوه |
| بەرزدەبێتەوه | دادەڕمێت، دەڕوخێت |
| پێداهەڵدەگەڕێت | دێتەخوارەوه |
| بەرەو سەرەوه دەڕوات | بەردەبێتەوه |
| هەڵدەستێت | نقوم دەبێت |

**دووەم:** ئەوکرداره جولاوانەی کە ئاڕستەدار نین و بە هۆی فرێزی ناویەوە ئاڕستەی جوڵەکەیان دەزانرێت، نموونەی ئەو کردارانەش لەم خشتەیه دایە:

| ژ | کرداری جولاوەی بێ ئاڕاسته |
|---|---|
| ١ | دەخشێت، بهەێواشی دەجوڵێت |
| ٢ | هەنگاو دەنێت |
| ٣ | بە پێ ڕۆیشتن |
| ٤ | خۆبادان |

لیڤن یەکێکە لە وانەی کە کاری لەسەر ئەو کردارانە کردووه، کە باسی جولانەوه دەکەن، لە دیدی ئەودا، ئەوکردارانە بەسەردوو بەشی سەرەکی دا دابەش دەبن: لێرەدا مەبەستمان کردارەکانی هەردوو ئەو گروپەیە کە پەیوەستن بە شتی بێ گیان، ئەمەش واتا زۆربەی کات ئەو کردارانەی بەبێ هەبوونی بکەرێکی مرۆڤی جوڵەدەکەن. تایبەتمەندییەکی تری ئەو کردارانە ئەوەیە کە هیچ دەرخەرێکی ئاڕاستەیی لە جوڵەکەیاندا نیە، هەربۆیە زۆربەی کات ئەو کردارانەی لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراوی پریپۆزشن دەردەکەون کە ئاڕاستەی یان ڕێچکەی جوڵەکەیان دیاریدەکات.

- ئـەو کـردارە جولانـەوەی کـە باسـی(جوڵەیەکـی خێـرا) دەکـەن، نموونـەی ئـەو کردارانەش لەم خشتەیە خراونەتەڕوو:

| ژ | کردار |
|---|---|
| ١ | هەڵبەزینەوە |
| ٢ | ڕامالین |
| ٣ | دڵۆپەدەکات |
| ٤ | سەرئاودەکەوێت |
| ٥ | دەخلیسکێت |
| ٦ | دەجولێت |
| ٧ | دەخزێت |
| ٨ | ڕادەکات |

- ئـەوکردارانـەی کـە باسـی جولانـەوە بـە شـێوەی تـەوەریـی دەکـەن، لـەم خشـتەیە خراونەتەڕوو:

| ژ | کردار |
|---|---|
| ١ | دەپێچێتەوە، لول دەدات |
| ٢ | دەخولێتەوە |
| ٣ | دەسوڕێتەوە |
| ٤ | پێچ دەکاتەوە |
| ٥ | خلۆل دەبێتەوە |

پۆلی کردارە جولاوەکان زۆر فراوانە و دەکرێت جولـەکە ئاڕاسـتە داربێت، کە تـەنێک تیایدا پێی دەوترێت (شێوە)، ئەو تەنە بـەرەوە خاڵێک دەجولێت کە پێی دەگوترێت (بنکە). ئـەو کردارانـەی باسـی (خلـۆل بونـەوە) دەکـەن، بـەوە ناسـراون کـە لـەڕووی سینتاکسـیەوە هیچ بکەرێکی دیاریان نیە، بەڵکو بە هۆی هێزێکی دەرەکی ڕاستەوخۆ ڕوودەدەن، دەکرێت بە هۆی پاڵنان و تاودانەوە جوڵە بکەن.

**سێیەم:** ئەوکردارانەی کە هەرگیز باسی بەرەو یان بۆ چوون بۆ لای ئامانجێک ناکەن و هەرگیز ئاڕاستە وەرناگرن، ئەو کردارانەش لەم خشتەیە دایە:

| ژ | ئەوکردارانەی کە ئاڕاستەدارنین و ئاڕاستەداریش ناکرێن |
|---|---|
| ١ | گەڕان |
| ٢ | گەڕان و سوڕان بە هێمنی |
| ٣ | دهەارێت |
| ٤ | دەفرێت |
| ٥ | پیاسەدەکات |

ئەم کرداره جولاوانەی کۆمەڵەی سێیەم ناتوانرێت ئاڕستەدار بکرێن، تەنانەت بە هەبوونی فرێزی پێش ناویش ئاڕاستەیان بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو نیە، بەڵکو جوڵەیان بە شێوەیەکی هەڕەمەکیە.

جیاوازیەکی بەرچاوی نێوان کرداره جولاوه ئاڕستەدارەکان، لەگەڵ کرداره جولاوه بێ ئاڕستەکان ئەوەیە، کە کرداره جولاوه ئاڕستەدارەکان جەخت لەسەر ئەنجامی کردارێک یان ڕووداوێک دەکەنەوە، بەلام ئەو کردارانەی بێ ئاڕستەن گرنگی بە جۆری ئەو پرۆسە و کرداره دەدەن کە ڕێگای بۆ ئەنجامی کردارەکە خۆشکردووە و هیچ زانیاریەکیش دەربارەی ئارەستەی جوڵەکە نادەن بەدەستەوە، کرداره جولاوه بێ ئاڕاستەکان بەوه ناسراون کە تەنیا بۆ شایی جوڵەکردنیان هەیە، نەک ئاڕاستەی جوڵەکە. (Levin,1995,p.38-41)

کاتێک کرداره جولاوه ئاڕستەدار و کرداره جولاوه بێ ئاراِستەکان بەیەکەوە بەکاردێن لە ڕستەیەکدا، ئەوا لەڕووی سینتاکسیەوە دەکرێت کرداره جولاوه بێ ئاڕستەکە سەرەتابێت و ئینجا کرداره جولاوه ئاڕستەدارەکەی لەدوابێت. لە ڕووی سیمانتیکەوەش کرداره ئاڕستەدارەکە تەنیا وەک دەرخەرێکی ئاڕستە کاردەکات، هەرچی کرداره بێ ئاڕستەکەشە سەرەنجی خوێنەر، بیسەر ڕادەکێشێت سەبارەت بە شێواز و چۆنیەتی جوڵەی تەنەکە یان کەسەکە. (Naděžda,2011,p.11) سەیری ڕستەی ژمارە (٢٠) بکە.

٢٠- کوڕەکە بە ڕاکردن بۆ کۆگاکە هات.

لەم ڕستەیەدا کرداری جولاوەی ئاڕاستەداری(هات) لە دوای کرداری جولاوەی بێ ئاڕستەی (بەراکردن) دەرکەتووەو ئەرکی دیاریکردنی ئامانج و ئاڕستەی جوڵەکەیە، هەرچی کرداری (ڕاکردن)ە سەرەنجی کەسی گوێگر ڕادەکێشێت و چەقی جەختکردنەوەی ڕستەکەیەو باس لە شێواز چۆنیەتی جوڵەکە دەکات کە بە ڕاکردن بووە.

**کردارەکانی مانەوە:**

کردارەکانی ئەم تەوەرە باسی مانەوە و بەردەوامی و جێگیری دەکەن، دەکرێت بکرێن بە چەند گروپ و لقێکەوە. دواتر وەک کردارەکانی جولانەوە هاوتەریبی سینتاکسی و سیمانتیکی لە نێوان کردارەکانی گروپەکان نیشانبدرێت، (ژمارەیەکی زۆر لە کردارەکانی مانەوە لەڕووی سینتاکسیەوە کرداری تێنەپەڕن. لە ڕووی سیمانتیکیەوەش ئەو ڕۆڵەی کە باوە لەگەڵ سەرجەم کردارەکانی (مانەوە) بریتیە لە ڕۆڵی (شت)، واتە؛ ئەو شتەی کە دەمێنێتەوە لە بارە نەجولاوەو جێگیرەکەدا. هەروەها دەکرێت ڕۆڵێکی تریشیان هەبێت کە بریتیە لە ڕۆڵی (شوێن) واتە؛ ئەو شوێنەی کە شتەکەی لێدەمێنێتەوە. لەوانەیە لەگەڵ هەندێک کرداردا هەبوونی ئەو ڕۆڵە شوێنی یە شتێکی ناچاری بێت (Lemmens,M.,2002a) وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢١-لە شارۆچکەکە نیشتە جێیە.

دەکرێت لەگەڵ هەندێک کرداریشدا هەبوونی ئەو ڕۆڵە شوێنە شتێکی ئارەزوومەندانە بێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٢- منداڵەکە (لەسەر بەردەکە) ڕاوەستا.

هەروەها لەوانەیە بگوترێت کە یەک لەسەر چواری کردارەکانی مانەوە لە باری تێپەڕیدا دەربکەون، بەلام کاتێک لە باری تێپەڕی دەردەکەون، ئەوا واتای هۆیی/هۆداری دەدەن، بڕوانە ئەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٣-ژنەکە گوڵدانەکەی لەسەر پەروازەی پەنجەرەکە ڕاگرت.

زۆربەی جار، کاتێک کردارەکانی مانەوە ڕۆڵێکی شوێنیەکەیان هەیە، ئەوا پریپۆزشنێک لەگەڵ یان لەپێش ڕۆڵە شوێنەکە دەردەکەوێت. لەم لایەنەش کردارەکانی مانەوە هاوشێوەی کردارەکانی گەیشتنن، کە هەر دووکیان لە باری ئاساییدا زۆر کەم بە شێوەی هۆیی بەکاردێن، بەلام دەشکرێت بە شێوەی هۆیی بەکاربێن. ئەگەر بێتو کردارەکانی

مانـەوە بـە شـێوەی هـۆیی بـەکـاربێن، ئـەوا ئـەو ڕۆڵـەی کـە دەبێتـە هۆکـار لـە دەسـەلات دادەبێت، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا دیارە:

٢٤-خاوەن کۆمپانیاکە چاودێرەکەی بۆ شەو جێگیرکرد.

گۆڵدمان باسی گروپەکانی یەکەم و دووەمی کردارەکانی مانـەوە دەکات، ئێمـەش لێرەدا بە گوێرەی ئەو باسی ئەم دوو گروپە دەکەین.

**<u>گروپی یەکەمی کردارەکانی مانەوە</u>**: کردارەکانی ئەم گروپە ئاماژە بەوەدەکەن کە دەبنە هۆی مانەوەی شتێک لە شوێنێکدا. کردارەکانیش بریتین لە (دادەنێت، لـە شـوێنێک دادەنێت، ڕێکدەخـات، دادەبـەزێنێـت، دەچێنێـت، تـۆدەکـات، بـاردەکـات، دەپێچێتـەوە، دەشـارێتەوە، دەنیشێتەوە، لەنگەردەگرێت). کرداری تێپەڕی مانەوەش هەیە کە ڕۆڵە هۆکارەکە (مرۆڤە) و لە باری بکەری کردارەکە دایە، ئەو شتەی کە دەمێنێتـەوەش لەباری بەرکاری دایە. لەگەڵ ئەوکردارە تێپەڕانەی مانەوە دەبێت شوێنەکە دیاریبکرێت، جا ئەو دیاریکردنە بە هـۆی پریپۆزشـنەوە یـان بـە هـۆی ئـەوەڵکارێکـەوە بێت. وەک لـە نموونەیـەی ژمـارە(٢٥)دا ڕوونکراوەتەوە:

٢٥-سندوقەکەی لەسەر مێزەکە دانا.

هـەنـدێک لـە کـردارەکـانی مانـەوە بـەبـێ هـەبـوونی پریپۆزشـن و ئـاوەڵکـاری شـوێنی شوێنەکەیان دیاریدەکرێت کە شتەکەی تێدا دەمێنێتـەوە، ئـەمـەش لـەبـەرئـەوەی کـە واتـای شـوێنەکـە بـەشـێکە لـەخـودی واتـای کـردارەکـە، وەک لـەم نموونەیـەی خـوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٦- فڕۆکەکە نیشتەوە.

**<u>گروپی دووەمی کردارەکانی مانـەوە</u>**: کردارەکـانی ئـەم گروپـە وەسـفی شـوێنی دوو شـت دەکەن کە هەردوو شتەکە لەباری مانەوەن. کە ئـەوانیش بـریتین لـە (لـەخۆدەگرێت، بـەرگ دەکـات، چـواردەوری دەگرێـت، دەوریـدەدات، پێـوەدەنووسـێنێت). کـردارەکـانی ئـەم گـروپـە کرداری تێپەڕن و هەردوو ڕۆڵەکەش ئاماژە بەباری مانەوەدەکەن*

**<u>گروپی سێیەمی کردارەکانی مانـەوە</u>**: کردارەکـانی ئـەم گروپـە کـە بـەکـرداری (گـرتن) ناسراون. ئەم گروپە ئاماژە بە شـوێن و پێگـەی مانـەوە دەکـەن. کـردارەکـانیش بـریتین لـە

---

* بڕوانە: (Goldman, 2005, p.4-8)

(دەگرێت، لێدەستێنێت، هەڵدەگرێتەوە، کۆدەکاتەوە، بە توندی دەگرێت). سەرجەمیان تێپەڕن و ڕۆڵە مانەوەکەش دەبێتە بەرکارو ڕۆڵە بکەرەکەش دەدرێتە پاڵ هۆیەکە، کە مرۆڤە. لەگەڵ کردارەکانی ئەم گروپە زۆربەی هەرەزۆری جار شوێنەکە بریتیە لە بەشێکی جەستەی مرۆڤ، ئەو بەشەی جەستەی مرۆڤیش لە ڕێگەی فریزێکی پێشناویشەوە دیاریدەکرێت، وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٧-کچەکە داوەکەی بە دەستەکانی گرت.

ئەگەر لەگەڵ هەر یەکێک لە بەرکارەکانی ئەم گروپە، شوێنی جەستەی مرۆڤ یان ئەندامی جەستەکە وەکو شوێن دیاری نەکرێت، ئەوا شوێنەکە بە دەست نیشان نەکراوی دەمێنێتەوەو زۆربەی کات بە شێوەیەکی گریمانەی (بەدەست) بۆ مرۆڤ و (بەدەم) بۆ ئاژەڵ دادەنرێت.

کرداری (دەگرێت) ئاماژە بەوەدەکات کە لە شوێنێک جێگیر دەبێت و دەمێنێتەوە، کە ئەو شوێنە یان بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ یان نزیکە لە ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ. دەکرێت هەندێکجار کردارەکە ئاماژە بەوە بکات کە شتەکە هێنراوەتە ئەو بارەی مانەوە** وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا دیارخراوە:

٢٨-جوتیارەکە تەورداسەکەی هەڵگرتەوە.

دەکرێت شوێنێکی زیادەش لەگەڵ کردارەکەی مانەوە دەربکەوێت، کە ئەو شوێنە زیادەیەش هەر ئاماژە بە مانەوە دەکات ، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٩- ژنەکە منداڵەکەی لەدایەنگەکە هەڵگرت.

**<u>گرووپی چوارەمی کردارەکانی مانەوە:</u>** بەکردارەکانی (دەکرێتەوە) ناسراون. ئاماژە بەوە دەکەن کە دەبنە هۆی ئەوەی شتێک بکەوێتە بارێکی دیاریکراوی مانەوە. کردارەکانیش بریتین لە (دەکاتەوە، دادەخات، پێوەدەدات، قوفڵدەدات). بە شێوەیەکی گشتی کردارەکانی ئەم گروپە بەشێوەی تێپەڕی بەکاردێن و ڕۆڵە هۆییەکە کە زۆربەی کات مرۆڤە یان کەش و هەوایە، کە دەبێتە ئەنجامدەر و شتەکەی کە دەمێنێتەوەش دەبێتە بەرکار،(Crinean,2006,p.636) وەک لە ڕستەی ژمارە(٣٠)دا ڕوونکراوەتەوە:

---

**بڕوانە: (Johnson, Mark, 1987, p.21, 636-648)

٣٠-کچەکە/بایەکە دەرگاکەی پێوەدا.

دەگونجێت کردارەکانی ئەم گروپە لە پێکهاتەیەکی وا دەربکەون، کە ئەو پێکهاتەیە وا لەکردارەکە بکات بە شێوەیەکی تێنەپەڕ دەربکەوێت. کاتێکیش کردارەکان بەم شێوەیە دەردەکەون ئەوا زیاتر واتای ڕستەیەکە لە بکەر نادیار دەچێت، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣١- دەرگاکە پێوە درا.

٣٢- ئەم دەرگایە بە ئاسانی دەکرێتەوە.

## ٤-٢ کردارەکانی جووڵەی جەستە:

ئەو کردارانەی کە پەیوەستن بە جوڵەی جەستەوە، لە ئەنجامی گۆڕانی شوێن یان باری ئەندامێک یان زیاتر لە ئەندامێک یان تەواوی جەستەوە دروست دەبن. ئەوکردارانەی باس لە جوڵەی جەستەیی دەکەن بە شێوەیەکی گشتی ژمارەیان بە نزیکەی (١٠٠ بۆ ١١٠) کردار دەبێت. بۆ سەر چەند پۆل و جۆر لقێک دابەشدەبن، گرنگترین دابەش بوونیش لە نێوان ئەو دابەش بوونانە بریتیە لە مانەی خوارە:

**پۆلی یەکەم:** ئەوکردارانەی کە باسی جوڵەی دەست و باسک دەکەن، واتە ئەو کردارانە جوڵەکانیان بهەۆی دەست یان باسکەوەیە، هەندێکیش لەم کردارانە لەم خشتەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

| ژ | کرداری جوڵەی دەست/باسک |
|---|---|
| ١ | دەیگرێت |
| ٢ | ڕادەکێشێت |
| ٣ | پاڵ پێوەدەنێت |
| ٤ | دهەاوێت، تێدەگرێت |
| ٥ | هەڵدەگرێتەوە |
| ٦ | دەست لێدەدات |
| ٧ | هەڵدەگرێت |

**پۆلی دووەم**: ئەوکردارانەی کە باسی جوڵەی قاچ و پێ دەکەن، واتە؛ ئەو کردارانەی کە جوڵەکردنەکەیان بەهۆی پێ یان قاچەوە دەبێت، هەروەک هەندێکیان لەم خشتەیەدا هاتوون:

| ژ | کرداری جوڵەی پێ/قاچ |
|---|---|
| ١ | لەسەر چینچکان دادەنیشێت |
| ٢ | کڕنوش دەبات |
| ٣ | بازدان لەسەر یەک قاچ |
| ٤ | بازدان لەسەر هەردوو قاچ |
| ٥ | شوت لێدەدات |

**پۆلی سێیەم**: ئەو کردارانەی کە باسی جوڵەیەک دەکەن کە تیایدا هەموو ئەندامەکانی جەستە بەشداری دەکەن، وەک کردارەکانی ئەم خشتەیە:

| ژ | کردار |
|---|---|
| ١ | دادەنیشێت |
| ٢ | دەڕوات |
| ٣ | ڕادەکات |
| ٤ | دەکەوێت |
| ٥ | خۆی خواردەکاتەوە |
| ٦ | پێدا سەردەکەوێت |
| ٧ | گاگۆڵکێ دەکات |

(لایەنێکی سیمانتیکی زۆربەرچاوی ئەو کردارانەی کە باسی جوڵەی جەستەی دەکەن، ئەوەیە کە پۆلێنکردنی ئەو کردارانە لەسەر بنەمای سیمانتیکیە، تەنانەت لە کاتی فێربوونی هەریەکێک لەم کردارانە پشت بە واتایەکەی دەبەسترێت.

سەبارەت بەلایەنی سینتاکسی ئەوکردارانەش دووخاڵی دیاریان لێ بەدیدەکرێت: خاڵی یەکەمیان ئەوەیە کە نزیکەی سەرجەمی ئەوکردارانە کرداری تێپەڕن، واتە؛ پێویستیان بە بەرکارە. خاڵی دووەمش ئەوەیە کە کاتێک ئەو کردارانە لەڕستە دەردەکەون، بکەری کردارەکە کەسەکەیە، نەک ئەندامەکە(B. and M. Rappaport ،Levin,1992,p.251 Hovav) وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

١- پیاوەکە شوتی لە تۆپەکەدا.

لەم ڕستەیەدا ئەگەرچی لەڕووی سینتاکسیەوە بکەری کرداری (شوتی لێدا) پیاوەکەیە، بەلام لە ڕاستیدا ئەوە پێ پیاوەکەیە کە بەرپرسە لەجوڵەی کردارەکە.

**پۆلی چوارەم:** ئەو کردارانەی باسی جوڵەیەک دەکەن، کە تیایدا ئەندامێک یان زیاتر لە ئەندامەکانی سەر تێیدا بەشدارە و هەڵدەستێت بە جوڵەکردنەکە. دەکرێت کردارە جوڵەیەکانی سەریش بکرێن بە چەند لقێکەوە، نموونەی ئەم کردارانەش لەم خشتەیە دایە:

| کردارەکانی جوڵەی ئەندامێکی سەر | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کرداری جوڵەی چاو | | کرداری جوڵەی سەر | | کرداری جوڵەی دەم | |
| کردار | واتا | کردار | واتا | کردار | واتا |
| Wink | یەک چاوداگرتن وە نیشانەی سوعبەت یان شتێکی نهێنی | Shake | سەربادان وەک ئاماژەی ڕازینەبوون | kiss | ماچدەکات |
| Blink | چاوتروکاندن | Nod | سەرلەقاندن وەکو ئاماژەی ڕازیبوون | Bite | گازدەگرێت |
| Sob | هەنسک دەکات، هەنسک هەڵدەدات | | | sip | قوم لیدەدات |
| Leer | موڕدەبێتەوە | | | Swallow | قوتدەدات |
| | | | | lick | دەلیسێتەوە |
| | | | | hum | ورتە ورت دەکات، منگە منگ دەکات |
| | | | | Whistle | فیکە لێدەدات |
| | | | | Taste | تام دەکات |
| | | | | Chew | دەجوێت |
| | | | | Breathe | هەناسەدەدات |

| | |
|---|---|
| دەخواتەوە | Drink |
| دەکێشێت، جگەرە دەکێشێت | Smoke |
| دەخوات | Eat |
| دەقرتێنێت | Nibble |
| زەردەخەنەدەکات | Smile |
| قرپپنەدەداتەوە | burp |
| دەکۆکێت | cough |
| تف دەکات | Spit |
| دەڕشێتەوە | Vomit |
| باوێشک دەدات، باوێشکی دێت | Yawn |

دەبینین زۆربەی ئەو کردارانەی کەباسی جوڵەی سەر دەکەن، بە کرداری هاندەری ناودەبردرێن، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئەو کردارانە باری مێشکی دەردەبڕن. هەریەکێک لەوکردارانە کە باسی جوڵەیەکی جەستە دەکەن، ئەوا وەڵام دانەوەی مێشکی ئەو کەسەیە کە هانی داوە یان بۆتە هۆی ئەو جوڵە پێکردنە. کەواتە هەر جوڵەیەکی سەر یەکسانە بەوەڵام دانەوەی داوایەکی مێشکی، یان هەر کردارێکی جوڵەی سەر ئەرکێکی مێشکی کەسەکە جێبەجێدەکات. وەک ئەوە وایە کە کەسەکە لە ژێر کاریگەری مێشکی ئەو جوڵەیەی بەو ئەندامە کردبێت(Bloom,L.,1993,p.86).

لەگەڵ ئەوەی کە جوڵەی سەر یان ئەندامێکی لە ژێر کاریگەری هێزی هۆیەکە بووە، کەمێشکی کەسەکەیە، هێشتا ناتوانرێت ئەو جوڵە سەرییە بە ئامانجدەر وەسف بکرێت. خاڵێکی تر کە پاڵپشتی ئەو بۆ چوونە دەکات ئەوەیە کەجوڵە سەریەکان ڕەنگدانەوەی مێشکە یان بەدمەوە هاتنی جەستەیە بۆ داوایەکی مێشک، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ کان هیچ دەروازەیەکیان نیە بۆ ئەوەی بچنە ناو مێشکی یەکتری، جگە لەلێکدانەوەی جوڵەکانی جەستەیان، وەک لەم نموونەی خوارەوە دا ڕوونکراوەتەوە:

٢- سەری بۆ قسەکانی ئەمادەبووان لەقاند.

لەم ڕستەیە دا چەند تێبینیەک دەبینین، یەکەم: ئەوە مێشکی کەسەکە بووە، کە بۆتەهۆی دروست بوونی سەرچاوەی جوڵەی سەری کەسەکە، سەری کەسەکە وەک وەڵام دانەوەیەک بۆ داوایەکەی مێشکی ئەو جوڵەیەی کردووە. دووەم: لە ڕێگەی لێکدانەوەی

ئەوەی ئەو (سەرلەقاندنە)، ئێمە و ئامادەبووەکان دەتوانن بچنە ناو مێشکی کەسەکەوە کە ئەو کەسە ڕازیە بە قسەکانیان، چونکە جگە لە لێکدانەوەی جوڵە جەستەییەکە هیچ ڕێگەیەکی تر نیە بۆ ئەوەی بگەینە مێشکی کەسەکە.
خاڵێکی تر کە پەیوەستە بەلایەنی سینتاکسی ئەو کردارانەی کە لە چوارچێوەی جوڵەی سەری دان ئەوەیە، کە زۆربەی هەرزۆری ئەکردارانەش، وەکو کرداره جوڵە جەستەییەکانی تر، تێپەڕن و بەرکاریان هەیە بۆ تەواو کردنی واتایان.

زۆبەی کات سەرنجی ئەوە دەدرێت، کە لەهەندێک لە جوڵە جەستەییەکان زیاتر لە ئەندامێکی جەستە بەشدارە، یان ڕونتر بڵێین، بەشێوەیەکی سیستەماتیکی، دوو ئەندام دوو ئەندام لە هەندێک جوڵە بەشدار دەبن، بۆ نموونە کرداری(نیشاندەدات) کە دەست و چاو تێیدا بەشدارە، کرداری(دەخوات) دەست و دەم تێیدا بەشدارن(**Saxe,G.B.,1981,P.306-316).**

هەندێک لایەنی سینتاکسی زۆر گرنگی کردارەکانی جوڵە جەستەییەکان هەیە، کە دەبێت تیشکیان بخرێتەسەر، یەکێک لەوخالانە تێپەڕیەتی کردارەکانە. کاتێک کرداری تێپەڕی ئەم کۆمەڵەیە بەرکاریان لەدوادێت، بەرکارەکە لە شێوەی فرێزێکی ناوی دایە، دەکرێت ئەو فرێزە ناویە کردارێکی تێدابێت کە لە هەمان ڕەگی کرداری ڕستەکەیە، وەک لەم نموونەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

٣- پژمینێکی واپژمی تائێستا گوێم لێنەبووە.

٤- بە ناخۆشترین مردن مرد.

لەم رستانە دا دەبینین کە (دەپژمێت) بەرکارێکی وای وەرگرتووە کە (پژمین)ەو لە هەمان نەژادی خۆیەتی، یان بڵێین کردارەکە و بەرکارەکە لەیەک ڕەگن. بەهەمان شێوە لە ڕستەی چوارەم کە دەبینین فرێزی پێشناوی (مردنێکی ناخۆش) سەرەی فرێزەکە (مردن)ە، کە هاوڕەگە لەگەڵ کرداری ڕستەکە کە دەمرێت. کەواتە؛ دەکرێت هەندێک لە کردارە جەستەییەکان فرێزێکی ناوی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەرگرن کە سەرەی ئەو فرێزە ناوێکە یان وشەیەکە کە هاوڕەگە لەگەڵ کردارەکە خۆی.

هەندێکی تر لەوکردارانەی کە باسی جوڵەی جەستەیی دەکەن، بەتەواوی کردار تێنەپەڕن، وەک لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

| واتا | کرداری جوڵەی جەستەیی تێنەپەڕ | ژ |
| --- | --- | --- |
| دەگریێ | چاو | ١ |
| دەلەرزێ | لەش | ٢ |
| دەبورێتەوە | تەواوی جەستە | ٣ |
| فیکە لێدەدات | دەم | ٤ |
| ئارەقە دەکات | لەش/تەواوی جەستە | ٥ |
| پشوودەدات | تەواوی جەستە | ٦ |
| ژاندەکات | جەستە/یان هەر ئەندامێک | ٧ |

(هەندێک لە کرداره جوڵەییەکانی جەستە دەکرێت کرداری هۆیی بن یان بڵێین هۆدەربڕبن، کاتێک ڕۆڵی مرۆڤیان لەگەڵ دێت، واتە؛ مرۆڤێک دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کرداره ببێە هۆیی، ئەم کردارانەش تیپەڕن، وەک کردارەکانی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| کرداری جوڵەی جەستەیی هۆدەربڕ | ژ |
| --- | --- |
| هەڵدەستێت | ١ |
| گەورە دەبێت، گەشە دەکات | ٢ |
| ئازاردەدات | ٣ |
| چاک دەبێتەوە | ٤ |
| نقوم دەکات/دەخنکێنێ | ٥ |

-سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکە :

٥- من تۆم ئازار دا.

لەم ڕستەیەدا بکەری (من) کە کەسێکە بۆتهەۆی ئەوەی، کە کردارەکە وەک کردارێکی هۆدەبڕی جەستەیی تێپەڕ دەرکەوێت(Dixon,R.M.W.,2005,p.124-127**).**

دەکرێت هەندێک لە کرداره جوڵەیەکانی جەستە پەیوەستە بێت بە دوو کەسەوە، واتە؛ دوو کەس بەشداربن لە ڕوودانی کردارەکە، وەک کردارەکانی (ماچدەکات)، (دەگرێتە باوەش). ئەم کردارانەش کرداری تێپەڕن و ئەدوو کەسانەی کە تێیدا بەشدارن یەکێکیان دەبێتە بکەر و ئەوەی تریش دەبێتە بەرکار. وەک لە ڕستەکانی ژمارە (٦ و ٧) داڕووندەکاتەوە:

٦- باوکەکە منداڵەکەی ماچکرد

٧- منداڵەکە باوکی ماچکرد.

لەم دوو ڕستەیەدا دوو کەس لەکردارەکە دا بەشدارن، لەڕستەی یەکەم باوکەکە بکەرە و منداڵەکە بەرکارە، لەڕستەی دووەمیش بە پێچەوانەوەیە. دەکرێت هەردووکەسە بەشێوەی فرێزێکی ناوی (گرێیەکی ناوی) لە باری بکەری دا دەربکەون، وەک لەڕستەی ژمارە (٨)دا ڕوونکراوەتەوە:

٨-باوک و منداڵەکە یەکتریان ماچکرد.

## ٤-٣ کردارەکانی دان:

بە شێوەیەکی گشتی ئەو کردارانەی باسی (دان) دەکەن ژمارەیان دیاریکراوە، لە (١٥ بۆ ٢٠) کردار دەبن. دەکرێت ئەم ژمارەیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر کەم و زیاد بکات. (لە ئاستێکی گشتی ئەو کردارانە دەکەونە پۆلی کردارە کردەوەییەکان.) (Martin,2000,p.426) هەندێکیان لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

| ژ | کرداری دان | لقکردنی کاتیگۆریی کردارەکان |
|---|---|---|
| ١ | پێدان | ف ن – ف ب |
| ٢ | پێوتن | ف ن – ف ب |
| ٣ | فرۆشتن | ف ن |
| ٤ | نیشانیدەدات | ف ن |
| ٥ | پێشکەشی دەکات | ف ن – ف ب |
| ٦ | بۆی دابین دەکات | ف ن – ف ب |
| ٧ | بەدیاری دەیداتێ | ف ن – ف ن |
| ٨ | دەبەخشێت | ف ن |
| ٩ | دهەێنێت | ف ن |
| ١٠ | خواردن پێدان | ف ن – ف ب |
| ١١ | فێردەکات، زانست پێدەدات | ف ن –ف ن/ لاڕستە |
| ١٢ | دەیداتێ، دەداتە دەستی | ف ن–ف ب |
| ١٣ | دەنێرێت | ف ن –ف ن |
| ١٤ | تەرخاندەکات | ف ن- ف ن |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | بەڵێن دەدات | ف ن –ف ب / لاڕستە |
| ١٦ | قەرز پێدەدات | ف ن –ف ب |
| ١٧ | بەرتیل دەدات | ف ن –ف ب |
| ١٨ | پاداشت دەداتەوە | ف ن |
| ١٩ | بەخشیش دەدات | ف ن |
| ٢٠ | بەکرێ دەدات | ف ن |

خودی کرداری (دان)، (پێدان)، (دەیداتێ)، بە باوترین کرداری ئەم کۆمەڵەیە دادەنرێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، زۆربەی نموونەکان بەو کردارە دهەێنرێنەوە. تەنانەت ئەوە دیاردەیەکی جیهانیشە ئەگەر زمانێک یەک کرداری سەبارەت بە (دان) هەبێت یان یەک کرداری هەبێت لەوانەی کە دووبەرکار وەردەگرن، ئەوا خودی کرداری (دەداتێ)یە. (Kittila,2006,p.604).

هەموو کردارەکانی سەرەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان باسی (دان، پێدان) دەکەن، جا شتەکە بەرجەستەیی بێت یان ئەبستراکتی. (دیاریترین لایەنی سینتاکسیان ئەوەیە، کە زۆربەی هەرەزۆری ئەو کردارانە تێپەڕن و دوو بەرکار وەردەگرن، واتاکەیان بە هەبوونی بەرکارێک تەواو نابێت بەڵکو دەکەوێتە سەر دووبەرکار. بەرکارێکیان ڕاستەوخۆیە و ئەوەی تریشیان ناڕاستەوخۆیە، یان دەکرێت بڵێین بەرکارێکیان گیاندارە و ئەوەی تر بێ گیان (Newman,2006,p.119)، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

١-ماموستاکە کتێبێکی دایە قوتابییەکە.

کرداری (دایە) دووبەرکاری وەرگرتووە، یەکێکیان (مامۆستاکە)و ئەوەی تریان (قوتابییەکە)یە. وەرگرتنی دوو بەرکاریش لە لایەن کردارەکانی ئەم کۆمەڵەیەوە وای کردووە سیفەتێکی سیمانتیکی بەرچاو و جێگیریان هەبێت، بەوەی کە ئەم کردارانە سێ ڕۆڵ وەردەگرن لە ڕستەدا، ئەوانیش (ئەنجامدەر- بابەت- وەرگر) واتە؛ بکەر و بەرکاری یەکەم و بەرکاری دووەم. تەنانەت کەمترین ڕۆڵ کە ئەو کردارانە وەری بگرن، بریتیە لە دوو ڕۆڵ، کە ئەوانیش ڕۆڵی ئیجبارین و بریتین لە ڕۆڵەکانی (بابەت و وەرگر)، چونکە دەکرێت ڕۆڵی (ئەنجامدەر) ئارەزوومەندانە بێت، وەک لە ڕستەی ژمارە (٢)دا ڕوونکراوەتەوە:

٢- قوتابییەکە کتێبێکی درایە.

لەم ڕستەیەدا دەبینین بکەری نیە، هەربۆیە ڕۆڵی ئەنجامدەر نیە، تەنیا (قوتابیەکە) هەیە کە ڕۆڵە وەرگرەکەیەو ڕۆڵی (کتێبێک) هەیە کە بابەتەکەیە .

ئەگەرچی (پالمەر) دەڵێت: دەکرێت لە هەندێک باری بکەر نادیاریدا کردارێکی (دان) تەنیا یەک ڕۆڵی هەبێت، کە ئەویش ڕۆڵی بابەتەکەیە، لەم بارە هەردوو ڕۆڵی ئەنجامدەر و وەرگرەکە پێویست نین لە باری بکەر نادیاریەکەدا (Palmer,1994,p.123) وەک لە نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراواتەوە:

٣- خواردنەکە هێنرا.

هەروەک دەیبینین، لەم ڕستەیەدا کرداری (دهەێنێت) تەنیا ڕۆڵی بابەتەکەی هەیە کە (خواردنەکەیە).

تایبەتمەندییەکی تری سینتاکسی ئەم کردرانە ئەوەیە، کە ڕێگە بە هەردوو ڕۆڵی بابەت و وەرگر دەدەن بۆ ئەوەی لە شوێنی بکەری ڕستە دەربکەون لە ڕستەدا، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە.

٤- کچەکە هەواڵەکەی بەکوڕەکە گوت.

لەم ڕستەیەدا دەبینین کرداری (گوتن) یەکێکە لە کردارەکانی (دان)و سێ ڕۆڵی لە ڕستەی بکەر دیار وەرگرتووە،

(کچەکە) ڕۆڵی ئەنجامدەر، (کوڕەکە) ڕۆڵی وەرگر، (هەواڵەکە) ڕۆڵی بابەت. هەردوو ڕۆڵی وەرگر و باتەکە، دەکرێت وەکو بکەری سینتاکسی باری بکەر نادیاری کردارەکە دەربکەون، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٥- کوڕەکە هەواڵەکەی پێ گوترا.

٦- هەواڵەکە بە کوڕەکە گوترا.

لە ڕستەی پێنجەمدا، وەرگرەکە کە (کوڕەکە)یە، لە شوێنی بکەر دەرکەوتووە، بەلام لە ڕستەی ژمارە شەشدا بابەتەکە کە (هەواڵەکە)یە، لە شوێنی بکەرکە دەرکەوتووە، هیچ جیاوازیەک لەڕووی سیمانتیکیەوە نیە، بەلام لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە کاتێک بابەتەکە دێتە شوێنی بکەر، ئەوا دەبێت بەیارمەتی ئامرازی خستنە پاڵی (بە)وە کردارەکە بداتە پاڵ وەرگرەکە کە (کوڕەکەیە).

کاتێک لە ڕستەیەکی بکەری نادیاری، وەک ژمارە (٦)دا، بەرکارەکە (وەرگرەکە) بە هۆی ئامرازێکەوە دەدرێتە پاڵ کردارەکە، ئەوا باری پاڵپشتیە، بارە پاڵپشتیەکەش دەکرێت بە پێشبەند یان پاشبەندیەوە دروست بکرێت .

بریسنان و هەی بە جۆرێکی تر باسی کردارەکانی (دان) دەکەن لە ڕووی سینتاکسی و سیمانتیکیەوە. هەی دەڵێت: بەوەی کە ئەو کردارانە دوو بەرکار ورەدەگرن، دەکرێت لەباری ڕستەی بکەر دیاردا بەوشێوەیە دەرببڕدرێن ( (Bresnan,2008,p.247-250 وەک لەم دوو ڕستەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

٧-جوان سێوێکی دایە نە مام.

٨- جوان سێوێکی دا بەنەمام.

ڕستەی ژمارە حەوت و هەشت لەیەکتری جیاوازن. جیاوازیەکەش تەنیا لە پریپۆزیشنەکە دایە، پریپۆزیشنەکەی رستەی ژمارە حەوت، فۆرمیکی وەرچەرخاوی (بە)ی ڕستەی ژمارە هەشتە.

هەروەها دەڵێن: ئەگەر بەرکارەکان هەردووکیان بەشێوەی ڕستەی ژمارە حەوت ببنە ڕۆڵی کردارەکە، وەک ڕستەی حەوتەم، ئەوا لەڕووی واتاییەوە کردارەکە ئاماژە بەگۆڕانی خاوەنداریەتی دەکات، بەلام ئەگەر دوو بەرکارەکە یەکێکیان بهەۆی ئامرازی خستنە پاڵ ببێتە ڕۆڵی کردارەکە، وەک ئەوەی ڕستەی ژمارە هەشت، ئەوا زیاتر ئاماژە بەباری جوڵە دەکات، نەک گۆڕانی خاوەنداریەتی.

دەکرێت بەجۆرێکی تر لە کردارەکانی کۆمەڵەی (دان) بڕوانین، بەوەی کە ئەو کردارانە لەڕووی سیمانتیکیەوە دوو بەرکار وەردەگرن، یەکێکیان (شتەکەیە جا کۆنکریتی بێت یان واتایی) بەرکارەکەی تریشیان کەسی وەرگرە، جا دەرکەوتبێت یان نا. وە ئەو دوو بەرکارەی کە دەبنە ڕۆڵەکانی کردارکە، بریتین لە( فریزی ناوی + فریزی ناوی) وە هەبوونی هەردوو بەرکارەش پێویستە و ناچارییە. لەم بارە دا دەڵێن (تێپەڕیەتی دووانەیی سیمانتیکی) (Lam,2008,p.28).

لە هەمان کاتدا دەکرێت ئەو کردارانە بەوەش بناسرێنەوە، کە لەڕووی سینتاکسەوە دوو بەرکاریان دەوێت، بەلام کاتێک لە باری پاڵشتی دادەردەکەون وەکو ئەوەی ڕستیە ژمارە (٨) کە تیایدا کەسی وەرگر دەکەوێتە باری پاڵپشتی و بهەۆی پێشبەندێکەوە دەبێتە بەرکاری کردارەکە. (بۆیە لە باری پاڵپشتی دا لە ڕووی واتاییەوە هەر دوو بەرکارەکە هەر بە بەرکاری دەمێننەوە، بەلام لە ڕووی سینتاکسەوە پێکهاتەکانیان دەگۆڕێت و دەبنە(

فرێزی ناوی + فرێزی پێشناوی) و هەبوونی فرێزە پێشناویەکە ناچاری نییە، بۆیە بەو فرێزە پیش ناویەش دەگوترێت (oblique) "لادراو".

لام ئاماژە بە سیفەتێکی تریش دەکات، ئەویش دانانی جێناوە لە شوێنی ڕۆڵەکانی کردارەکە، واتە؛ بەرکارەکانی کردارەکە، چونکە کردارەکانی (دان) زیاتر حەز بەوەدەکەن، بەرکارە وەرگرەکە جێناو لەشوێنی بەکاربێت(هەمان سەرچاوەی پێشوو)، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٩- کچەکە سێوەکەی دایە ئەو.

ئەم ڕستەیە کە رستەیەکی ڕێزمانیە، بەلام ئەگەر جێناو لە جیاتی بەرکارە بابەتیەکە بەکار بێت، ئەوا ڕستەکە نامۆ و لێلیێ پێوە دیار دەبێت، وەک لە ڕستەی (کچەکە ئەوی دایە نەوین). هەروەها لە زۆربەی زمانە جیهانیەکان و زمانی کوردیش، ناکرێت جێناو بەرکاری لە شوێنی خودی بەرکارەکانی یەکێک لە کردارەکانی کۆمەڵەی (دان )بەکار بێت، وەک لەم ڕستەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

١٠- کچەکە ئەوی دایە ئەو.

هەندێ جار دەکرێ ڕستەیەکی کردارەکانی (دان) بە دوو شێوە دەرببڕدرێن، وەک ڕستەی ژمارە( ٧ و ٨)، بەلام لە هەندێک باردا ڕستەکە نا ڕێزمانیە. ئەمەش لەم کاتەدا ڕوودەدات، ئەگەر ئەو شتەی ڕۆڵی (بابەت)ی کردارەکە ببینێت شتێکی ئەبستراکتی بێت (Krifka,2004,p.77) وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١١- *منداڵەکان ژانەسەریان پێدام.

١٢- *منداڵەکان ژانەسەریان دا بەمن.

لەم دووڕستەیەدا لەبەرئەوەی ئەو بەرکارەی کە ڕۆڵی (بابەت)دەبینێت شتێکی ئەبستڕاکتیە، بارێکی نائاسایی و ڕێزمانیە، بەشێوەیەکی گشتی کردارەکانی (دان) لەکەسی یەکەمەوە بۆ کەسی دووەم دەگوازرێتەوە. چونکە شتی ئەبستڕاکتی ناتوانرێت کاری تێبکرێت، مەگەر تەنیا کەسی یەکەم توانای کۆنترۆڵکردنی شتەکەی هەبێت، ئەوکات دەتوانرێت بدرێتە کەسی وەرگر. هەربۆیە شتی وەکو (ژانەسەر، بیرۆکە...) ناتوانرێت لەلایەن کەسی بدەرەوە خاوەنداریەتی بکرێت و بدرێتە کەسێکی تر (کەسی وەرگر).

ئەوەی کە باوە سەبارەت بە کردارەکانی (دان)، ئەوەیە کە سێ ئاخاوتن (ڕۆڵ) وەردەگرن، لە ئاستی سینتاکسی بە ئاخاوتنی کردارەکە دەگوترێت:(بکەر-بەرکاری ڕاستەوخۆ-بەرکاری ناڕستەوخۆ)، لە ئاستی سیمانتکیشدا بە ئاخاوتنەکانی دەگوترێت (ئەنجامدەر-وەرگر-بابەت). مەرج نیە هەمیشە ژمارە ئاخاوتنە سینتاکسیەکان و

سیمانتکیەکانی هەمان کردار وەک یەک بن ( Hudso,1992,p.246) بۆ نموونە سەرنجی ئەم ڕستانەی خوارەوە بدە:

١٣-بارین کتێبێکی بەخشی

١٤-ئەوان چەندین کتێبیان فرۆشت.

لەم دوو ڕستەیەدا هەردوو کرداری (بەخشی و فرۆشت) کە دوو کرداری سەر بە گرووپی کرداری (دان)ن، پێویستیان بە سێ ڕۆڵ هەیە لەڕووی سینتاکسی و سیمانتیکیەوە، کەچی دەبینین لەم دوو ڕستەیەدا، لە ڕووی سینتاکسیەوە هەریەکەیان دوو ئاخاوتنی وەرگرتووە (بکەر-بەرکاری ڕاستەوخۆ). لەکاتێکدا لەڕووی سیمانتیکیەوە ژمارەی ئاخاوتنەکانی سێیەم بەم شێوەیە (ئەنجامدەر- بابەت- وەرگر)، چونکە لەڕووی واتایەوە ناکرێت وەرگری کتێبە (دانە)کە نەبێت، بەڵکو لە ڕووی سیمانتیکیەوە بوونی هەر هەیە، بەلام لە ڕووی سینتاکسیەوە دەرنەبڕدراوەو دەرنەکەوتووە.

ئەو ڕستانەی باس لە کرداری (دان) دەکەن، دەکرێت بەم شێوەیە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، بڕوانە ئەم ڕستەیەی خوارەوە:

١٥ -پیاوەکە گوڵێکی دا بەخێزانەکەی.

پیاوەکە شتێکی کرد، کەژنەکەی ببێتە خاوەنی گوڵەکە. ئەوەی کە پیاوەکە کردی دیاریکراو نیە، لەوانەیە گوڵەکەی ڕاستەوخۆ دابێتە دەست ژنەکەی، یان لەوانەیە کڕیبێتی. هارلی دەڵێت: کردارێکی لەم جۆرە دەکرێت شیبکرێتەوە بۆ گوزارەی هۆ و خاوانداریەتی( Harley,2002,p.34)

ئاڕنۆڵد باسی هەردوو بارەکەی کرداری(دان) دەکات، لە ژێر ڕۆشنایی قورسی ئەو بەرکارانە لە ڕووی سمانتیکیەوە. ئەگەر بەرکارەکە (وەرگرەکە) درێژتر و قورستربوو، ئەوا ڕستەی ژمارە (١٦) لە ڕستەی ژمارە (١٧) بە باشتر دەزانرێت، واتە؛ باری پاڵپشتی بە باشتر دەزانرێت:

١٦-(کچەکە کتێبەکەی دا بە پیاوەکە کە جلە شینەکانی لەبەرەو لە تەنیشت کوڕەکە وەستاوە)

١٧-(کچەکە کتێبەکەی دایە پیاوەکە کە جلە شینەکانی لەبەرەو لە تەنیشت کوڕەکە وەستاوە)

لەڕستەی ژمارە (١٦)دا وەرگرەکە (پیاوەکە) کە بەرکارێکی قورسترەو درێژترە لە بەرکارەکەی تر کە بابەتەکەیە (کتێبەکە) بۆیە واباشترە کە ئەگەر بەرکارە وەگرەکە لە بارەکە بابەتیەکە درێژتر و قورستر بوو، ئەوا بەرکارەکە وەرگەکە بکەوێتە باری پاڵپشتی

لەڕستەکەدا. تەنانەت ڕستەیەکی وەکو ئەوەی ژمارە (١٦) کەتیایدا بەرکارە وەرگرەکە لە باری پاڵشتی دایە، بە ناباو و تاڕادەیەکیش بە ناڕێزمانی دێتە هەژمار کردن*.

## ٤-٤ کردارەکانی کارلێککردن:

لە ڕووی سینتاکسیەوە کردارەکانی کارلێککردن، بە نموونەی کرداری تێپەڕ دادەنرێن. لەڕووی سیمانتیکیەوەش بەوە ناسراون، کە سێ ڕۆڵ وەردەگرن، ئەوانیش: ئەنجامدەر کە هەڵدەستێت بە هەڵسوڕاندنی کردارەکە، ئەو ئەنجامدەرەش لەگەڵ شتێک یان کەسێک کارلێک دەکات کە پێی دەگوترێت ئامانج. (کارلێککردنی ئەنجامدەر و ئامانج لە ڕێگەی ئارگومێنتێکەوە دەبێت کە پێی دەگوترێت ئامراز. ئامرازەکە یان ئامانجەکە وەیان هەندێکجاریش هەردووکیان لەلایەن کردارەکەوە بە شێوەیەکی فیزیکی کاریان لێدەکرێت. **(**Hopper and Thompson,1980,p.261**)**.

کردارە کارلێککردنەکان ژمارەیان سەدان کردار دەبێت و دەکرێت بە شێوەیەکی ڕوون بەسەر چەندین گروپ دا دابەش بن، کە کردارەکانی هەر گروپێکیان کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندی سینتاکسی و سیمانتیکی خۆی هەیە. لێڤن باسی هەندێک لەکردارەکانی کارلێککردن دەکات، کە ئێمە بە گروپی یەکەمیان دادەنێین*

**گروپی یەکەم:** هەردوو کردارەکانی (دەست لێدان، دەست بەسەرداهێنان/دەست پێداهێنان)دەگرێتەوە. ئەوکردارانە بەوە دەناسرێنەوە کە ئارگومێنتە ئامرازەکە بە کەمترین ڕادە کارلێک لەگەڵ ئارگومێنتە ئامانجە دەکات و بەبێ ئەوەی ئامرازەکە هیچ وەرسی و بێزاریەک بخاتە سەر ئامانجەکە. وەکو لەنموونەی ژمارە (١)دا ڕوونکراوەتەوە:

١- بەدەستی چەپی دەستی بە کوڵکەکە داهێنا.

لەم ڕستەیەدا کرداری (دەستی پێداهێنا) کردارێکی کۆمەڵەی یەکەمی کردارە کارلێککردنەکانە و سێ ئارگومێنتی وەرگرتووە، بەم شێوەیە: (ئەو) ئەنجامدەر، (کوڵکەکە) ئامانج، ئەوەی لەم ڕستەیەدا دەبینرێت ئەوەیە (بەدەستی چەپی) کە ئارگومێنتە ئامرازەکەیە، بەکەمترین ڕادە کارلێکی لە ئارگومێنتی ئامانج کردووە کە (کوڵکەکە)یە. دەکرێت هەمان ڕستە بە شێوەی ڕستەی ژمارە (٢) دەربپڕدرێت:

٢- دەستی چەپی بە کوڵکەکە داهێنا.

---

* بڕوانە: (Arnold,2004 :p. 58-5).

* بڕوانە: (Levin, Beth. 1993).

لەباری شێوەی دووەم دا، ڕادەی کارلێککردنی ئارگومێنتە ئامرازەکە (دەستی چەپی) هێشتا کەمتر دەبێتەوە لەسەر ئارگومێنتە ئامانجەکە (کوڵکەکە).

**گروپی دووەم:** کە بەکردارەکانی کۆمەڵەی (لێدان) ناسراوە، ئەم کردارانەی خوارەوە دەگرێتەخۆ:

| ژ | کردار | ژ | کردار |
|---|---|---|---|
| ١ | لێدەدات | ٧ | بەرد دهەاوێت/بەرد تێدەگرێت |
| ٢ | مست لێدەدات | ٨ | تەقە لێدەکات |
| ٣ | خۆی پێدادەدات | ٩ | بەچەکوش لێدەدات |
| ٤ | شوت لێدەدات | ١٠ | بە قامچی لێدەدات |
| ٥ | لەدەرگا دەدات | ١١ | زللە لێدەدات |
| ٦ | بەردەکەوێت/خۆی لێدەدات | ١٢ | لە مێز دەدات |

خاڵێکی دیاری ئەم گروپە ئەوەیە، کە ئارگومێنتە ئامرازەکانی ئەو کردارانە بە ناو هەواوە تێپەڕ دەبن و کاریگەریان دێتە ئارگومێنتە ئامانجەکە. (Fillmore,1970,p.53) کردارەکانی گروپی دووەم کە بەسەر چەند لقێکدا دابەش دەبن: ئەمەش بە پێی لێکدانەوە و دابشکردنەکانی زمانەوانان(لۆڤ و گەیڵ) باسیانکردووە.

**<u>لقی یەکەم</u>:** کردارەکانی (لێدەدات، مست لێدەدات، شوت لێدەدات) دەگرێتەوە و ئەو کردارانە بەوە دەناسرێنەوە کە ئاماژە بە کردارێکی بەهێز و بە چالاکی دەکەن کە دەکرێت بەشێوەیەکی توند و دژوار جێبەجێ بکرێن. سیمایەکی تری کردارەکانی ئەو لقە ئەوەیە کە ئارگومێنتە ئامرازەکە بەبێ ئەوەی بتوانێت کونترۆڵی خۆی لەسەر چەقێک یان خاڵێک بکات بەرەوە ئارگومێنتی (ئامانجێک) دەجوڵێت. وەکو لە نموونەی ژمارە (٣)دا دیارە:

٣- بە دار لە پیاوەکەی دا.

لەڕستەی ژمارە (٣)دا کرداری (لێدەدات) ئەوە نیشاندەدات ئارگومێنتی(دارەکە) کە ئامرازە، بە شێوەیەکی توند و دژوار و بەرەو ئارگومێنتی (پیاوەکە) کە ئامانجەکە یە دەجوڵێت بەبێ ئەوەی کە هیچ خاڵێک دیاری بکات لەسەر ئارگومێنتە ئامانجەکە.

**<u>لقی دووەم</u>:** کردارەکانی (لە مێز دەدات، لە دەرگا دەدات، زللە لێدەدات) دەگرێتەوە و بەوە دەناسرێنەوە کە بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەوەدەگەیێنن کە ئارگومێنتی ئامراز کارلێک

لەگەڵ ئامانجێکی دیاریکراو دەکات، دەکرێت ئارگومێنتی ئامراز هەر دەرنەکەوتبێت. وەک لە نموونەی ژمارە (٤)دا خراوەتەڕوو:

٤- بە زللە لە پیاوێکی دا.

لەم ڕستەیە دا دەبینین کە تەنیا ئارگومێنتی ئامانج کە (پیاوەکە) یە دەرکەوتووە و ئارگومێنتی ئامراز دەر نەکەوتووە، بەلام بهەۆی تایبەتمەندی سیمانتیکی کردارەکەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئامرازەکە (دەستە). واتە؛ دەستەکە ئەو ئامرازەیە کە کردارەکەی جێبەجێکردووە و کاری لە ئامانجەکە کردووە.

<u>لقی سێیەم</u>: کردارەکانی (بە چەکوش لێدەدات، تەقە دەکات، بە قامچی لێدەدات)ە. بە شێوەیەکی ڕوونتر باس لە ئارگومێنتە ئامرازەکە دەکەن کە کردارەکەی پێ جێبەجێدەکرێت(Love,Jessica and Gail Mckoon, 2011, p.314-318). وەک لە نموونەی ژمارە (٥)دا ڕوونکراوەتەوە:

٥- بەچەکوش لەدەستی خۆی دا.

لەڕستەی ژمارە (٥)دا دەبینین، کردارەکە پێویستی بە ئامرازێکی تایبەت و دیاریکراوە، کە (چەکوشە) بۆ ڕاپەڕاندنی کردارەکەو کارلێککردنی لەگەڵ ئامانجەکە.

**گروپی سێیەم**: کردارەکانی (کوندەکات، چەقۆ لێدەدات، خەنجەر لێدەدات، هەڵدەکەنێت، پێوەدەدات، ڕم لێدەدات، دەبڕێت، گیا دەبڕێت، پارچە پارچە دەکات، ووردەکات، لەت دەکات، بە مشار دەبڕێت) دەگرێتەوە. کردارەکانی بەوە دەناسرێنەوە کە باسی (بڕین، تێچەقین، جیاکردنەوە) دەکەن، واتە؛ ئارگومێنتە ئامرازەکە کار لە ئارگومێنتە ئامانجەکە دەکات بە بڕین، کونکردن، لەتکردن یان بەشێوەیەکی گشتی لێکردنەوە. کردارەکانی ئەم گروپەش دەبنە دوو لقەوە:

<u>لقی یەکەم</u>: ئەو کردارانەی وەک (کوندەکات، دەبڕێت، لەت دەکات، هەڵدەکەنێت، پارچە پارچە دەکات) کە ئارگومێنتە ئامرازیەکەیان دیارینەکراوە، واتە؛ دیاریکردنی ئارگومێنتە ئامرازیەکە ئارەزوومەندانەیە لەڕستەکەدا (Goldberg, Adele E, 20102010)، وەک لە ڕستەی ژمارە (٦)دا ڕوون کراوەتەوە:

٦- زەویەکەی هەڵکەند.

لەم ڕستەیەدا ئارگومێنتی ئامراز دەرنەکەوتووە، دەکرێت ئەو ئامرازە هەر شتێک بێت بۆ بۆ کارلێککردن لەگەڵ ئارگومێنتی ئامانجی بەرکار هاتبێت کە زەویەکەیە. دەشکرێت کە ئارگومێنتە ئامرازیەکە دەربکەوێت وەک لەڕستەی ژمارە (٧)دا ڕوونکراوەتەوە:

٧- زەویەکەی بە خاکەناز هەڵکەند.

لـەم ڕسـتەیە دا ئـاڕگومێنتی ئـامراز کـە (خاکـەنـاز)ە، دیـاریکراوە، دەکرێـت ئـامرازەکـە جیاوازبێت، مـەرج نیـە هـەر تـەنیا خاکـەناز بێت. کـەواتـە؛ کردارەکـانی ئـەم لقـە ئامرازێک دیاری ناکەن بۆ ئەوەی کار لە ئامانجەکە بکات، بەڵکو دەکرێت ئامانجەکە لەلایـەن ئـامرازی جیاوازەوە کاری لێبکرێت. .

<u>لقی دووەم</u>: کردارەکانی وەک (بە مشار دەبڕێت، ڕم لێدەدات، چـەقۆ لێدەدات) دەگرێتـەوە. سـیمای جیاکـەرەوەی کـردارەکـانی ئـەم لقـە ئـەوەیـە کـە ئـەو ئاڕگومێنتـەی دەبێتـە ئـامراز دیاریکراوە، واتە؛ ناکرێت ئامرازەکە دەرنـەکـەوێت. چونکـە کـردارەکـە بـە ئـەو ئـامرازە جێ بەجێدەکرێت. ئەمەش لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کردارەکە و ئـامرازەکـە هـاوڕەگن، بە واتایەکی تر؛ خـودی کـردارەکـە لـە نـاوەکـەوە وەرگیـراوە) ( Rappaport, Malka and Levin, 1998, P.112). سەیری ڕستەی ژمارە (٨) بکە:

٨- بەچەقۆ لە پشتی دا.

لەم ڕستەیەدا دەبینین، هەبوونی ئامرازێکی دیاریکراو ناچاریە، بۆ ئـەوەی واتـای کـردارەکـە تـەواو بکـات، ئەگـەر ئـامرازەکـە لـە کـردارەکـە دابماڵـدرێت، ئـەوا واتایـەکـی تـر دەدات بەدەستەوە و لە (لەچەقۆ لێدەدات)ەوە دەبێتە (لێدەدات). واتە؛ کردارەکـە بهـەۆی ئـامرازێکی دیاریکراوەوە کار لـە ئامانجـەکـە دەکـات. ئـەمـەش لـەبـەر ئـەوەیـە کـە لـە بنچینـەدا کـرداری (چەقۆلێدەدات) لە ناوی (چەقۆ) وە وەرگیراوە. بەواتەیەکی تر؛ لە بنەڕەتدا کـردارەکـە خـۆی لە ناوی ئامرازەکەوە وەرگیراوە.

**گرووپـی چـوارەم**: کـردارەکـانی (دەسـڕێتەوە، دەماڵێت، دەخورێنێت، فلْچـە لێدەدات، ڕیـش دەتاشـێت، دهلێسـێتەوە) دەگرێتــەوە. ئــەو کردارانــە بــەوە دەناســرێنەوە کــە ئاڕگومێنتــە ئـامرازەکـەیان هـەڵدەسـتێت بـە کـارلێککردن لـە ئاڕگومێنتـە ئامانجـەکـەیان بـە شـێوەیـەکـی ڕووکەشی یان ڕووپۆشی. (Fiengo, 1980, P.37)، وەک لە ڕستەی ژمارە (٩)دا دیارە:

٩- پەڕۆکی بەسـەر مێزەکە دا هێنا.

ئـەوەی جـێ سـەرەنجـە ئـەوەیـە کـە زۆر بـەی کـردارەکـانی ئـەم گروپـە لـە ڕێگـەی پریپۆزشـنێکەوە ئـامرازەکـە کـار لـە ئامانجـەکـە دەکـات، وەکـو لـە ڕسـتیە ژمـارە (٩) دا، کـە تیایدا (پـەڕۆکـەکـە) بهـەۆی پریپۆزشـنی (بـەسـەر) ەوە، کـاری لـە مێزەکـە کـە ئامانجـەکـەیـە کردووە. یان دەکرێت ڕستەکە بەم شێویە بێت (بەپەڕۆک مێزەکەی سڕیەوە).

**گرووپـی پێنجـەم**: کـردارەکـانی (دەپێچێتـەوە، دادەپۆشـێت، لـەبـەردەکـات، بۆیـە دەکـات، دەوریدەدات، چوارچێوەی بـۆ دادەنێت، ڕووپۆشـی دەکـات) دەگرێتـەوە. کـردارەکـانی ئـەم گروپە ئەوە دەردەخەن کە ئاڕگومێنتی ئـامراز دەچێتـە لای ئـاڕگومێنتی ئامـانج، یـان ئـامراز

لە ئامانج نزیک دەبێتەوەو دەچێتە پاڵی (Jones and others, 1994, p.25)،وەکو لە نموونەی ژمارە (١٠)دا ڕوونتر دیارە:

١٠- نازێ کاغەزەکەی لە سندوقە ئالاند.

یان ١١- سندوقەکەی بە کاغەزەکە پێچاوە.

لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت کە ئارگومێنتی ئامراز (کاغەزەکە) دەچێتە پاڵ ئارگومێنتی ئامانج (کە سندوقەکەیە) کەیە.

**گرووپی شەشەم**: کردارەکانی (قاچ/ دەست ڕادەکێشێت، درێژدەبێتەوە، دەپەستێت، دەچەمێنێتەوە/ دەنوشتێنێتەوە، لوول دەدات، بادەدات، دەسوڕێنێت، دەگوشێت، دەهەڵمێنێت، ڕەق دەکات، دەتوێنێتەوە، شل دەبێتەوە، دەبەستێت، دەسوتێت، گەرم دەبێت، سارد دەبێت، هەڵدەکڕوزێت) دەگرێتەوە. خاڵی جیاکەرەوەی کردارەکانی ئەم گرووپە ئەوەیە، ئارگومێنتی ئەنجامدەر، ئارگومێنتی ئامراز بەکاردێنێت بۆ گۆڕینی باری یان شێوەی ئارگومێنتی ئامانج(Steven. 2007،Pinker ).

هەرچی ئارتسە، بەجۆرێکی تر دەڕوانێتە ئەم کردارانەی گرووپی شەشەم و دەیان کات بەچەند بەشێکەوە دەڵێت: دەکرێت کردارەکانی ئەم گرووپەش لە نێو خۆیان بکرێن بە چەند بەشێکەوە:

بەشی یەکەم: ئەو کردارانەی کە ئاماژە بە گۆڕانی یەک ڕەهەندی/ یەک دووری دەکەن، وەک کردارەکانی (درێژدەبێتەوە، قاچ/دەست ڕادەکێشێت، دەپەستێت).

بەشی دووەم: ئەو کردارانەی کە ئاماژە بە گۆڕانی دوو ڕەهەندی/دوو دووری دەکەن، وەکو کردارەکانی (دەچەمێنێتەوە، لوول دەدات، دەنوشتێنێتەوە).

**بەشی سێیەم:** ئەو کردارانەش کە ئاماژە بە گۆڕانێک دەکەن، زیاترە لە دوو ڕەهەند/ دوو دووری، وەکو کردارەکانی (دەسوڕێنێت، دەگوشێت). لە ڕووی سینتاکسیەوەش زۆربەی کردارەکانی ئەم گرووپە تێپەڕن، بەلام دەکرێت چەند دانەیەکی کەم لەو کردارانە لە باری تێنەپەڕیشدا دەربکەوێت (Aarts,B. 1995, p.81-89) ، بڕوانە ڕستەی ژمارە (١١):

١١-خانووەكە سووتا.
دەكرێت هەمان كرداری (دەسووتێت) كە لەڕستەی ژمارە (١١) بە شێوەی كردارێكی تێنەپەڕ دەركەوتووە، لەڕستەیەكی وەک ئەوەی ژمارە (١٢) بە شێوەی تێپەڕیش دەربكەوێت، بڕوانە ڕستەی ژمارە (١٢):
١٢- بە مەقاشەكە دەستی سوتاند.

**گرووپی حەوتەم**: كردارەكانی (بنیات دەنێت، دەچنێت، دەبەستێت، دروستدەكات، دەروێت، پێكدەهێنێت، تێک وەردەدات، تێكهەڵدەكات، دەشێلێت، سووردەكاتەوە، لێدەنێت) دەگرێتەوە. كردارەكانی ئەم كۆمەڵەیەش تایبەتمەندییەكەیان ئەوەیە، كە ئاماژە بە بەرهەم هێنان و دروستكردن و لێنانی شتێک دەكەن. ئەم كردارانە ئەوە دەردەخەن كە ئارگومێنتی ئەنجامدەر، ئارگومێنتی ئامراز بەكاردێنێت بۆ ئەوەی شتێک دروست بكات، كە پێ دەگوترێت ئارگومێنتی بەرهەم (ئامانج) (Hans C. Boas. 2011, p.213-217)، وەک لەم نموونانەی خوارەوە ڕوونكراونەتەوە:

١٣- وەستاكە دیوارەكەی بە خشتەكان بنیاتنا.
١٤- وەستاكە خشتەكانی خستە بنیاتنانی دیوارەكەوە.
لە ڕووی سینتاكسیەوەش، لەڕستەی ژمارە (١٣)دا، بەركاركە ئارگومێنتی بەرهەمە (دیوارەكە) لە دوای ئارگومێنتی ئەنجامدەر هاتووە، ئینجا ئارگومێنتی ئامراز (خشتەكە) هاتووە. لە كاتێكدا لە ڕستەی ژمارە (١٤)دا ئارگومێنتی ئامراز (خشتەكان) لە دوای ئارگومێنتی ئەنجامدەر هاتووە، ئینجا ئارگومێنتی بەرهەم هاتووە كە (دیوارەكە)یە. هەربۆیە ئەو جیاوازیە لە ڕیزبوونی سینتاكسی هەردوو ڕستەكە بۆتە هۆی دروستبوونی جیاوازی سیمانتیكیش، ڕستەی ژمارە (١٣)دا جەخت لەسەر دیوارەكە دەكاتەوە، دەكرێت ڕستەكە واتای ئەوەش بدات خشتەی پێویست كڕابوون بۆ بنیات نانی دیوارەكە. لەڕستەی ژمارە (١٤)دا جەختكردنەوە لەسەر خشتەكانە، نەک دیوارەكە، واتای ئەوە دەگەیێنێت كە خشتەكان بۆ كارێكی تر كڕابوون و لەوێ مابوونەوە، وەستاكەش بیریكردەوە چی لەو خشتانە بكات، خستینیە بنیات نانی دیوارەكەوە.
(هەندێک كرداری تری وەک (چاكدەكاتەوە، وێنە دەكێشێت، دەنووسێت، واژۆدەكات) دەكرێت وەک لقێكی بچووک بدرێنە پاڵ كردارەكانی گرووپی حەوتەم كە دەتوانن لەپێكهاتەی ڕستەی ژمارە (١٣) دەربكەون) (Frense,and Bennett, 1996,p.305). وەكو لەڕستەی ژمارە (١٥) دیارە:

١٥-وەستاکە ڕایۆیەکەی بە تێپەکە چاککردەوە.
گروپی هەشتەم: کردارەکانی (دەشکێنێت، ووردەبێت، دهەاڕێت، وێران دەکات، خاپووردەکات، تێکدەشکێنێت، دەڕووخێت، دەدڕێت، کەرت دەبێت، درزی تێدەکەوێت، پێکدەکەوێت، دەتەقێت) دەگرێتەوە. ئەو کردارانە ئارگومێنتی ئەنجامدەر و ئارگومێنتی کارتێکراو دەگرنەخۆ لە ڕستەدا، واتە؛ ئەنجامدەرەکە دەبێە هۆی ئەوەی کە کارتیکراوەکە یەکێتیە فیزیکیەکەی خۆی لەدەست بدات. کردارەکانی ئەم گروپەوە لە کردارەکانی گروپەکانی تر جیادەکرێنەوە، بەتایبەتی لەکردارەکانی گروپی دووەم کە (لێدەدات)ە، بەوەی کە کردارەکانی گروپی هەشتەم دوای ئەوەی ئارگومێنتە ئەنجامدەرەکە کاری لە ئارگومێنتە بەرکارەکە(کارتێکراوەکە) کرد، ئەوا ئەنجام و کاریگەری ئەو کارتێکردنە بەسەر کارتێکراوەکەدا جێدەمێنێت. لە ڕووی سیماتیکیشەوە کردارەکانی ئەم گروپە جەخت لەسەر ئارگومێنتە کارتێکراوەکە دەکەنەوە (Croft,1994,p.37). وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:
١٥-کوڕەکە گوڵدانەکەی بەدارەکە شکاند.
لەم ڕستەیەدا (کوڕەکە) ئارگومێنتی ئەنجامدەرە، (گوڵدانەکە) ئارگومێنتی کارتێکراوە/ئامانجە، (بەدارەکە) ئارگومێنتی ئامرازە.
دەکرێت ڕستەکە تەنیا ئارگومێنتەکانی ئامرازو ئامانجی هەبێت، وەک لە ڕستەی ژمارە (١٦)دا ڕوونکراوەتەوە:

١٦- دارەکەی کوڕەکە گوڵدانەکەی شکاند.
لەڕستەی ژمارە (١٦)دا، (دارەکەی کوڕەکە) ئارگومێنتی ئامرازە و (گوڵدانەکەش) ئارگومێنتی ئامانجە. لەباری هەردوو ڕستەی ژمارە( ١٥و ١٦ ) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوە ئارگومێنتە ئامانجەکەیە دەبێتە کارتێکراو(Fillmore, C.J., 1968, p.33-34).
لایەنێکی تری کردارەکانی گروپی هەشتەم، ئەوەیە، کەلەڕووی سینتاکسیەوە کرداری تێپەڕن، بەلام دەکرێت کردارێکی وەک (دەشکێنێت)، وەک کردارێکی تێنەپەڕ دەربکەوێت، لەڕستەی ژمارە (١٧)دا ڕوونکراوەتەوە:

١٧- گوڵدانەکە شکا.

لەم ڕستەیەدا کرداری (شکا)، وەک کردارێکی تێنەپەڕ دەرکەوتووە. لێرەوە دەردەکەوێت، کاتێک گونجاوە کرداری (دەشکێت) بە شێوەی تێنەپەڕ دەربکەوێت، کە واتای ئەوە بدات، شتێک لە خۆیەوە ڕوودەدات. هەروەها دەکرێت بەشێوەیەکی تریش ئەو کردارە بە تێنەپەڕی دەربکەوێت، ئەویش کاتێک کە دەکەوێتە دوای کرداری (لێدانەوە) لە ڕستەیەکدا، ئەمەش واتا شکانەکە، کە وەسفی کاریگەری و ڕووداوی کرداری لێدانەکەوە بووە، وەک لەڕستیە ژمارە (١٨)دا ڕوونکراوەتەوە:

١٨- کوڕەکە بەدارەکە لە گوڵدانەکەی دا و گوڵدانەکە شکا.

لە گروپی هەشتەم دا کردارەکانی (دەدڕێت، کەرت دەبێت، درزی تێدەکەوێت، پێک دەکەوێت، دەتەقێت) وەک کرداری (دەشکێنێت) لەباری تێپەڕو تێنەپەڕی دا دەربکەون. لە کاتێکدا کردارەکانی (ووردەبێت، دهەاڕێت، وێران دەکات، خاپووردەکات، تێکدەشکێنێت، دەڕووخێت) پێویستیان بە هێزی ئەنجامدەر هەیە و ڕۆڵی کارتێکراو (بەرکار) وەردەگرێن، بۆ یە لە باری تێنەپەڕی دەرناکەون و هەمیشە تێپەڕن مەگەربە دەگمەن نەبێت.

کردارەکانی گروپی (دەشکێنێت) لە بنەڕەتدا تێپەڕن، بەلام وەک لە سەرەوە باسمان کرد دەکرێت بە شێوەیەکی دیاریکراو لە باری تێنەپەڕیش دا دەربکەون. لەهەمان کاتدا کرداری (دەتەقێنێت) لە بنەڕەتدا کردارێکی تێنەپەڕە، وەکو لە ڕستەی ژمارە (١٩)دا ڕونکراوەتەوە:

١٩- دەدەبەکە تەقی.

کەچی هەمان کردار لەڕستەیەکی وەکو ئەوەی ژمارە (٢٠) دەکرێت لەباری تێپەڕیشدا دەربکەوێت، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە کردارەکە واتای بوونهەۆی بدات.

٢٠- منداڵەکە بووە هۆی تەقانی دەبدەبەکە.

زۆربەی هەر زۆری کردارەکانی (کالێککردن) لە ڕووی سینتاکسیەوە کرداری تێپەڕن، بەلام دەکرێت هەندێکیان لە ژینگەی تایبەت دا لەباری تێنەپەڕیش دەربکەون وەکو ژمارەیەک لە کردارەکانی گروپی شەشەم (دەسوتێت)و ژمارەیەکیش لە گروپی هەشتەم (دەشکێنێت). کاتێک ئەو کردارانەی لە باری تێنەپەڕی دەردەکەون واتایەکی دیاریکراو دەدەن، کە زۆربەی کات جیاوازە لە واتا ئاساییەکەی خۆیان. بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی تایبەتمەندی و پۆلێنکردنی کردارەکانی کارلێکردن بدەین، دەتوانین لەم خشتەیە گرنگترین تایبەتمەندی کرداری سەرجەم گروپەکان بخەینەڕوو:

| نموونەی کردار | دەست پێدادێنێت | لێدەدات | لە دەرگا دەدات | بە چەکوش لێدەدات | لەت دەکات | بەچەقۆ دەبڕێت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆی ئارگومێنتی ئامراز | دیاری نەکراو | دیاری نەکراو | دیاری نەکراو | دیاری کراو | دیاری نەکراو | دیاری کراو |
| ئارگومێنتی ئامراز | ئارەزوومەندانە | ئارەزوومەندانە | ئارەزوومەندانە | ئارەزوومەندانە | ئارەزوومەندانە | ئارەزوومەندانە |
| جۆری ئارگومێنتی ئامانج | دیاری نەکراو | دیاری نەکراو | دیاری کراو | دیاری نەکراو | دیاری نەکراو | دیاری نەکراو |
| ئارگومێنتی ئامانج | ناچاری | ناچاری | ناچاری | ناچاری | ناچاری | ناچاری |
| ئارگومێنتی ئەنجامدەر | ناچاری | ناچاری | ناچاری | ناچاری | ناچاری | ناچاری |
| زۆرترین/کەمترین ژمارەی ئارگومێنت | سێ / دوو | سێ /دوو | سێ/دوو | سێ/دوو | سێ/دوو | سێ/دوو |
| تێپەڕیەتی | تێپەڕ | تێپەڕ | تێپەڕ | تێپەڕ | تێپەڕ | تێپەڕ |
| گروپی کردار | گروپی یەکەم | گروپی دووەم/ لقی یەکەم | گروپی دووەم/ لقی دووەم | گروپی دووەم/ لقی سێیەم | گروپی سێیەم/ لقی یەکەم | گروپی سێیەم/ لقی دووەم |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دەسڕێتەوە | دەپێچێتەوە | دەگوشێت | لێدەنێت | دهەاڕێت | دەشکێنێت |
| دیاری نەکراو | دیاری نەکراو | دیاری نەکراو | دیاری کراو | دیاری نەکراو | دیاری نەکراو |
| ناچاری | ناچاری | ئارەزوومەندانە | ناچاری | ئارەزوومەندانە | ئارەزوومەندانە |
| دیاری نەکراو | دیاری نەکراو | دیاری نەکراو | دیاری نەکراو | دیاری نەکراو | دیاری نەکراو |
| ناچاری | ناچاری | ناچاری | ناچاری | ناچاری | ناچاری |
| ناچاری | ناچاری | ناچاری | ناچاری | ناچاری | ئارەزوومەندانە |
| سێ/دوو | سێ/سێ | سێ/دوو | سێ/دوو | سێ/دوو | دوو/یەک |
| تێپەڕ | تێپەڕ | تێپەڕ | تێپەڕ | تێپەڕ | تێنەپەڕ |
| گروپی چوارەم | گروپی پێنجەم | گروپی شەشەم | گروپی حەوتەم | گروپی هەشتەم/ لقی یەکەم | گروپی هەشتەم/ لقی دووەم |

لەسەرجەم کۆمەڵەکاندا سەرنجی ئەوە دەدرێت کە ئەو کردارانەی ئارگومێنتی ئامرازیان دیاری کراوە، ئەوا ئارگومێنتە ئامرازیەکە بهەۆی پرپیۆزشنێکەوە بەستراوەتەوە بەکردارەکەو خودی ئارگومێنتە ئامرازەکەش لە شێوەی فرێزێکی پێشناوی دایە*.

* بڕوانە: Croft.w., 1994, p.29-75 .

## ٤-٥ کردارەکانی کەش و هەوا:

ژمارەیەک لە کردارانەی باسی کەش و هەوا دەکەن بە دەناسرێنەوە کە لەڕووی سیمانتیکیەوە هیچ ڕۆڵێک وەرناگرن، لەڕووی سینتاکسیشەوە بەوە ناسراون کە بکەری ناکە سێتی و بابەتیانە وەردەگرن. وەرگرتنی ئەو بکەرە ناکەسێتیەش ناچاریە بۆ ئەوەی لەڕووی سینتاکسیەوە شێوەی کلۆزی تەواو بکەن. ژمارەی کردارەکانی کەش و هەوا زۆر سنووردارە و ئەمانەی خوارەوە بەرچاوترینیان(Ruwet, Nicolas, 1968, p.195):

| ژ | کردار |
|---|---|
| ١ | باران دەبارێت |
| ٢ | بەفر دەبارێت |
| ٣ | بروسک لێدان |
| ٤ | هەورە گرمە هاتن |
| ٥ | نمە باران دەبارێت |
| ٦ | ترزە دەبارێت |
| ٧ | بای دێت/با دێت |
| ٨ | ڕێژنە دەکات، لێزمە دەکات، بەخوڕدەبارێت |

سیفەتێکی تری ئەو کردارانەی کە باسی کەش و هەوا دەکەن ئەوەیە، کە ئەو کردارانە بۆ ناوێک بەکاردێن، کە دەکرێت ناوەکە خۆشی بەشێک بێت لە وشەکە، بۆ نموونە ناوی (**باران**) کرداری (**باران** دەبارێت)ی بۆ بەکاردێت. کرداری (باران دەبارێت) ئەو ناوەی تێدایە کە کردارەکەی بۆ بەکاردێت. بەواتایەکی ئەو ناوەی کردارەکەی بۆ بەکاردێت لەگەڵ خودی کردارەکە لەیەک ڕەگن و هاونەژادن. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە لە هەندێک زماندا، وەک زمانی کوردی کاتێک دەمانەوێت ناوەکە و کردارەکەی بەیەکەوە بەکار بێنین، ئەوا لە خودی ناوەکە و کردارەکە کە هەمان ناوی تێدایە، یەکێکیان دیار نامێنێت. واتە؛ لە خودی ناوەکە و لە ناوی ناو کردارەکە یەکێکیان دەمێنێتەوە. بەم شێوە (باران باران دەبارێت) هەڵەیە و بوونی نیە، بەڵکو لە هەردوو بارانەکە یەکێکیان دمێنێتەوە بەم شێوەیە (باران دەبارێت). لێرە دا ئەگەر بەشێوەی کلۆز لێکبدرێتەوە، ئەوا (باران) ناوەکەیە و بکەرێکی ناکەسێتیە، (دەبارێت) یش کرداری کلۆزەکەیە. ئەو بکەرە (باران) لێرەدا هیچ ڕۆڵێکی سیمانتیکی وەرناگرێت و لە ڕووی واتایەوە لە نێو زمانە جیهانیەکان

به بکەرێکی بەتاڵ هەژماردەکرێت. لە ڕووی سینتاکسـەوەش کرداردرەکانی کەش و هـەوا بەکرداری تێنەپەڕ دادەنرێن، واتا بەرکاریان نیە، هـەربۆیـە نـەبوونی بـەرکار وایکردووە لـە ڕووی سـیمانتیکەوەش کـردارەکـە هـیچ ئـارگومێنتێکی نـەبێت، هـەربۆیـە نـەبـونی بکـەر و بەرکار بۆتە هۆی ئەوەی، کە بەشێوەیەکی گشتی کردارەکانی کەش و هەوا هیچ ڕۆڵێکیان وەرنـاگرن لـە شـێوەی (ئـەنجامـدەر، وەرگر، بابـەت). دەکرێت هـەندێکجار بـە کردارەکانی کەش هەوا بگوترێت (کرداره نا کەسێتیەکان یـان کـرداره بابـەتیـەکـان)، لـەبـەرئـەوەی  هیچ کەسێک هەڵناستێت بە ئەنجامدانیان.

سەرەڕای ئەوەش لە زمانێکی وەکو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی، کردارەکانی کـەش و هـەوا بکـەرێـک وەردەگـرن کـە ئـەو بکـەره هـیچ ڕۆڵێکـی سـیمانتیکی وەرناگرێـت و پێـی دەگوترێـت بکـەری (expletive) واتـە؛ بکـەری پڕکـەرەوەی سینتاکسـی بـێ واتـا، بـەلام لـە زمانی کوردیدا لەگەڵ زۆربەی کردارەکانی کەش و هەوا نـاوی شـتەکە هـەیە کە دەبارێت یان بهەوۆی کرداره کەش و هەوایەکە ئاماژەی پێدەکرێت. کـەواتـە؛ دەکرێت بڵێن لـە زمـانی کـوردی کاتێـک دەڵێـین (بـاران دەبارێـت، تـەرزە دەبارێـت، بـەفـر دەبارێـت) هـەرسـێکیان کـردارەکـەیان هاوڕەگە کـە (دەبارێت) ە، بـەلام نـاوەکـانی (بـاران و تـەرزە و بـەفر) وەکو نیهادێـک لەگـەڵ کـردارەکـە دەردەکـەون بـۆ ئـەوەی لـەڕووی واتاییـەوە ئامـاژە بـە جـۆری بارینەکە بکەن(Bleotu, Adina Camelia, 2012, p.59-81)، هەربۆیـە دەکرێت نـاوەکانی (باران و تەرزە و بـەفر) وەکـو ڕۆڵـی بـاس/بابـەت وەر بگـرن. بـەڵگەیـەکی تـر بـۆ پاڵپشـتی کردنی ئـەوەی کـە ئـەم ناوانـە ڕۆڵـی بـاس وەردەگرێت ئـەوەیە کـە دەکرێت ئـەم ناوانـە لـە شـوێنی بـەرکـار دەربکـەون، ئـەو ناوانـە دەبنـە ئـارگومێنتی نـاوەوەی کـردارەکـە کـە ئـەو ئارگومێنتـە ناتوانێـت وەکـو ئارگومنتێـک لـە ئاسـتی دەرەوەی کـردارەکـە دەربکـەوێـت. هەبوونی ئارگومێنتی ناوەوەش لـەلایـەن کردارەکـانی کـەش و هـەواوە لـەلایـەن دوپلێس و ڤیزەرەوەپشتڕاسـت کـراوەتـەوەو بـە سـیمایەکی جیاکـەرەوەی کرداره کارلێنـەکـراوەکانی وەکو کردارەکانی کەش و هەوا دانراوە.

هـەروەها کـردارەکـانی کـەش و هـەوا بـە جیـادەکرێنـەوە کـە دەکـەونـە بـەر گروپێکـی تایبەتی کرداره تێنەپەڕەکان، کـە پێیـان دەگوترێت (unaccusative) (کارلێنەکراو). کرداره کارلێنـەکـراوەکـانیش چـەند سـیفەتێکیـان هـەیـە: یـەکـەم: کـرداره کارلێنـەکـراوەکانی وەکـو کردارەکانی کەش و هەوا ئارگومێنتێکی ناوەوە هـەڵدەبژێرن جـا ئـەو ئارگومێنتـەی نـاوەوە دەکرێت بە شێوەی باس بێت یـان کـارتێکراو بێـت، بـۆ نموونـە کـە دەڵێین بـاران دەبارێت، لێرەدا بارانـەکـە ئـارگومێنتی نـاوەوەی کرداری بارینـەکـەیـە، لـەڕووی سیمانتیکیشـەوە ئـەو

ئارگومێنته باسه. دووەم: کرداره کارلێنەکراوەکانی وەکو کردارەکانی کەش و هەوا هیچ ڕۆڵێکی دەرەکی وەرناگرن. سێیەم: کرداره کالێنەکراوەکانی وەکو کردارەکانی کەش و هەوا دەتوانن لەگەڵ کلۆزی مەبەستداریەتی دا دەربکەون*، وەکو لەڕستەی :

١- بارانەکە تەنیا بۆ بێزارکردنی ئێمە دەبارێت.

لەم ڕستەیەدا (بۆ بێزارکردنی ئێمە) وەک مەبەستی کردار (باران بارینەکە) بەکارهاتووە. دەکرێت ئەو کردارانەی کە باسی کەش و هەوا دەکەن، یەک ئارگومێنتیان هەبێت، ئەویش لەوانەیە بەرکاربێت وەک لە زمانی ئیسپانیدا (Hale, keyser, 2002, p.38)، یان لەوانەیە ئەو ئارگومێنتە بکەر بێت وەکو لە زمانی کوردیدا. بۆ نموونە کاتێک دهڵێین (باران دەبارێت) خوی لە بنەڕەتدا ڕستەکە بەم شێوەیە بووە (باران باران دەبارێت) بەلام لەبەرئەوەی ئەو ناوەی کە وەکو بەشێک لە کردارەکە دەردەکەوێت، کەمەبەستیان وشەی (باران)ی دووەمە، دیار نامێنێت و لەڕووی سینتاکسیەوە ناتوانێت دەربکەوێت، هەربۆیە وشەی (باران)ی یەکەم دەمێنێتەوە کە ئەویش بکەری کلۆزەکەیە. کەوتە؛ (باران دەبارێت) پێکهاتە سینتاکسیەکەی بەم شێویە (ناو +کردار).

هەندێکجار دەکرێت یەکێک لە کرارەکانی کەش هەوا بە شێوەی تێپەڕ دەربکەوێت، ئەو بەشداریکەری کەوەکو بکەر دەردەکەوێت، زیاتر وەکو هێزی بەر پرس لە ڕووداوەکە یان کردارەکە دەبینرێت، واتە؛ ئەو بەشداریەی کە لەڕووی سینتاکسەوە وەکو بکەردەدرەکەوێت، زیاتر لەڕووی سیمانتیکیەوە وەکو ئەنجامدەری کردارەکە دەردەکەوێت. وە ئەو بەشداربووەی کە لەڕووی سینتاکسیەوەش وەکو بەرکار دەردەکەوێت، لەڕووی سیمانتیکیەوە وەک کارتێکراو دەبینرێت. بۆ نموونە سەیری ڕستەی ژمارە (٢) بکە:

٢- زریانە بەفرینەکە ڕێگاکەی داخست.

هەرچەندە لەم رستەیە دا(زریانە بەفرینەکە) لە شوێنی بکەر دەردەکەوێت و بەرپرسە لەڕووداني ڕووداوەکە. لەکاتێکدا (ڕێگاکە) وەکو بەرکار دەبینرێت و لەڕووی واتاییەوەش کارتێکراوە. لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو بارە تێپەڕیەی (ڕێگا داخستن) لەلایەن زریانی بەفرینەوە جیاوازە لە کردارێکی تێپەڕی وەکو (دەشکێنێت) کە زۆربەڕوونی دیارە، کە بکەر و بەرکار وەردەگرێت لەڕووی سینتاکسیەوە، واتای ئەنجامدەر-کارتێکراو لە ڕووی

* بڕوانە: Visser. M.W. 1992 & .Du Plessis, J.A

سیمانتیکیەوە وەردەگریت. لێرەوەش ئەوەدەردەکەویت کە ئەو کردارانەی کە باسی کەش و هەوا دەکەن کرداری سەربەخۆ و خالێن لە ئەنجامدەر و کارتێکراو و ڕووداوەکەش بەشێوەیەکی تەواوی نیشاندەدەن(Bauer, Brifitte, 2002, p.100).

لایەنێکی تری کردارەکانی کەش و هەوای زمانی کوردی ئەوەیە، کە چۆن کردارەکانی کەش و هەوای زمانی ئیتالی دەکریت کردارەکە بەم شێوەیە دەربکەویت (ئاوەڵناو + کرداری ناتەواو)، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

- ساردە.
- ساردبوو.
- سارد دەبێت.

لە هەر سێ باردا، دەبینین کە کردارە ناتەواوەکانی (ە، بوو، دەبێت) ئاوەڵناویان لە پێش هاتووە، ئینجا ئاوەڵناوەکە لەگەڵ کردارە ناتەواوکە کلۆزێکی کرداریان دروست کردووە کە باسی کەش و هەوا دەکات. یان بەواتایەکی تر؛ کردارەکانی (ە، بوو، دەبێت) بەکرداری لێکدەری پێناسەکراون، شێوەی گوزارە وەردەگرن، واتە؛ لە شتێک دەدوێن کە بکەریانە یان لە شێوەی بکەریانە، هەربۆیە لەم ڕستانەدا ئاوەڵناوەکە وەکو بکەری کردارە گوزارەیەکانی (ە، بوو، دەبێت) دەردەکەویت، ئەگەر لەڕووی واتاییەوەش ئەوەڵناوەکە بکەر نەبێت، بەلام کردارە لێکدەرەکە وەکو بکەری خۆی لەو ئاوەڵناوە دەدوێت. ئاوەڵناوەکە و کردارە لێکدەرەکە، بەیەکەوە بارێکی کەش و هەوای دەردەبڕن*.

## ٤-٦ هەندێ کرداری تر:

ژمارەیەک کردار سەرەکی کە ناکەونە بەر هیچ کام لەم و کۆمەڵە کردارانەی وەکو: (جوڵەو مانەوە، کارلێککردن، دان، جوڵەی جەستەیی و کەش و هەوا) لەبەرئەوەی هیچ سیفەتێکی جیاکەرەوەی سینتاکسی و سیمانتیکی زۆر گرنگیان نییە، ئەو سیفەتانەی کە هەشیانە ناکەونە ناو چوارچێوەی کردارەکانی ئەم کۆمەلانەی کە باسمان کرد. هەربۆیە چەند دانەیەک لەو کردارانە بەیەکەوە دادەنێین و باسی دیارترین سیفەتە سیمانتیکی و سینتاکسیەکانیان دەکەین. سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین ئەوکردارانەی کە لێرەدا باسیان دەکەین تەنیا ڕێگە بەناوی کۆنکریتی دەدەن، کە لە پەیوەندیە سینتاکسیەکانیاندا لەگەڵیان هەڵ بکەن.

* بڕوانە: LaPolla, Randy 1997 & van Valin, Robert

**لقی یەکەم**: کردارەکانی پێشبڕکێکردن، ئەو کردارانەن کە ئاماژە بە ئەنجامدەرەکەیان دەکەن، کە مرۆڤە و هەوڵی بەدەستهێنانی بەرزیەک یان زاڵبوون دەدات بەسەر کەسێک یان کەسانی تر، جا لە یاریکردن بێت یان لە گۆڕەپانی جەنگ دابێت. ئەو کردارانەش بە شێوەیەکی گشتی کرداری تێپەڕن و ڕۆڵەکانیشی بەکەسی ئەنجامدەر، کە (پێشبڕکێکارەکەیە) و لەگەڵ کەسەکەی تر کە (پێشبڕکێکارەکە)ی ترە و لەڕووی سینتاکسیەوەش دەبێتە بەرکاری کردارەکە. سەیری نموونەی ژمارە (١) بکە:

١- ئارام لە پێشبڕکێکە لە نەمامی بردەوە.

لەگەڵ کردارەکانی (یاریدەکات، بەرهەڵستی دەکات) دەکرێت ئەو بەشەی، کە ڕۆڵی بەرکار دەبینێت ناوێکی چالاکی بێت(Olsson,Y, 1961)، وەک لە ڕستەی ژمارە (٢)دا داڕوون کراوەتەوە:

٢- ئەفسەرەکان بەرهەڵستی هێرشەکەی دوژمنەکەیان کرد.

لە هەردوو کرداری (دەباتەوە، دەدۆڕێنێت) دەکرێت ناوە بکەرە بە پریپۆزشنی (بە)بناسرێنەوە، وەیان ناوە بەرکارەکە بە پریپۆزشنی (لە) نیشان بدرێت، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣- ئەرجەنتین یاریەکەی بە ئینگەڵتەرا دۆڕاند.

٤-نما مەدالیاکەی لە نەوین بردەوە.

لەم رستەی دووەمدا دەبینین، کە لەگەڵ کرداری (دەدۆڕێنێت) بکەرەکە بە شێوەی فرێزێکی پێشناوی دەرکەوتووە، بە یارمەتی پریپۆزشنی (بە)ە وەیە. لە کاتێکدا لەڕستەی سێیەمدا، دەبینین کە لەگەڵ کرداری (دەباتەوە) ئەوا بەرکارەکەیە کە بە شێوەی فرێزێکی پێشناوی دەرکەتووە و بەیارمەتی پریپۆزشنی (لە)وە دەناسرێتەوە.

هەندێکجار دەگوترێت، کە هەردووکرداری (دەباتەوە، دەدۆڕێنێت) کە دەکەونە بەر پۆلی جیاوازەوە لە پۆلێنکردندا، کرداری (دەباتەوە) بەکارێک دادەنرێت کە لەباری کارتێکراو دەردەکەوێت، بەلام کرداری (دەدۆڕێنێت) لە باری کارتێنەکراو دەردەکەوێت ( Hale, Ken and Jay Keyser, 1986, p.38).

لەگەڵ کردارەکانی (هێرش دەکات، خۆبەدەستەوە دەدات، پاسەوانی دەکات) ئەو فرێزە ناویەی کە دەبێتە بەرکاری کردارەکە، ئاماژە بە شوێنێک یان خەڵک دەکات، بەلام لەگەڵ کرداری (بەرگری لێدەکات) ئەو فرێزە ناویەی کە دەبێتە بەرکاری، دەبێت ئاماژە بە شوێنێک یان شتێک بکات، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٥-ئەوان هێرشیان کردە سەر شارەکە/سوپایەکە.

٦- ئەوان شارەکەیان/بارمتەکانیان بەدەستەوەدا.

لە هەردوو ڕستەکە دا دەبینین ئەو فرێزە ناویەی کە بۆ تە بەرکار (شارەکە/سوپایەکە) (شارەکە/بارمتەکان) ئاماژە بە شوێنێک یان خەڵک دەکەن، لەکاتێکدا لەڕستەی ژمارە(٦)دا ئەو فرێزە پێش ناوییەی، کە دەبێتە بەرکار ئاماژە بە شوێنێک (شارەکە) یان شتێک (کۆمپانیایەکە) دەکات.

٧- بەرگریان لەشارەکە/کۆمپانیایەکە کرد.

دەگونجێت کردارێکی وەک (پێشبڕکێ دەکات) بە شێوەی کردارێکی هۆیی یان هۆدەربڕی لە ڕستە بێت،[**] وەک لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٨- کوڕەکە پێشبڕکێی بە کیسەڵەکە کرد لەبەرانبەر کەروێشکە کێویەکە.

لەم ڕستەیەدا ئەوە دەردەکەوێت کە کرداری (پێشبڕکێ دەکات) بە شێوەیەکی هۆدەر بڕی بەکار بێت. لەبەر ئەوەی کوڕەکە بۆتە هۆی پێشبڕکێ کردنەکە.

**<u>لقی دووەم</u>**: ئەو کردارانەی کە باسی (کارکردن) دەکەن. ئەو کردارانە ئاماژە بەو ڕێگاو شێوازانە دەدەن کە بەهۆیانەوە هەندێک لەکۆمەڵگا مرۆڤیەکانی پێ ڕێکخراوە. زۆربەی هەرە زۆری ئەو کردارانەش کرداری تێپەڕن و پێویستیان بە مرۆڤێک هەیە، لەپەیوەندیە سینتاکسیەکانیاندا. هەندێکیش لەوکردارانە بەرکارەکەیان فرێزێکی ناویە، کە ئاماژە بە تاکە کەسێک یان کۆمەڵ کەسێک دەکات. نموونەی هەندێک لەو کردارانەش ئەمانەن (دادەمەزرێنێت، دەردەکات، پلە بەرزدەکاتەوە، هەڵدەبژێرێت، تۆمەتباردەکات، سزادەدات) .(Svartvik, 1966, p.28)

**<u>لقی سێیەم</u>**: کردارەکانی( بەکارهێنان): کردارەکانی (بەکارهێنان) هەرهەموویان کرداری تێپەڕن، ئەو بەرکارەشی کە وەری دەگرن لە شێوەی فرێزێکی ناوی دایە و زۆربەی جاریش واتای خودی کردارەکە لەسەر بەرکارەکەی بەندە. ژمارەی ئەو فرێزە ناویانەی کە دەبنە بەرکاری کردارەکانی بەکارهێنان ژمارەیان یەکجار زۆرە، بەڕادەیەک هەر فرێزێکی ناوی بە شێوەیەکی ڕێک و پێک لەگەڵ ئەو کردارانە بگونجێت، دەتوانێت لەگەڵیان دەربکەوێت، وەک لەم نموونانەیژمارە (٩ و ١٠)دا ڕوونکراوەتەوە:

٩- هەموو تەماتەکانی بەکارهێنا.

(گونجاوە قسەکەر مەبەستی لەو ڕستەیە ئەوە بێت کە ئەو هەموو تەماتەکانی کردۆتە چێشت. وەک ڕستەی ژمارە(١٠):

---

[**] بڕوانە: Olsson, Y. 1961

١٠- هەمیشە گوڵەکانی باخچەکە بەکاردێنێت.

دەکرێت مەبەست لەوڕستەیە ئەوەبێت ئەو هەمیشە گوڵەکان لەباخچەکە لێدەکاتەوەو لەسەرانسەری خانووەکە لە گوڵدانەکان دەیان ڕوێنێت. هەروەها دەکرێت کرداری (بەکاردهەێنێت) لە شێوازی داخوازیدا بەکاربێت و پاڕستەی لەدوابێت، کاتێک کردارەکە بەم شێوە سینتاکسیە دەردەکەوێت، ئەوا واتایەکی تایبەت دەبەخشێت، کە بریتیە لە دیاریکردنی چالاکیەکی ڕێک و پێک. وەک لە نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٠- ئاردەکە بۆ دروستکردنی کێکە بەکاربێنە.

١١- پارەکە بۆ کڕینی جلەکە بەکاربێنە.

کردارەکانی تری ئەم لقە بریتین لە (دەیخاتە کار، هەڵدەسوڕێنێت، کاردەکات)( Hale, Ken and Jay Keyser, 1986, p.83).

**<u>لقی چوارەم</u>**: کردارەکانی (هەبوون)/ کردارەکانی ئەم لقە دەکرێت وەکو لقێکی بچووک لەگەڵ کردارەکانی (دان) باس بکرێن، چونکە زۆر پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. بەلام ئێمە لێرەدا بە لقێکی سەربەخۆ باسیان دەکەین. کردارەکانی ئەم لقەش بریتین لە: (هەیەتی، بەدەستدێنێت، دەستی دەکەوێت، خاوەنیەتی/خاوەنداریەتی دەکات). ئەم کردارانە پێویستیان بە دوو ڕۆڵ هەیە کە خاوەن –سامانەکەیە، واتە؛ خاوەنەکە و شتەکە. ئەوەی شایەنی باسە خاوەنەکە، دەکرێت بەخشەرە بێت یان وەرگرەکە بێت ( Deane, 1987, p.68)، وەک لە نموونەی ژمارە (١٢)دا دەردەکەوێت:

١٢-دلێر سەیارەیەکی هەیە و سەیارەکەی دایە دانا.

لەم ڕستەیەدا دلێر ڕۆڵی خاوەنە، دواتر دەبێتە بەخشەر و داناش دەبێتە وەرگر، هەرچی سەیارەکەشە ڕۆڵی سامانەکە دەبینێت. کردارێکی وەک(دەستی دەکەوێت) واتای ئەوە دەگەیێنێت کە کەسەکە شتێکی دەستدەکەوێت، سەرەڕای ئەوەی کە پێشووتر خۆی دانەیەک یان هەندێکی تری هەیە.

کردارێکی وەک (خاوەن بوون) واتای ئەوە دەگەیێنێت کە کەسێک بە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی مافی بەسەر شتەکەوە هەیە. کرداری (هەیەتی) ئەوە دەردەخات کە پەیوەندیەکیش لە نێوان کەسەکە و شتەکە هەیەو وەک ئەوەی، کە کەسەکە بە هۆی هەبوونی ئەو شتەوە شانازی دەکات. هەندێکجار جیاوازی نێوان کرداری (خاوەن بوون/خاوەنداریەتی دەکات)، کرداری (هەیەتی) لە ڕستەیەکی وەک ئەوەی ژمارە (١٣)دا دەردەکەوێت:

١٣- باوكی دلێر خاوەنداریەتی سەیارەكی كۆن دەكات، بەلام دانا سەیارەیەكی سووری وەرزشی باشی هەیە.

لەم ڕستەیە ئەوە دەردەكەوێت كە كرداری (هەبوون) مەبەستی ئەوەش دەگەیێنێت، كە (باوكی دلێر) شانازی بە سەیارەكەیەوە دەكات. دەكرێت واش لێكبدرێتەوە كە هەبوون، سیفەتی باشەی تێدایە واتە؛ ئەگەر گوتمان هەیەتی واتا ئەو شتیە كە باسی دەكەین تایبەتمەندی باشی تێدایە، بەلام لەگەڵ كرداری خاوەنداریەتی دەكا، مانای ئەوەناگەیێنێت، ئەو شتەی خاوەنداریەتی دەكرێت باش بێت، ڕەنگە باش نەبێت بەلام تەنیا بۆ مەبەستی دەربڕینی خاوەنداریەتی كردنەكە، كەسی قسەكەر ئەو كردارە بەركاربێنێت. جیاوازیەكی تر كە پەیوەستە بەلایەنی سینتاكسی ئەو دوو كردارەوە ئەوەیە ، كە كرداری (خاوەنداریەتی دەكات) دەكرێت شێوەی لە بكەر نادیاری دا بەكاربێت، بەلام كرداری (هەیەتی) ناتوانێت لە باری بكەر نادیاری دا دەربكەوێت. وەک لەم دوو ڕستەی خوارەوەدا ڕوونكراوەتەوە:

١٤- خانووەكە لەلایەن باوكمەوە خاوەنداریەتی دەكرێت.

١٥- باوكم خانووێكی هەیە.

لایەنێكی تری سینتاكسی ئەوكردارانەی كە باسی خاوەنداریەتی -هەبوون دەكەن ئەوەیە، كە ئەو كردارانە لەباری بەردەوامی دا دەرناكەون.

# بەشی پێنجەم

## ٥-جۆری دووەمی کرداره سەرەکیەکان

### ٥-١ کردارەکانی سەرنجدان:

کرداره سەرەکیەکانی ئەم بەشەش، وەک کرداره سەرەکیەکانی بەشەکەی پێشووتر، دەتوانن بە تەنیا لەڕسته دەربکەون و هەموو ڕۆڵەکانیشیان به فرێزی ناوی پڕدەکرێتەوە. بەلام کردارەکانی ئەم بەشه بەوە له کرداره سەرەکیەکانی تری بەشەکەی تر جیاوازن بەوەی که لارستەی تەواکاریان هەیە (لاڕستەی تەواوکەریان هەیە) وەک جێگرەوەیەک بۆ فرێزێکی ناوی لەیەکێک لە پەیوەندیە سینتاکسیەکەیان. وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- نما بینی که نێرگز دەی خوێند.

لەم ڕستەیەدا دەبینین، کرداری (بینی)، کە کرداری سەرەکی ڕستەکەیە دوو ڕۆڵی وەرگرتووە، یەکەمیان ئارگومێنتی (نما)یە، که ئەنجامدەرەکەیە، دووەمیشیان (کە نما دەی خوێند). ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە، ئارگومێنتی دووەم بە شێوەی لاڕستەیەک دەرکەوتووە. واتە؛ پەیوەندی سینتاکسی ئەم لاڕسته یەو کردارەکە ئەوەیە کە ئەو لارستەیە وەک ئارگومێنتێکی کردارەکە یەو بەرکاریەتی.

لێرەدا بە تەواوی سیناریۆ و شێوەی ئەو لاڕستانەی کە دەیخەینەڕوو، وەک تەواو کەری کرداره سەرەکیان دەردەکەون. سەرەتا دەبێت کرداره سەرەکیەکانی ئەم بەشەمان پۆلێن بکەین بۆ کردارەکانی (ئاگادار کردنەوە/ سەرنجدان، بیرکردنەوە، بڕیاردان، قسەکردن، حەزپێکردن، بێزارکردن و هەندێ کرداری تر). ئینجا هەر یەکێک لە پۆلەکانی ئەو کردارانە دەبێتە چەندین گروپ و دەکرێت هەر گروپێکیش چەند جۆر و لقێکی هەبێت.

کردارەکانی (سەرنجدان)، کە هەندێک بە (ئاگادارکردنەوە)ی ناو دەبەن، بە شێوەیەکی گشتی دوو ڕۆڵ وەردەگرن، کە ئەوانیش (هەست پێکەر)، کەمرۆڤە یان شتێکی ڕۆح لەبەری پایە بەرزترە لە ڕۆڵەکەی تر، کە پێی دەوترێت (کارتێکردن). بهەۆی کرداره سەرەکیەکە وە ڕۆڵی هەست پێکەر، شتێک دەدۆزێتەوە سەبارەت بە کارتێکردن لە ڕێگەی یەکێک لە هەستەکانیەوە، وەکو: بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن یان هەست پێکردن. پەیوەندی سینتاکسی نێوان ئەم دوو ڕۆڵەش هەمیشه بەم شێوەیە دەبێت:- هەست پێکەر دەبێتە ئەنجامدەر/بکەر، کارتێکردن دەبێتە بەرکار. جگە لەیەک دوو کرداری وەک:

(نیشـاندەدات، دەبینێت) نـەبێت، دەکرێت ڕۆڵـە کارتێکردنـەکـە فریزێکـی نـاوی بێت یـان لاڕستەیەکی تەواوکەری بێت. (Viberg, 1984, p.132)

خەڵک زۆرترین ڕادەو جۆری زانیاری لـە ڕێگـەی چاوەکانیانـەوە کۆدەکـەنـەوە و بـە دەست دێنن، بۆیە دەکرێت زۆرترین کردارەکانی (سـەرنجدان) پـەیوەست بن بـە گروپی چاوەوە یان ڕوونتر بڵێین ئەندامی چاوەوە، وەک: کردارەکانی (دەبینێت، سـەیردەکات، تەماشادەکات، چاو تێدەبرێت، بەلاچاو سـەیردەکات/بـەدزیـەوە سـەیر دەکات، دەپشکنێت، تێدەڕوانێت، سـەرەنج دەدات، تێبینی دەکات، دەناسێتەوە). لـە کاتێکدا بۆ هـەستی بیستن تەنیا هەردوو کرداری (دەبیستێت، گوێدەگرێت)مان هەیە، هەرچی کردارەکانی وەک: (بۆن دەکات و تام دەکات و هەست دەکات)، لەگەڵ جۆری کردارەکانی (جوڵـە جەستەییەکان) باسکران. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی کردارەکانی (سەرنجدان) پەیوەستن بـە شتێکەوە کـە دەبینرێت، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەستە بە هەستی بینینەوە.*

کـردارەکـانی سـەرنجـدانیش لـە نێـو خۆیانـدا دەکرێنـە گـروپ و دەکرێـت هـەنـدێک لـە گروپەکان زیاتر لە لقێکیان هەبێت.

**گروپی یەکەم**: کردارەکانی (نیشاندەدات، دەردەخات، دەخاتەڕوو) دەگرێتەوە. ئەوکردارانـە ئـەوەدەردەخـەن، کـە چـۆن کـەسـێک یاریمـەتـی یـەکێکـی تـر دەدات، تـاوەکـو کـرداری وەرگرتنەکەی/درک پێکردنەکەی جێبەجێ بکات. ئەو کردارانـە بـەکرداری هـۆیی/هـۆدەربـڕ دادەنرێن، لەبەرئـەوەی کـە لـە ڕستەکانیاندا دا هـۆدەربڕ هـەیـە، کـە پـەیوەندی سینتاکسـی لەگەڵ هەستپێکەر یان کارتێکردن هەیە، وە لەڕستە دا سێ ئارگومێنتیان هـەیـە: ئـەنجامـدەر (هۆکار یان هاندەر)، وەرگر (هـەستپێکەر)، کـارتێکراو (شـتـەکـە). لـەم کردارانـەدا دەکرێت جەختکردنەوەکە لەسەر کارتێکراوەکە بێت، وەک لە ڕستەی ژمارە (٢)دا ڕوونکراوەتەوە:

٢- نێرگز کتێبەکەی هەڵگرت و نیشانی سیمای دا.

لەم ڕستەیەدا دەبینین کە جەختکردنەوەی ڕستەکە لەسـەر (کارتێکراوەکەیە) کـە کتێبـەکەیـە، بەلام دەکرێت لە ڕسـتەیەکی وەک ئـەوەی ڕسـتەی ژمـارە (٣)دا جـەختکردنـەوەکـە لـەسـەر کەسە وەرگرەکە/هەستپێکەرەکە بێت.

٣- نێرگز سیمای هێنایە ئێرە و کتێبەکەی پێ نیشاندا.

---

* بڕوانە:. Gisborne, N. 1996

هەروەها کاتێک هەردوو ڕۆڵی کردارەکە بریتین لە: فریزی ناوی یان هەموویان بریتین لە فریزی ناوی و فریزی پێشناوی، ئەوا ئەوەدەگەیێنێت کە کەسی وەرگر شتەکەی بە بینایی چاو بینیوە، وەک لە ڕستەی ژمارە (٤)دا ڕوونکراوەتەوە:

٤-کوڕەکە کۆترەکەی بە مریەم نیشاندا.

لەم ڕستەیەدا دەبینین کە ئارگومێنتی ئەنجامدەر/هۆکار (کوڕەکە) فریزێکی ناویە، ئارگومێنتی کارتێکراو (کۆترەکە) فریزێکی ناویە، هەروەها ئارگومێنتی وەرگر (بە مریەم) فریزێکی پێش ناویە، هەربۆیە ئەو ڕستە واتای ئەوەدەگەیێنێت کە (مریەم کۆترەکەی بینی) واتە؛ بە بینایی چاوەکانی بینی. دەکرێت لەڕستەیەکی وەک ژمارە (٥)کە ئارگومێنتی کارتێکراو بریتیە لە لاڕستەیەکی تەواوکەری، ئەوا کرداری (نیشاندەدات) لە ڕستەکەدا واتای (ئەنجامدەدا) دێت.

٥- کاوە نیشانی مانی دا <u>کە چۆن فیوزێک چاک بکاتەوە.</u>

لەم ڕستەیەدا، کە لەبەرئەوەی هەموو ئارگومێنتەکانی کردارەکە فریزی ناوی و پێشناوی ناوی نین، واتە؛ ئارگومێنتی کارتیکراو لە شێوەی لاڕستەیەکی تەواو کەر دەرکەوتووە، ئەوا ڕستەکە واتای ئەوە دەدات کە (کاوە نیشانی مانی دا کە چۆن فیوزەکە چاک بکاتەوە) واتەنیشانی دا، کە چۆن کردارەکە ئەنجام بدات. سەرەڕای ئەوەش دەکرێت لە ڕستەیەکی وەکو ئەوەی ژمارە (٦)دا کە ئارکومێنتی کارتێکراو دیسان بریتیە لە لاڕستەیەکی تەواوکەری، ئەوا کرداری (نیشان دەدات) واتای ئەوە دەگەیێنێت کە ئارگومێنتی وەرگر کردارەکەی (بیست) یان (گوێ بیست بوو).

٦- سۆران نیشانی گولانی دا <u>کە چۆن دەنگێکی مەلاشوویی دروست بکات.</u>

لەم ڕستەیەش دا دەبینین کە ئارگومێنتی کاتێکراو (کە چۆن دەنگێکی مەلاشوویی دروست بکات) فریزێکی نە ناویە و پێش ناویە، بەڵکو لاڕستەیەکی تەواو کەریە، هەربۆیە کرداری (نیشاندەدات) واتای (بیست) بە کەسی وەرگر دەدات. بەم شێوەیە واتا (گولان دەنگەی بیست کە چۆن دروست دەبێت)*.

**<u>گرووپی دووەم</u>**: کردارەکانی (بینایی)یان پێ دەڵێن، لەبەرئەوەی هەموو کردارەکانی ئەم گرووپە بەجۆرێک باسی هەستی بینین دەکەن و بە شێوەیەکی بنەڕەتیش کردارەکانی ئەم گرووپە لەڕوو سینتاکسیەوە کرداری تێپەڕن. دەکرێت کردارەکانی ئەم گرووپە بکرێن بە چەند لقێکەوە:

---

* بڕوانە:.Palmer, Frank. Robert. 1966

لقی یەکەم: هەندێک لەکردارە دیارەکانی گروپی (بینایی) ئەمانەن: (دەبینێت، دەبیستێت، بۆندەکات، تام دەکات، هەست دەکات). ئەم کردارانە باسی جۆرێک هەست دەکەن یان جۆرە بینینێک دەکەن کەدەکرێت خۆنەویستانە ودەکرێت بەبێ خواستی کەسی ئەنجامدەربێت.

لقی دووەم: ئەوکردارانەی کە تاڕادەیەک خۆ ویستانەیە و خواستی کەسی ئەنجامدەری لەسەرە ئەمانەن:

- سەرنجدەدات: واتە؛ بینینی یان بیستنی شتێک کە ڕوودەدات.
- تێبینیدەکات: واتە؛ بینینی یان بیستنی شتێک کە زۆر دیار و بەرچاوە لە شتەکانی دەورووبەری خۆی.
- پێی دەزانێت: واتای ئەوە دەگەیێنێت کە هەست بە شتێک بکەی یان پێی بزانی لە نێو شتەکانی تری دەروبەری.

لقی سێیەم: ئەکردارانەی، کە باسی ئاڕاستەکردنی سەرنجی کەسی وەرگر دەکەن. ئەو کردارانە پەیوەندیەک لە نێوان کەسی وەرگر (ئارگومێنتی وەرگر) و ئارگومێنتی (کارتێکراو) دروست دەکەن. هەندێک لەو کردارانەش ئەمانەن: (سەیردەکات، گوێدەگرێت، چاوتێدەبڕێت، لێوردەبێتەوە، بەدزیەوە گوێ دەگرێت، دەپشکنێت، بەدوادەگەڕێت، تێدەڕوانێت، تەماشادەکات).

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کە کرداری (بەدزیەوە گوێدەگرێت) لەگەڵ فریزێکی پێشناوی پێک دێت بۆ تەواوکردنی واتای کردارەکە. هەروەها کرداری (تەماشادەکات) لەسەرجەم کردارەکانی تری ئەم گروپە جیاوازە، بە تایبەتی لەڕووی سیمانتیکیەوە، لەبەرئەوەی ئەم کردارە واتای ئەوەدەگەیێنێت کە کەسی ئەنجامدەر بۆ ماوەیەکی زیاتر لە کارەکە بەردەوام بووە. بە واتایەکی تر ئەگەر بڵێین:

٧- تەماشام دەکرد، واجبەکانی دەکرد.

٨- سەیرم دەکرد واجبەکانی دەکرد.

ئەو لێکدانەوەی کە زۆربەی کات بۆ ئەم دوو ڕستەیە دەکرێت، ئەوەیە کە ڕستەی ژمارە (٧)دا واتای ئەوە دەگەیێنێت: (من بۆ ماوەیەکی درێژ تەماشایم کردووە کە ئەو واجبەکەی دەکرد)، بەلام ڕستەی ژمارە (٨)دا وا لێکدەدرێتەوە کە (من تەنیا سەیرێکم کرد کە ئەو واجبەکەی دەکرد). ئەو کردارەی لە ڕووی کاتەوە مەدوای درێژیەکەی یان مەودای کات

خایەندنەکەی لەدوای کرداری (تەماشادەکات) دێت، کرداری (گوێدەگرێت)ە(: Rogers, A. 1971,p.208-214).

(زۆربەی کردارەکانی گروپی دووەم، بەتایبەتی کردارەکانی لقی دووەمی ئەم گروپە دەکرێت لاڕستەیان هەبێت وەک جۆرێک لە تەواوکەریان لەڕستەدا. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، ئەو کردارانە جۆری جیاواز لە لاڕستەی تەواوکەر وەردەگرن، نەک هەر کردارەکان، دەکرێت هەمان کردار، لاڕستە تەواوکەریەکەی لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر جیاوازبێت. ئەگەر چی دابەشکردن و پۆلێنکردنی تەواوکەرەکان بە شێوەی جیاوازکراوە لەلایەن زمانەوانانەوە، بەلام ئێمە پەیڕەوی زمانەوان (ڤێندلەر) دەکەین کە تەواوکەرەکانی بۆ سەر سێ جۆر دابەشکردووە: (بەرکاری شت، بەرکاری ڕووداوی، بەرکاری بیروبۆچوونی). ئەوەی لێکۆڵەرەوان لەسەری کۆن ئەوەیە، کە هاوپەیوەندیەک لە نێوان جۆری تەواوکەرە سینتاکسیەکەو ئەو هەست پێکردن و پێزانە هەیە، کە لە کردارەکە دا هەیە. ئەمەش واتە؛ بە شێوەیەکی سیستەماتیکی پەیوەندی لە نێوان فراوانبوونی ڕادەی درک پێکردنەکەی کردارەکە و ئەو جۆرە تەواوکەرە هەیە کە وەریدەگرێت.( Vendler, Z. 1970, p.84-86)

بۆ نموونە سەرەنجی ئەم ڕستانەی خوارەوە بدە:

٩- بارین سەیارەکەی بینی.

١٠- کوڕەکە کچەکەی  بینی دەپەڕیەوە.

١١- کوڕەکە بینی کەنما پەڕیتەوە.

لەڕستەی ژمارە (٩)دا ئەوەدەبینین کە (سەیارەکە) تەواوکەرەو لە جۆری شتێکی فیزیکیە. لە ڕستەی ژمارە (٩)دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت (کورەکە) بە شێوەیەکی فیزیکی بە چاوەکانی خۆی هەستی بە سەیارەکە کردووە. لە ڕستیە ژمارە (١٠)دا، لاڕستەی (دەپەڕیەوە)ی لە دوادێت، کە ئەمەشیان لە جۆری دووەمی تەواوکەرە، کە ڕووداوێکە، بەلام هێشتا هەستپێکردنە. لەڕستەی ژمارە (١١)دا دەبینین، لاڕستەی (کە نمادەپەڕیەوە)، وەک لاڕستەیەکی تەواو و ڕوون لە دوای کردارەکەوە دێت، دەبێە تەواوکەری.

جۆری سێیەم کە تەواوکەری بیرو بۆ چوونیە. لەڕستەی ژمارە (١١)دا واتای ڕستەکە ئەوەیە کە (ئەو نمای نەدیت لەم بەر بۆ ئەوەبەری شەقامەکە بپەڕێتەوە، بەڵکو ئەوەی ئەو بینی کە نما پێشووتر لەو بەری شەقامەکەبوو، بۆیەکوڕەکە وای بۆدەرکەوت کە کچەکە لە شەقامەکە پەڕیوەتەوە. بە واتایەکی تر، لە ڕستەکاین ژمارە (٩ و ١٠)دا کرداری (دەبینێت) لە ڕێگەی چاوەکانەوە هەستەکەی وەرگرتووە، لەکاتێکدا لەڕستەی ژمارە

(١١)دا هەمان کردار پەیامەکە/زانیاریەکەی لە ڕێگەی چاوەکانەوە وەرنەگرتووە و هەستی پێنەکردووە، بەڵکو لەڕێگەی بەکارهێنانی زانیاریەک کە لەمێشکدا هەیە و پێشووتر لەڕێگەی چاوەکانەوە کۆکراوەتەوە(Ibarretxe-Antuñan, 1999, p.54)

سویتسەر، باسی تایبەتمەندییەکی تری سێ لەکردارەکانی (سەرنجدان) دەکات ئەویش ئەوەیە، کە دەکرێت بەرکاری کردارەکە لابدرێت، ئەگەر لە ڕستەی پێشووتری هەمان دەق دەرکەوتبێت. کردارەکارەکانیش ئەمانەن: (دەبینێت، سەرنجدەدات، دەبیستێت)نن. وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٢- نەوین لە کەژاڵی دا لەسەر سەربانەکە، بەڵێ بینیم

١٣- کچەکە خواردنەکەی دایە سەگەکە. بەڵێ سەرنجم دا.

١٤- گۆرانیە نوێیەکەی لێدا. بەڵێ گوێم لێبوو.

لە هەر(سێ) لەم ڕستانەی سەرەوەدا کردارەکانی (بینی، سەرنجدا، بیستی) بەرکارەکانیان لادراوە، لەبەرئەوەی ئەو ئەو ڕستانەی کە ئەو کردارانەی تێدا دەرکەوتووە، ڕستەیەکن کە هەریەکەیان پێشووتر باسیان لێوە کراوە لە دەقەکەدا، واتە؛ بە پشت بەستن بە ڕستەی پێشووتریان دەکرێت بەرکارەکە لەڕستەکانی (بینی، سەرنجیدا، بیستی) دەرنەکەوێتەوە. واتە؛ ڕستەی ژمارە (١٢)دا بەم شێوەیە لە بنەڕەتدا: (نەوین لە کەژالی دا لەسەر سەربانەکە، بەڵێ بینیم کە نەوین لە کەژاڵی دا لەسەربان). ڕستەی ژمارە (١٣)دا بەم شێوەیە بووە (کچەکە خواردنەکەی دایە سەگەکە؟ بەڵێ سەرنجمدا کە کچەکە خواردنەکە بەسەگەکە دا). ڕستەی ژمارە (١٤)دا بەم شێوەیە بووە : (دڵگەش گۆرانیە نوێیەکەی لێدا، بەڵێ گوێم لێبوو کە دڵگەش گۆرانیە نوێیەکەی لێدا). بەلام وەکو وتمان، لەهەر سێ باردا، بەرکارەکە لەباری ڕستەی دووەمدا دەرنەکەوتووە، واتە؛ دەکرێت لابدرێت بەبێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکات. ئەو بەرکارانەش، کە درەنەکەوتوون هەموویان فرێزی ناوین. لەهەمان کاتدا ئەو بەرکارە فرێزە ناویە، دەکرێت بۆ کردارەکانی (تێبینی دەکات، هەستپێدەکات، پێدەزانێت، تام دەکات، بۆندەکات) لابدرێت. بەهەمان شێوەی ئەو ڕستانەی سەرەوە، بەلام جیاوازیان لەگەڵ کردارەکانی (بینی و بیست و سەرنجدا) ئەوەیە، کە ئەو کردارانە کەمتر لەباری لابردنی بەرکاردا دەردەکەون.

کرداری (نیشاندەدات) کە هەرسێ ئارگومێنتی (ئەنجامدەر/ هاندەر- هەستپێکەر/ وەرگر- کارتێکراو/ شت) وەردەگرێت، واتە؛ دوو بەرکاری پێویستە، ئەوانیش وەرگر و شتەکەن، ناتوانێت لەباری بێ بەرکاری دا دەربکەوێت، وەک کردارەکانی گروپی (بینین)،

بەلام دەکرێت بە پشت بەستن بە ڕستەی پێشی خۆی لەدەقەکەدا، یەکێک لەبەرکارەکان دەرنەکەوێت، وەک لە ڕستەی ژمارە (١٥)دا کە تیایدا دەکرێت بەرکارە وەرگرەکە/هەستپێکەرەکە لاببردرێت.

١٥-سۆران و شیلان دیاریەکانی هاوسەرگیریان نیشاندا.

هەروەها دەکرێت بە پیشت بەستن بەڕستەی پێش خۆی لە دەقەدا، بەرکارە کارتێکراوەکە/شتەکە دەرنەکەوێت، لەبەرئەوەی لەڕستەی پێشووتر دەرکەوتووە، ئەو ڕستەی کرداری (نیشاندەدات)ی تێدا دەردەکەوێت، ئاماژە بە ڕستەی پێش خۆی دەکاتەوە، یان وەلامی ڕستەی پێش خۆی دەداتەوە(Sweetser, E. 1990: p.30-39) ، وەک لەڕستەی ژمارە (١٦)دا ڕوونکراوەتەوە:

١٦- ئایا سۆزان دەزانێت کلیلەکە لە کوێیە؟ دەبێت بزانێت، من نیشانیم دا.

لێرەدا زۆر پێویستە کە سەرنجی لایەنێکی سینتاکسی کردارەکانی سەرنجدان بدەین، ئەویش ئەوەیە کە سەرجەم کردارەکانی سەرنجدان هابەشن لەوەی ڕێگە بەوە دەدەن، کە ئارگومێنتی کارتێکراو/شت، بە شێوەی فرێزێکی ناوی کۆنکریتی دەربکەوێت، کە ئەو فرێزە ناویەش بریتیە لە دەرخەری چالاکیەک.

- شولی بەشێوەیەکی تێر و تەسەل باسی جۆرەکانی تەواوکەر و لاڕستەی کردووە کە لەگەڵ کردارەکانی سەرنجدان دێن. بۆ نموونە لەکرداری (گەواهیدەدات/ شایەتی بۆ دەدات) کە دەبێت ئارگومێنتە کاتێکردنەکەی شتێک بێت ئاماژە بە چالاکیەک بکات یان ناوێک بێت کە ئەو ناوە خۆی ئاماژە بە چالاکیەک بکات، وەک لە نموونەکانی ی ژمارە (١٧ و ١٨)دا دەردەکەوێت:

١٧- گەواهی جەنگەکەی دا.

١٨- گەواهی واژۆکردنەکەی دکتۆرەکەی دا.

دەبینین کە لەڕستەی ژمارە (١٧)دا، (جەنگەکە) ئارگومێنتە کارتێکراوەکەیەو ناوە، ئەم ناوە خۆشی ئاماژە بە چالاکیەک دەکات. هەروەها ڕستەی ژمارە (١٨)ش ئارگومێنتە کارتێکراوەکەی بریتیە لە (واژۆکەی دکتۆرەکە) کە چالاکیەک نیشاندەدات، چونکە ئەو ئارگومێنتە واتای ئەوەدەدات کە ئەو گەواهیدەری ئەوەبوو کە دکتۆرکە ناوی خۆی دەنووسی. لەبەرئەوەی کە زۆربەی کردارەکانی سەرنجدان بەرکارەکەیان بریتیە لە فرێزی ناوی، بۆیە دەکرێت لاڕستەی تەواوکەری بە شێوەی بەرکاریان وەرگرن، واتە؛

لاڕستەی تەواوکەری ببێتە ئارگومێنتی کارتێکردن. بەم شێوەیە لێرەدا باسی جۆرەکان و چۆنیەتی لاڕستە تەواوکاریەکان دەکەیەن کە دەبنە ئەو ئارگومێنتە:

**جۆری یەکەمی لاڕستەی تەواو کەری(کە):** کلۆزی (کە)، زۆربەی کردارەکانی (سەنجدان) ڕێگە بەوە دەدەن کە ئارگومێنتە کارتێکردنەکەیان بریتی بێت لەلاڕستەیەکی تەواوکەر، کە بە (کە) دەستی پێکردووە. وەکو لە ڕستەی ژمارە (١٩)دا ڕوونکراوەتەوە:

١٩- سەرنجی ئەوەمدا کە گۆشتەکە شاردراوەتەوە.

هەروەها کاتێک لاڕستەی تەواوکەری (کە) لەگەڵ کرداری (دەبینێت) دێت، ئەوا واتای ئەوە دەدات، کە شتێک بۆ کەسی قسەکەر دەرکەوتووە لەئەنجامی سەرنجدانێکی یان تەماشاکردنێکی ڕاستەوخۆ، وەک لە ڕستەی ژمارە (٢٠)دا ڕوونکراوەتەوە:

٢٠- بینی کە قاچی شکا.

کرداری (هەست دەکات)، هەمان تایبەتمەندی کرداری (دەبینێت)ی هەیە لەڕووی هەبوونی لاڕستەی تەواوکەری (کە). هەرچی کرداری (دەبیستێت)ە، لاڕستەی تەواوکەری (کە) زۆربەی کات ئاماژە بەوەدەکات کە کەسی وەرگر (ئارگومێنتی وەرگر) شتێکی پێ وتراوە، وەک لە نموونەی ژمار (٢١)دا دیارە:

٢١- بیستم کە کارین تەقەی لێکرا.

**جۆری دووەمی لاڕستەی** تەواو کەری **(وشەی پرس):** بریتیە لە لاڕستەیەک کە بەوشەی پرس دەستپێدەکات. ئەوکردارانەی کە ئەم جۆرە تەواوکەرە وەردەگرن ئەمانەن: (دەبینێت، دەبیستێت، سەیردەکات، تەماشا دەکات، پێدەزانێت، هەستدەکات، سەرەنجدەدات، تێبینی دەکات). وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

٢٢- بینیم کێ کوشتی.

٢٣- تێبینی کرد چی کرد.

٢٤- پێم زانی لە کوێ دەژی.

**جۆری سێیەمی لاڕستەی تەواوکەری (دەمی بەدەوام):** لەم جۆرهلاڕستە تەواوکەرەدا لاڕستەکە بە شێوەی دەمی بەردەوامی دەردەکەوێت، واتە؛ لە زمانی کوردیدا ئەم کردارە پێشگری (دە)ی لە پێش دێت، وەک لەم نمونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٥- تەماشایم کرد خواردنی دەخوارد.

**جۆری چوارەمی لاڕستەی تەواوکەری (دەمی ڕابردوو):** لەم بارەدا تەواوکەرەکە یان بڵێین لاڕستەکە لە دەمی ڕابردوودا دەردەکەوێت، وەک لەم نموونەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

٢٦ –بینیم خواردنی خوارد.

لێرەدا دەبێت تێبینی ئەوەبکرێت کە لە جۆرەکانی سێیەمی و چوارەمی لاڕستەی تەواوکەریدا، دەکرێت ئامرازی کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە پێش لاڕستە تەواوکەریەکانی (دەمی بەردەوام و دەمی ڕابردوو) بێت. واتە؛ لەم بارەدا هەردوو ڕستەی ژمارە (٢٥ و ٢٦) بەم شێوەیە دەردەکەون:

(تەماشایم کرد <u>کە</u> <u>خواردنی دەخوارد</u>)، (بینیم <u>کە</u> <u>خواردنی خوارد</u>).

**جۆری پێنجەمی لاڕستەی تەواوکەری (پریپۆزشنی):** لەم جۆرە لاڕستە تەواوکەریەدا لاڕستەکە بهەۆی پریپۆزشنەوە بەکردارەکەوە لکێندراوە ( Schule, Von Susanne. 200,p.49-53)، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٧- پیاوە ئاگرکوژێنەوەکەم لە خانووەکەدا بینی.

کاستیخۆن باسی تایبەتمەندییەکی تری لاڕستەکانی کردارەکانی (سەرنجدان) دەکات، ئەو تایبەتمەندییەش ئەوەیە کە بکەری لاڕستەکە یان بڵێین لاڕستە تەواوکەرەکە بە شێوەیەکی گشتی جیاوازە لە بکەری ڕستە سەرەکیەکە. هۆی سەرەکی ئەم جیاوازیە لە دوو بکەرەکەشدا ئەوەیە، کە یەکێک یەکێکی تر دەبینێت، یەکێک سەرنجی یەکێکی تر دەدات. هەروەها دەکرێت هەردوو بکەری ڕستە سەرەکیەکە و بکەری ڕستە لاوەکیە هەمان شت بن، بەلام ئەمە واتای ئەوە ناگەیێنێت کە لەبەر ئەوەی هەردوو بکەرەکە هەمان شتن، بکەری لاڕستەکە لاببرێت، بهەیچ شێوەیەک ناکرێت بکەری لاڕستەکە لابدرێت(Castejon, Maangeles Gomez. 2007, p.20-8) ، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا دیارە:

٢٨- خۆم لە ڤیدیۆیەکەدا بینی.

هۆکارێکی تر ڕێگە بەلابردنی بکەری لاڕستەکە نادات، ئەوەیە کە لە ڕووی سینتاکسیەوە بکەری لاڕستەکە بەرپرسە لەکرداری لاڕستەکە، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٩- کەشتیەکەم بینی لە دەریاکەدا نقوم دەبوو.

سەرەڕای ئەم دووگروپەی کرداری سەرنجدان، کە لە پێشەوە باسکران، هەندێکی گروپی تریش هەن کە سەربەکردارەکانی سەرنجدانن، بەلام کەمتر گرنگن و تایبەتمەندی کەمتریان لێ بەدیەکرێت. گیبسن  باسی دوو گروپی تری کردارەکانی سەرنجدان دەکات.

**<u>گروپی سێیەم</u>:** کردارەکانی (پشت گوێدەخات، گوێ پێنادات، فەرمۆش دەکات، پەراوێز دەخات، چاوپۆشی لێدەکات) دەگرێتەوە. ئەم جۆرە کردارانە ئاماژە بەوەدەکەن، کە ئارگومێنتی وەرگر هیچ کارلێکێک لەگەڵ ئارگومێنتی کارتێکردن ناکات، نە بە مەبەست و نە بێ مەبەست. ئەو کردارانەی ئەم گروپەش هەموویان کرداری تێپەڕن و بەرکارەکەشیان یان فرێزی ناویە یان لاڕستەی تەواوکەری جۆری سێیەمە.

**<u>گروپی چوارەم</u>:** کردارەکانی (دەردەکەوێت، دیارنامێنێت، ونـدەبێت) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گروپە، کرداری تێنەپەڕن و ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئارگومێنتی کارتێکردنیان ڕۆڵی بکەر دەبینێت لە ڕووی سینتاکسیەوە. ئەگەر ئارگومێنتی وەرگریش دەربکەوێت لەڕستەکەدا، ئەوا دەبێت بەیارمەتی پریپۆزشنەوە دەربکەوێت***، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٠- فریشتەیەک بۆ من دەرکەوت.

لەم ڕستەیەدا دەبینین کە (فریشتەکە) ڕۆڵی ئارگومێنتی کارتێکردنی هەیەو بۆتە بکەری کردارەکەش، لەکاتێکدا (بۆ من ) ئارگومێنتی وەرگرە و پریپۆزشنی لە پێش هاتووە. بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی کردارەکانی (سەرنجدان) هەوڵدەدەین دیارترین سیماکانی کردارەکانی هەریەکێک لە گروپەکان لەم خشتەیەدا بخەینە ڕوو:

*** Gibson, J. J. 1966:63-67

| ت | گروپ | نموونەی کردار | ژمارەی ئارگومێنت | جۆرەکانی کلۆزی تەواوکەری | ئەو ئارگومێنتەی دەبێتە کلۆزی تەواوکەری | جۆری بکەری کلۆزی تەواوکەری | باری تێپەڕی | باری تێنەپەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەم | نیشاندەدات | ٢/٣ | کلۆزی (کە)<br>کلۆزی (پرسی) | کارتێکراو | بکەری سەربەخۆ | هەیە | نیە |
| ٢ | دووەم | | ٢ | -کلۆزی (کە)<br>-کلۆزی (پرسی)<br>-کلۆزی دەمی بەردەوام<br>-کلۆزی دەمی ڕابردوو | کارتێکراو | بکەری سەربەخۆ | | |
| | لقی یەکەم | دەبینێت | ٢ | | | | هەیە | هەیە |
| | لقی دووەم | سەرنجدەدات | ٢ | | | | هەیە | هەیە |
| | لقی سێیەم | تەماشادەکات | ٢ | | | | هەیە | نیە |
| ٣ | سێیەم | پشت گوێدەخات | ٢ | -کلۆزی دەمی بەردەوام | کارتێکراو | بکەری سەربەخۆ | هەیە | نیە |
| ٤ | چوارەم | دەردەکەوێت | ١ | نیە | ئارگومێنتی کارتێکراو دەبێتە بکەری کردارەکە | نیە | نیە | هەیە |

## ٥-٢ کردارەکانی بیرکردنەوە:

بەشێوەیەکی گشتی پێیان دەگوترێت کردارەکانی:( بیرکردنەوە، زانین، باوەڕپێکردن). ئەم کردارانە هەمیشە دوو ڕۆڵیان هەیە، یەکێکیان (بیرکرەوە)یە، (کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو بیرکرەوەیە مرۆڤە)، ڕۆڵەکەی تریش (بیر)ەکەیە، (واتە؛ ئەو شتەی کە لە مێشکی بیرکەرەوە/کەسەکەدایە). کردارەکانی بیرکردنەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی کردار تێپەڕن، ئارگومێنتە (بیرکرەوە) کە بکەرەو ئارگومێنتە (بیرە) کەش بەرکارەکەیە. دەکرێت ئارگومێنتە (بیرە)کە بە شێوەی فرێزی ناوی دەربکەوێت، یان بەشێوەی یەکێک لە جۆرەکانی لاڕستەی تەواوکەری دەربکەوێت. کردارەکانی بیرکردنەوەش دەکرێت بکرێن بەچەند گروپێکەوە:

**گروپی یەکەم**: (کردارەکانی (بە بیردێتەوە، بیردەچێتەوە) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گروپە ئاماژە بەوەدەکەن ئارگومێنتی بیرکەرەوە شتێکی لە مێشک بووە و هەوڵی بە بیرهاتنەوەی دەدات، کە زۆربەی جار ئەو شتەی لەمێشکیەتی پەیوەستە بەڕابردووەوە، یان لە ڕابردوو پلانی بۆ داناوەو ڕێکخستنی بۆ کردووە تا لە کاتی ئێستا دا بیکات. وەیان کەسی بیرکەرەوە شتکستی هێناوە لە بە بیرهاتنەوەی شتەکە. کردارەکانی ئەم گروپە بەوە ناوسران کە لە ڕووی سینتاکسیەوە بەرکارەکەیان کاتێکراو نیە. هەروەها ناتوانن لە دەمە بەردەوامیەکان دەربکەون.

زمانەوان ڤان ڤالین باسی لایەنێکی تری کردارەکانی ئەم گروپە دەکات، ئەویش ئەوەیە کە سێ جۆر لاڕستەیان لەدوادێت(Van Valin, Robert D. 2008,p.14-17),وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- کچەکە بەبیری هاتەوە کە دەرگای داخستبوو.

لەم ڕستەیە دا دەبینین ئەو لاڕستە تەواوکەریەی کە لە دوای کردارەکەوە هاتووە کڵۆزی (کە)یە، لە لایەنی سیمانتیکیش کردارەکە دەربارەی ڕاستیەک دەدوێت.

٢- کچەکە داخستنی دەرگاکەی بیرهاتەوە.

لەم ڕستەیە دا دەبینین کردارەکەی لاڕستە تەواوکەریەکەی بە شێوەی چاوگ لە دواهاتووە، لە ڕووی سیمانتیکەوە ڕستەکە ئەزموونێک دەردەخات.

٣-کچەکە بەبیری هاتەوە دەرگاکە دابخات.

لەڕستەی ژمارە (٣)دا، ڕستەکەش لەڕووی سیمانتیکیەوە واتای مەبەست یان ناچارکردن دەدات بەدەستەوە.

ئەو لێکدانەوە جیاوازانەی کە بۆ ئەم سێ ڕستەی سەرەوە دەکرێت، بەهۆی جیاوازی جۆری لاڕستە تەواکەرەکەوە نیە، بەڵکو زیاتر بەهۆی خودی کردارەکەیە. بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە، ڕستەی ژمارە (٤)ە، کە بەبێ ئەوەی لاڕستە تەواکەریەکەی/لاڕستەکەی کردارەکە بگۆڕدرێت، دەکرێت لێکدانەوەی هەرسێ واتا بۆ ڕستەکە بکرێت:

٤- ئازاد کلیلەکانی بەبیرهاتەوە.

لەم ڕستەیە دا دەبینین ئارگومێنتە بەرکارەکە کە بریتیە لە فرێزێکی ناوی (کلیلەکانی)، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ڕستەکە بەم واتایانە لێکبدرێتەوە: یەکەم، (ئازاد بەبیری هاتەوە شتێک لە کلیلەکانی بکات) بۆ نموونە بیان هێنێت، کەئەوەش مەبەستە، دووەم (ئازاد کلیلەکانی بینی و بەبیری هاتەوە) کە ئەوەش ئەزموونێکە، سێیەم (ئازاد شتێکی سەبارەت بە کلیلەکانی بە بیرهاتەوە) ئەوەش ڕاستیەکە.

ڤان ڤالین و لاتریۆتی دهڵێن: ئەو فرەواتاییەی کە لە ڕستەکە داهەیە، بۆ خودی کرداری (بیردێتەوە) دەگەڕێتەوە، بەوەی کە بەرکارەکەی ئەم کردارە بریتیە لە (بیر/شتێک لە مێشکی بیرکەرەوەکە)، ئەمەش واتای ئەوەدەگەیێنێت کە چەمکی هەبوونی شتێک لە مێشک هەمیشە بە کراوەی دەمێنێتەوە تاوەکو چرکە ساتی ئاخاوتن و ڕوونکردنەوەی. هەروەها سیفەتێکی تری کردارەکانی ئەم گروپە ئەویە کە ئەگەر ڕۆڵە (بیرە)کە، واتە؛ بەرکارەکەیان فرێزی ناوی بێت، ئەوا زۆربەی کات دەبێت شتێکی کۆنکریتی بێت[*].

(زمانەوان کرۆفت باسی ئەوەش دەکات کە لە نموونەیەکی وەکو ئەوەی ژمارە(٥) لاڕستە تەواوکەریەکە (وشەی پرسە)ە، بۆ یە دەکرێت کرداری (بیردێتەوە) ئەم جۆرە لارستەیەشی لەدوابێت)( Croft, W. 1993, p.59-66).

٥- بەبیرم هاتەوە کێ ئەمەی کرد.

**گروپی دووەم**: کاستنێر، بە تێروتەسەلی باسی کردارەکانی (بیرکردنەوە)دەکات و دەیان کات بە چەند لقێکەوە، بۆئەوەی لە ڕووی سیمناتیکیەوە زیاتر واتایان ڕوونبێت( Kastner, Itamar. 2014, p.2-12).

**لقی یەکەم، کردارەکانی**: (بیردەکاتەوە): کە ئاماژە بەوەدەکات مێشکی کەسی بیرکەرەوە لەسەر کەسێکە/شتێکە/ڕووداوێکە یان بارودۆخێکە کە ڕوودەدات. زۆربەی کات دەکرێت بەرکارەکە بەهۆی ئامرازی (لە)ەوە بدرێە پاڵ کردارەکە، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٦- بیر لە نارین دەکەمەوە.

---

[*] بڕوانە: Van Valin, R. D., Jr., R. Osswald & A. Latrouite, 2008

لەم بارەدا کە بەرکارەکە فرێزێکی پێشناوی کۆنکریتیە، هەندێک شت بە شاراوەی دهەیڵێتەوە، بۆ نموونە دەکرێت ڕستەی (بیر لەنارین دەکەمەوە) واتای ئەوە بێت چەندە نارینم خۆشدەوێت.

(تێرادەمێنێت): بیرکردنەوە لە بارێکی ڕاستەقینە یان ئەگەری لەگەڵ بیرکردنەوە لە دەرئەنجامەکانی.

(دێنێتەبەرچاو): بیرکردنەوە لە شتێک وەکو ئەوەی کە ڕاست بووبێت، ئەگەرچی کەسی بیرکەرەوە ئاگادارە لەوەی کە ئەو شتە ڕاست نیە.

(وادادەنێت): ئاماژە بەوەدەکات کەکەسی بیرکەرەوە بیردەکاتەوە کە لەوانەیە شتەکە وابێت، بەلام دڵنیا نیە.

(پێی وایە): ئاماژە بەوەدەکات کە کەسی بیرکەرەوە، بیردەکاتەوە لە شتەکەو بەڵگەی تەواو پێویستی لەبەردەستە بۆ ئەوەی کە دڵنیابێت وایە.

**لقی دووەم**، کردارەکانی: (لێی ووردەبێتەوە، بەقووڵی بیردەکاتەوە، دەخەملێنێت، تێڕوانین) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم لقە ئاماژە بە شێوە جیاوازەکانی بیرکردنەوە دەکەن.

لایەنێکی سینتاکسی دیاری زۆربەی کردارەکانی ئەم گروپە ئەوەیەکە جۆرە لاڕستەیەکی تەواوکەری وەردەگرن، کە بە کلۆزی (بڕیاردان) ناسراوە، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٧- پێم وایە/وادەخەملێنم نازێ زیرەکە.

لەم ڕستەیە دا (نازێ زیرەکە) لاڕستەیەکی تەواوکەریە، وەک بەرکاری کرداری (پێم وایە/دەخەملێنم) دەرکەوتووە. سیفەتێکی باوی ئەو لاڕستە بڕیاردانانە ئەوەیە کە پێکهاتە سینتاکسیەکەیان بەم شێوەیە: (ناو + ئاوەڵناو +کاری ناتەواو). بۆیە بەم جۆرە کلۆزانە دەگوترێت بڕیاردان، چونکە باس/بڕیار لە چۆنیەتی تەواوکردنی واتای کردارەکە دەکەن.

جۆرە کلۆزێکی تر، کە کردارێکی وەک (وادادەنێت) لەم گروپە وەریدەگرێت ئەوەی کە لە زمانی کوردیدا کلۆزەکە باسی کەسی سێیەمی تاک دەکات، ئەو جێناوەی کە ئاماژە بە کەسی سێیەمی تاک دەکات دەرناکەوێت، وەکو لەم نموونەیە دا (وادادەنێم بێ عەقڵە) یان (وادادەنێم بێ عەقڵ بوو). لەم ڕستانە دا (وادادەنێم) بکەر و کردارە، (بێ عەقڵە) کلۆزی تەواوکەریە، هەرچەند ئەم کلۆزە تەواوکەریە ئاماژە بە کەسی سێیەمی تاک دەکات لە هەردوو ڕستە دا واتە؛ (ئەو بێ عەقڵە، ئەو بێ عەقڵ بوو) جێناوی کەسی سێیەمی تاک

دەرناکەوێت. لەکاتێکدا لەکاتی هەبوونی جێناوی کەسی سێیەمی کۆ دەردەکەوێت، وەکو لەم ڕستەیەدا (وادادەنێم بێ عەقڵ بوون).

**گروپی سێیەم**: کیپاڕسکی و کیپاڕسکی، باسی کردارەکانی (دەزانێت) دەکەن و بە گروپی کرداری ڕاستی ناویان دەبن. کردارەکانی ئەم گروپە ئاماژە بەوە دەکەن کە کەسی بیرکەرەوە ئاگادارە لە هەندێک ڕاستی، یان زانیاری جەستەیی، یان شێواز و ڕێگای ئەنجامدانی شتێک. باوترین کرداری ئەم گروپەش (دەزانێت)ە. هەروەها کردارەکانی تریش:

(بۆی دەردەکەوێت): واتە؛ لە ناکاو دەست بە بیرکردنەوەیەکی ڕاست و دروست دەکات و هەربۆیە ڕاستیەکی بۆدەردەکەوێت.
(فێردەبێت): واتە؛ زانینی شتێک بهەۆی هەوڵدانەوە.
(فێردەکات): واتە؛ کەسێک هاندەرە بۆ پێدانی زانین بەکەسی وەرگر.
(تێدەگات): شتێک بزانی و هۆیەکەشی بزانی.
هەندێکجار دەکرێت هەردوو کرداری (دەزانێت و تێدەگات) لە باری تێنەپەڕی دا دەربکەون، ئەمەش تەنیا کاتێک دەشێت کە ئەگەر واتای فرێزە بەرکاریەکە لە ڕستەی پێشووتری دەقەکەوە زانرا بێت(Kiparsky, Paul, and Carol Kiparsky, 1970, p.146-148) ، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٨- کوڕەکە خەلاتەکەی بردەوە، دەزانم.

واتە؛ ئەگەرچی کە (خەلاتەکە) کە فرێزە ناویە بەرکارەکەیە لەڕستەی دووەم دەرنەچووە، بەلام ئەو کەسەی کە ڕستەی دووەم دهڵێت پێشتر ئەو بەرکارەی بەرگوێ کەوتووە، هەربۆیە کورتبڕی دەکات لە قسەکەی.
لەڕووی سینتاکسیەوەش ئەو کلۆزەی کە لەگەڵ کردارەکانی ئەم گروپە دێت، کلۆزی (کە) یە.
**گروپی چوارەم**: کردارەکانی (دەگاتە ئەنجام، دەسەلمێنێت) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گروپە ئاماژە بە بەکارهێنانی مێشک دەکات بۆ بیرکردنەوە لە دەرئەنجامەکانی ڕاستیەک. ( 1999،Gibbs, 1999, p.66)

**گروپی پێنجەم**: کردارەکانی (شیکاردەکات، دادهەێنێت، شیدەکاتەوە، چارەسەر دەدۆزێتەوە) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گروپە ئاماژە بەوە دەکەن کە مێشک بەشێوەیەک بیردەکاتەوە تاوەک لە کۆتایی دا شتێک بە دەست بێنێت. (Goddard, 2003, p.111)

**گرووپی شەشەم:** کردارەکانی (باوەڕی وایە، گومانی لێدەکات، دوودڵی لێدەکات) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گرووپە ئاماژە بەوەدەکەن کە کەسی بیرکەرەوە بیر لە شتێک دەکاتەوە وەک ئەوەی کە شتێکی ڕاست بێت، یان وەک ئەوەی کە شتێکی ڕاستنەبێت.

ڤاندێربێرگن دهڵێت: کردارەکانی ئەم گرووپەش، وەک کردارەکانی گرووپی یەکەم، زیاتر لەجۆرێکی لاڕستەی تەواوکەری وەردەگرن، وەک ئەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٩- نەمام باوەڕی وایە کە نما خزمە.

١٠- نەمام لەوباوەڕەدایە نما خزم بێت.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەبینین کە هەمان کردار دوو جۆری جیاواز لە لارستەی تەواوکەری لە دوا هاتووە، خاڵی هاوبەشیش لە نێوان هەردوو ڕستەکە ئەوەیە کە بکەری هەردوو ڕستەکە (نەمام) پەیوەندی بە بکەری هەردوو لاڕستە تەواوکەریەکانیشەو یان بەجۆرێک لە جۆرەکان (نەمام) هاوبکەری بکەری لاڕستە تەواو کەریەکانیشە. ئەگەرچی هەمیشە ئەوە بارەکە نیە کە بکەری ڕستە سەرەکیەکە بکەری لاڕستە تەواوکەرەکەش بێت، بۆ نموونە لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە.

١١- باوەڕوایە نما خزم بێت.

دەبینین کە لەم ڕستەیەدا هیچ بکەرێکی ئەکتیڤ نیە، بەڵکو ڕستەکە خۆی لەباری بکەر نادیاری دایە. تایبەت مەندییەکی تری کردارەکانی ئەم گرووپە ئەوەیە کە هەندێکجار پرێپۆزشنی (بە) لە نێوان کردارەکە و بەرکارەکە دێت، ئەم بارەش بەتایبەتی لە کرداری (باوەڕی وایە)، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٢- باوەڕم بەخوا هەیە.

هەروەها سیفەتێکی تری کردارەکانی ئەم گرووپە ئەویە کە ئەگەر ڕۆڵە (بیرەکە) واتە؛ بەرەکارەکەیان فرێزی ناوی بێت، ئەوازۆربەی کات دەبێت شتێکی کۆنکریتی بێت(Vandenbergen, Anne-Marie Simon. 2002:2-29).

گۆدارد باسی ئەوەدەکات کە زۆربەی هەرەزۆری کردارەکانی سەرجەم گرووپەکان کلۆزی تەواوکەری وەردەگرن لە شوێنی بەرکاریان. فرێزی ناوی جێگرەوەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی لە شوێنی لاڕستە تەواوکەری، واتە؛ وەک بەرکار، دەربکەوێت. ئەگەرچی ئەگەر

بەرکارەکە فرێزی ناوی بێت، ئەوا بۆ زۆربەی کردارەکان دەبێت شتێکی واتایی بێت. وەکو لەم نموونەی خوارەوە:

١٣- فێری چنین بوو.

گونجاوە هەندێک کردار بەرکارێکی کۆنکریتیان هەبێت کە فرێزێکی ناوی بێت، ئەو فرێزە ناویشەش سەرەیەکی هەیە کە ناوە. لەم بارە دا شتێکی نەوتراو دەمێنێتەوە بۆ گوێگرەکە وادادەنرێت کەسی گوێگر ئاگاداری شتە نەوتراوەکەیە، وەک لەم ڕستەی خوارەوەداڕوونکراوەتەوە:

١٤- دانا لە دارا تێگەیشت(گەیشت).

دەکرێت هەندێک لەکردارەکانی بیرکردنەوە، واتە؛ لە تێکڕای سەرجەم گروپەکان، پێویستیان بە بەرکار نەبێت، هەرلەبەر ئەوەشە ناکرێت هەر هەموو کردارەنی بیرکردنەوە بە تێپەڕ دابنرێن. دەکرێ هەندێ کرداری وەک (فێردەبێت، بیردەکاتەوە، تێدەگات) لە باری تێنەپەڕیشدا دەربکەون. بەلام یەک خاڵی سینتاکسی گرنگ هەیە، کاتێک ئەم کردارانە بە تێنەپەڕی دەردەکەون، ئەویش ئەویە کە نابێت لە باری تەواوی دابن، وەک ڕانەبردووی تەواو و ڕابردووی تەواو. سەرنجی ئەم نموونەی خوارەوە بدە:

١٥- هەموو ڕۆژێ فێردەبم.

زۆربەی هەرەزۆری کردارەکانی سەرجەم گروپەکانی ( بیرکردنەوە) دەتوانن لاڕستەی تەواوکەری وەک بەرکاریان وەرگرن، زۆربەی کردارەکانیش دەتوانن لاڕستەی (وشەی پرسی) وەربگرن(Goddard, Cliff. 2003:113-121).

زمانەوان دیکسن بە شێوەیەکی سیمانتیکی باسی هەندێک لە لاڕستە تەواوکەرەکانی کردارەکانی بیرکردنەوە دەکات. کردارەکانی وەک (دەزانێت، تێدەگات، باوەڕی وایە، وادادەنێت) بە شێوەیەکی گشتی تەنیا لاڕستەیەک وەردەگرن کە باسی (ڕاستی) دەکات. لەکاتێکدا کردارەکانی (بیردەکاتەوە، تێڕادەمێنێت) لاڕستە تەواوکەریەکانیان یان باسی ڕاستی یان باسی چالاکیەک دەکات، بەلام زیاتر ئارەزوویان بەلای ئەو بەرەکارانەدایە کە باسی ڕاستی دەکەن. ئەو لاڕستە تەواوکەریانەی کە باسی ڕاستی دەکەن، ئاماژە بە شتێک دەکەن کە لەڕستیدا/بەڕاستی ڕوویداوە. لەڕووی پێکهاتیشەوە ئەو لاڕستە تەواوکەریانەی کە باسی ڕاستی دەکەن، پێکهاتەکەیان هاوشێوەی پێکهاتەی لاڕستە سەرەکیەکەیە، بەلام لەڕووی کاتەوە، ئەو کلۆزە تەواوکەریانە بە تەواوی سەربەخۆن و لەسەردەم کاتی کلۆزە سەرەکیە بەند نین. هەروەها ئەگەر ئەو کلۆزە تەواوکەریانە ئەماژەدەری کاتیان هەبێت، ئەوا ئاماژە دەرە کاتیەکەشیان جیاوازە لە ئەماژە پێدەری

کاتی کلۆزە سەرەکیەکە. ئەو کلۆزە تەواوکەریانە بەوەش دەناسرێنەوە کە (کە)ی لە پێشە، وەک لە نموونەی ژمارە (١٦) دیارە:

١٦- دانا پێی وایە کە هەڵبژاردنی دلێر هەڵەیەک بوو.

لەم ڕستەیەدا دەبینین، کهلاڕستەی تەواوکەری (کە هەڵبژاردنی دلێر هەڵەیەک بوو) باسی ڕاستیەک دەکات، لە ڕووی کاتیشەوە باسی ڕابردوو دەکات، هەروەها (کە)ی لە پێش هاتووە. لە کاتێکدا کلۆزەسەرەکیەکە (دانا پێی وایە) باسی کاتی ڕانەبردوو دەکات.

ئەو لاڕستە تەواو کەریانەی کە باسی چالاکی دەکەن ئاماژە بەوە دەدەن کە چالاکیەکە بەردەوامە، ئەو جۆرە تەواوکەرەش زیاتر شێوەی ناوی یان فرێزێکی ناوی هەیە و زۆرەبەی جاریش بهەۆی ئامرازێکی پەیوەندیەوە دەدرێتە پاڵ کردارەکە. وەک لەڕستەی ژمارە (١٧)دا داڕوونکراوەتەوە. هەروەها ئەم جۆرە لاڕستە تەواوکەریە (کە)ی لە دوا نایەت.

١٧- بیر لە وازهێنان لە ئاهەنگەکە دەکەمەوە .

لەم ڕستەیە دا دەبینین، کە لاڕستە تەواوکەرەیەکە (لە وازهێنان لە ئاهەنگەکە) لەڕووی سیمانتیکیشەوە باسی چالاکیەکە دەکات کە بەردەوامە.

دەکرێت کردارێکی وەک (بیردەکەوێتەوە) هەردوو جۆری لاڕستەی تەواوکەری وەربگرێت لەگەڵ جۆرێکی تری جیاوا لە هەردووکیان، هەروەک لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٨- بیرم هاتەوە کە تۆ دەنگت نەدا.

١٩- تەماشاکردنی هەڵبژاردنەکەم بیرهاتەوە.

٢٠- بیرم هاتەوە تەلفزیۆنەکە بکوژینمەوە .

لەم ڕستانە دا دەبینین کە کرداری (بیردێتەوە) سێ جۆری جیاواز لە لاڕستەی تەواوکەری وەرگرتووە، هەرجۆرێک لە لاڕستە تەواوکەریەکان لە هەربارێک کە تێدایە، لە ڕووی سینتاکسی و سیمانتیکی جیاوازن. لە ڕستەی ژمارە (١٨)دا لاڕستەی تەواوکەری (کە تۆ دەنگت نەدا) ئامرازی تەواوکەری (کە)ی لە پێش هاتووە. لاڕستە تەواوکەریەکە بکەرێکی سەربەخۆ و جیاوازی هەیە لەوەی کە لە ڕستە سەرەکیەکەدایە. لە ڕووی سیمانتیکیەوەش لاڕستە تەواوکەریەکە باسی ڕاستیەک دەکات.

لەڕستەی ژمارە (١٩)دا دەبینین کە هەمان کرداری (بیردێتەوە) لاڕستەیێکی تەواوکەری لەدواهاتووە کە لە شێوەی فرێزێکی ناوی دایە (تەماشاکردنی هەڵبژاردنەکە)، کلۆزە

تەواوکەریەکە لە چاوگ پێکهاتووە کە هیچ دەم کاتێک هەڵناگرێت سەرەڕای ئەوەی کە بکەری ڕستە سەرەکیەکە هەمان بکەری لاڕستە تەواوکەریەکەیە، لاڕستە تەواوکەریەکە ئامرازی لاڕستەی تەواوکەری (کە)ی لە پێش نەهاتووە. لەڕووی سیمانتیکیشەوەش، لاڕستە تەواوکەریەکە باسی چالاکیەکە دەکات کە لە شێوەی بەردەوامی دایە، واتە؛ چالاکیەکە جۆرێک لەبەردەوامی هەیە.

جگە لەم دوو جۆرە لاڕستە تەواوکەریە، هەمان کرداری (بیردێتەوە) جۆرێکی تر لە لاڕستە وەردەگرێت، کە لە ڕووی سینتاکسی و سیمانتیکی لە دوو جۆرەکەی تری لاڕستەی جیاوازە. لە ڕستەی ژمارە (٢٠)دا لاڕستەی تەواوکەری (تەلفزیۆنەکە بکوژێنمەوە) لەڕووی سینتاکسیەوە هەمان بکەری ڕستە سەرەکەیەکە دەبێتە بکەری لاڕستە تەواوکەریەکەش، لەڕووی سیمانتیکیشەوە لاڕستە تەواوکەریەکە ئاماژە بە شاراوەی شتێک دەکات بۆ نموونە: (مەبەست، داخوازی، ناچارکردن) تەنیا شتێک کە لەم لاڕستە تەواوکەرەیە ڕوونە ئەوەیە، کە باسی بەشداریکردنی بکەرەکە دەکات لە جۆرە چالاکیەک[*].

[*] بڕوانە: Dixon, R. M. W. 2006:27-33

بەمەبەستی زیاتر ئاشنا بوون بە کردارەکانی (بیرکردنەوە)و چۆنیەتی پۆلێنکردنیان و زانینی تایبەتمەندییەکانی هەر پۆلێکیان، ئەم خشتیە خوارەوە دەخەینەڕوو:

| ژ | گروپ | نموونەی کردار | باری تێپەڕی | باری تێنەپەڕی | جۆرەکانی لاڕستەی تەواوکەری | واتای لاڕستەی تەواوکەری | بکەری لاڕستەی تەواوکەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەم | بیردێتەوە | هەیە | نیە | لاڕستەی (کە)<br>لاڕستەی بەردەوامی<br>لاڕستەی چاوگی<br>لاڕستەی پرسی | ڕاستیەک<br>چالاکی<br>شاراوە<br>ڕاستی | بکەری سەربەخۆ<br>بکەری لاڕستەی سەرەکی<br>بکەری لاڕستەی سەرەکی<br>بکەری سەربەخۆ |
| ٢ | دووەم | بیردەکاتەوە | هەیە | هەیە | لاڕستەی (کە)<br>لاڕستەی بەردەوامی | ڕاستی<br>چالاکی | بکەری سەربەخۆ<br>بکەری سەربەخۆ |
| ٣ | سێیەم | دەزانێت | هەیە | هەیە | لاڕستەی (کە)<br>لاڕستەی پرسی | ڕاستی<br>ڕاستی | بکەری سەربەخۆ<br>بکەری سەربەخۆ |
| ٤ | چوارەم | دەگاتە ئەنجام | هەیە | نیە | لاڕستەی (کە)<br>لاڕستەی پرسی | ڕاستی<br>ڕاستی | بکەری سەربەخۆ<br>بکەری سەربەخۆ |
| ٥ | پێنجەم | شیدەکاتەوە | هەیە | نیە | لاڕستەی (کە) | ڕاستی | بکەری سەربەخۆ |
| ٦ | شەشەم | گومانی لێدەکات | هەیە | نیە | لاڕستەی (کە)<br>لاڕستەی چاوگی<br>لاڕستە بە پریپۆزشنی (بە) | ڕاستی<br>شاراوە<br>ڕاستی | بکەری سەربەخۆ<br>بکەری سەرەبەخۆ<br>بکەری ڕستەی سەرەکی |

## ٥-٣ کردارەکانی بڕیاردان:

ئارتس باسی کردارەکانی بڕیاردان دەکات و دەڵێت: بەشێوەیەکی گشتی پێ یان دەگوترێت (بڕیاردان). ئەم کردارانە هەمیشە دوو ڕۆڵیان هەیە، یەکێکان (بڕیاردەرەکە، کە بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤە)، ئەوەی تریش (بوارەکەیە) یە. کردارەکانی بڕیاردان بە شێوەیەکی بنەرەتی کرداری تێپەڕن، کەتیایاندا بڕیاردەرەکە ڕۆڵی بکەر وەردەگرێت و بوارەکەش ڕۆڵی بەرکار دەبینێت. بەمەبەستی زیاتر روونکردنەوەیان، کردارەکانی بڕیاردان بەسەر دوو گروپ دا دابەشدەکەین:

**گرووپی یەکەم**: کردارەکانی (چارەسەردەکات، سوورە لەسەر، بڕیاردەدات، پلانی بۆ دادەنێت) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گرووپە بەوە ناسراون، کە لەڕووی سیمانتیکیەوە دیقەت دەخەنە سەر بوارێکی دیاریکراو.

کردارەکانی ئەم گرووپە لەوانەیە بەرکارەکەیان واتە؛ (ئەو ئارگومێنتەی کە ڕۆڵی بوارەکە دەبینێت) بە شێوەی لاڕستەی تەواوکەری دەربکەوێت. جا بۆئەوەی زیاتر سەرنجی جۆرەکانی ئەو لاڕستانە بدەین کە کردارەکانی ئەم گرووپە وەریان دەگرن، لاڕستە تەواوکەریەکان دەکەین بەچەند جۆرێکەوە:

<u>جۆری یەکەم</u>: لاڕستەی تەواوکەری (کە)، کە لەڕووی سینتاکسیەوە وەک بەرکاری ڕستەکە و لەڕووی سیمناتیکیشەوە وەک ئارگومێنتی بوارەکە دەردەکەوێت، وەک لە نموونەی ژمارە (١)دا ڕونکراوەتەوە:

١- دارا سووربوو لەسەرئەوەی کە نادۆڕێت.

<u>جۆری دووەم</u>: لاڕستەی (پرسی)، کە لەڕووی سینتاکسیەوە وەکو بەرکاری ڕستەکە و لەڕووی سیمناتیکیەوەش وەکو ئارگومێنتی بوارەکە دەردەکەوێت، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

٢- ئازاد بڕیاردەدات بۆ کوێ بچێت لە هاویندا.

<u>جۆری سێیەم</u>: لاڕستەی پریپۆزشنی (بۆ) کە لەڕووی سینتاکسیەوە وەک بەرکاری ڕستەکە و لەڕووی سیمناتیکیشەوە وەک ئارگومێنتی بوارەکە دەردەکەوێت( Aarts 81،p،B.1995)، بڕوانە ئەم نموونەی خوارەوە:

٣- دانا بۆ کچەکان بڕیاردەدات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەهەرسێ لاڕستە تەواو کەرەیەکە ئەوە یە کە بکەری لاڕستە تەواوکەریەکان هەمان بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە، هەرلەبەرئەوەشە دەکرێت بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە لاببردێت، وەک لەنموونەکانی لاڕستەی پرسی و لاڕستەی پریپۆوشنی بینیمان.

- لەدیدی دیکسندا، کردارەکانی ئەم گرووپە جۆرێکی تر لاڕستەی تەواوکەری وەردەگرن:

جۆری چوارەم: لاڕستەی گرێیی، کە لەڕووی سینتاکسیەوە وەکو بەرکاری ڕستەکە و لەڕووی سیمناتیکیشەوە وەکو ئارگومێنتی بوارەکە دەردەکەوێت، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

٤- ئەم هەفتەیە من بڕیار لەسەر بڕینی گوڵەباخەکان دەدەم.

لەم ڕستەیەدا دەبینین کە بهەۆی پریپۆزشنی (لەسەر)ەوە کردارەکە و بەرکارەکە بەیەکەوە بەسترانەتەوە، هەرکاتێک کردارەکانی وەک (بڕیار دەدات و سورە) پریپۆزشنی (لەسەر)یان لە دوا بێت، ئەوا دەبێت گرێیەکی ناویان لە دوابێت. خاڵێکی تر سەبارەت بەم جۆرە لاڕستە تەواوکەریەی کردارەکانی ئەم گروپە ئەوەیە کە، بکەری لاڕستەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە هەمان بکەر نین، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بکەری لاڕستەکە دەرنەکەوێت. ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە بکەری لاڕستەکە دیاری کراو نیە. (Dixon.1982a, p.42)

هەرسەبارەت بە هەردووکرداری (بڕیار لەسەردەدات و سورە لەسەر)، کە تایبەتمەندن بەوەرگرتنی جۆری چوارەمی لاڕستەی تەواوکەری، دەکرێت ئەم دوو کردارە دوو جۆرە فرێزی ناوی وەک بەرکاریان وەرگرن، بەرکاری کۆنکریتی و بەرکاری واتایی (Nickel, 1968, p.21)، وەک لە ڕستەکانی پێنجەم و شەشەم دیارە:

٥- نارین بڕیاری لەسەر کراسێکی سووردا.

٦- ئەم ئێوارەیە ئازاد بڕیاری شانۆیەکەی دا.

لەم دوو ڕستەیەدا دەبینین کە فرێزە ناویە کۆنکریتیەکە و فرێزە ناوییە واتاییەکە وەک بەرکاری ڕستە سەرەکیەکە دەردەکەون، لە هەمان کاتیشدا وەک بەرکاری لاڕستەکە دەردەکەون، بەلام دەکرێت کرداری لاڕستەکە دەرنەکەوێت، بەتایبەتی ئەگەر واتای کرداری لاڕستەکە ڕوونبێت و کەسی گوێگر بهەۆی دەقەکەوە تێبگات کە کرداری لاڕستەکە چیە، بۆیە کەسی قسەکەر کرداری لاڕستەکە دەرنابڕێت. بۆ نموونە دەکرێت رستەی ژمارە پێنج واتای ئەوە بێت کە (نارین بڕیاری داوە چ کراسێک بکڕێت، یان چ کراسێک لەبەر بکات). هەروەها دەکرێت ڕستەی ژمارە شەش واتای ئەوە بدات کە (ئازاد بڕیاری لەسەر چوونە شانۆ داوە، یان بڕیاری لەسەر هەڵبژاردنی شانۆیەکە داوە). ئەم دەرنەکەوتنەی کرداری لاڕستەکەش بەشێکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بکەری ڕستە سەرەکیەکە هەمان بکەری لاڕستەکەشە.

**گرووپی دووەم:** کردارەکانی (دەستنیشاندەکات، هەڵدەبژێرێت، بە باشتر دەزانێت، دادەمەزرێنێت، دیاریدەکات، دەنگدەدات) دەگرێتەوە. سیفەتی باوی سیمانتیکی کردارەکانی ئەم گروپە ئەوەیە کە بوارێک لەناو ژمارەیەک بوار هەڵدەبژێرێت، واتە؛ لە نێو ژمارەیەک بواری جێگرەوە یەکێکیان بە باش دەزانێت.

وەک کردارەکانی گروپی یەکەم، کردارەکانی گروپی دووەمیش دەکرێت چەند جۆرێک لاڕستەی تەواوکەری وەردەگرن: لەخوارەوە باسی جۆرەکانی لاڕستەی کردارەکانی گروپی دووەممان کردووە:

<u>جۆری یەکەم</u>: لاڕستەی (کە) کە لەڕووی سینتاکسیەوە وەکو بەرکاری ڕستەکە و لەڕووی سیمناتیکیشەوە وەکو ئارگومێنتی بوارەکە دەردەکەوێت، وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

٦- ئەوە دیاریدەکەم/بەباش دەزانم کە دەبێت تکەمان هەبێت ئەمڕۆ ئێوارە.

<u>جۆری دووەم</u>: لاڕستەی پرسی، کە لەڕووی سینتاکسیەوە وەکو بەرکاری ڕستەکە و لەڕووی سیمناتیکیشەوە وەکو ئارگومێنتی بوارەکە دەردەکەوێت، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

٧- من هەڵدەبژێرم کێ لەگەڵمان دێت.

<u>جۆری سێیەم</u>: لاڕستەی پریپۆزشنی (بۆ) کە لەڕووی سینتاکسیەوە وەکو بەرکاری ڕستەکە و لەڕووی سیمناتیکیشەوە وەکو ئارگومێنتی بوارەکە دەردەکەوێت، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٨- من بۆ نارین هەڵدەبژێرم چ لەبەربکات.

<u>جۆری چوارەم</u>: لاڕستەی فرێزی، کە لەڕووی سینتاکسیەوە وەک بەرکاری ڕستەکە و لەڕووی سیمناتیکیشەوە وەک ئارگومێنتی بوارەکە دەردەکەوێت، لەم نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١٠- نارین بوکە شووشەیەک هەڵدەبژێرێت

لەڕووی سیمانتیکیەوە هەبوونی جۆری چوارەمی لاڕستەی تەواوکەری لەگەڵ کردارەکانی ئەم گروپە ئەوەنیشاندەدات، کە جۆرێک لە دامرکاندنەوە و کپ کردنەوەی ئەو کەسە هەیە کە هەڵبژاردنەکە ئەنجامدەدات*.

---

* بڕوانە: Quirk, Randolph. Sidney Greenbaum. Geoffrey Leech & Jan Svatrvik. 1985*

لە جۆری یەکەم و دووەم و سێیەمی لاڕستەکان سەرنجی ئەوە دەدەین، کە بکەری لاڕستەکە جیاوازە لەبکەری ڕستە سەرەکیەکە. هەروەها دەکرێت لە کردارەکانی (هەڵدەبژێریت، دەنگدەدات، بڕیاردەدات) دیاریکردنی ئارگومێنتی بوارەکە لابردرێت، ئەمەش وادەکات کە کردارەکە بە شێوەی باری تێنەپەڕی دەربکەوێت(Noona,1985,p.42)، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١١- زۆر درەنگە ئەفسەر، پێشتر بڕیارم داوە.

هەروەها دەکرێت کردارێگی وەک دەنگدەدات لە باری تێنەپەڕی دەربکەوێت، وەک لە ڕستەی ژمارە (١٢)دا ڕوونکراوەتەوە:

١٢- بەنیازم ئەمجارە دەنگبدەم.

بۆ زیاتر روونکردنەوە لەسەر کردارەکانی (بڕیاردان) ئەم خشیەیە دەخەینە ڕوو:

| ژ | گروپ | نموونەی کردار | ژمارەی ئارگومێنت | باری تێپەڕی | باری تێنەپەڕی | جۆری لاڕستەی تەواوکەری | جۆری بکەری لاڕستەی تەواوکەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەم | بڕیاردەدات | دوو | هەیە | نیە | کڵۆزی کە<br>**لاڕستەی** پرسی<br>**لاڕستەی** پریپۆزشنی<br>**لاڕستەی** فرێزی ناوی | کەری ڕستەی سەرەکی<br>بکەری ڕستەی سەرەکی<br>بکەری ڕستەی سەرەکی<br>بکەری سەربەخۆ |
| ٢ | دووەم | هەڵدەبژێریت | دوو | هەیە | هەیە | **لاڕستەی** کە<br>**لاڕستەی** پرسی<br>**لاڕستەی** پریپۆزشنی<br>**لاڕستەی** فرێزی ناوی | بکەری سەربەخۆ<br>بکەری سەربەخۆ<br>بکەری سەربەخۆ<br>بکەری ڕستەی سەرەکی |

## ٤-٥ کردارەکانی قسەکردن:

زمانی کوریدیش وەک زمانەکانی تری جیهان خاوەنی چەندین کردارە کە باسی قسەکردن دەکەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆڵە گرنگەیە کە زمان هەیەتی لە ژیان.

ناساندنی کردارەکانی قسەکردن دەگەڕێتەوە بۆ زویکی کە باسیکردووە، دواتر موفوێنی (١٩٧٨)، پەرەی بەلایەنی سیمانتیکی کردارەکانی قسەکردن دا، پاشان ڕێگا بۆ لێکۆڵەرەوە و نووسەرانی تر کرایەوە لەم بوارەدا. بە شێوەیەکی گشتی کردارەکانی قسەکردن لەڕووی سیمانتیکیەوە چوار ڕۆڵیان هەیە، بەلام مەرج نیە هەرچوار ڕۆڵ بەیەکەوە وەرگرن، بەڵکو ئەو ڕۆڵە سیمانتکیانەی کە وەریان دەگرن جیاوازن. ڕۆڵەکانیش (قسەکەر، گوێگر، پەیامەکە، کەرستە/ئامراز/ناوەندی گەیاندنەکە)ن. دەکرێت ڕۆڵەکانی قسەکەرو گوێگر و ناوەندی گەیاندنەکە لەشێوەی فرێزی ناویدا دەربکەون، کەچی ڕۆڵی پەیامەکە دەکرێت بە شێوەی فرێزی ناوی، یان بەشێوەی لاڕستەی تەواوکەری یاخود بەشێوەی قسەی ڕاستەوخۆ دەربکەوێت.

لەهەموو بارەکاندا ڕۆڵی قسەکەر دەبێتە ئەنجامدەر و بکەری کردارەکە. کەچی ڕۆڵەکانی گوێگر و پەیامەکە و ناوەندی گەیاندنەکە لە ڕووی سینتاکسیەوە پەیوەندیەکانیان جیاوازە، بەلام زۆربەی کردارەکان ڕۆڵە پەیامەکە وەکو بەرکاریان دەناسێنن، وەک لە ڕستەی ژمارە (١)دا ڕوونکراوەتەوە:

١- نەخۆشییەکەی پیاوەکەی کردە ڕاپۆرت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لە کردارەکان ڕۆڵی گوێگر وەکو بەرکار بناسێنن، وەک لەڕستەی ژمارە (٢)دا ڕوونکراوەتەوە:

٢- نەخۆشیەکەی پیاوەکەی بەبیری دکتۆرەکە هێنایەوە.

ئەگەر ڕۆڵە گوێگرەکە نەبێتە بەرکار، ئەوا زۆرەبەی جار گوێگرەکە بهەۆی پریپۆزشنی (بە)ەوە دەردەکەوێت، وەک لەڕستەی ژمارە (٣)دا ڕوونکراوەتەوە:

٣- نەخۆشیەکەی پیاوەکەی بە دکتۆرەکە گووت.

دەکرێت زۆربەی کردارەکانی قسەکردن بۆ ناساندنی قسەی ڕاستەوخۆ بەکاربێن، وەک لە ڕستەی ژمارە (٤)دا ڕوونکراوەتەوە:

٤-ئەو بە منداڵەکانی گووت: ڕۆژی مندالانە.

ئەم خشتەی خوارەوە زۆربەی کردارەکانی قسەکردن ڕووندەکاتەوە کە بۆ هەرکارێک دەکرێت پەیامەکە یان گوێگرەکە وەک بەرکاری کردارەکە دەربکەوێت:

| ژ | کردار | ڕۆڵی گوێگر | ڕۆڵی پەیام |
|---|---|---|---|
| ١ | گفتوگۆ دەکات | پرپێۆزشنی (لەگەڵ) | پرپێۆزشنی دەربارەی، سەبارەت بە |
| ٢ | تاوتوێ دەکات | پرپێۆزشنی (لەگەڵ) | بەرکار |
| ٣ | هاواردەکات | بەرکار | پرپێۆزشنی (لە) |
| ٤ | پێدهلێت | بەرکاری یەکەم<br>پرپێۆزشنی (بە) | بەرکاری دووەم<br>بەرکار |
| ٥ | ئاگاداردەکاتەوە | بەرکار | دەربارەی/سەبارەت/ لە |
| ٦ | فرەماندەدات | پرپێۆزشنی (بە) | بەرکار |
| ٧ | دەبەخشێت/دەبورێت | بەرکار | پرپێۆزشنی (لە) |
| ٨ | ڕادەگەیێنێت | پرپێۆزشنی (بە) | بەرکار |

دەکرێت ڕۆڵی پەیامەکە دوو بەشی هەبێت. کاتێک ڕستەکە دەبارەی (پرسیارێکە، ڕاگەیاندنێکە، یان پێشنیازێکە)، وەکو لە ڕستەی ژمارە (٦)دا ڕوونکراوەتەوە:

٦- هەواڵەکەی دەربارەی کوشتنەکە ڕاگەیاند.

بەشی یەکەمی پەیامەکە لە فرێزێکی ناوی پێکهاتووە و بەبەشی یەکەمی پەیامەکە دەگوترێت، نیشانەی پەیامەکە، دواتر بەشی یەکەمی پەیامەکە بهەۆی پرپێۆزشنێکەوە بە بەشی دووەمی پەیامەکە بەستراوەتەوە و بە بەشی دووەمی پەیامەکەش دەگوترێت ناوەڕۆکی پەیامەکە*.

زمانەوان دیکسن بەدرێژی باسی چۆنیەتی دەرکەوتنی نیشانەی پەیامەکە و ناوەڕۆکی پەیامەکە لەگەڵ کردارەکە دەکات و دەیان کات بەم بەشانەی خوارەوە.

دەکرێت بەشی دووەمی پایەمەکەش فرێزێکی ناوی بێت و لەدوای پرپێۆزشنەکە لاڕستەیەکی تەواوکەری کە بە (کە)یە یان بە (پرس)ە دەستپێدەکات، هەبێت. وەک لەم دوو ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

* بڕوانە: Zwicky, A.M. (1971). - Mufwene, S.S. 1971:225-231.

٧- هەواڵەکەی ڕاگەیاند دەربارەی ئەوەی کە ئازاد تەقەی لە دانا کردووە.

٨- هەواڵەکەی ڕاگەیاند دەربارەی ئەوەی کێ تەقەی لە دانا کردووە.

هەروەها دەکرێت ڕستەیەکی وەک ئەوەی ژمارە (٩)دا تەنیا نیشانەی پەیامەکە هەبێت لەگەڵ کردارەکە:

٩- ژنەکە هەواڵە خەمناکەکەی ڕاگەیاند.

دەکرێت لەڕستەیەکی وەک ئەوەی ژمارە (١٠)دا نیشانەی پەیامەکە دێت و پریپۆزشن دێت ئینجا ناوەڕۆکی پەیامەکە لەگەڵ کردارەکە دەردەکەوێت:

١٠- دانا هەواڵە خەمناکەکەی دەربارەی کوشتنەکە ڕاگەیاند .

دەکرێت لەڕستەیەکی وەکو ئەوەی ژمارە(١١)دا، نیشانەی پەیامەکە بێت و پریپۆزشنەکە بێت و ئینجا ناوەڕۆکی پەیامەکە بێت، کە لەشێوەی فرێزێکی ناوی دایە ( Dixon, R. M. W., & Aikhenvald, A. Y. (Eds.). 2000:279-286)وةک:

١١- ئەو هەواڵەکەی دەربارەی تەقەکردنەکەی ئازاد ڕاگەیاند

یان دەکرێت لەڕستەیەکی وەکو ئەوەی ژمارە (١٢)دا نیشانەی پەیامەکە هەبێت، ئینجا پریپۆزشنەکە پاشان ناوەڕکی پەیامەکە کە بە لاڕستەیەکی تەواوکەری (پرسی) دەست پێدەکات:

١٢- ئارام هەواڵەکەی دەربارەی ئەوەی کێ تەقەی لە ئازاد کردووە ڕاگەیاند.

ئەوەی سەرنجەدرێت لەڕستەکانی (٩و١٠ و١١و١٢)دا تەنیا نیشانەی پەیامەکە بۆتە بەرکاری کرداری ڕستەکان، بەلام دەشکرێت کە ناوەڕۆکی پەیامەکە وەکو بەرکار دەربکەوێت یان جۆرە جیاوازەکانی لاڕستەی تەواوکەری بەتەنیا وەکو بەرکاری کردارەکە دەربکەون، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەداڕوونکراوەتەوە:

١٣- ئارام کوشتنەکەی ڕاگەیاند.

لەڕستەی ژمارە (١٣)دا تەنیا ناوەڕۆکی پەیامەکە لەگەڵ کردارەکە دەرکەوتووە. لەڕستەی ژمارە (١٤)دا لاڕستەکە بەتەنیا لەگەڵ کردارەکە دەردەکەوێت و دەبێتە بەرکار:

١٤- پۆلیسەکە ڕایگەیاند پیاوەکە تەقەی لەنەوزاد کرد.

هەروەهادەکرێت ناوەڕۆکی پەیامە لە شێوەی لاڕستەی تەواوکەری (کە) و لاڕستەی تەواوکەری (پرسی) بەتەنیا لەگەڵ کردارەکە دەربکەوێت، بەێ هەبوونی نیشانەی پەیامەکە، وەک لە ڕستەکانی ژمارە (١٥و ١٦)دا ڕوونکراوەتەوە:

١٥- پۆلیسەکە ڕایگەیاند کە دزەکە تەقەی لە بێتاوانەکەکرد.

١٦- پۆلیسەکە ڕایگەیاند کێ تەقەی لەبێتاوانەکە کرد.

ئەوەی شایەنی باسە هەموو کردارەکانی قسەکردن مەرج نیە لە شێوەی ڕستەکانی (٩ و ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٣ و ١٤ و ١٥و١٦) دەربکەون، بەڵکو هەر کردارەو تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە کامیان دەردەکەوێت و لە کامیان دەرناکەوێت. بۆیە واباشترە سەرەتا کردارەکانی قسەکردن بەسەر چەند گروپێکدا دابەش بکەین و باسی گروپەکان بکەین، پاشان بە خشتەیەک ڕوونی دەکەینەوە کە کردارەکانی کامە گروپ لە چ ڕستەیەک دەردەکەوێت و لە چ ڕستەیەک دەر ناکەوێت.

**گروپی یەکەم**: کردارەکانی (قسەدەکات، گفتوگۆدەکات، دەمەتەقێ دەکات، دەدوێت، غەیبەت دەکات، پەیوەندی دەکات، مشتو مڕدەکات، وتوێژدەکات، نوکتە دەڵێت) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گروپە بە شێوەیەکی بنەڕەتی تێنەپەڕن و دەتوانن تەنیا بەهەبوونی ڕۆڵی بکەر دەربکەون. ئەویە کە خاڵی دیاری کردارەکانی ئەم گروپە ئەوەیە کە لە ڕووی سینتاکسیەوە لاڕستەی تەواوکەری (کە) وەرناگرن*.

هەندێک لەکردارەکانی وەک (پەیوەندی دەکات، غەیبەت دەکات، مشتو مڕدەکات، وتوێژدەکات، دەمەتەقێ دەکات) لەم گروپە دا بەوە دەناسرێنەوە کە یان دەبێت بکەرێکی کۆ وەربگرن کە لە شێوەی فرێزێکی ناوی دایە، یان دەبێت گوێگرێک هەبێت لە شێوەی فرێزی ناوی کە بە پریپۆزشنی (لەگەڵ) دەستپێدەکات. وەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٧- نارین و نازێ دەمەتەقێیان کرد.

١٨- نارین دەمەتەقێی لەگەڵ نازێ کرد.

هەندێکجار وادادەنرێت کە کرداری (قسە دەکات) لەڕووی سیمانتیکیەوە هەمان واتای کردارەکانی (گفتوگۆدەکات، دەمەتەقێ دەکات، دەدوێی) هەبێت، بەلام (قسەدەکات)، هەندێک بەکارهێنانی هەیە کە ناکرێت لەو بەکارهێنانەدا جێگەی بهەیچ یەکێک لەوکردارانە بگیرێتەوە، وەکو لە ڕستەی ژمارە ( ١٩ و ٢٠و ٢١)دا ڕوونکراوەتەوە:

١٩- بەچەند زمان قسەدەکات؟

---

* بڕوانە: Lehrer, Adrienne. 1988

٢٠- قسەم بۆی کرد.

٢١- سەرۆکەکە قسەی بۆم کرد.

لەم ڕستانەدا کرداری قسەدەکات بە واتای زانینی زمان دێت وەک لەڕستەی ژمارە (١٩) دا، لەڕستەی ژمارە (٢٠) واتای ئەوە دەگەیێنێت کە قسەکردنەکە تاک لایانەیە، لەڕستەی ژمارە (٢١) دا واتای ئەوەدەگەیێنێت کە جیاوازی پلەبەندی هەیە لەنێوان قسەکەرەی بکەر و قسەکەری بەرکاری، واتە؛ بەشێوەیەکی گشتی کەسی قسەکەر لە پێگەیەکی بەرزتر دایە. لەکاتێکدا سەرجەم کردارەکانی تر، جگە لەکرداری نوکتە دهڵێت نەبێت، واتای ئەوەدەگەیێنێت کە پەیوەندی ئاڵوگۆرکردن هەیە لە نێوان کەسی قسەکەری بکەر و کەسی قسەکەری بەرکاری.

هەردووکرداری (قسەدەکات و گفتوگۆدەکات) هەندێکجار لەشێوەی تێپەڕی دەردەکەون، ئەمەش وادەکات کە ئەم دوو کردارە لەسەرجەم کردارەکانی تری ئەم گروپە جیاوازبن، وەک ڕستەی ژمارە (٢٢)دا دیارە:

٢٢- لێرە کوردی قسەی پێدەکرێت .

٢٣- گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر زمانەوانی کرا لەو ئاهەنگەی شەوی ڕابردوو.

٢٤- وتوێژی سیاسی دەکەن.

**گروپی دووەم:** کردارەکانی (وتوێژدەکات، ئاماژە دەکات، وەسفدەکات) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گروپە بەوە دەناسرێنەوە کە لەڕووی سیمانتیکیەوە دیقەت دەخەنە سەر پەیامێکی دیاریکراو، یان ئاماژە بە چالاکیەک دەکەن کە ئەو چالاکیە جەخت لەسەر پەیامێکی دیاریکراو دەکاتەوە. هەروەها لەڕووی سینتاکسەوەش، بەتەواوی کرداری تێپەڕن و ڕۆڵە بەرکاریەکەش بە پەیامەکە پڕدەکرێتەو*. وەکو لەڕستەی ژمارە (٢٥)دا ڕوونکراوەتەوە:

٢٥- ئەفسەرەکە وەسفی جەنگەکەی کرد.

هەروەها کردارەکانی ئەم گروپە ناتوانن لەگەڵ لاڕستەی تەواوکەری (کە) دەربکەون، یان قسەی ڕاستەوخۆ بناسێنن. سەبارەت بەکرداری (وتوێژدەکات) دەکرێت بکەرەکەی فرێزێکی ناوی ئاڵوگۆڕکراو بێت، یان گوێگرەکە لەلایەن پریپۆزشنی (لەگەڵ) بناسێندرێت. کرداری (وەسفدەکات) پێویستی بە پریپۆزشنی (بۆ) هەیە بۆ ناساندنی گوێگرەکەی.

---

* بڕوانە: Dirven, R. Goossens, L. Putseye, Y, Vorlat, E. 1982.

لەکاتێکدا کرداری (ئاماژە بۆ دەکات) بە شێوەیەکی گشتی زۆر بەکەمی باسی کەسە گوێگرەکە دەکات.

**گروپی سێیەم:** بەگوێرەی ئیواتا، کردارەکانی (بانگدەکات، هاواردەکات، نزادەکات، دەگێڕێتەوە، دەخوێنێتەوە، دەرنەڕێنێت، دەچرپێت، ئامۆژگاری دەکات، دەگرییێت، فیکە لێدەدات، سوێند دەخوات) دەگرێتەوە.

لەوانەیە ئەوکردارانە بە شێوەی تێپەڕیش بەکاربێن، کاتێکیش بەشێوەی تێپەڕی بەکار دێن، ئەوا ڕۆڵە پەیامەکە دەبێتە بەرکاری کردارەکە. هەروەها دەکرێت کردارەکانی ئەم گروپە لاڕستەی تەواوکەری (کە) وەرگرن و بۆ ناساندنی قسەی ڕاستەوخۆ بەکار بێن. وەک لەم دوو ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٦- پیاوەکە بانگی کرد کە چەتەکان نزیک دەبنەوە .

٢٧-"چەتەکان نزیک دەنبەوە" دارا بانگی کرد.

کردارەکانی (هاواردەکات، دەنەڕێنێت) پریپۆزشنی (لە) وەردەگرن بۆ ناساندنی کەسی گوێگر، ئەمەش بۆ مەبەستی ئەوەیە کە ئاستی پەیوەندی کردن لەگەڵ کەسی گوێگر باشتر بکەن. کردارەکانی (نزادەکات، دەگێڕێتەوە، دەخوێنێتەوە، دەگرییێت، سوێند دەخوات، فیکە لێدەدات) پریپۆزشنی (بۆ) وەردەگرن، ئەمەش بەومەبەستەی دەری بخەن، کە کەسی قسەکەر بۆ کەسی گوێگر کردارەکە دەکات.

هەندێک کرداری تر هەن کە تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ کردارەکانی ئەم گروپە دادەنرێن، ئەوانیش کردارەکانی (وەردەگێڕێت، گۆدەکات، دەردەبڕێت) دەگرێتەوە. کرداری (وەردەگێڕێت) سەرجەم سیفەت و تایبەتمەندییەکانی تری کردارەکانی ئەم گروپەی هەیە، تەنیا ئەوەنەبێت کە ناتوانێت لاڕستەیەکی تەواوکەری وەرگرێت کە بە (کە) دەستپێدەکات. هەرچی کردارەکانی (گۆدەکات و دەردەبرێت)ن نیشانەیەکی پەیامی وەردەگرن کە لە شێوەی فرێزێک ناوی دایە، دواتریش وشەیەک یان ڕستەیەک لە دوای نیشانەی پەیامەکە دێت، کە پەیامە ئاماژەی بۆ دەکات. هەروەها کردارێکی وەک (ناودەنێت) دەکرێت لە لقێکی جیاواز لەم گروپە دابنرێت، لەبەرئەوەی لەڕووی سینتاکسیەوە جیاوازە لەکردارەکانی تری ئەم گروپە. بەرکارەکەی فرێزێکی ناویە کە ئاماژە بە کەسێک یان شتێک دەکات و دواتر ناوەکە لەدوای ئاماژەدان بە کەسەکە یان شوێنەکە دێت. ئەم بارەش دەکرێت لەڕستەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت، (Iwata,2005, p263-286)، وەکو لەم دوو نموونەی ژمارە(٢٨ و ٢٩)دا ڕوونکراوەتەوە:

٢٨- ناوی نا "بوکە شوشە بچکۆلانەکەم"

٢٩- ناویان لە منداڵەکەیان نا یارا.

لیڤن لە پۆلێنکردنە بەناوبانگەکەی کە بۆ کردارەکان کردوویەتی، باسی جۆرێکی فراوان لە کردارەکانی قسەکردن دەکات. ئێمە (٢٥) لەو کردارانە وەردەگرین کە لەیەکتر نزیکن و لە گروپی چوارەمی کردارەکانی قسەکردن دەناسێنین و دەیان کەین بەچەند لقێکەوە*.

**گروپی چوارەم**: کردارەکانی ئەم گروپە بەوکردارانە ناسراون، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان باس لە ڕاگەیاندن دەکەن، واتە؛ باسی چۆنیەتی نیشاندان و دەرخستنی پەیامەکە دەکەن. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەیان، ئەوا دەیان کەین بە چەند لقێکەوە، دواتر باسیان دەکەین:

لقی یەکەم: کردارەکانی (دەڵێت، ڕادەگەیێنێت، دوویاتدەکاتەوە) دەگرێتەوە.

لقی دووەم: کردارەکانی (دەردەبڕێت، پێداگری لەسەر دەکات، پروپاگەندە دەکات) دەگرێتەوە. ئەم کردارانەی ئەم لقە بەزۆری لە باری بکەر نادیاریدا دەردەکەون.

لقی سێیەم: کردارەکانی ( ڕادەگەیێنێت، باسدەکات، پەشیماندەبێتەوە، بلاوکردنەوە بەفەرمی) دەگرێتەوە.

لقی چوارەم: کردارەکانی (ڕووندەکاتەوە، کۆمێنت لێدەدات، لێدوان دەدات) دەگرێتەوە.

لقی پێنجەم: کردارەکانی (خۆهەڵدەکێشێت، گەزاف لێدەدات، گازاندەدەکات، بۆڵە بۆڵدەکات) دەگرێتەوە.

لقی شەشەم: کردارەکانی (پێشنیازدەکات، گانگەشەدەکات، دان پێدادەنێت، پێ لێدەنێت) دەگرێتەوە.

لقی حەفتەم: کردارەکانی (دەگرێتە ئەستۆ، پێشکەشدەکات، ڕازی دەبێت) دەگرێتەوە.

لقی هەشتەم: کردارەکانی (بەڵێن دەدات، هەڕەشەدەکات) دەگرێتەوە.

کردارەکانی لقی یەکەم و دووەم بەوە ناسراون، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی کرداری تێپەڕن و ڕۆڵی پەیامەکە دەبێتە بەرکاریان. کردارەکانی لقی هەشتەم تێپەڕی دووبەرکارین و ڕۆڵی گوێگرەکە دەبێتە بەرکاریان و ئینجا ڕۆڵی پەیامەکەی لە دوا دێت، بەلام دەکرێت زۆربەی جار ڕۆڵە گوێگرەکە لابربدرێت. هەروەها سەرجەم کردارەکانی ئەم گروپە بە هەموو لقەکانیەوە دەکرێت ڕۆڵە پەیامەکەیان بریتیبێت لە لاڕستەکی

---

* بڕوانە: Levin, B. (1993)

تەواوکەری کە بە (کە) دەستپێدەکات بێت، یان ڕۆڵە پەیامەکەیان قسەیەکی ڕاستەوخۆ بێت. وەک لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٠- "نیۆیۆرک باشترین شاری جیهانە" پێشنیازیکرد.

٣١- پێشنیازیکرد کە نیۆیۆرک باشترین شاری جیهانە.

لەم گروپە دا کردارەکانی لقەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەفتەم و هەشتەم هەرهەموویان لەوانەی کە ناوەڕۆکی پەیامەکە وەک بەرکاریان وەرگرن، ئەمەش بەشێکی زۆری بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە لەڕووی سینتاکسیەوە کردارەکانی ئەم شەشە لقە، پریپۆزشنی (سەبارەت بە/دەربارەی) وەردەگرن. هەروەها دەکرێت کردارەکانی لقەکانی دووەم و پێنجەم، ناونیشانی پەیامەکە وەک ڕۆڵی بەرکاری وەرگرن، ئینجا دەکرێت بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەدوای ناونیشانە بەرکاریەکە پریپۆزشن بێت، دواتر ناوەڕۆکی پەیامەکە.

کرداری (دهڵێت)، تاڕادەیەک سیفاتی نامۆی هەیە، ئەگەر بێت بەرکارەکەی بریتی نەبێت لە لاڕستەیەکی تەواوکەری (کە)، یان قسەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەوا ڕۆڵی پەیامێک وەکو بەرکارەکەی وەردەگرێت کە ئەو پەیامە وشەی یەکەمی سنووردارکرنێکە، وەکو لەم دوو ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٢- زۆری وت.

٣٣- هیچی نەوت.

( زمانەوان مۆنرۆ باسی کردارەکانی قسەکردن دەکات و بە کردارەکانی (دهڵێت) ناویان دەبات. لەدیدی مۆنرۆدا کردارەکانی لقی حەفتەم و هەشتەمی گروپی چوارەمی کردارەکانی قسەکردن، لاڕستە تەواوکەری وەردەگرن کە بە پریپۆزشنەکانی (بۆ یان بە) دەستی پێکردووە. بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە هاو ئامادەن، واتە؛ هەمان بکەرن(Monroe, P. 1982: 303-307). وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٤- بەڵێنی دا خانووەکە بۆ دایکی خاوێن بکاتەوە.

کردارەکانی (خۆهەڵدەکێشێت، گەزاف لێدەدات، گازاندەدەکات، بۆڵە بۆڵدەکات) کە لەلقی پێنجەمی ئەم گروپەن، دەکرێت بەشێوەیەکی تێنەپەڕ بەکاربێن، واتای ئەو کردارانە ئەوەدەردەخات کە هەڵوێستی قسەکەر سەبارەت بە پەیامەکە پێویستی بە دیاریکردن نیە، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٥- دووباره گازاندەدەکاتەوە.

بۆکرداری (دانپێدادەنێت)، کە کردارێکە لە کردارەکانی لقی شەشەم، دەکرێت رۆڵە پەیامەکە لابېردرێت، واتە؛ بەجۆرێک لەجۆرەکان وەکو تێنەپەڕوایە، ئەمەش تەنیا کاتێک دەشێت کە واتای ڕستەکە بە گوێرەی دەقەکە دەرکەوتبێت، وەک لەم ڕستەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٦- تۆ ئۆتۆمبێلەکەت دزی، باشە دانیپێدادەنێم.

سەبارەت بەکردارەکانی لقی هەشتەم، کرداری (هەڕەشەدەکات) دەبێت یان ڕۆڵە گوێگرەکەی دەرکەوێت، یان ڕۆڵە پەیامەکەی، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٦- هەڕەشە لە دانا دەکات.

٣٧- هەڕەشە دەکات پلانەکە ئاشکرابکات.

لەهەردوو ڕستەی ژمارە (٣٦ و ٣٧ )دا هەرجارەی یەکێک لە ڕۆڵەکانی کردارەکە دەرکەوتووە، لەڕستەی ژمارە (٣٦)دا ڕۆڵە گوێگرەکە دەرکەوتووە و بوەتە بەرکاری کردارەکە، لەکاتێکدا لەڕستەی ژمارە (٣٧)دا ڕۆڵە پەیامەکە دەرکەوتووەو بوەتە بەرکاری کردارەکە.

هەرچی کرداری (بەڵێن دەدات)ە، لە لقی هەشتەم، وەکو کرداری (دانپێدادەنێت) دەکرێت هەردوو ڕۆڵەکەی پەیامەکە و گوێگرەکە لابېردرێت، ئەگەر واتای ڕستەکە دەرکەوتوو بێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٨- ئایا بەڕاستی تۆ پەنجەرەکە چاک دەکەیتەوە. بەڵێ، بەڵێن دەدەم.

هەردووکرداری (بەلێن دەدات و پێشەکەش دەکات) بەشێوەیەکی زۆر بەر بلاو و بەمەبەستی گەیاندنی (دان)ی شتێک بەکاردێن، بەوەش ناسراون کە هەمیشە بکەری لاڕستەیان هەمان بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە.

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی هەندێک کردار هەن لەسەرجەم لقەکانی کردارەکانی ئەم گروپەن، بەوە ناسراون کە ناکرێت قسەی ڕاستەوخۆ وەک لاڕستە وەرگرن. کردارەکانیش (مشتومڕدەکات، ڕاوێژپێدەکات، دەمەتەقێ دەکات، پیلاندەگێڕێت، گفتوگۆدەکات، ڕێکەوتن دەکات، دانوستان دەکات). هۆی سەرەکی ئەوەی کە ئەم کردارانە ناتوانن لەڕووی سینتاکسەوە قسەی ڕاستەوخۆ وەکو لاڕستە وەرگرن، ئەوەیەکە لەڕووی سیمانتیکیەوە ئەو کردارانە جەخت لەسەر بەشداریکردن لە چالاکیەک دەکەنەوە، نەوەکو

ناوەڕۆکی کردارەکە. لەبەرئەوەی ئەوانە کرداری تێپەڕن، زیاتر بەرکارەکە ناوەڕۆکی کردارەکە ڕووندەکاتەوە.

(زمانەوانان ڕاپەپۆرت هۆڤاڤ و لیڤن، سەرنجێکی وورد دەخەنە سەر هەندێک لەکردارەکانی قسەکردن، کە ئێمە لێرەدا وەک کردارەکانی گروپی پێنجەم دەیان خەینەڕوو.

**گروپی پێنجەم**: کردارەکانی (وانەدهڵێتەوە، بەبیردێنێتەوە، ئاگاداردەکاتەوە، ڕازی دەبێت) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گروپە ئاماژە بەو شێوەو ڕێگایە دەکەن کە تیایدا پەیامێک (کە فەرمان و ڕێنماییە) بۆ گوێگر دەگوازرێتەوە. کردارەکانی ئەم گروپە لەڕووی سینتاکسیەوە کردار تێپەڕن و ڕۆڵی گوێگرەکە وەکو بەرکاریان وەردەگرن، ئینجا دەکرێت کە ڕۆڵە پەیامەکەش لەدوای ڕۆڵە وەرگرەکەوە بێت و بهەۆی پریپۆزشنێکیش لەنێوان هەردوو ڕۆڵە گوێگرەکە و ڕۆڵە پەیامەکە هەبێت( Rappaport Hovav, M., & Levin, B. 1998:101-124). وەکو لەم ڕستەی ژمارە(٣٩)دا ڕوونکراوەتەوە:

٣٩- نارینم لە ڕاگەیەندراوەکە ئاگادارکردەوە.

هەبوونی فریزێکی ناوی وەک ڕۆڵە گوێگرەکە بۆ کردارەکانی (ئاگادار دەکاتەوە، بەبیردهەێنێتەوە) شتێکی ناچارییە، بەلام دەکرێت لەگەڵ کردارەکانی (ڕازی دەبێت، وانە دهڵێتەوە) ڕۆڵە گوێگرەکە لاببردرێت، کاتێک واتاکەی لە دەقەکەوە دەردەکەوێت، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا دیارخراوە:

٤٠- باوکی نازێ پێی وابوو کە نازێ دەتوانێت دەست لەکار هەڵگرێت ودایکیشی ڕازی بوو.

واتە؛ دایکیشی ڕازی بوو لەگەڵ بیرەکەی باوکی لەسەر بابەتی دەست لەکارهەڵگرتنەکەی نازێ. هەروەها لەپاش هەریەکێک لەکردارەکانی ئەم گروپە دەکرێت ڕۆڵە پەیامەکە لاببردرێت، ئەگەرهاتوو واتاکەی لە دەقەکەوە دەرکەوتبوو، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤١- دەبێت یارا دەربارەی گەشتەکە بزانێت؟ دەبێت، ئاگادارم کردەوە.

لەم ڕستەیەدا ڕۆڵە پەیامەکە (گەشتەکە) دەرنەکوتووە، لەبەرئەوەی واتای ئەو ڕۆڵە لەدەقەکەوە دەردەکەوێت، هەربۆیە لەبارێکی لەم چەشنەدا دەکرێت ئەو ڕۆڵە لاببردرێت.

**گرووپی شەشەم:** کردارەکانی (پێدەڵێت، داوادەکات، سواڵدەکات، لێدەپاڕێتەوە، دەپرسێت) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گرووپە هەردوو ڕۆڵی پەیام (بەتایبەتی نیشانەی پەیامەکە)و ڕۆڵی گوێگرەکە وەردەگرێت. یان دەکرێت کردارەکە یەکێک لە ڕۆڵەکانی هەبێت ، وەک بەرکارەکەی.

زمانەوان (لیڤن)باسی کردارەکانی (پێدەڵێت و داوادەکات[1] دەکات، بۆ نموونە کرداری (پێدەڵێت) لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا دیارخراوە:

٤٢- بەنارینم  گووت هەواڵەکە.

٤٣- هەواڵەکەم بە نارین گووت.

لەڕستەی ژمارە (٤٢)دا ڕۆڵی پەیامەکە بۆتە بەرکاری کردارەکە و گوێگرەکە لەباری پاڵپشتی دایە، لەڕستەی ژمارە (٤٣)دا ڕۆڵە وەرگرەکە بۆتە بەرکاری کردارەکە. کاتێک ڕۆڵە پەیامەکە دەکەوێتە باری بەرکاری، ئەوا پەیامەکە نیشانەی پەیامە، چونکە دەکرێت ناوەڕۆکی پەیامەکەش هەبێت، وەک لە ڕستەکانی ژمارە(٤٤ و ٤٥)دا ڕوونکراوەتەوە:

٤٤- هەواڵەکەی سەبارەت بە ڕووداوەکە بە مامۆستاکە گووت.

٤٥- هەواڵی ڕووداوەکەی بە مامۆستاکە گووت.

لە زمانی کوردیدا دەکرێت پریپۆزشن نەبێت لە نێوان نیشانەی پەیامەکە و ناوەڕۆکی پەیامەکە. بۆ کرداری (پێدەڵێت) واباشترە کە ڕۆڵە گوێگرەکە  ببێتە بەرکاری کردارەکە(Levin, B. 2009:41).

کردارەکانی (داوادەکات و سواڵدەکات) چەندین سیفەتی سینتاکسی هاوبەشیان هەیە. کاتێک ڕۆڵە پەیامەکە دەبێتە بەرکار، ڕۆڵە گوێگرەکە بە یارمەتی پریپۆزشنی (لە) دەتوانێت ببتە ڕۆڵێکی کردارەکە، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤٦- لە مامۆستاکە پرسیارێکی کرد.

لەڕستەی ژمارە (٤٦)دا ڕۆڵی پەیامەکە بۆتە بەرکاری کردارەکە، پەیامەکەش نیشانەی پەیامە، چونکە لەڕستەیەکی وەکو ئەمەی ژمارە (٤٧)دا دەکرێت ناوەڕۆکی پەیامەکەش هەبێت.

٤٧- پرسیارێکی سەبارەت بە ڕووداوەکە لە مامۆستاکە پرسی .

جگە لەم بارانەی سەرەوە، دەکرێت ڕۆڵە گوێگرەکە لەباری بەرکاری دابێت، وەکو لەڕستەی ژمارە (٤٨)دا دەردەکەوێت:

٤٨- پرسیارێکی لەمامۆستاکە کرد.
دەکرێت ڕۆڵەکانی کرداری (داوادەکات) لاببردرێن، ئەگەر بێتوو واتایەکەیان لە دەقەکەوە دەرکەوێت، وەکو لەڕستەی ژمارە (٤٩) دیارە:

٤٩- لەدایە دەپرسم کلیلەکە لەکوێیە، نا مەپرسە، پێشتر پرسیم .

لەم ڕستەیەدا هەردوو ڕۆڵی پەیامەکە (کلیلەکە) و ڕۆڵی گویگرەکە (دایە) لادراوە، لەبەرئەوەی واتایان دەرکەتووە لەدەقەکەوە.

بە گوێرەی دیکسن بێت، کردارەکانی (لێدەپاڕێتەوە) و (وەلام دەداتەوە)ش لەگەڵ کردارەکانی ئەم گروپە دادەنرێن. کرداری (لێدەپاڕێتەوە) دەکرێت هەرجارەی یەکێک لەڕۆڵەکانی پەیامەکە و گوێگرەکە وەک بەرکاری وەگرێت. لەزمانی کوردیدا هەمیشە پریپۆزشنی (لە) لەپێش ڕۆڵە گوێگرەکە دێت و پریپۆزشنی (بۆ) لە پێش ڕۆڵە پەیامەکە دێت، جا هەرکام لەم ڕۆڵەکان ببنە بکەری کردارەکە(Dixon, R.M.W., 1991.). سەرنجی ئەم دوو ڕستەی خوارەوە بدە:

٥٠- لە دکتۆرەکە پاڕایەوە بۆ زانیاری.
لەم ڕستەیەدا ڕۆڵە گوێگرەکە لەباری بەرکاری دایە بۆکردارەکە، کەچی لەڕستەی ژمارە (٥١)دا ڕۆڵە پەیامەکە دەکەوێتە باری بەرکاری.

٥١- بۆ زانیاری پاڕایەوە لەدکتۆرەکە.
دەکرێت کرداری (پێدەڵێت) هەمان سیفەتی کرداری (دەپرسێت)ی ڕستەی ژمارە (٤٨)دا هەبێت، کەتیایدا هەردوو ڕۆڵی کردارەکە لادراوە، سەیری نموونەی ژمارە (٥٢) بکە بۆ کرداری (پێدەڵێت)، کە ڕۆڵە پەیامەکە لادراوە.

٥٢- نازێ دەزانێت کلیلەکە لەکوێیە، دەبێت بزانێت، پێم گووتوە.
هەروەها دەگونجێت ڕۆڵە گوێگرەکە لاببردرێت، وەک لەڕستەی ژمارە (٥٣)دا، بەلام بەپێچەوانەی کرداری دەپرسێت، کەلەگەڵ کرداری (پێدەڵێت)، ناکرێت هەردوو ڕۆڵەکە بەیەکەوە لاببردرێن.

٥٣- نامەوێت دیسان ئەو چیرۆکە تان پێ بڵێمەوە، پێشتر سەدان جار گووتومە.
کرداری (وەلامدەداتەوە) لەگەڵ کردارەکانی ئەم گروپە دادەنرێت، بەلام کردارێکی نامۆیە لەبەرئەوەی ئەو کردارە پێویستی بە دوو پەیام هەیە، یەکێکیان ئەو پرسیارە کە کراوە، دووەمیشیان ئەو وەلامەیە کە دراوەتەوە. دەکرێت خودی پرسیارەکە ببێتە بەرکاری کردارەکە، گوێگرەکەش دەبێتە خاوەنی نیشانەی پەیامەکە. وەک لەڕستەی ژمارە(٥٤)دا ڕوونکراوەتەوە:

٥٤- وەلامی پرسیارەکەی نمای دایەوە .

دەکرێت ڕۆڵە گوێگرەکە ببێتە بەرکاری کردارەکە، وەک لەڕستەی ژمارە (٥٥)دا داڕوونکراوەتەوە:

٥٥- وەلامی نمای دایەوە .

گۆڵد بێرگ باسی پەیوەندی نێوان کردارو ئەو پێکهاتانەدەکات کە لەدوای کردارەکان دێن و دهڵێت: دەکرێت لەگەڵ کرداری (وەلامدانەوە)، وەلامەکە لەڕێگەی لاڕستەی تەواوکەری (کە) یان قسەی ڕاستەوخۆوە نیشان بدرێت* وەک لەڕستەکانی (٥٦ و ٥٧)دا یەک بەدوای یەکدا ڕوونکراوەتەوە:

٥٦- وەلامی دایەوە کە ڕووداوەکە لە ماجدی مۆڵ بوو .

٥٧- "ڕووداوەکە لە ماجدی مۆڵ بوو"، وەلامی دایەوە.

دەکرێت تێبینی ئەوەبکەین کە ناکرێت ڕۆڵە پەیامەکە و لاڕستە تەواوکەری هەردووکیان بەمەبەستی وەلامدانەوەکە بەیەکەوە دەربکەون، وەکو لەڕستەی ژمارە (٥٨) دا ڕوونکراوەتەوە:

٥٨-*وەلامی پرسیارەکەی ئەوی دایەوە کە ڕووداوەکە لە ماجدی مۆڵ بوو.

ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئەگەر ڕستەکە بەم شێوەیە بێت، ئەوا دژیەکی سینتاکسی هەیە لە نێوان (پرسیارەکەی ئەو کە ڕووداوەکە لە ماجدی مۆڵ بوو) لەبەرئەوەی کە هەردووکیان بۆ هەمان شت دەگەڕێنەوە. بەواتەیەکی تر؛ پرسیارەکەی ئەو بۆ وەلام دانەوەکە دەگەرێتەوە، هەروەها ڕووداوەکە لە ماجدی مۆڵ بوو بۆ وەلامدانەوەکە دەگەڕێتەوە. لەبری ئەمە دەکرێت بگوترێت (بۆ پرسیارەکەی ئەو، وەلامی دایەوە کە ڕووداوەکە لە ماجدی مۆڵ بوو)، یان (وەلامی پرسیارەکەی ئەوی دایەوە بە ووتنی ئەوەی کە ڕووداوەکە لە ماجدی مۆڵ بوو).

دەکرێت کرداری (وەلامدەداتەوە) هەما سیفەتی کرداری (لێدەپرسێت) ی هەبێت، کە لەڕستەی ژمارە (٤٨) باسمان کرد. لەڕستەی ژمارە (٥٩) هەردوو ڕۆڵی گوێگر و ڕۆڵی پەیام لادەبردرێن، لەبەرئەوەی هەردوو ڕۆڵەکە بە پشت بەستن بە زانیاری دەقەکە دەردەکەون:

٥٩-پرسیارت لێی کرد دەربارەی ڕووداوەکە، بەڵێ وەلام ناداتەوە.

---

* بڕوانە: (Dixon, R.M.W. 1991)

زمانەوان فابەر باسی هەندێک لە کرداردرەکانی قسەکردن دەکات، کە کەسی قسەکەر شتێک بەباش دەزانێت یان بە پێویستی دەزانێت، هەربۆیە کەسی قسەکەر ئەو شتە بە جۆرێک لەجۆرەکان بۆ کەسێکی تر دەگوازێتەوە کە کەسی گوێگرە. لێرەدا ئەم کردارانە دەکەونە گروپی حەوتەمەوە.

**گروپی حەفتەم**: کردارەکانی (فەرماندەدات، هاندەدات، ڕێنمایی دەکات، ئاگاداردەکاتەوە، ڕازیدەکات، داوەت دەکات، ڕادەسپێرێت، قەدەغەدەکات) دەگرێتەوە. سەرجەم کردارەکانی ئەم گروپە تێپەڕن و ڕۆڵی گوێگر وەکو بەرکاریان وەردەگرن. هەرچی ڕۆڵی پەیامەکەشە دەکەوێتە دوای ڕۆڵی گوێگرەکە، ئەو ڕۆڵە گوێگرەش یان قسەی ڕاستەوخۆیە یان داخوازیە. زۆربەی جاریش کاتێک لاڕستە لەگەڵ کردارەکانی ئەم گروپە دێت، دەکرێت بکەری لاڕستەکە جیاوازبێت لە بکەری سەرەکی ڕستە سەرەکیەکە، وەکو لە ڕستەکانی ژمارە (٦٠ و ٦١)دا. هەروەها دەکرێت بکەری لاڕستەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە هەمان بکەر بن(Faber, P.B. and R. Mairal Us´on ,1999:91-93) ، وەک لە ڕستەکانی ژمارە (٦٢ و ٦٣ )دا ڕوونکراوەتەوە:

٦٠- ڕێنمایی ئەفسەرەکەم کرد "گروپەکەی لەگەڵ گزنگی بەیان ئامادەبێت."

٦١- ڕێنمایی ئەفسەرەکەم کرد کە دەبێت گروپەکەی لەگەڵ گزنگی بەیان ئامادەبێت.

٦٢- ڕێنمایی ئەفسەرەکەم کرد لەگەڵ گزنگی بەیان ئامادەبێت.

٦٣- ڕێنمایی ئەفسەرەکەم کرد بۆ ئامادەبوون لەگەڵ بەرەبەیان.

بۆ زۆربەی کردارەکانی ئەم گروپە، کاتێک بکەری ڕستە سەرەکیەکە و بکەری ڕستە لاوەکیەکە لەیەک جیاوازن، ئەوە بەرکاری ڕستە سەرەکیەکەیە بووەتە بکەری ڕستە لاوەکیەکە، وەک لەڕستەکانی ژمارە (٦٠ و ٦١). هەروەها کرداری (ڕازیدەکات) ناتوانێت قسەی ڕاستەوخۆ وەرگرت، لەبەرئەوەی ئەو کردارە باس لە هەوڵدانێک دەکات کە کەسی گوێگر شتێک بکات. کرداری (ئاگاداردەکاتەوە) هەمیشە لەبارێکدا دەردەکەوێت کە بکەری لاڕستەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە جیاوازبن، بەواتایەکی تر؛ بەرکاری ڕستە سەرەکیەکە بکەری لاڕستەکەیە.

**گروپی هەشتەم**: کردارەکانی (دەبورێت، گلەیی دەکات، سوپاس دەکات، پیرۆزدەکات، سوکایەتی پێدەکات، بوختان دەکات، سەرزەنشت دەکات، پیاهەڵدەدات، جنێودەدات، تۆمەتباردەکات، سلاو دەکات، بەخێرهاتن دەکات، دەناسێنێت، ڕیسوادەکات، چەپڵە بۆ لێدەدات، داوای لێبوردن دەکات) دەگرێتەوە. ڤۆن هۆت (١٩٩٦) لەباسی سیمانتکی

کردارەکان دهڵێت: کردارەکانی ئەم گروپە لەڕووی سیمانتیکیەوە ئەوە دەردەخەن کە کەسی قسەکەر شتێک بە کەسی گوێگر دهڵێت، ئەوشتەی کە بە گوێگرەکەش دهڵێت ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی کەسی قسەکەرەکەیە یان ئەوەی کە دەیڵێت ڕەنگدانەوەی نەریتێکی کۆمەلایەتیە. کردارەکانی ئەم گروپە کرداری تێپەڕن و ڕۆڵە گوێگرەکە دەبێتە بەرکاریان لەڕستەدا. کرداری (چەپڵە بۆلێدەدات) ئەگەرچی تێپەرە، بەلام دەکرێت بەرکارەکەی لاببردرێت. کرداری (داوای لێبوردن دەکات) کردارێکی تێنەپەڕە، بەلام دەشێت ڕۆڵە گوێگرەکەی (بەرکارەکە) بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و بهەۆی پریپۆزشنی (لە) لەدوای کردارەکەوە بێت. کرداری (تۆمەتباردەکات) پێویستی بە پەیامێکە لە ڕستەکە دا، دەکرێت ئەو پەیامەش بەیارمەتی پریپۆزشنی (بە، لە) دەربکەوێت*، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٦٤- ئازادی بەپەراوێزخستنی کتێبەکان تۆمەتبارکرد.

سنێڕڵ هۆرنی دهڵێت : هەندێک لەکردارەکان لەوانەیە هۆیەکە دیاری بکەن کە بۆچی کەسی قسەکەر ئەو هەڵوێستەی هەبووە، ئەو هۆ دیاریکردنەش لەڕێگەی پریپۆزشنی (بۆ)ەوە دەبێت، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٦٥- سوپاسی کردم بۆ ڕزگارکردنی ژیانی.

لەم ڕستەیەوە بۆ مان دەردەکەوێت کە هەر یەکێک لە کردارەکانی ئەم گروپە ئەگەر لاڕستەکەی بە پریپۆزشنی (بۆ) دەست پێبکات، ئەوا بکەری لاڕستەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە لەیەکتری جیاوازن. بەواتایەکی تر؛ لەم بارەدا بکەری لاڕستەکە و بەرکاری ڕستە سەرەکیەکە هاو ئاماژەن و یەک شتن. هەروەها ئەگەر لاڕستەیەک بە پریپۆزشنی (بە) دەست پێبکات، ئەوا بکەری لاڕستەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە هەمان شت*، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٦٦- دارا سوپاسی کوڕەکەی کرد بە تەوقە لەگەڵکردنی.

بەشێوەیەکی گشتی، کردارەکانی قسەکردن، چ لەڕووی سیمانتیکیک بێت و چ لەڕووی سینتاکسی بێت، زۆرترین هەمەڕەنگی و فرەییان لەنێوان دا هەیە. بۆ زیاتر

---

* بڕوانە: Van Hout, A. (1996)

* بڕوانە: Snell-Hornby, M. 1983:137

ڕوونکردنەوەی سیفەت و تایبەتمەندیی کردارەکانی هەر گروپێک لە گروپەکانی کردارەکانی قسەکردن، ئەم دوو خشتەی خوارەوە دەخەینە بەردەست:

| گروپ | لقەکانی گروپەکە | باری تێپەڕی | باری تێنەپەڕی | نیشانەی پەیام/ وەکو بەرکار | ناوەرکی پەیام وەکو بەکار | لابردنی ڕۆڵی پەیام | لابردنی ڕۆڵی گوێگر | لابردنی هەردوو و ڕۆڵەکە | بکەری لاڕستە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم ٩ کردار | - گفتوگۆدەکات | هەیە | هەیە | هەیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | نیە |
| | -قسەدەکات | هەیە | هەیە | هەیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | نیە |
| | - دەمەتەقێ | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | نیە |
| | دەکات | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | نیە |
| | - دەدوێت | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | نیە |
| | - غەیبەت دەکات | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | نیە |
| | -پەیوەندی دەکات | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | نیە |
| | - مشتومڕدەکات | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | نیە |
| | -وتوێژدەکات | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | نیە |
| | - نوکتە دەڵێت | | | | | | | | |
| دووەم ٣ کردار | -وتوێژدەکات | هەیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | هەیە | نیە | سەربەخۆ/بکەری |
| | - ئاماژە دەکات | هەیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | هەیە | نیە | ڕستەی سەرەکی |
| | -وەسفدەکات | هەیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | هەیە | نیە | سەربەخۆ/بکەری |
| | | | | | | | | | ڕستەی سەرەکی |
| | | | | | | | | | سەربەخۆ/بکەری |
| | | | | | | | | | ڕستەی سەرەکی |
| سێیەم ١٤ کردار | -بانگدەکات | هەیە | نیە | هەیە | نیە | هەیە | نیە | نیە | سەربەخۆ |
| | - هاواردەکات | هەیە | نیە | هەیە | نیە | هەیە | نیە | نیە | سەربەخۆ |
| | - نزادەکات | هەیە | هەیە | هەیە | نیە | هەیە | نیە | هەیە | سەربەخۆ |
| | - دەگێڕێتەوە | هەیە | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | نیە | سەربەخۆ |
| | - دەخوێنێتەوە | هەیە | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | نیە | سەربەخۆ |
| | - دەرنەڕێنێت | هەیە | هەیە | هەیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | سەربەخۆ |
| | - دەچڕێت | هەیە | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | نیە | سەربەخۆ |
| | - ئامۆژگاری | هەیە | نیە | هەیە | نیە | هەیە | نیە | نیە | سەربەخۆ |
| | دەکات - دەگریێت | هەیە | هەیە | هەیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | سەربەخۆ |
| | - فیکە لێدەدات | هەیە | هەیە | هەیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | سەربەخۆ |
| | - سوێند دەخوات | هەیە | هەیە | هەیە | نیە | هەیە | هەیە | هەیە | سەربەخۆ |
| | - وەردەگێڕێت | هەیە | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | نیە | سەربەخۆ |
| | - گۆدەکات | هەیە | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | نیە | سەربەخۆ |
| | - دەردەبڕێت | هەیە | نیە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | نیە | سەربەخۆ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چوارەم ٢٥ کردارن<br>لقی یەکەم<br>٣ کارن | دهڵێت<br>ڕادەگەیێنێت<br>دوویاتدەکاتەوە | هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیه<br>نیه<br>نیه | هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیه<br>نیه<br>نیه | نیه<br>نیه<br>نیه | هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیه<br>نیه<br>نیه | نیه<br>سەربەخۆ/بکەری<br>ڕستەی سەرەکی<br>سەربەخۆ/بکەری<br>ڕستەی سەرەکی |
| لقی دووەم ٣ کردارن | دەردەبڕێت<br>پێداگری لەسەر<br>دەکات پڕوپاگەندە<br>دەکات | هەیە<br>هەیە<br><br>هەیە | نیه<br>نیه<br><br>نیه | هەیە<br>هەیە<br><br>هەیە | نیه<br>نیه<br>نیه<br>نیه | نیه<br>نیه<br>نیه<br>نیه | هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیه<br>نیه<br>نیه<br>نیه | سەربەخۆ/بکەری<br>ڕستەی سەرەکی<br>سەربەخۆ/بکەری<br>ڕستەی سەرەکی<br>سەربەخۆ/بکەری<br>ڕستەی سەرەکی |
| لقی سێیەم ٣ کردارن | ڕادەگەیێنێت<br>باسدەکات،<br>پەشیماندەبێتەوە،<br>بلاوکردنەوە<br>بەفەرمی | هەیە<br><br>هەیە<br><br>هەیە | نیه<br><br>نیه<br><br>نیه | هەیە<br><br>هەیە<br><br>هەیە | نیه<br><br>نیه<br><br>نیه | نیه<br><br>نیه<br><br>نیه | هەیە<br><br>هەیە<br><br>هەیە | نیه<br><br>نیه<br><br>نیه | بکەری ڕستەی<br>سەرەکی<br><br>بکەری ڕستەی<br>سەرەکی<br><br>بکەری ڕستەی<br>سەرەکی |
| لقی چوارەم ٣ کردارن | ڕووندەکاتەوە<br>کۆمێنت لێدەدات<br>لێدوان دەدات | هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیه<br>نیه<br>نیه | هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیه<br>نیه<br>نیه | نیه<br>نیه<br>نیه | هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیه<br>نیه<br>نیه | بکەری ڕستەی<br>سەرەکی<br>بکەری ڕستەی<br>سەرەکی<br>بکەری ڕستەی<br>سەرەکی |
| لقی پێنجەم ٤ کردارن | خۆهەڵدەکێشێت<br>گەزاف لێدەدات<br>گازاندەدەکات بۆڵە<br>بۆڵدەکات | هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیه<br>نیه<br>نیه<br>نیه | هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیه<br>نیه<br>نیه<br>نیه | نیه<br>نیه<br>نیه<br>نیه | هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیه<br>نیه<br>نیه<br>نیه | بکەری ڕستەی<br>سەرەکی<br>بکەری ڕستەی<br>سەرەکی<br>بکەری ڕستەی<br>سەرەکی/بکەری<br>سەربەخۆ<br>بکەری ڕستەی<br>سەرەکی |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لقی شەشەم ٤ کردارن | پێشنیازدەکات<br>گانگەشەدەکات<br><br>دان پێدادەنێت<br>پێ لێدەنێت | هەیە<br>هەیە<br><br>هەیە<br>هەیە | نیە<br>نیە<br><br>نیە<br>نیە | هەیە<br>هەیە<br><br>هەیە<br>هەیە | نیە<br>نیە<br><br>نیە<br>نیە | نیە<br>نیە<br><br>نیە<br>نیە | هەیە<br>هەیە<br><br>هەیە<br>هەیە | نیە<br>نیە<br><br>نیە<br>نیە | بکەری<br>سەربەخۆ/ڕستەی<br>سەرەکی<br>بکەری<br>سەربەخۆ/ڕستەی<br>سەرەکی<br>ڕستەی سەرەکی<br>ڕستەی سەرەکی |
| لقی حەفتەم ٣ کردارن | دەگرێتە ئەستۆ<br>پێشکەشدەکات،<br>ڕازی دەبێت | هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیە<br>نیە<br>نیە | هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیە<br>نیە<br>نیە | نیە<br>نیە<br>نیە | هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیە<br>نیە<br>نیە | ڕستەی سەرەکی<br>سەرەکی/سەربەخ<br>ۆ<br>سەرەکی/سەربەخ<br>ۆ |
| لقی هەشتەم ٢ کردارن | بەڵێن دەدات<br>هەڕەشەدەکات | هەیە<br>هەیە | نیە<br>نیە | نیە<br>نیە | هەیە<br>هەیە | نیە<br>نیە | نیە<br>نیە | نیە<br>نیە | بکەری ڕستەی<br>سەرەکی<br>بکەری ڕستەی<br>سەرەکی |
| پێنجەم ٤ کردارن | –وانەدهڵێتەوە<br>بەبیردێنێتەوە<br>ئاگاداردەکاتەوە<br>ڕازی دەبێت | هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە | هەیە<br>نیە<br>نیە<br>نیە | نیە<br>نیە<br>نیە<br>نیە | هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە | هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە | هەیە<br>نیە<br>نیە<br>هەیە | هەیە<br>نیە<br>نیە<br>هەیە | نیە<br>بکەری<br>سەربەخۆ/بکەری<br>ڕستەی سەرەکی<br>سەربەخۆ/بکەری<br>ڕستەی سەرەکی<br>سەربەخۆ/بکەری<br>ڕستەی سەرەکی |
| شەشەم ٦کردارن | پێدهڵێت<br>داوادەکات<br>سواڵدەکات<br>لێدەپاڕێتەوە<br>دەپرسێت<br>وەڵامدەداتەوە | هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیە<br>نیە<br>نیە<br>نیە<br>نیە<br>نیە | هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە | هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە<br>هەیە | نیە<br>نیە<br>نیە<br>هەیە<br>نیە<br>نیە | نیە<br>هەیە<br>هەیە<br>نیە<br>هەیە<br>هەیە | نیە<br>نیە<br>نیە<br>نیە<br>نیە<br>نیە | سەربەخۆ/بکەری<br>ڕستەی سەرەکی<br>سەربەخۆ/بکەری<br>ڕستەی سەرەکی<br>سەربەخۆ/بکەری<br>ڕستەی سەرەکی<br>سەربەخۆ/بکەری<br>ڕستەی سەرەکی |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حەفتەم ١٨كردارن | فەرماندەدات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | هاندەدات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | ڕێنمایی دەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | ئاگاداردەكاتەوە | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | ڕازیدەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | داوەت دەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | ڕادەسپێرێت | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | قەدەغەدەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| هەشتەم ١٦كردارن | دەبورێت | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | گلەیی دەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | سوپاسدەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | پیرۆزدەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | سوكایەتی | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | پێدەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | بوختان دەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | سەرزەنشت | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | دەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | پیاهەڵدەدات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | جنێودەدات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | تۆمەتباردەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | سلاو دەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | بەخێرهاتن دەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | دەناسێنێت | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | ڕیسوادەكات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | چەپڵە بۆ لێدەدات | هەیە | نیە | نیە | هەیە | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| | داوای لێبوردن دەكات | | | | | | | | |

## ٥-٥ کردارەکانی حەزپێکردن:

سەرەتا دەبێت ئەوەبڵێین، چەندین نووسەر و لێکۆڵەر بە کردارە (دەروونیەکانیان) ناوی دەبەن. سیفەتی سیمانتیکی هەرە سەرەکی کردارەکانی حەزپێکردن ئەوەیە، کە باسی بارێک دەکەن و ئاماژە بە هیچ ماوەو مەودایەک ناکەن، نەک کردەوەیەک یان چالاکیەک بەڵکو تەواوی بارەکەش پەیوەستە بە هەستەکانی مرۆڤەوە و لە ناوەوەی مرۆڤ ڕوودەدات. لەڕووی سینتاکسیەوەش کردارەکانی حەزپێکردن، زۆر بە ئەستەم لە دەمە بەردەوامیەکاندا دەردەکەون.

(کردارەکانی حەزپێکردن ژمارەیان لە دووروبەری (٢٠) کردارێک دەبێت و بە شێوەیەکی گشتی دوو ڕۆڵ وەردەگرن ئەوانیش: ڕۆڵە بەشداربووەکە ، کە دەبێت مرۆڤ بێت یان گیاندارێکی پێشکەوتوو، ئەوەکەی تریش ڕۆڵە هاندەرەکەیە، کە هەستێکی دیاریکراوە. واتای خودی کردارەکە سورشت و چۆنیەتی هەستەکە دەردەبڕێت)( Vendler, 1967, p.99).

ئەگەر لەسەر بنەمای پۆلکردنەکەی زمانەوانان بێلێتی و ڕیزی بێت، کردارەکانی حەزپێکردن دەکرێن بەم گروپانەی خوارەوە:

**گروپی یەکەم**: کردارەکانی (حەزپێدەکات، خۆشدەوێت، ڕقی لێدەبێتەوە، دەترسێت، پەسەندی دەکات، دەتۆقێت) دەگرێتەوە.

**گروپی دووەم**: کردارەکانی (حەزپێناکات، قینی لێدەبێەوە، دڵی پیادەچێت، دەنرخێنێت، پەشیماندەبێتەوە) دەگرێتەوە.

**گروپی سێیەم**: کردارەکانی (خۆشی لێوەردەگرێت، پشتگیری دەکات، شەیدادەبێت، دەپەرستێت) دەگرێتەوە.

لەبەرئەوەی کردارەکانی هەرسێ گروپ، لە سیفاتە سینتاکسی و سیمانتیکیەکانیان هاوبەشن، بۆیە باسی کردارەکانی هەرسێ گروپ بەیەکەوە دەکەین. ئەگەر یەکێک لەکردارەکان یان کردارەکانی گروپێک جیاوازبن لە سیفەتێک لە کردارەکانی گروپەکانی تر، ئەوا ئەو جیاوازیە دەخەینەڕوو.

کردارەکانی هەر سێ گروپی حەزپێکردن تێپەڕن، ڕۆڵە بەشداربووەکە دەبێتە بکەر ڕۆڵە هاندەرکەش(هەستەکە) دەبێتە بەرکار. دەکرێت بەرکاری کردارەکە بە چەندین شێوە بەدەرکەوێت، لەوانەش دەکرێت بەرکارەکە فریزێکی ناوی بێت ( Belletti, A. and L. Rizzi 1988:298-327)، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- منداڵەکە حەزلە شیرینی دەکات.

لایەنێکی گرنگی سیمانتیکی کرداردرەکانی گروپی یەکەم و دووەم ئەوەیە، کە ئەو کردارانە زیاتر ئارەزووی ڕوونکردنەوەی بەرکارەکە دەکەن، کە خۆشدەویسترێت، جا حەزی پێدەکرێت، یان حەزی پێناکرێت، بۆ یە بە کرداری لایەنگیری بەرکار ناویان دەبەن. (Hartshorne and Snedeker, 2012,p.4)

لەبەرانبەردا، گرانێس دهڵێت : کردارەکانی حەزپێکردن دەکرێت بە کرداری هەست و سۆزداری ناو ببردرێن، لەبەرئەوەی هەست و سۆز و هەڵوێستی کەسی بکەر نیشان دەدەن. (Granath,2014,p.7)( هەروەها بروان و فیش، باسی ئەوەدەکەن کە دەکرێت ڕۆڵە هاندەرەکەی کردارەکانی حەزپێکردن لە دوو بەش پێکهاتبێت. ئەو ڕۆڵە هاندەرانەی کە لەدوو بەش پێکهاتوون دەکرێت بکرێن بە نیشانەی هاندەر و ناوەڕۆکی هاندەر. نیشانەی هاندەرەکە یان ناوێکی واتاییە یان کردەیەکی گوتارییە و بهەۆی ئامرازێکی لێکدەرەوە بە ناوەڕۆکی هاندەرکە دەبەسترێتەوە(Brown& Fish, 1983b:147-151) سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکە:

٢- قوتابیەکە حەزی بە پرۆپۆزەڵەکەی بیرکاریە.

هەروەها دەکرێت ناوەڕۆکی هاندەرکە لاڕستەی (کە) یان پریپۆزشنی (بۆ) بێت، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراروەتەوەا:

٣- قوتابیەکە حەزی بە پرۆپۆزەڵەکەیە کە سەیرمان کرد.

٤-قوتابیەکە حەزی بە پرۆپۆزەڵەکەیە بۆ خوێندن.

دەکرێت نیشانەی ڕۆڵە هاندەرەکە لاببردرێت و تەنیا ناوەڕۆکی ڕۆڵە هاندەرکە بە شێوەی لاڕستە دەرکەوێت، وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا دیارخراوە:

٥-منداڵەکە حەزی لێیە کە ئێستا یاریدەکەین.

خاڵێکی تری سینتاکسی، کە شایەنی باسکردنە ئەوەیە، کە نیشانەی هاندەرەکەو ناوەڕۆکی هاندەرەکە هەردووکیان لە ڕووی سینتاکسیەوە بە یەک بەش/توخم دادەنرێن، لەبەرئەوەی ئەگەر ئاوەڵکارێک لە ڕستەکە دا هەبێت، ئەوا ناتوانێت بچێە نێوان هەردوو بەشی ڕۆڵە هاندەرەکەوە بەڵکو دەبێتـ بچێتە دوایان، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٦- حەزم بەو پێشنیازەیە کە دەبێت بەدڵسۆزیەوە کاربکەین.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیەکە دەکرێت ناوەڕکی ڕۆڵە هاندەرەکە بکەوێتە کۆتایی ڕستەکە. تاوەکو ناوەڕۆکی هاندەرەکە درێژتر بێت، ئەوەندە ئەگەری زیاترە کە لە کۆتای ڕستەکە دەربکەوێت. ئەگەر سەرنجی زیاتر بخەینە سەر لایەنی سینتاکسی کردارەکانی حەزپێکردن، دەبینین کردارەکانی سەرجەم گروپەکان فرێزی ناوی وەکو ڕۆڵە هاندەرەکە وەردەگرن، بەلام هەموو کردارەکانی بەهەمان شێوە حەز بەلاڕستەی (کە) و (بۆ) ناکەن وەکو بەرکاریان. بۆ نموونە: کردارەکانی گروپی یەکەم و گروپی دووەم و گروپی سێیەم، جگە لە هەردوو کرداری (دەنرخێنێت، پەشیمان دەبێتەوە)، هەموویان دەتوانن لەگەڵ لاڕستەی (کە) و (بۆ) دەربکەون.

بەگوێرەی مانێتی بێت، سەڕای کردارەکانی ئەو سێ گروپەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، دوو کرداری تر هەن کە دەکرێت وەک گروپێکی تری کردارەکانی حەزپێکردن بناسێندرێن:

**گروپی چوارەم**: کردارەکانی (ئیرەیی پێدەبات، بەزەیی پێدادێتەوە) دەگرێتەوە.

کرداری (ئیرەیی پێدەبات) پێویستی بە هەردوو ڕۆڵی بەشداربوو و ڕۆڵی هاندەرە و دەکرێت هەردوو ڕۆڵەکەشی مرۆڤ بن، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٧- ئیرەیی بە ئێوە دەبەم.

ئەم کردارە پێویستی بە پریپۆزشنی (بە) هەیە تاوەکو ڕۆڵە بەرکارەکەی بناسێنێت. هەروەها دەکرێت وەکو کرداری گروپەکانی تر، ڕۆڵە هاندەرەکەی ئەم کردارە لە هەردوو بەشی نیشانەی هاندەر و ناوەڕۆکی هاندەر پێکهاتبێت. لەم بارەدا دەبێت نیشانە هاندەرەکە مرۆڤ بێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٨- ئیرەیی بە زیریەکیەکەی دکتۆرەکە دەبەن.

سەبارەت بە کرداری (بەزەیی پێدادێتەوە)، ئەویش پێویستی بە دوو ڕۆڵ هەیە کە یەکەمیان مرۆڤە و ئەوەی تریش هەر مرۆڤە یان شتێکی تری گیانلەبەرە، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٨- بەزەیم بە ناحەزەکەدا دێتەوە.

ئەم کردارەش بە یارمەتی پریپۆزشنی (بە)ەوە بەرکارەکەی دەداتە پاڵ کردارەکە. سەرەڕای ئەوەش دەکرێت کە بەرکاری ئەم دوو لاڕستەی (کە)ی وەکو بەرکار لە دوابێت، وەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٩- ئیرەیی دەبەم کە ناحەزەکە سەرکەوت.

١٠- بەزەیم دێتەوە کە پاکەکە شکستی هێنا.

بکەری لاڕستەکان بکەرێکی جیاوازە لە بکەری ڕستە سەرەکیەکە. هەروەها دەکرێت ئەم دوو کردارە لاڕستەی (بۆ) یان لەدوا بێت، بەلام ئەم لاڕستەیە نابێتە بەرکاری کردارەکە، بەڵکو دەبێتە بەشی دووەمی بەرکارەکە، واتە؛ ناوەڕۆکی ڕۆڵە ھاندەرەکە( Mannetti, L., & De Grada, E,1991:234-241)، وەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١١- ئیرەیی بە ئەو دەبەن بۆ سەرکەوتنەکەی.

١٢- بەزەیم بە نەوین دادێتەوە بۆ شکستەکەی.

کاتێک ئەم دوو کردارە لاڕستەی (بۆ) وەردەگرن و بەرکاری ڕستە سەرەکیەکە دەبێتە بکەری لاڕستەکە. دەکرێت بەرکارەکە لاببردرێت و ڕستەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەربکەون:

١٣- ئیرەیی دەبەن بۆ سەرەکەتنەکەی.

١٤- بەزەیم پێدادێتەوە بۆ شکستەکەی.

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر سیفەتە دیارەکانی کردارەکانی سەرجەم گروپەکانی حەزپێکردن، ئەم خشتەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

| گروپ | نموونەی کردار | باری تێپەڕی | باری تێنەپەڕی | نیشانەی هاندەر وەکو بەرکار | ناوەڕۆکی هاندەر وەکو بەرکار | بکەری لاڕستە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | حەزپێدەکات | هەیە | نیە | هەیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| دووەم | حەزپێناکات | هەیە | نیە | هەیە | نیە | بکەری سەربەخۆ/ بکەری ڕستەی سەرەکی |
| سێیەم | پشتگیری دەکات | هەیە | نیە | هەیە | نیە | بکەری سەربەخۆ/ بکەری ڕستەی سەرەکی |
| چوارەم | بەزەیی پێدادێتەوە | هەیە | نیە | هەیە | هەیە | بکەری سەربەخۆ |

## ٥-٦ کردارەکانی بێزارکردن:

(بێلێتی و ڕیزی، وەک بەشێک لەکرداره دەروونیەکان باسی کردارەکانی بێزارکردن دەکەن و دەڵێن: کردارەکانی بێزارکردن دوو ڕۆڵیان هەیە ئەوانیش (هۆکار-بکەر) و (بەشداربوو-بەرکار)ە. دەکرێت بە بکەرەکە بگوترێت باسێکی ناوی، هەروەها بە بەشداربووەکەش بگوترێت کارتێکراو، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- فلیمەکە بینەرەکەی دڵخۆشکرد.

لەم ڕستەیە (فلیمەکە) باسێکی ناویە/هۆکارێکی بکەریە و (بینەرەکە)ش بەشداربوێکی بەرکاریە/کارتێکراوە. ئەوەی جێی سەرنجە سەبارەت بە کردارەکانی (بێزارکردن)، ئەوەیە کە ڕۆڵە هۆیەکە دەبێتە بکەر و لە شوێنی بکەری ڕستە دەردەکەوێت، لەوکاتەی ڕۆڵە بەشداربووەکە دەبێتە بەرکار. لەهەمان کاتدا لە کردارەکانی حەزپێکردندا، ڕۆڵە بەشداربووەکە بکەربوو، ڕۆڵە هۆیەکەش بەرکاربوو)(Belletti,and Rizzi,1998, p.291352 ).

بەراوردی نێوان ئەم دوو ڕستەیە بکە:

٢-(منداڵەکە لە هەورە تریشقە دەترسێت)

(منداڵەکە) ڕۆڵە بەشداربووەکەیە و بکەری ڕستەکەیە، (هەورە تریشقە)ش ڕۆڵە هۆیەکەیە و دەبێتە بەرکاری ڕستەکە. لە ڕستەیەکی وەکو:

(هەورە تریشقەکە منداڵەکەی ترساند).

(هەورە تریشقەکە) ڕۆڵە هۆیەکە و بکەری ڕستەکەیە، بەلام (منداڵەکە) ڕۆڵە بەشداربووەکەیە دەبێتە بەرکاری ڕستەکە.

(کردارەکانی (بێزارکردن) کرداری تێپەڕن و ئارگومێنتە بابەتیەکە/باسەکە دەبێتە هۆکار، واتە؛ بکەری ڕستەکە، بۆیە دەبێت بە کردارەکانی بێزارکردن بڵێین کرداری (بەشداربووی بەرکار، کرداری بکەر هۆیی). هەروەها بکەری کرداری (دەترسێت)، کە کردارێکە لە کردارەکانی (حەزپێکردن)، بریتیە لە ڕۆڵێکی بەشداربووی زیندوو/ڕۆح لەبەر. لە کاتێکدا بکەری کرداری (دەترسێنێت)، کە کردارێکە لە کردارەکانی بێزارکردن، یان بریتیە لە: ڕۆڵێکی هۆیی زیندوو)، (landau,2005,p.5) وەک ئەم ڕستەیەی خوارەوە:

٣-ئازاد نەوزاد دەترسێنێت.

یان ڕۆڵێکی هۆیی نازیندوو، وەکو:

٤- هەورە تریشقەکە منداڵەکە دەترسێنێت.

بەیکەر و لاندا: دهڵێن کردارەکانی بێزارکردن، وەکو کردارەکانی (حەزپێکردن)، دوو ڕۆڵ وەردەگرن ئەوانیش بەشداربوو و هاندەرن، بەلام پەیوەندییە سینتاکسیەکانی ئەم دوو ڕۆڵە جیاوازە، بەڵکو ئەو پەیوەندییە سینتاکسیەیە، کە لە کردارەکانی (حەزپێکردن) لە نێوان ئەم دوو ڕۆڵەدا هەبوو. لە کردارەکانی بێزارکردندا ڕۆڵە هاندەرەکە دەبێتە بکەر و ڕۆڵە بەشداربووەکە (بەئەزموونداڕۆیشتووەکە)ش دەبێتە بەرکار*. وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٥- نەسرین دڵی نەوای خۆشکرد لەبەرئەوەی زۆرباش کارەکەی کرد.

لەم ڕستەیەدا (نەسرین) ئارگومێنتە هاندەرەکەیە و (نەوا)ش ئارگومێنتە بەشداربووەکەیە. کردارەکانی بێزارکردن ژمارەیان (٣٠) کردارێک دەبێت و لەم خشتەیە دەیان خەینە بەرچاو:

| ژ | کردار | ژ | کردار |
|---|---|---|---|
| ١ | دەترسێنێت | ١٦ | دەبزوێنێت |
| ٢ | دەتۆقێنێت | ١٧ | سروشت بۆ دێنێت |
| ٣ | دادەخۆرپێنێت | ١٨ | کاریتێدەکات |
| ٤ | سەرلێدەشێوێنێت | ١٩ | گرفت دروستدەکات |
| ٥ | سەردەسوڕمێنێت | ٢٠ | پەرێشان دەکات |
| ٦ | دەڕەنجێنێت | ٢١ | فشاردەخاتە سەر |
| ٧ | دڵشاددەکات | ٢٢ | شێت دەکات |
| ٨ | دڵخۆشدەکات | ٢٣ | پەست دەکات |
| ٩ | قایلدەکات | ٢٤ | بێزاردەکات |
| ١٠ | ئاسودەدەکات | ٢٥ | توڕەدەکات |
| ١١ | سەرلێ تێکدەدات | ٢٦ | سەرنج ڕادەکێشێت |
| ١٢ | فێڵی لێدەکات | ٢٧ | شەرمەزاردەکات |
| ١٣ | دەشلەژێنێت | ٢٨ | قێزلێدەکاتەوە |
| ١٤ | سەرقاڵدەکات | ٢٩ | ماندودەکات |
| ١٥ | جاڕسدەکات | ٣٠ | شەکەتدەکات |

* بڕوانە: Baker, M.1997:73-137
Landau, I.2002:271-286

کردارەکانی (بێزارکردن) هەموویان تێپەڕن، وەک زۆربەی کردارە سەرەکیەکانی تر فرێزی ناوی یان لاڕستە وەکو ئارگومێنت وەردەگرن. لە زۆربەی سیفەتە سینتاکسیەکانیان هاوشێوەی کردارەکانی (حەزپێکردن)ن، تەنیا ئەوە نەبێت کە ڕۆڵە بەشداربووەکە بکەر و ڕۆڵە هاندەرەکە دەبێتە بەرکار)(Dowty,1991,p.547**)**.

٦- پڕۆپۆزەڵەکە دکتۆرەکەی بێزارکرد.

٧- پڕۆپۆزهڵەکەی بیرکاری دکتۆرەکەی بێزارکرد.

ڕادۆڵف و فۆستێرلینگ: دهڵێن هەروەها دەکرێت ناوەڕۆکی ئارگومێنتە هاندەرەکە لاڕستەیەک بێت. وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٨- پڕۆپۆزهڵەکەی کە دەبێت بیخوێنینەوە قوتابیەکەی بێزارکرد.

لە زمانی کوردیدا، کاتێک ناوەڕۆکی ئارگومێنتە هاندەرەکە لاڕستەیە، دەبێت دیسان بە یارمەتی ئامرازی لێکدەری (ی) نیشانە و ناوەڕۆکی ئارگومێنتە هاندەرەکە بەیەکەوە ببەسترێنەوە. هەروەها دەکرێت بەشی دووەمی ئارگومێنتە هاندەرەکە، واتە؛ ناوەڕۆکی هاندەرکە، بکەوێتە دوایین بەشی ڕستەکەوە. وەکو لەو ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٩- ئەو پڕۆپۆزهڵە دکتۆرەکەی  بێزارکرد کە دەبوو ئێمە بیخوێنینەوە.

کرداری (دەترسێنێت) کەمێک جیاوازترە لەکردارەکانی تری بێزارکردن، لەبەرئەوەی دەکرێت ئەو کردارە ڕاستەوخۆ ڕۆڵە بەشداربووەکە بترسێنێت، وەک لە ڕستەی ژمارە (١٠)دا دیارخراوە. هەروەها دەکرێت ئەم کردارە وەکو کردارێکی هۆیی دەربکەوێت و ببێە هۆی ترساندنی ڕۆڵە بەشداربووەکە، واتە؛ بەشێوەیەکی کەمتر ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ترساندنی ڕۆڵە بەشداربووەکە، وەکو لەڕستەی ژمارە (١١)دا ڕونکراوەتەوە:

١٠- ئەو دەمانچەی لە فرۆکە خانە تەقەم پێکرد ترساندمی.

١١- ئەو دەمانچە کە تەقە دەکات لە فڕۆکەخانە وایکرد بترسێم.

سیفەتێکی تری مۆرفۆلۆژی کردارەکانی بێزارکردن ئەوەیە کە زۆربەی کردارەکان دەکرێت ببنە ئاوەڵناوێکی بکەر داڕێژراو بهەۆی پاشگرێک، لەوانەش پاشگری (کەر). بۆ نموونە (دڵخۆشدەکات-دڵخۆشکەر، ئاسودەکات- ئاسودەکەر، بێزاردەکات-بێزارکەر، پەست دەکات-پەستکەر).( Rudolph, U., & Forsterling, F. 1997:121,192-218 )

سۆڵستاد و بۆت، باسی لایەنێکی تری کردارەکانی بێزارکردن دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی کردارەکانی بێزارکردن هۆیان لەدوادێت، یان هۆیەک هەیە بۆ ڕوودانیان. سۆڵستاد چوار جۆر هۆ ڕووندەکاتەوە کە دەکرێت یاوەری کردارەکانی بێزارکردن بکەن(Bott, O., & Solstad, T, 2010) ، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتە:

١٢- کوڕکە گوێکرەکانی  بێزارکرد لەبەرئەوەی دەنگە دەنگێکی زۆری دروستکرد.

ئەو هۆیەی کە لەم ڕستەیەدا هەیە بە (هۆی سادە) دادەنرێت. ئەم جۆرە هۆیە بە هۆی باری یان ڕوودانی یان هەڵوێستی دادەنرێت. لەم جۆرە هۆیە دا کەسی ئەنجامدەر هیچ مەبەستێکی نیە، کەواتە؛ کوڕەکە لەم ڕستەیەدا هیچ مەبەستێکی نەبووە لە دروستکردنی دەنگە دەنگەکە، بەڵکو ئەو دەنگە دەنگەی کە دروستی کردووە بە شێوەیەکی خۆنەویست بۆتە هۆی بێزارکردنی گوێکرەکان. لە هەمان کاتدا لەڕستەکانی وەکو ژمارە (١٣ و ١٤)دا مەبەستێک هەیە لە پشت بێزارکردنەکەی گوێگرەکان، واتە؛ هۆیەکە مەبەستدارە.

١٣-ئارام نارینی بێزارکرد لەبەرئەوەی نەوین پایسکلەکەی تێکدابوو.

هۆیەکەی لەم ڕستەیەدا، بە هۆیەکی دەرەکی دادەنرێت، واتە هۆیەکە دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی بیری کەسی ئەنجامدەر، بەلام شتێکی دەرەکی ڕوویداوە و بۆتە هۆی ئەوەی کە کەسی ئەنجامدەر پەرە بە مەبەستەکەی بدات لە ئەنجامدانی کارەکە. لەم ڕستەیەدا پێشتر نەوین پایسکلەکەی (ئارام)ی تێکداوە، بۆیە ئارام نارین بێزاردەکات.

١٤- دکتۆرەکە قوتابیەکەی بێزارکرد لەبەرئەوەی زۆر لە تێکدەرەکە توڕەبوو.

ئەو هۆیەی کە لەم ڕستەیەدا هەیە بە هۆیەکی ناوەکی دادەنرێت، واتە؛ هۆیەکە بۆ باری مێشک و بیری کەسی ئەنجامدەر دەگەڕێتەوە، ئەوەی وای لە دکتۆرەکە کردووە کە قوتابیەکە بێزاربکات بریتیە لەهەڵوێست و توڕەی خودی دکتۆرەکە خۆی. دەکرێت واش دابنرێت کە سەرەتا هۆیەکی دەرەکی دکتۆرەکەی توڕەکردبێت، ئینجا ئەو هۆیە دەرەکیە بۆتە هۆی دروستبوونی هۆیەکی ناوەکی، کە تووڕەبونیەتی، پاشان ئەو توڕەبونەی وەکو هۆیەکی ناوەکو وای لێکردووە کە قوتابیەکە بێزار بکات. لە ڕستەی ژمارە (١٣ و ١٤) دا هۆی مەبەستدارمان هەیە، بەلام هەریەکێک لە هۆیەکان جەخت لەسەر مەبەستێک دەکەنەوە کە لە پشت ڕوودانی کارەکەوەیە.

لەڕستەیەکی وەکو ئەوەی ژمارە (١٥)دا دەکرێت، کە هۆیەکە پەیوەندی بە زانیاری باگڕاوندی هەبێت، بڕوانە ئەمەی خوارەوە:

١٥- مامۆستاکە قوتابیەکەی ترساند لەبەرئەوەی قوتابیەکە گوێبیستی هاتنی نەبوو.

لەم ڕستەیەدا هۆیەکە تەنیا باسی ترساندنی قوتابیەکە دەکات، باسی ئەوەناکات کە دکتۆرەکە چی کردووە بۆتە هۆی ترساندنی، بەلام وادادەنرێت کە لەوانەیە قوتابیەکە نەترسابووایە ئەگەر ئاگاداری هاتنی مامۆستاکە بووایە.

لە دیدی پیکۆنێن، دەکرێ جیاوازیەکی سینتاکسی لە نێوان هەردوو گروپی کرداره دەروونیەکان بکرێت، واتە؛ جیاوازیەکی سینتاکسی لە نێوان کردارەکانی (حەزپێکردن) و (بێزارکردن). سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین هەردوو گروپی کردارە دەروونیەکان بەو کردارانە دادەنرێن کە هۆیی شاراوە هەڵدەگرن. ئەگەر هەردوو کرداری (دەترسێت) کە کردارێکە لە کردارەکانی حەزپێکردن و کرداری (دەترسێنێت) کە کردارێکە لەکردارەکانی بێزارکردن وەربگرین، دەبینین هەردوو کردار هۆیەک هەڵدەگرن ( Pyykkönen, Pirita. 2009, p.23-24) ، وەکو لەم دوو ڕستەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٦-کوڕەکە کچەکە دەترسێنێت لەبەرئەوەی......

١٧-کوڕەکە لەکچەکە ترسا، لەبەرئەوەی ......

لەم دوو ڕستەیەدا دەبینین ئاراستەی هۆی کرداری ڕستەی ژمارە (١٦) بۆ کوڕەکە دەگەڕێتەوە، کەچی لەڕستەی ژمارە (١٧) هۆی کارەکە بۆ کچەکە دەگەڕێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە دهڵێین کردارەکانی بێزارکردن لایەنگیری فرێزی ناوی یەکەم دەکەن کە (کوڕەکە)یە لەڕستەی ژمارە (١٦)، لەکاتێکدا کردارەکانی حەزپێکردن لایەنگیری فرێزی ناوی دووەم دەکەن، وەکو (کچەکە) لە ڕستەی ژمارە (١٧). ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە، ئەو هۆیە شاراوەی کە کردارەکانی بێزارکردن هەڵی دەگرن بۆ فرێزی ناوی یەکەم دەگەڕێتەوە، لەوکاتەی ئەو هۆیەی کە کردارەکانی حەزپێکردن هەڵی دەگرن بۆ فرێزی ناوی دووەم دەگەڕێتەوە.

## ٤-٧ هەندێک کرداری تر:

لێرەدا باسی هەندێک کرداری سەرەکی تر دەکەین، کە ناکەونە بەر هیچ کام لەو کردارە سەرەکیانەی کە لەم بەشەدا باسمان کردوون. هەندێک لەو کردارانە، لاڕستەی تەواوکەری وەردەگرن و هەندێکیشیان وەری ناگرن. بۆ ئەوەی زیاتر ئەو کردارانە ڕوون بکەینەوە، دەیان کەین بەچەند پۆلێکەوە، ئینجا باسی تایبەتمەندییەکانی هەرپۆلێک دەکەین. سەرەتا بە پشت بەستن بە لیڤن و راپاپۆرت هۆڤاف ئەم کردارانە بریتین لە دوو پۆلی کرداری بچووک(Rappaport Hovav, M. and B. Levin,2005:271-277) ، ئێمە دەیان کەین بە پۆلی یەکەم و دووەم.

**پۆلی یەکەم**: کردارەکانی (ڕەفتاردەکات و هەڵسوکەوت دەکات و دەنوێنێت) دەگرێتەوە. لە ڕووی سینتاکسیەوە، کردارەکانی ئەم پۆلە کرداری تێنەپەرن و بە شێوەیەکی گشتیش بکەری مرۆڤیان هەیە و ئاوەڵکارێک یاوەری کردارەکە دەکات، کە بهەا هەڵسەنگاندن یان دیاریکردنێک دەربارەی کردارەکە دەردەبڕێت. وەک لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- بە باشی ڕەفتار دەکات.

**پۆلی دووەم**: کردارەکانی (بەخێودەکات، لەبەریدەگرێتەوە/کۆپی دەکات، لاسایی دەکاتەوە، وەچەدەخاتەوە) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم پۆلە کرداری تێپەڕن و فرێزە ناوییە بکەریەکەیان مرۆڤە و فرێزە ناوییە بەرکارەکەشیان یان ئاماژە بە مرۆڤ دەکات یان ئاماژە بە جۆرێک لە چالاکی دەکات. وەکو لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢- منداڵەکەی بەخێو کرد.

هەروەها دەکرێت کردارەکانی ئەم پۆلە لاڕستە وەکو بەرکاریان وەرگرن، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢- لاسایی شێوازی ڕۆیشتنی دانای کردەوە.

کرۆفت باسی چەند کردارێک دەکات، ئێمە لێرەدا بە پۆلی سێیەم و چوارەم و پێنجەمیان دادەنێین(Croft, W,1991:49-72).

**پۆلی سێیەم**: کردارەکانی (ڕوودەدات، ڕێکدەخات، پێدەسپێرێت) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم پۆلە لەڕووی سیمانتیکیەوە وەسفی ڕوودانی چالاکیەکە دەکەن، هەربۆیە ناوێک کە باسی چالاکیەک دەکات، وەک بکەریان یان بەرکاریان دەردەکەوێت. کرداری (ڕوودەدات) کرداری تێنەپەڕی ئەم پۆلەیەو لە زۆربەی هەرەزۆری بارەکان ئەو کردارە باسی

بەشداری کردنی ئارگومێنتی ئەنجامدەر ناکات، لەکاتێکدا هەردوو کرداری ڕێکدەخات و پێدەسپێرێت کرداری تێپەڕن. هەروەها دەکرێت کرداری (بوون بهەۆی) وەکو کردارێکی ئەم پۆلە دابنرێت، کردارەکانی ئەم پۆلە، جگە لە کرداری (ڕوودەدات) نەبێت، بکەرێکی مرۆڤی وەردەگرن و ناوێک کە باسی چالاکیەک دەکات یان لاڕستەیەک وەکو بەرکار وەردەگرن، وەکو لەم دوو نموونەی خوارەوەدا، کە لەیەکەمیان ناوی (پێشبڕکێکردن)، کەباسی چالاکیەک دەکات، وەکو بەرکاری کردارەکە دەرکەوتووە، لەڕستەی ژمارە (٤)دا لاڕستەی (کە) وەکو بەرکاری کردارەکە دەرکەوتووە:

٤- پێشبڕکێیەکەی ڕێکخست.

٥- ئەوەی ڕێکخست کە دەبێت بەشداری لە پێشبڕکێیەکەدا بکەن.

**پۆلی چوارەم**: کردارەکانی (دەچێژێت و بەسەردێت) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گروپە کرداری تێپەڕن و فرێزی ناوی بکەرییان بریتیە لە مرۆڤ، ئەو مرۆڤەش هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەر ئەو شتەوە نیە کە ڕوودەدات. هەرچی ڕۆڵە ئارگومێنتەکەیە، دەکرێت ناوێک بێت کە باسی چالاکی دەکات یان باسی بارێک دەکات، وەیان دەکرێت بەرکارەکە لاڕستەیەکی تەواوکەری بێت و بکەری لاڕستەکەش هەمان بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە.

**پۆلی پێنجەم**: بە کردارەکانی بەراوردکردن نادەبردرێن و بریتین لە (جیاوازبوون و لێکچوون) کردارەکانیش تێپەڕن. دەکرێت ئەو کردارانە فرێزی ناوییان لە ڕۆڵی بکەری و بەرکاری هەبێت، هەروەها دەکرێت لاڕستەی تەواوکەریان وەکو ڕۆڵی بەرکاری هەبێت. کردارەکانی ئەم پۆلە بە شێوەیەکی زگماکی پریپۆزشنی (لە) وەردەگرن، وەک لەم نموونانەی ژمارە(٣ و ٤)دا ڕوونکراوەتەوە:

٣- نەوزاد لە برایەکەی جیاوازە.

٥- لە/بە دایکی دەچێت.

**پۆلی شەشەم**: کردارەکانی (جیادەکاتەوە، بەراورد دەکات، پۆل پۆلدەکات، تێدەچێت، دەگونجێنێت، هاوسەنگ دەکات، دەپێوێت، دەکێشێت) دەگرێتەوە. ئەو کردارانە لەڕووی سیمانتیکیەوە باسی چالاکی مرۆڤ دەکەن و پێوانە و ئەندازەی بۆ دادەنێن.

ئەگەر ڕۆڵە بکەرییەکەی ئەو کردارانە بریتی بێت لە فرێزێکی ناوی، ئەوا دەبێت سەرەی ئەو فرێزە ناوێکی مرۆڤی بێت. هەرچی ڕۆڵە بەرکارەکەشە ئاماژە بە چەندین چالاکی و شتی بەراوردکاری دەکات، ئەو بەرکارە دەکرێت فرێزێکی ناوی بێت، یان لاڕستەیەکی

تەواوکەری بێت، کە لاڕستەکەش بریتیە لە لاڕستەی (کە)و بکەری لاڕستەکەش لە بکەری ڕستە سەرەکیەکە جیاوازە. لەزۆربەی هەرەزۆری بارەکاندا بەرکارەکە بهەۆی پریپۆزشنێکەوە دەدرێتە پاڵ کردارەکە. بۆ نموونە:

٥- کۆمپیوتەرەکەی خۆی بهەی ئەو بەراورد کرد.

٦- ئەوەی جیاکردەوە کە سەر لەقاندنەکەی من واتای ڕازیبوونێکی بە نابەدڵیبوو.

هەردوو کرداری (دەگونجێنێت و هاوسەنگ دەکات) بەزۆری باسی دوو شت دەکەن کە لەیەک جۆرن، یان لە یەک گروپن. هەرچی هەردوو کرداری (دەپێوێت و تێدەچێت)نن، بەزۆری بەرکارێک وەردەگرن کە بریتیە لە ژمارەیەک یان نرخێکی بیرکاریانە( Braine, M. D. S., & Brooks, P. J. 1995, p.355-374).

فابێرو ڕیکاردۆ باسی دوو جۆرە کرداری بچوک دەکەن و دەیان کەن بە دوو بەشەوە و سیفەتی هاوبەشی نێوان ئەم دوو پۆلەش ئەوەیە کە هەندێک لەکردارەکانی هەردوو پۆل پریپۆزشنی زگماکیان هەیە. ئێمەش لێرەدا کردارەکان وەک پۆلی حەفتەم و هەشتەم دەناسێنین[*]:

**پۆلی حەوتەم**: کردارەکانی (دەگرێتەخۆ، پێکدێت لە، دروستکراوە لە) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم پۆلە کرداری تێپەڕن و دەکرێت هەردوو ڕۆڵە بکەر و بەرکارەکەیان بریتی بێت لە فرێزی ناوی یان لاڕستە. هەروەها دوو لەکردارەکانی ئەم گروپە بە شێوەیەکی زگماکی پریپۆزشنی (لە) یان هەیە. بۆ نموونە:

٧- ئەو کتێبە چوار نەخشەی لەخۆدەگرێت.

٨- ناردنی نامە گرنگەکە کڕینی پۆلێک دەگرێتەخۆ.

لەڕستە ژمارەی (٨)دا دەبینین، کە ڕۆڵە بکەرییەکە بریتیە لە لاڕستەیەک.

**پۆلی هەشتەم**: کردارکانی (دەوەستێتەسەر، پەیوەستەبە، وادەگەیێنێت، وادەردەخات، نیشاندەدات، دەخاتەڕوو) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم پۆلە کرداری تێپەڕن و دەکرێت فرێزی ناوی وەک بکەر و بەرکاریان دەربکەوێت.

بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی سیفەتەکانی کردارەکانی هەر هەشت پۆلەکە، ئەم خشتەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

---

[*] بڕوانە: Faber, Pamela & Mairal, Ricardo. 1999.

| ژ | گروپ | ژمارەی کردارەکانی | باری تێپەڕی | باری تێنەپەڕی | هەبوونی پریپۆزشنی زگماکی | بکەری لاڕستە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەم | سێ | نیە | هەیە | نیە | نیە |
| ٢ | دووەم | پێنج | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| ٣ | سێیەم | سێ | هەیە | هەیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| ٤ | چوارەم | دوو | هەیە | نیە | نیە | بکەری ڕستەی سەرەکی |
| ٥ | پێنجەم | دوو | هەیە | نیە | هەیە | بکەری سەربەخۆ |
| ٦ | شەشەم | هەشت | هەیە | نیە | نیە | بکەری سەربەخۆ |
| ٧ | حەفتەم | سێ | هەیە | نیە | هەیە | بکەری سەربەخۆ |
| ٨ | هەشتەم | شەش | هەیە | نیە | هەیە | بکەری ڕستەی سەرەکی |

# بەشی شەشەم

## ٦- کرداره لاوەکیەکان

### ٦-١ جۆری یەکەمی کرداره لاوەکیەکان

#### ٦-١-١مۆداڵ و نیمچە مۆداڵ

باوکی کرداره مۆدەڵەکان و نیمچە مۆدەڵەکان (پاڵمەر) لەوەسفێکی گشتی کرداره مۆدەڵەکان و نیمچە مۆدەڵەکان دەڵێت: هیچ کامێک لە کرداره مۆدەڵەکان (یاریدەدەره لاوەکیەکان)و نیمچە مۆدەڵەکان (یاریدەدەر نیمچە لاوەکیەکان) ناتوانن هیچ ڕۆڵێکی سیمانتیکی سەربەخۆیان هەبێت. بەشێوەیەکی بنەڕەتی، کرداره مۆدەڵەکان و نیمچە مۆدەڵەکان وەسفی ئەو کرداره سەرەکیە دەکەن کە لەدوایان دێت لە ڕستەدا. دەبێت ئەوە بزانین کە لەڕووی سینتاکسیەوە کرداره مۆدەڵەکان و نیمچە مۆدەڵەکان ناتوانن لە باری شێوازی ئەمری دا دەربکەون، بەڵکو تەنیا دەبێت لە بارەکانی ئەرێ و نەرێ و پرسیاریدا دەربکەون. کاتێکیش کرداره مۆدەڵەکان یان نیمچە مۆدەڵەکان لەبارەکانی ئەرێ و نەرێ و پرسیاری دا دەردەکەون، ئەوا ئاماژە بە ڕاستەقینەیی کردەوەیەک/کردارێک یان بارێک دەکەن، یان ئاماژە بە ناڕاستەقینەیی شتێک دەکەن جا ئەو ئەوشتە نا دڵنیاییەک بێت سەبارەت بە داهاتوو یان ناڕاستەقینەییەک بێت دەربارەی شتێک لە ڕابردوو. (Palmer, 1979, p.145)

وۆڕنەر باسی لایەنێکی تری زۆر گرنگی کرداره مۆدەڵەکان دەکات و دەڵێت: بریتیە لەلایەنی سیمانتیکی. لەزمانەکانی جیهاندا کرداره مۆدەڵەکان زیاتر لەبەر لایەنی واتایان بەکاردێن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسی قسەکەر دەتوانێت چەندین واتا و مەبەستی جیاواز بە هۆی ئەو کردارانەوە دەرببڕێت. بە شێوەیەکی گشتی ئەم واتایانە لەکرداره مۆدەڵەکان دەدۆزرێتەوە: (پێویستی- پێویستە، شیان-دەشێت، ڕێتێچوون-ڕێیتێدەچێت، زۆریلێکردن-زۆریلێدەکات، ڕێگەپێدان-ڕێگەی دەدا، بەنیازبوون-بەنیازە، توانا-دەتوانێت، بۆچوون-وای بۆدەچێت، پێشبینیکردن-پێشبینیدەکات، قەدەغەکردن-قەدەغەدەکات)(Warner,1993, p.13-14)

کرداره مۆدەڵەکان لە چەند پێکهاتەیەکی تری سینتاکسی و ڕێزمانی بەکاردێن*.وەک لەم خشتەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

| ژ | کرداری یاریدەدەری لاوەکی | ئەو پێکهاتە ڕێزمانەی کە بە هۆیەوە دروست دەبێت | ڕستە | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | shall،Will | کاتی داهاتوو | I will rain tomorrow | بەیانی باران دەبارێت |
| ٢ | could،Can ، would،will | داواکرن | ،Can you help me please | بێ زەحمەت دەتوانی یاریمەتیم بدەیت؟ |
| ٣ | ،Should ought to | ڕاسپاردن/ ئامۆژگاری | He should do it. | واباشە کارەکە بکات. |
| ٤ | سەرجەم کرداره مۆدەڵەکان | باری نەرێ ڕستە | She cannot write in Kurdish. | ناتوانێت بەکوردی بنووسێت |
| ٥ | سەرجەم کرداره مۆدەڵەکان | باری پرسیاری ڕستە | Should they come to the party? | پێویستە بێنە ئاهەنگەکەوە؟ |

کۆلینس دهلێت، دەکرێت کرداره مۆدەڵەکان و نیمچە مۆدەڵەکان، جگە لەو جیاوازییە سیمانتیکیانەی کە هەیانە، لەڕووی سینتاکسیەوەش جیاوازبن. لێرەدا ئەوەندەی بکرێت باسی لاینە سیمانتیکی و ڕێزمانیەکانی کرداره مۆدەڵەکان و نیمچە مۆدەڵەکان دەکەین. سەرەتا دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە دەکرێت ڕستەیەک زنجیریەک کرداری لەخۆ گرتبێت، کە هەریەکێک لەو کردارانە لە پەیوەندی سینتاکسی دابێت لەگەڵ کردارەکانی دراوسێی، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

١- بەم نزیکانە پەرلەمان دەتوانێت دەستبکات بە کۆکردنەوەی دەنگەکان، بۆ بڕیاردان دەربارەی دەستپێکردنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

کاتێک کرداره مۆدەڵەکان و نیمچە مۆدەڵەکان شان بەشانی کرداره سەرەکیەکان بە شێوەیە زنجیرەیەک لەڕستەدا دەردەکەون، ئەوا کرداره مۆدەڵەکان و نیمچە مۆدەڵەکان دەبێت لەسەرەتای ڕستەک یان لەپێش کرداره سەرەکیەکان لەڕستەکەدا دەربکەون. هەروەها کردارەمۆدڵەکان و نیمچە مۆدەڵەکان هەرگیز لە کۆتایی ڕستەکە دەرناکەون. لە فرێزیکی کرداریدا ناکرێت لەیەک کرداری مۆدەڵ زیاتر هەبێت، بەلام دەکرێت لە فرێزێکی کرداریدا زیاتر لە کردارێکی نیمچە مۆدەڵ هەبێت. **(Collins,2009 b, p.283)**

* بڕوانە: Coates, Jennifer. 1983

ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیەکە کردارە نیمچە مۆدەڵەکان ژمارەیان یەکجار کەمە لە زمانی کوردیدا، بەبەراورد بە زمانە جیهانیەکانی تری وەک زمانی ئینگلیزی. ئەمەش بەشێکی زۆری بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی کردارە نیمچە مۆدەڵەکان دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکیە مۆرفۆلۆژیەکانی کردارە نیمچە مۆدەڵەکان ئەوەیە کە دەبێت (to) بەکردارەکەوە لکابێت. چەندین لێکۆڵەر و نووسەری بەتوانای بواری کردارە مۆدەڵەکان نیمچە مۆدەڵەکان پشتراستی ئەو لایەنە مۆرفۆلۆژیەی کردارە نیمچە مۆدەڵەکانیان کردۆتەوە، لەوانەش: لایتفوود(Lightfoot, David. 1979:11-19) باسی ئەوەدەکات کردارە نیمچە مۆدەڵەکان لەڕووی سیمانتیکیەوە زیاتر لە کردارە مۆدەڵەکان دەچن، بەلام لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیەوە جیاوازن لەیەکتریەوە.

پیتەر کۆڵینس دهڵێت: هەرکاتێک باسی لایەنی مۆفۆلۆژی کردارە نیمچە مۆدەڵەکان بکرێت یان تەنانەت باسی لایەنی سینتاکسیشیان بکرێت، دەبێت ڕەچاوی پێکهاتە مۆرفۆلۆژیە تایبەتیەکەیان بکرێت کە (to)ی پێوەیە وەکو بەشێک لە کردارەکە ( Collins, Peter. 2009a:283-289)

سێپنان باسی ئەوەدەکات کە لایەنێکی مۆرفۆ-سینتاکسی دیاری کردارە نیمچە مۆدەڵەکان ئەوەیە کە ئەو کردارانە لە ڕووی پێکهاتەیەوە بەم شێوەیەن (شێوەیەکی کرداری ناتەواو + ئاوەڵناو + پریپۆزشنی بۆ/to). ئەمەش جگە لەپشتڕاستکردنەوەی بۆچوونی لایت فود (١٩٧٩) و کۆڵینس (b٢٠٠٩) کە دهڵێن کردارە نیمچە مۆدەڵەکان (to)ی هەیە وەک بەشێک یان تخومێک لە توخمە پێکهێنەرەکانی کردارەکە، سێپنان ئەوەش دهڵێت کە بەشی یەکەمی کردارە نیمچە مۆدەڵەکان بریتیە لە کردارێکی (کردارێکی ناتەواو/کردارێکی بێ هێز). ئەم کردارە ناتەواوەش دوو ئەرکی سینتاکسی گەورە دەبینێت کە لە باری نەرێ نیشانەی نەرێیەکە وەردەگرن لەبڕی هەموو توخمە پێکهێنەرەکانی کردارە نیمچە مۆدەڵەکە، لە کاتی پرسیاریشدا کردارە ناتەواوەکە/بێ هێزەکە دەچێتە سەرەتای ڕستە و بەشەکانی تری کردارە نیمچە مۆدەڵەکە لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە. ئەم سیفەتش لە هیچ کردارێکی زمانی کوردیدا نیە، هەربۆیە بە پێوەرەکانی لایتفود و کۆڵینس و سێپنان بێت هیچ کردارێکی مۆدەڵی زمانی کوردی وەکو کردارێکی نیمچە مۆدەڵ پۆلێن ناکرێت.***

*** بڕوانە: Seppänen, Aimo, 1979, 11-26,97

کۆلینس دهڵێت: هەندێکجار جیاوازی سینتاکسی لەنێوان کردارێکی مۆدەڵ و نیمچە مۆدەڵ دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەڕووی سیمانتیکیەوەش جیاوازبن، یان بە پێچەوانەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو دوو کردارە مۆدەڵە و نیمچە مۆدەڵە بە هاواتا ناسرابن. وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا:

My sister will get married on Tuesday if I go home on that day.

١-خوشکم هاوسەرگیری دەکات لەڕۆژی سێ شەممە ئەگەر من لەوڕۆژەدا بچمەوە ماڵەوە.

My sister is going to get married on Tuesday If I go home on that day

٢-خوشکم بەنیازە/نیازی وایە هاوسەرگیری بکات لە ڕۆژی سێ شەممە دا ئەگەر من لەو ڕۆژەدا بچمەوە ماڵەوە.

ئەمەش ئەوەدەردەخات کە کردارە نیمچە مۆدەڵەکان ناتوانن لە باری مەرجیدا دەربکەون، یاخود بڵێین ناتوانن لە ڕستەی مەرجیدا دەربکەون و خودی خۆیان واتای نامەرجی دەدەن، لەکاتێکدا کردارە مۆدەڵەکان بەشێوەیەکی گشتی باس لە پێشبینیکردنێک یان توانایەک یان پێویستیەک دەکەن، دەتوانن لە ڕستەی مەرجی دەربکەون. هەروەها کردارە مۆدەڵەکان بەشێوەیەکی گشتی باسی بارودۆخی وەسفکراو دەکەن. سەرەڕای ئەو جیاوازیەش لە نێوان هەردوو پۆلی کردارە مۆدەڵەکان و نیمچە مۆدەڵەکان، چەندین خاڵی پێکداچوون لە نێوان کردارەکانی هەردوو پۆلدا هەیە، بەتایبەتی لەلایەنی سیمانتیکیەوە.

کۆوتس باسی ئەوەدەکات کە بە بەراورد بە کردارە نیمچە مۆدەڵەکان، کردارە مۆدەڵەکان زۆر فراوانن لەڕووی سیمانتیکیەوە، دەکرێت هەرکردارێکی مۆدەڵ ژمارەیەک واتای هەبێت، وەکو کرداری مۆدەڵی (توانین) لەم نموونانەی خوارەوەدا:

- I can speak five different languages

(٤- دەتوانم بە پێنج زمانی جیاواز قسەبکەم)

- Can I come in

(٥- دەتوانم /ڕووخسەت هەیە بێمە ژوورەوە؟)

- Can you make a little less noise، please? I'm trying to work .

(٦- دەکرێت کەمێک دەنگە دەنگەکە کەم بکەیتەوە؟ هەوڵدەدەم کاربکەم.)

- Can I help you with those bags **?**

(٧- دەتەوێت یاریمەتیت بدەم بۆ ئەو جانتایانە)

هەروەها کۆتس دەڵێت پێکداچوون لە نێوان خودی کردارە مۆدەڵەکانیش هەیە لەڕووی هەبوونی واتای هاوبەشەوە لە نێوان چەند کردارێکدا(**Coates, Jennifer. 1983:5**)، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا دیارخراوە:

- Can I come in?

(٨-دەتوانم بێمە ژوورەوە؟)

- May I come in?

(٩-دەکرێت بێمە ژوورەوە؟)

- Shall I come in?

(١٠-ئایا بێمە ژوورەوە؟)

لە هەرسێ ڕستەی ژمارە(٨ و٩ و ١٠)دا سێ کرداری جیاوازی مۆدەڵەکان بەکارهاتووە، کە جگە لە واتای ئاسایی خۆیان، واتای هاوبەشیش لە نێوانیان هەیە کە بریتیە لە واتای (ڕووخسەت)وەرگرتن.

لایەنێکی تری سینتاکسی کردارە مۆدەڵەکان ئەوەیە کە دەتوانن دەم کات هەڵبگرن، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

- John can help the work

(١١- ئازاد دەتوانێت یارمەتیت بدات لە کارەکە)

- John could help you in the work

(١٢-ئازاد دەیتوانی لەکارەکە یارمەتیت بدات)

کردارە مۆدەڵەکان ناتوانن نە بەتەنیا لەڕستە دەربکەون و نەلەباری داخوازیشدا دەربکەون، بەلام دەکرێت لەکڵۆزی دووەمی ڕستەی مەرجی دەربکەون، وەک لەم ڕستەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

- If study well، you may/can pass the exam **.**

١٣-ئەگەر باش بخوێنی، لەوانەیە/دەتوانی لە تاقیکردنەوەکە دەربچی.

هەروەها کردارە مۆدەڵەکان ئەگەر لەگەڵ ئاوەڵکار دەربکەون لە ڕستەدا، ئەوا ئاوەڵکارەکە دەکەوێتە دوای کردارە مۆدەڵەکە، واتا ئاوەڵکارەکە دەکەوێتە نێوان کردارە مۆدەڵەکە و کردارە سەرەکیەکە، وەک لەم ڕستەی(١٤)دا خراوەتەڕوو:

- She can loudly sing

). (١٤-دەتوانێت بە دەنگی بەرز گۆرانی بڵێت.

سیفەتێکی تری سینتاکسی کرداره مۆدەڵەکان ئەوەیە کە دەتوانن لەشێوەی کلکە پرسیاری دەربکەون(Erades,P.A.1959,p.3-462,58-61) ، وەک لەم ڕستەیەداڕوونکراوەتەوە:

• Can you speak in English? yes، I can

(١٥-دەتوانی بە ئینگلیزی قسە بکەی؟ بەڵێ، دەتوانم.)

بە شێوەیەکی بنچینەیی لە زمانی ئینگلیزیدا کردار دەبێتە دوو پۆلی سەرەکی: کرداره سەرەکیەکان و کرداره لاوەکیەکان. کرداره سەرەکی و لاوەکیەکان لە ڕووی سینتاکسی و سیمانتیکسی و مۆرفۆلۆژیەوە لەیەکتریەوە جیاوازن. لێرەدا باسی کرداره لاوەکیەکان دەکەین. کردارهلاوەکیەکانیش لە نێوان خۆیاندا دەبنە دوو جۆری سەرەکی: کرداره یاریدەدەره لاوەکیەکان و کرداره یاریدەدەر بنەڕەتیەکان، جۆری دووەمیان لە زمانی ئینگلیزیدا بریتین لە (have، do،be ): ئەو کرداره یاریدەدەره بنەڕەتیانە زیاتر ئەرکی ڕێزمانیان هەیە، لەوەی ئەرکی سیمانتیکیان هەبێت. بۆ نموونە ئەم سێ کرداره یاریدەدەرەبنەڕەتیە، لە ڕووی سینتاکسەوە یارمەتی گۆڕینی ڕستە لە ئەرێوە بۆ نەرێ و بۆ پرسیاری دەدەن، هەروەها یارمەتی دروستکردنی ڕستەی شێوە بکەر نادیاری دەدەن و یارمەتی دروستکردنی دەم کات دەدەن لە ڕستەکاندا. خاڵێکی تر سەبارەت بە کرداره یاریدەدەره بنەڕەتیەکان ئەوەیە کە کاتێک ئەرکی ڕێزمانی جیاواز وەردەگرن لە ڕووی سینتاکسیەوە، ئەوا لە ڕووی مۆرفۆلۆژیشەوە گۆڕانیان بەسەردادێت. ئەم نموونانەی خواره ڕوونکردنەوەی زیاتر دەردەخەن*:

- I have done the work

١٦-(من کارەکەم ئەنجامداوە)

- She has done the work.

١٧-(ئەو کارەکەی ئەنجامداوە)

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسیان بکەین، کرداره یاریدەدەره لاوەکیەکان(مۆدەڵەکان)ن، ئەو کرداره یاریدەدەره لاوەکیانەش هەندێک سیفەت و تایبەتمەندی کرداره لاوەکیەکانیان

.*Leech, Geoffrey. (1971.:117-1372-( Stein, Dieter. 1990)

هـەیـە و زیـاتر لـەڕووی واتاییـەوە هاوبـەشـی دەکـەن. کـرداری یاریـدەدەری لاوەکـی لـە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا سیفەتی مۆرفۆسینتاکسی جیاکەرەوەی خۆی هـەیە، دیاریترین ئەو سیفەتانەش ئەمانەن:

• کـرداره یاریـدەدەره لاوەکیـەکـان هـیچ گـۆڕانێکی مۆرفۆلۆژیـان بـەسـەر دانایـەت و نیشـانەی کـەسـی یان بکـەری وەرنـاگرن، جا بکـەرەکە یان تـاک بێت یـان کۆ. واتـە؛ هـیچ گونجانێکیان لەگەڵ بکەرەکانیان نیە لەڕووی مۆرفۆلۆژیەوە. بۆ نموونە، لـەزمـانی ئینگلیزی دهڵێین (he must go)،(ئەو دەبێت بڕوات) واتە؛ نیشانەی (s) کەسی سێیەمی تاک ناچێتـە سـەر کرداره یاریدەدەرهـلاوەکیـەکە کە (must) ە"دەبێـت" . واتـە؛ لـە ڕووی سینتاکسـەوە بکەری ڕستەکە هیچ کارناکاتـە سـەر شێوەی مۆرفۆلـۆژی کرداره یاریدەدەره لاوەکیـەکە، بەلام ئەگەر تەنیا کرداری سەرەکی لەڕستەدا هەبێت، ئەوا لەگەڵ بکەری کـەسـی سێیەمی کردارەکە (s) وەر دەگرێت کە نیشـانەی ئـەوەیە بکـەری کردارەکە کـەسـی سێیەمی تاکە. ئـەمـەش ئـەوەدەگـەیـەنێت کـە لـە ڕووی سینتاکسیەوە بکـەری ڕەسـتەکە کـاردەکاتـە سـەر پێکهاتـەی مۆرفۆلـۆژی کـرداره سـەرەکیـەکـە و ڕسـتەکـە دەبێتـە (he goes) "ئـەو دەڕوات".بەلام ئەمە لە زمانی کوردی نابینرێت.

• کـرداره یاریـدەدەرهـلاوەکیـەکـان دەکـەونـە پێشـە کـرداری سـەرەکـی لـە ڕسـتەدا و کارەسەرەکیەکە بە شێوەی چاوگ لە دوای دێت، بۆ نموونـە لـە زمـانی ئینگلیزی دا دەبێت بڵێـین (I must go) "دەبێـت بـڕۆم". کـرداری سـەرەکـی (go) یـە"دەڕوات"، کـرداری یاریدەدەریش (must) "دەبێت". بۆیە ناکرێت بڵێین (I must to go * یان I must going *) . لـە ڕووی ڕسـتەسـازیەوە نابێـت هـیچ پریپۆزشـنێکی وەکـو (to) لـە نێـوان کـرداره یاریدەدەرهلاوەکیەکەو کردارەسەرەکیەکە هـەبێت، لـە ڕووی مۆرفۆلۆژیشـەوە، ئـەوکرداره سەرەکیەی کە دەکەوێتە دوای کرداره یاریدەدەره لاوەکیـەکـەوە دەبێت چـاوگ بێت، واتـە؛ نابێت کرداره سەرەکیەکە (ing) "نیشـانەی بـەردەوامـی"، (ed) "نیشـانەی ڕابـردوو" یان (**s**) نیشانەی کەسی سێیەمی تاکی پێوە بێت.

• کرداره یاریدەدەرەکان لەڕووی سینتاکسیەوە نیشانەی نەرێیەکە کە(not)ە، وەردەگرن و ناهێڵن لە نەرێ کردنی ڕستەکە، کرداره سەرەکیە کە نیشانەی نـەرێیەکە وەربگرێت. بۆ نموونـە، لـە ڕسـتەی (I can do it) دەتـوانم ئـەنجـامی بـدەم، (**can**) " تـوانین" کـرداره یاریدەدەرەکەیـە و (do) " ئـەنجامـدان" کـرداره سـەرەکیـەکەیـە. ئەگـەر ئـەو ڕسـتەیە بکەینـە نەرێ، ئەوا ڕستە کە دەبێتە ( I cannot do it) "ناتوانم ئەنجامی بدەم".

• لەڕووی سینتاکسیەوە کاتێک ڕستە لە باری ئەرێیەوە دەگۆڕێت بۆ باری پرسیاری، ئەوا کردارە یاریدەدەرەکە هەڵدەستێت بە دروستکردنی شێوەی پرسیارەیەکە، لەبەرئەوەی کردارە یاریدەدەرهەلاوەکیەکە دەچێتە سەرەتای ڕستەکە، لە کاتێک کردارەسەرەکیەکەو بەشەکانی تری ناو ڕستە لە شوێنی خۆیان دەمێنن. بۆ نموونە، لە ڕستەی (she should go) (ئەو پێویستە بڕوات)، (should) "پێویستە" کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکەیەو (go) "بڕوات" کردارە سەرەکیەکەیە. ئەگەر ئەو ڕستە بگۆڕین بۆ پرسیاری، ئەوا دەبێتە (should she go?) " پێوسیتە ئەو بڕوات؟". واتە؛ لە کاتی هەبوونی کرداری یاریدەدەرەی لاوەکی، ڕستەکە پێویستی بە (does،do ) نیە بۆئەوەی ڕستەکە بگۆڕین بۆ باری پرسیاری بەم شێوە (does she should go*).

• کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان هیچ کات شێوەو بەکارهێنانێکی بێ دەمی (non-finite) یان بێ کاتیان نیە، کاتێک لە ڕستەیەک دادێن دەبێت دەمی ڕستەکە بە ئەندازە و دیاریکراو بێت، وەکو دەمی رانەبردووی سادە و دەمی ڕابردووی سادە. کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان هەرخۆشیان دەمی ڕستەکە دیاریدەکەن، وەکو دەمی ڕانەبردووی سادە لە ڕستەی (I can run fast) " دەتوانم خێرا ڕابکەم"، کرداری یاریدەدەری (can) "توانین" دەمی ڕستەکەی هەڵگرتووە کە ڕانەبردووی سادەیە. لە کاتێکدا لەڕستەی ( I could run fast) "دەمتوانی خێرا ڕابکەم"، کرداری یاریدەدەرهەلاوەکی (could) " توانین لە ڕابردوو" دەمی ڕستەکەی هەڵگرتووە و پێمان دەڵێت، کە ڕستەکە ڕابردووە، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی سینتاکسی یان مۆرفۆلۆژی بەسەر کرداری سەرەکی ڕستەکە (run) "ڕاکردن" یان هیچ کام لەبەشەکانی تری ڕستەکە هاتبێت.

کردارە یاریدەدەرهەلاوەکیەکان ناتوان دوو دوو لە پاڵ یەکتری لە ڕستەدا دەربکەون و ئینجا کرداری سەرەکیان لە دوابێت(Palmer, Frank. R. 1990,p.1-3)، بۆ نموونە ناکرێت بڵێین: (he will may come*).

• کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان شێوازی داخوازی (ئەمریان) نیە.

• کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان بە تەنیا لە ڕستە بەکارنایەن.

• کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان دەتوانن لە کلۆزی دووەمی ڕستەی مەرجیدا دەربکەون، کە هیچ کردارێکی تر ناتوانێت لەو شوێنە دەربکەوێت، بۆ نموونە، لە ڕستەی (If you come tomorrow، you can get the flowers ) "ئەگەر بەیانی بێیت، دەتوانی گوڵەکانت دەستکەوێت"، کە تیایدا (can) کرداری یاریدەدەرو لە کلۆزی دووەمی ڕەستە

مەرجیەکەدا دەبینیرێت، لەم شوێنەی کرداری یاریدەدەرهلاوەکی (can)، نە هیچ کردارێکی سەرەکی و نهەیچ کردارێکی یاریدەدەری بنەڕەتی (auxiliary) دەتوانێت دەربکەوێت.

- لەڕووی سینتاکسیەوە، کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان دەکەونە پێش ئاوەڵکار لە ڕستەدا، بۆ نموونە لە ڕستەی (I can quickly run) " دەتوانم بە خێرای ڕابکەم"، ئەوەڵکاری (quickly) دەکەوێتە دوای کرداری یاریدەدەرهلاوەکی (can)، دەکرێت ئەم سیفەتە لەکردارە یاریدەدەرە بنەڕەتیەکانیش (auxiliaries) هەبێت، بەلام ئەگەر ئەم سیفەتە بدرێتە پاڵ کردارە سەرەکیەکان، ئەوا بە ناڕێزمانی دادەنرێت.

کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان دەتوانن لە کلۆزی کورتکراوەدا دەربکەون لە کاتی وەلامدانەوەی پرسیارێک کە هەمان کرداری یاریدەدەری لاوەکی تێدا بەکار هاتبێت، بۆ نموونە، لە ڕستەی (can you drive buses) "دەتوانی پاس لێبخوری؟"، لەوەلامەکەی دەکرێت بلێین (I can،yes ) "بەڵێ دەتوانم"، واتە؛ لە کلۆزی وەلامی دەکرێت تەنیا کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکەمان هەبێت و واتا دەگەیەنێت، بەلام ئەم ڕۆڵە، بە کردارە سەرەکیەکان ناگێڕدرێت لەهەموو بارێکدا( Huddleston, Rodney and Pullum, Geoffrey K. (2002:93).

هەندێک لەکردارە یاریدەدەرەکانی وەک: ( can،will، could ، might، should،would ) لە ڕووی سیناکسیەوە بۆ دروستکردنی ڕستەی گریمانەی و مەرجی بەکاردێن، بۆ نموونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

- If your children get good grades، you will give them gift.

١٨-ئەگەر منداڵەکانم نمرەی باش وەرگرن، دەکرێ دیاریان پێ بدەم.

- If you helped me، I could finish this in an hour .

١٩-ئەگەر یاریمەتیت دابوومایە، ئەوا دەکرا/دەمتوانی ئەمە لەماوەی یەک کاتژمێردا تەواو بکەم.

لەم ڕستەیەدا کە جۆری دووەمی ڕستەی مەرجیە، کرداری یاریدەدەری لاوەکی (could)یارمەتی دروستبوونی کلۆزە سەرەکیەکەی داوە.

- If you get good grades، I can give gifts .

٢٠-ئەگەر نمرەی باش وەرگرن، دەکرێت دیاریتان پێ بدەم.

ئەم ڕستەیان ڕەستەیەکی مەرجی سفرە، واتە؛ بێ مەرجە و ئەم بێ مەرجیەشی بهەۆی کرداری یاریدەدەری لاوەکی(دەتوانم) دروستبووە، کە کەوتۆتە کلۆزە سەرەکیەکەوە.(Bailey, Ch.-J. N. ,1981,p.188-2161)

کرداری یاریدەدەرەکان لە چەند پێکهاتەیەکی تری سینتاکسی و ڕێزمانی بەکاردێن.

| ژ | کرداری یاریدەدەری لاوەکی | ئەو پێکهاتە ڕێزمانەی کە بە هۆیەوە دروست دەبێت | ڕستە | واتا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | Will،shall | کاتی داهاتوو | I will rain tomorrow | بەیانی باران دەبارێت |
| ٢ | Can،could ، will،would | داواکرن | Can you help me، please | بێ زەحمەت دەتوانی یاریمەتیم بدەیت؟ |
| ٣ | Should، ought to | ڕاسپاردن /ئامۆژگاری | He should do it. | واباشە کارەکە بکات |

لایەنێکی تری زۆر گرنگی کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان، بریتیە لەلایەنی سیمانتیکی. لەزمانەکانی جیهاندا کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان زیاتر لەبەر لایەنی واتایان بەکاردێن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێەوە کە کەسی قسەکەر دەتوانێت چەندین واتا و مەبەستی جیاواز بە هۆی ئەو کردارانەوە دەربڕێت. لە شێوەیەکی گشتی ئەم واتایانە لەکردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان دەدۆزرێتەوە: پێویستی- پێویستە، شیان-دەشێت، ڕێتێچوون-ڕێتێدەچێت، زۆریلێکردن-زۆریلێدەکات، ڕێگەپێدان-ڕێگەی دەدا، بەنیازبوون-بەنیازە، توانا-دەتوانێت، بۆچوون-وای بۆدەچێت،پێشبینیکردن-پێشبینیدەکات، قەدەغەکردن-قەدەغەدەکات.

پاڵمەر کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان بەسەر چوار جۆر دابەش دەکات: (epistemic) واتا ئەو کردارە یاریدەدەرانەی کە ئەو واتایانە دەگرنە خۆ (پێویستە، دەشێت، ڕێتێدەچێت، پێشبینیدەکات)، ئەم جۆرە کردارە یاریدەدەرانە زانیاری و بۆچوون و هەڵسەنگاندنی کەسی قسەکەر دەردەخەن سەبارەت بە کارێک یان ڕووداوێک. هەروەک لەم نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- Kate must come now

٢١- (پێویستە ئێستا دانا بێت)

لەم ڕستەیەدا دەبینین کە کرداری یاریدەدەری لاوەکی (must) "پێویستە" ڕەنگدانەوەی بۆچوونی کەسی قسەکەرەو کەوا بە پێویست دەزانێت کە دانا بێت.

جۆری دووەمی کرداری یاریدەدەری لاوەکی پێی دەگوترێت (deontic) واتە؛ ئەو کردارە یاریدەدەرانەی کە ئەم واتایانە دەگرنە خۆ: "ڕێگە پێدان، ناچارکردن، توانا دەربڕین"، ئەم

جۆره کرداره یاریدەدەره لاوەکیانە ڕێگە پێدان و قەدەغەکردن و ناچارکردنی لەلایەن کەسی قسەکەرەوە دەردەخەن، هەروەها لەوانەیە ڕەنگدانەوەی دەربڕینی "توانا"ی کەسی بکەری ڕستەکە بێت. هەروەکو لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

- John may come now

٢٢- (جۆن ڕێگەی پێدەدرێت بێت)

هەموو ئەو کرداره یاریدەدەره لاوەکیانەی کە (epistemic)ن، دەتوانن ببنە (deontic)و بە پێچەوانەشەوە. چۆنیەتی لەیەکتر جیاکردنەوەی ئەو کردارانە سەبارەت بەوەی کە کەی لە باری (deontic) ین و کەی دەبنە (epistemic)ی، ئەوا دەوەستێتە سەر چۆنیەتی لێکدانەوەی کردارەکە لە ڕستەکەدا، بۆ نموونە دەکرێت کردارێک لە هەمان ڕستەدا جارێک بە دیۆنتیکی لێکبدرێتەوەو جارێکیش بە ئیپستێمیکی. هەروەکو کرداری یاریدەدەری (may) لە ڕستەی ژماره (٢٣)دا.

23-John may leave tonight .

دوو لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەم ڕستە هەیە: یەکەمیان ئەوەیە "دەشێت کە ئەمشەو جۆن بڕوات"، لێرە کرداره یاریدەدەره لاوەکیە کە بە جۆری ئیپستێمیکی لێکدەدرێتەوە، چونکە واتای "دەشێت" دەدات بەدەستەوە. لێکدانەوەی دووەمیان "جۆن ڕێگەی دەدرێت کە ئەمشەو بڕوات"، بەلام لێرەدا کردارەکە لە دیۆنتیکی لێکدراوەتەوەو واتای "ڕێگە پێدان" بەدەستەوە دەدات.

سەرەڕای ئەوەش کرداره یاریدەدەره لاوەکیە (epistemic) ئێپیستێمیکیەکان بەسەر سێ لادا دەکرێنەوە و هەسێ لایەکەش پەیوەستن بە لێکدانەوەی کەسیانە بۆ ڕووداوەکان یان کردارەکان و هەڵسەنگاندنی کەسی قسەکەر بۆ ڕووداوەکە دەردەخات: ئەم خشتەی خوارەوە هەر سێ لایەنی ئەو کرداره یاریدەدەره لاوەکیەکانە نیشاندەدات کە دەبنە ئێپیستێمیکی.

**(**Coates, Jennifer, 1983, p.18**)**

| ژ | لایەن | واتا | گرووپی کردارەکان | واتاکانیان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | Necessity | پێویستە | Must | پێویستە |
| ٢ | Prediction | پێشبینیکردن | shall، would،Will | دەبێ، دەبوو، دەبێ |
| ٣ | Possibility | دەکرێت، ڕێیتێدەچێت | ، ought to،should ، ، can، might،may could | دەبوایە، دەکرێت، لەوانەیە، دەشێت، دەکرا |

هەرچی ئەو کردارە یاریدەدەرە لاوەکیانەیە کە دەبنە (deontic) دیۆنتیکی، بەسەر سێ لایەن دابەش دەبن، بەلام هیچ یەکێک لەواتایەکانی ئەم لایەنانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ کەسی قسەکەردەگەڕێنەوە (Palmer, Frank Robert, 2011, p.10-11 p.10-11): دەکرێت هەر سێ لایەن لەم خشتەی خوارەوەدا کۆبکرێنەوە وڕوونبکرێنەوە :

| ژ | لایەن | واتا | گرووپی کردارەکان | واتاکانیان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | Obligation | زۆرلێکردن/ ناچارکردن | ، should،Must ought to | ناچارە ، دەبێت |
| ٢ | Permission | ڕێگەپێدان | ، could،can and might،may | ڕێپێدەدرێت، ڕێگەی دەدرا، |
| ٣ | Volition | خواست | would and ،will shall | ویست، دەبێ، دەخوازێ |

جۆرێکی تر لە کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان بریتیە لە" (dynamic) داینامیک "کە تیایدا کردارەکە واتای (توانا، ویست وخواست، دەیەوێت) دەگەیەنێت و سەرچاوەی ئەو واتایەش بۆ خودی کەسی قسەکەر نا گەڕێتەوە، بەڵکو بۆ هۆکاری دەرەکی و بۆ تواناو بیرو هۆشی (بکەر-جۆن) دەگەڕێتەوە .وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

John can speak French

(٢٤-جۆن دەتوانێت بە فەڕەنسی قسە بکات)

کرداری یاریدەدەری لاوەکی (can) لە ڕستەی نۆیەمدا واتای (توانین) دەگەیەنێت، کە ئەو کردارە ئەو واتایەی نە لە ئیپیستێمیکی و نەلە دینۆتیکی نەبووە، ئەوە بۆچوونی کەسی قسەکەر خۆی نیە کە پێی وایە جۆن ئەو توانایەی هەیە بە فەڕنسی قسە بکات .دەتوانین

ئەو کردارە یاریدەدەرە لاوەکیانەی کە دەتوانن بنە دینامیکیش. سەرەڕای جۆرەکانی پێشووتریان، لەم خشتەیەدا ئەمانە بخەینەڕوو.

| ژ | لایەن | واتا | گروپی کارەکان | واتاکانیان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | Ability | توانین | could،Can | دەتوانێت |
| ٢ | Willingness | خواستن | shall، would،Will | دەخوازێت، ئارەزوودەکات، ئامادەیە |

زۆر جار ئەو کردارە یاریدەدەرە لاوەکیانەی کە دەبنە ( dynamicداینامیکی) زۆر لە بەکارهێنانە (deontic) دیۆنتیکیەکانیان دەچن، بەلام جیاوازیەکی روونی نێوانیان ئەوەیە کە کاتێک ئەو کردارە یاریدەدەرە لاوەکیانە ڕەنگدانەوەی هەندێک سەرچاوەی ڕێگە پێدان و ناچارکردنەکەیانی دەرەکین وەک، ئەوەی کە ئەو نارچارکردن و ڕێگە پێدانەیان بۆ یاسا و ڕێسایەک بگەڕێتەوە، بەلام لە ڕاستیدا ئەوە خودی قسەکەرەکەیە کە ڕێگە پێدانەکە دەدات و زۆرلێکردنەکە دەکات و خودی قسەکەرە کە سەرچاوەی دەسەلاتەکەیە. لەم بارەدا کردارەکان بەر بەکارهێنانی (deontic) دیۆنتیکیان دەکەون. ئەگەر ئەو کردارە یاریدەدەرلاوەکیانە سەرچاوەی دەربرینی توانا و ئارەزوویان هەیە بە هۆکاری هەڵ و مەرجی و دەوروبەر بەستراینەوە، ئەوا ئەو کردارنە دەکەونە بەر بەکارهێنانی (dynamic) داینامیکیان. لەم دوو نموونەی خوارەوەدا جیاوازی لەبەرکاهێنانی هەمان کرداری یاریدەدەری لاوەکی (can) دەردەکەوێت:

He can escape now

(٢٥-ڕێگەی پێدەدرێت ئێستا بڕوات)

He can run a mile in five minutes.

(٢٦-دەتوانێت بەڕاکردن ماوەی یەک میل بە پێنج خولەک ببڕێت)

لە ڕستەی ژمارە (٢٥)دا کرداری یاریدەدەری لاوەکی (can) واتای ڕێگە پێدان دەدات و سەرچاوەی ڕێگەدانەکەش بۆ خودی کەسی قسەکەر دەگەڕێتەوە و هەربۆیە لەم ڕستەیە دا کردارە یاریدەدەرهلاوەکە بەر بەکارهێنانی (deontic) دیۆنتیکی دەکەوێت. لە کاتێک لە ڕستیە ژمارە (٢٦)دا هەمان کرداری یاریدەدەری لاوەکی مانای توانین دەدات و سەرچاوەی دەربرینی توانینەکەش بۆ بارودۆخ و هەبوونی توانایەکی فیزیکی دەگەڕێتەوەو کەمتر بوونی کەسی قسەکەری پێوە دیارە، هەربۆیە لێرەدا کردارە

یاریدەدەرهلاوەکیەکە بەربەکارهێنانی (dynamic) دینامیکی دەکەوێت (Frank. ،Palmer
.( p.36،R. 1990

جۆری چوارەمی کرداریە یاریدەدەرە لاوەکیەکان بریتیە لە (evidential) (بەڵگەیی) لەم جۆرەیاندا کردارە یاریدەدەرەکە سەرچاوەی دڵنیایی و ڕاستی و دروستی وتەکەی کەسی قسەکەر دەردەخات. کاتێک کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان دەبنە ئەم جۆرە، ئەوا نیشانەیەک یان دەرخەرێکی ڕێزمانی وەردەگرن کە لە شێوەی گیرەک یان وشە بەستێک دایە. ئەو نیشانە ڕێزمانیەش لە هەندێک زماندا دڵنیای و باوەڕی کەسی قسەکەر دەردەخات لە وتەکەیدا. دەگوترێت کە ئەم جۆرە لە زمانی ئینگلیزیدا کەمە، ئەگەر هەش بێت تەنیا کرداری یاریدەدەری لاوەکی (must)ە. وەک لەم نموونەی خوارەوادا ڕوونکراوەتەوە:

John must be home

(٢٧-دەبێت جۆن لەماڵەوە بێت)

ئەگەرچی لەم ڕستەیەدا دەکرێت بڵێین کە کردارە یاریدەدەرەکە دەکرێتە بدرێتە پاڵ جۆری (epistemic) ی لەبەرئەوەی دڵنیایەک و بەڵگەیەکی تەواو لەلایەن کەسی قسەکەرەوە ناخرێتەڕوو، لەبەر ئەوەی وتەکەی کەسی قسەکەر تەنیا لە پێشبینیکردن و پێویستبوونێک سەرچاوەی گرتووە. (Palmer, Frank. R. 1990, p.1091990)

### ٦-١-٢ کردارەکانی دەستپێکردن:

بە شێوەیەکی گشتی کردارەکانی ئەم تەوەر لەڕووی سیمانتیکیەوە بەسەر سێ گروپدا دابەش دەبن، ئەوانیش:

گروپی یەکەم: (دەستپێدەکات، دادەبەستێت) دەگرێتەوە.

گروپی دووەم: (بەردەوام دەبێت، درێژە دەکێشێت) دەگرێتەوە.

گروپی سێیەم: (کۆتایی پێدێنێت، دەوەستێت، تەواودەکات، ڕادەوەستێت) دەگرێتەوە.

دیکسن باسی هەندێک تایبەتمەندی کرداردرەکانی (دەستپێکردن) دەکات و دهڵێت: کردارەکانی دەستپێکردن دەبێت بە کردارێکی تری سەرەکیەوە ببەسترێنەوە، هیچ یەکێک لە کردارەکانی ڕێگە بە هەبوونی ڕۆڵێکی سەربەخۆ نادات لە لاڕستە تەواوکەریەکەیدا. واتە؛ بکەری ڕستە سەرەکیەکە دەبێتە بکەری لاڕستەکەش( Dixon.m.r,1990, p.178-311)

سەبارەت بە کردارەکانی گروپی یەکەم، دیارترین تایبەتمەندییان ئەوەیە، کە دەبێت ئەو کردارانە، کرداری تریان لەدوابێت، لەبەرئەوەی ئەو گروپە وەسفی ئەو کردارانە دەکەن کە لەدویان دێن. وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- دەستی بەگۆرانی گوتن کرد.

هەروەها دەکرێت گروپی یەکەم لە هەندێک بارودۆخ دا بە تەنیا دەربکەون و کرداری تریان لەدوا نەیێت، وەک لەباری پرسیار و وەلامیدا، بڕوانە ئەم نموونەیەی خوارەوە:

٢- دەستی بەگۆرانی گوتن کرد، وایە؟ بەڵێ، دەستی پێکرد.

ئەوکردارانەی کە دەکرێن لابردرێن لەدوای کردارەکانی گروپی یەکەم، دەکرێن بە دوو لقەوە:

**<u>لقی یەکەم:</u>** ئەو کردارانەی کەباسی (دروستکردن/ئامادەکردن یان جێبەجێکردن)ی شتێک دەکەن، گرنگترین کردارەکانی ئەم لقەش ئەمانەن: (لێدەنێت، ئامادەدەکات، پێدهڵێت، دروست دەکات، بینات دەنێت، کۆپی دەکات، دەنووسێت، تایپ دەکات، بەرگ دەکات، پرینت دەکات، دەچنێت، دەروێت، چاک دەکاتەوە، دەکوڵێنێت، پاک دەکاتەوە، دەشوات، دەماڵێت، بە بریقیە دەخات، وورد دەکات). وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣- دەستی بە لێنانی نانی ئێوارە کرد

٤- دەستی بە نانی ئێوارە کرد.

٥- دەستی بە گوتنی نوکتە کرد.

٦- دەستی بە نوکتە کرد.

**<u>لقی دووەم:</u>** ئەو کردارانەی کە دەکرێت لە دوای کردارەکانی گروپی یەکەم لاببردرێن، بریتین لە کردارەکانی بەکارهێنان، وەکو:(دەخوێنێتەوە، دەخوات، دەخواتەوە، جگەرە دەکێشێت). بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

١- دوێنێ شەو دەستی بە کێشانی جگەرە کرد.

٢- ساوێن دەستی بەخوێندنەوەی کتێبی "ئینگلیزی" کرد.

٣- ساوێن دەستی بە " ئینگلیزی " کرد.

پیت جۆڤسکی و جاکندۆف هاردووکیان هاوڕان لەسەرئەوەی، کە بۆیە تەنیا کردارەکانی ئەم دوولقە دەکرێت لە دوای کردارەکانی گروپی یەکەم لاببردرێن، چونکە کردارەکانی ئەم دوو لقە بەرکارێکی تایبەتی وەردەگرن، لە کاتی لابردنی ئەو کردارەی کە

لــە دوای کــردارەکــانی دەســتپێکردنەوە دێــت، واتــای کــردارە لابــردراوەکــە لــە واتــای بەرکارەکەوە وەردەگیرێت*. وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤- دەستی بەخواردنی خواردنەکە کرد.

٥- دەستی بەخواردنەکە کرد.

لـەم دوو ڕسـتەیەدا دەبینین، کە کرداری (دەخـوات) بـەرکاری (خواردنـەکـە)ی هـەیـە، بـۆ کاتێـک لەڕســتەی ژمــارە(٥) کــرداری خواردنــەکــە لــە دوای کــرداری (دەســتپێکردن) لادەبردرێت، ئەوا تەنیا بهەۆی بەرکاری (خواردنەکە) واتای کرداری (دەخـوات) وەرگیرا و هەستپێکراوە. هەروەها ئەم دوو ڕستەی خوارەوەش هـەمـان بـاری ڕسـتەکانی ژمـارە (١٠ و ١١) یان هەیە:

٦-دلێر دەستی بە دروستکردنی خانووەکەی من کرد.

٧-دلێر دەستی بەخانووەکەی من کرد.

لەڕســتەی ژمــارە (٦)دا بــەرکــاری (خــانووەکــەی مــن) بــەرکــارێکی تایبــەتــی کــرداری (دروسـتکردنە/بیناتنانـە) بۆیـە کاتێـک دەکـەوێـتە دوای کـرداری دەسـتپێکردنەوە، دەکرێـت لابردرێـت وەک لەڕســتەی ژمــارە (٧)دا واتــای کــرداری (دروســتکردن/بیناتنان) بهــەۆی بەرکارەکە وەرگیراوە و هەستپێکراو دەرکەوتووە.

قســەکــەر زۆربــەی کــات ئــەو کردارانــە لانابــات کــە دەکــەونــە دوای کــردارەکــانی دەسـتپێکردنەوە، مـەگـەر واهـەسـت بکـات کـەسـی گوێگر لـە ڕسـتەکە تێدەگات و زانیـاری پێشینەی هەیە دەربارەی کردارە لادراوەکە.

دەتوانین بڵێن، ئەوکردارانەی کە دەکرێت لـە دوای کردارەکانی (دەسـتپێکردن) لابـردرێن، بە شێویەکی گشـتی بریتین لـە کردارەکانی: (قسـەکردن و جوڵـەی جـەسـتە و کـارلێکردن) نەک سـەرجەم کردارەکانیان، بەڵکو هەندێکیان. هەروەها دەبێت بزانین، کردارەکانی (جوڵـە و مانــەوە، دان، بیرکردنــەوە، بڕیــاردان، حــەزپێکــردن و بێزارکــردن) لابردنیــان لــە دوای کردارەکانی دەستپێکردن ئەستەمە.

شــایەنــی باســە کــە ئــەو کردارانــەی دەتوانرێـت لـەدوای کــردارەکــانی دەســتپێکردنەوە لابردرێن، سیفاتێکی سینتاکسی هاوبەشیان هەیـە، ئەویش ئـەوەیـە کـە ئـەو کردارانـە دوو فرێزی ناویان بۆ هەردوو ڕۆڵی بکەر و بەرکاری وەردەگرن. ئـەوکردارانـەی کـە زیاتر لـە

* بڕوانە: Jackendoff, R. (1997).- Pustejovsky, J. (1995)

دوو ڕۆڵ وەردەگـرن، بـۆ نموونــە کـردارەکـانی (دان) ســێ ڕۆڵ وەردەگـرن، هــەرگیـز ناتوانرێت لاببردرێن.

سـەبارەت بـە کرداری (پێدهلێت) پیت جۆڤسکی و بۆویلۆن دهڵێن: ناکرێت لاببردرێت، ئەگـەر هـەرسـێ ڕۆڵـەکـەی لەڕسـتەکـە دا دەربکـەوێـت، وەک لـەم ڕسـتەی خـوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٧- دەستی بە گوتنی نوکتەیەکی ترکرد بە میوانەکە.

٨- *دەستی بەنوکتەیەکی تر کرد بە میوانەکە.

بـەلام هـەمـان کردار ئەگـەر بێت و تـەنیا دوو لـە ڕۆڵـەکانی دەرکـەوتبێت، ئـەوا دەکرێت لاببردرێت لەڕستەکەدا، وەکو لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٠- دەستی بەگوتنی نوکتەیەکی ترکرد.

١١- دەستی بەنوکتەیەکی تر کرد.

ئەگـەر فرێـزە ناوییـە بکـەرەکـە بریتیبێـت لـە وەسـفکردنی کـەسێک، وەک دەرخسـتنی چـالاکی و نــەریــت، ئــەوا دەکرێــت بــەرکــارە فرێزیــەکــەش لەگــەڵ کــردارەکــە لاببردرێـت(Pustejovsky, James, and Pierrette Bouillon. 1996:123-161)، وەک لـەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٢- سـەرۆکـی چێشـت لێنـەران لـە کـاتژمێر چـوارەوە دەسـتی بـە لێنـانی نـانی ئێـوارە کردووە.

١٣- سەرۆکی چێشت لێنەران لە کاتژمێر چوارەوە دەستپێکردووە.

لە ڕستەی ژمـارە (١٢) فرێزە ناویـە بکـەریـەکە وەسفی پیشـەو نـەریتی بکـەرەکەیـە، بۆیـە دەکرێت فرێزە ناویە بـەرکارەکـەش لەگـەڵ کردارەکە لەڕسـتەی ژمـارە (١٣)دا لاببردرێت، لـەبـەرئـەوەی وەسـفی پیشـەیی فرێـزە ناویـە بکـەریـەکـە وادەکـات کـە واتـای فرێـزە ناویـە بەرکارەکەو کردارە لادراوەکە هەستپێکراو دەرکەتوو بن. بـەلام ئەگـەر بکـەری ڕسـتە هـەر فرێزێکـی نـاوی ئاسـایی بێت، ئـەوا ناتوانرێت فرێـزە ناویـە بـەرکـارەکـە لـە گـەڵ کردارەکـە بەیەکەوە لاببردرێن، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٤- ژنەکە کاتژمێر چوار دەستی بە لێنانی نانی ئێوارەکرد.

١٥- *ژنەکە لە کاتژمێر چوارەوە دەستپێکرد.

ڕسـتەی ژمـارە (١٥) واتـای تـەواو نـادات و ناتوانرێـت واتـای بـەرکـارە لادراوەکـە و کردارە لادراوەکە بهەۆی بکەرەکەوە لێکبدرێـتەوە، بۆیـە دەبێـت بـەرکـارەکـە (نـانی ئێوارە)

بۆ ڕستەکە بگەڕێندرێتەوە، وەکو لە ڕستەی ژمارە (١٤)دا ژنەکە لە کاتژمێر (٤)ەوە دەستی بەنانی ئێوارە کرد.

(کاتێک کردارێک لەکردارەکانی (دەستپێکردن) وەسفی کردارێکی تێنەپەڕ دەکات، یان وەسفی کردارێکی تێپەڕ دەکات کە بەرکارەکەی دەرنەکەوتووە، ئەوا دەکرێت ئەو کردارە تێنەپەڕە یان ئەو کردارە تێپەڕە بەرکار دەرنەکەتووە بە چالاکیەک یان بە ناوێک جێگەی بگیرێتەوە کە ئەو چالاکیە یان ناوە خۆی لە کردارەکەوە وەرگیراوە، وەک لەم نموونەکانی ژمارە(١٧و ١٨و ١٩و ٢٠)دا ڕوونکراوەتەوە:

١٧- کوڕەکە دەستی بەداوای لێبوردنەکە کرد، پێش ئەوەی تۆ بگەیت.

١٨- کوڕەکە دەستی بە داوای لێبوردنکردن کرد، پێش ئەوەی تۆ بگەیت.

١٩- کاتژمێر دوو مەلەوانەکە دەستی بە مەلەکردنەکەی کرد.

٢٠- مەلەوانەکە کاتژمێر دوو دەستی بەمەلەکردن کرد .

جیاوازییەکی واتایی لە نێوان هەردوو ڕستەی ژمارە (١٩ و ٢٠) هەیە، جیاوازیەکەش ئەوەیە کە ڕستەی ژمارە (١٩) ناوێکە، کە لە کردارەکە وەرگیراوە کە دوای کرداری (دەستپێکردن)ەکە هاتووە، هەربۆیە دەکرێت ئەو ناوە ئاماژە بە یەکەیێک یان بەشێکی چالاکیەک بکات (بۆ نموونە دەستی بەمەلەکردنەکەی کرد بۆ پەڕینەوە لە نۆکەندەکە)، بەلام لە ڕستەی ژمارە (٢٠)دا، کە کرداری (مەلەکردن) لە دوای کرداری (دەستپێکردن) هاتووە، ئاماژە بە ڕستیەک دەکات کە ڕوودانی چالاکی مەلەکردنەکەیە.

(دەکرێت کردارێک لە کردارەکانی ئەم تەوەرە لە پێکهاتەیەکی تێنەپەڕیدا دەربکەوێت، کە تیایدا بکەری ڕستەکە چالاکیەکە، بارێکە، یان کردەیەکی گوتاری ناوی بێت) (Newmeyer, 1975, p.42)، وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا کە بکەری ڕستەکە چالاکیەکە:

٢١- یاریەکە دوای چایەش بەردەوام بوو.

٢٢- ئیرەییەکەی کوڕەکە دەستپێکرد کاتێک بینی کە کچەکە لەگەڵ من لەدەرەوەیە.

دەکرێت لێکدانەوە بۆ هەریەکێک لە ڕستەکانی (٢١و٢٢) بکەین بەم شێوەیە: ڕستەی (٢١) واتە؛(هەندێک خەڵک بەردەوام بوون لەسەیرکردنی یاریەکە دوای چایەش) ڕستەی ژمارە (٢٢) واتە؛ (کوڕەکە دەستی بەئیرەیی بردن کرد کاتێک کچەکەی بینی لەگەڵ من دەچێتە دەرەوە).

(هەندێک کرداری تریش هەن کە بەئەندامی کردارەکانی ئەم بەشە دادەنرێن، ئەوانیش: (کەوتەڕێ، هەڵگیرسا)نن. ئەم دوو کردارە لەڕووی سینتاکسیەوە تێنەپەڕن، تەنیا ڕۆڵی بکـــەر وەردەگـــرن)(Newmeyer,1975,p.42)، وەک لـــەم دوو ڕســـتەی خـــوارەوەدا دیارخراوە:

٢٣- شەمەندەفەرەکە کەوتەڕێ.

٢٤- جەنگەکە هەڵگیرسا.

هەندێک ناوی کۆنکریتی هەن کە ئاماژە بە فراوان بوون و درێژبوونەوەی شتێک دەکەن لە بۆشاییدا. بۆ نموونە: ڕووبارێک لە بۆشاییدا دەجولێت بۆیە دەکرێت ئاماژە بە شوێنی دەستپێکردنی بدەین، وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٥- ڕووباری دیجلە لە سوریاوە دەستپێدەکات.

یان بۆ ناوی ڕێگاو شەقام دەکرێت ئاماژە بە دەستپێکردنیان بکرێت، هەرچەندە کە ڕێگا ناجولێت، بەلام بۆ ئاماژەدان بە خاڵی دەستپێکردنی دەکرێت بڵێین:

٢٦- ڕێگای خێرای هەولێر لە یەکەم خاڵی پشکنینەوە دەستپێدەکات.

هەروەها دەکرێت ئاماژە بەخاڵی دەستپێک و کۆتایی ڕێگایەکە یان ڕووبارەکە بکرێت، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٧- ڕووباری دیجلە لەسوریا دەستپێدەکات و لە کەنداوی عەرەب کۆتایی دێت.

ڕۆز باسی گروپی سێیەمی کردارەکانی (دەستپێکردن) دەکات، دەڵێت: ئێستا ئەگەر سەرنج بخەینە سەر لایەنی سیمانتیکی هەردوو کرداری (تەواو دەکات/کۆتای پێدهەێنێت لەگەڵ دەوەستێت/ڕادەوەستێت) دەبینین، کە جیاوازیەکی ڕوون لە نێوانیان دا هەیە. سەرەتا ئەم دوو نموونەیە وەردەگرین:

٢٨- وەستایەکە بۆیە کردنی دیوارەکەی ڕۆژی شەممە تەواوکرد.

٢٩- وەستایەکە بۆیە کردنی دیوارەکەی ڕۆژی شەممە وەستاند.

کرداری (تەواوکرد) زیاتر بۆلای بەرکار دەگەڕێتەوە، هەربۆیە ڕستەی ژمارە(٢٨) واتای ئەوەدەدات، کە کردارەکە کۆتایی پێهاتووە و دیوارەکە بە تەواوی بۆیە کراوە. لە کاتێکدا کرداری (دەوەستێت) زیاتر بۆ لای بکەر دەگەڕێتەوە، ڕستەی ژمارە (٢٩) واتای ئەوە دەدات چالاکیەکە کۆتایی پێهاتووە لەبەرئەوەی کەسی ئەنجامدەر شتێک دەکات بۆیە چالاکیەکە وەستاوە، مەرج نیە تەواوی کردارەکە/چالاکیەکە کۆتایی پێهاتبێت. کرداری (دەوەستێنێت) هەمیشە هەڵبژاردنێک دەدات بەکەسی ئەنجامدەر کە مەرج نیە کردارەکە تەواو بکات. هەروەها ئەم کردارە (دەوەستێنێت) ڕێگە بەلابردنی ئەو کردارە نادات کە

لەدوایەوە دێت، لەبەرئەوەی بکەری ڕستەکە تێوەدەگلێنێتە کردارەکە بۆیە ناکرێت ئەو کردارەی کە ئاماژەی بۆ دەکات لاببردرێت.

هەردوو کرداری (دادەبەستێت، تەواودەکات) لەگەڵ کرداری تایبەت و دیاریکراو بەکاردێن، ناکرێت لەگەڵ هەموو کردار و پیشەیەک بەکاربێن، وەک لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

٣٠-دەستی کردووە/دای بەستاوەتەوە نووسینی کتێبە نوێیەکەی.

٣١- پێویستە ئازاد بەیانی دیوارەکە تەواوکات.

کرداری (دادەبەستێت) ئاماژە بە کاتی شتەکە دەکات بە تایبەتی شتێک کە کاتی زۆری بوێت، یان کاتێکی زۆر بێت کە ئەنجامدەرکە ئەو کردارە دەکات، کەچی کرداری (تەواودەکات) گرنگی شتەکە دەردەخات، نەک کاتەکەی.

کرداری (تەواودەکات) دەکرێت بە شێوەیەکی ئاسایی کردارەکانی لقی دووەمی لە دوابێت کە دەکرێت لاببردرێن. واتە؛ ئەوکردارانەی کە باسی بەکارهێنان دەکەن، دەکرێت لاببردرێن تەنیا بە هەبوونی بەرکارەکەیان واتایەکەیان هەست بە بوونی دەکرێت، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٢- خواردنەکەیان تەواوکرد.

ئەم ڕستەیە واتای ئەوە دەدات کە خواردنی خواردنەکەیان، یان ژەمەکەیان تەواوکرد، نەک ئامادەکردنی.

کرداری (بەردەوام دەبێت) زۆربەی کات ئاماژە بەوە دەکات کە وەستانێک هەبووە لەکردەوەکەدا، دواتر دەستپێکردۆتەوەو بەردەوام دەبێت. هەرچی کرداری (درێژە پێدەدات) واتای ئەوەدەدات کە هیچ وەستانێک نەبووە لەکردارەکە. هەروەها کرداری (درێژە دەکێشێت) دەکرێت ئاماژە بە دووبارەبوونەوەی کردارەکە بدات، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٣- درێژەی بە بڕینەوەی گیایەکەدا.

دەکرێت ڕستەیەکی لەم شێوەیە وەها لێک بدرێتەوە، کە کەسی ئەنجامدەر بە شێوەیەکی دووبارەبۆوە گیایەکە دەبڕێتەوە.

دەکرێت هەرسێ کرداری (دەستپێدەکات، دەوەستێت، درێژەدەکێشێت) بە شێوەی هۆیی/هۆدەربڕی بەکاربێن، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارخراون:

٣٤- ژنەکە پیاوەکەی وەستاند لەدار وردکردن.

ئەم ڕستەیە واتای ئەوە دەگەیێنێت کە،

٣٥- پیاوەکە لە دار وورد کردن وەستا.

٣٦-کچەکە درێژەی دا بەڕاکردنی ئەسپەکەی.

ئەم ڕستەیەش واتای ئەوە دەگەیێنێت کە (ئەسپەکەی کچەکە بەردەوام بووە لە ڕاکردن)، لەم دووڕستەیە دا دەبینین کە هەردوو کرداری (وەستان و درێژەدان) وەکو کرداری هۆیی لەم دووڕستەیە دا دەرکەوتوون. هەرچی کرداری دەستپێکردنە، بە بەراوورد بەکردارەکانی (دەوەستێنێت و درێژە پێدەدات)، کەمتر لەباری هۆیی دا دەردەکەوێت*.

(زمانەوان پێری میوتەر دەڵێت، لە ڕاستیدا کرداری (دەوەستێت) دەکرێت بەشێوەی هۆیی/هۆکاری بەکاربێت، بەلام کرداری (تەواودەکات/کۆتایی پێدێنێت) ناتوانێت وەکو کردارێکی هۆیی/هۆکاری بەکاربێت. ئەمەش بەشێکی زۆری بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە کرداری (دەوەستێت) لەڕووی سیمانتیکیەوە ئاماژە بە شتێک دەکات کە لەسەر خواست و هاندانی کەسی بکەر ئەنجامدراوە، دەکرێت ئەم هاندانەش بۆ ڕادەی هۆکاربوون بگوازرێتەوە. وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

٣٧- پیاوەکە لە دار وردکردن وەستا.

٣٨- ژنەکە پیاوەکەی لە ورکردنی دار وەستاند.

لەڕستەی ژمارە (٣٧)دا پیاوەکە لەدار وردکردن وەستاوە، لەبەرئەوەی لەوانەیە ماندوو بێت، بەلام لەڕستەی ژمارە (٣٨)دا ئەوە ژنەکەیە پیاوەکەی لەدار وردکردن وەستاندووە، لەبەرئەوەی وای داناوە کە پیاوەکە ماندووە. بۆ کرداری (تەواودەکات/کۆتایی پێدێنێت) ناتوانین لە باری هۆیی/هۆدەربڕی بەکاری بێنین، چونکە ئەو کردارە ئاماژە بە فرێزە ناوییە بکەرکە دەکات، بۆ نموونە دەکرێت بڵێین:

٣٩- پیاوەکە دار وردکردنی تەواو کرد.

بەلام ناکرێت پرۆسەی تەواوکردنەکە بدرەینە پاڵ هۆیەک یان یەکێک بوبێتە هۆی تەواوکردن و کۆتایی پێهێنانی دار وردکردنەکە، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

٤٠- *ژنەکە پیاوەکەی تەواوکرد لە دار ووردکردن.

خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە دەربارەی کردارەکانی ئەم تەوەرە، کە دەبێت لێرەدا باسیان بکەین، ئەوەیش ئەوەیە کە لێکچوونێک لە نێوان کردارە مۆدەڵەکان و کردارەکانی (دەست

* بڕوانە: Ross, John R. (1972)

پێکردن) هەیە، لە هەندێک پێکهاتەی وەکو بکەر نادیاری(Perimutter D.,1970, P.107-119). وەکو لەم ڕستانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

٤١- پیاوەکە دەتوانێت ژنەکە بکاتە قوربانی.

٤٢- پیاوەکە دەستی بە کردنە قوربانی ژنەکەی کرد.

لەم دوو ڕستەی ژمارە (٤١ و٤٢ )دا دەبینین، هەردوو کرداری (دەتوانێت)، کە کردارێکی مۆدەڵە، و کرداری (دەستیکرد) کە کردارێکی سەرەکی کردارەکانی دەستپێکردنە بە هەمان شێوەی یەکتری لە ڕستەی بکەر دیاری دەرکەوتوون، سەرەڕای ئەوەش دەکرێت هەردوو ڕستەکە بکەینە بکەر نادیار. وەک لەم دوو ڕستەی خوارەوە دیارخراوە:

٤٣- دەتوانرێت ژنەکە بکرێتە قوربانی لەلایەن پیاوەکەوە.

٤٤- دەستکرا بە کردنە قوربانی ژنەکە لەلایەن پیاوەکەوە.

لیتنەر لەوەسفی کردارەکانی دەستپێکردندا دهڵێت: لەڕووی ڕێزمانیەوە ئەو کردارانە دەکرێت چەند ئەرکێکیان هەبێت، وەکو (دەرکەوتن) وەک تێپەڕ، تێنەپەڕ، کرداری لکاندن، کرداری هۆیی/هۆدەربڕی(Leitner, G. 1994,p.100-102), بۆ نموونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤٥- ڕابەرەکە کۆنسێرتەکەی دەستپێکرد.

٤٦- یاریزانەکە دەستی بەڕاکردنی میلێک کرد.

لەم دوو ڕستەیەدا دەبینین کرداری (دەستپێدەکات) وەک کردارێکی تێپەڕ بەکارهاتووە، لەڕستەی ژمارە (٤٦)دا کردارێکی سەرەکی تری بە شێوەی ڕادە دیاری نەکراو لە دوا هاتووە. دەکریت لەڕستەیەکی وەکو ئەوەی ژمارە (٤٧)دا کردارەکە بە شێوەی تێنەپەڕی دەربکەویێ:

٤٧- چیای ئەڤرێست لێرەوە دەستپێدەکات.

هەروەها دەکرێت لە ڕستەیەکی وەک ئەوەی ژمارە (٤٨) کردارەکە ئەرێکی وەکو کردار لکێنەرەکانی هەبێت:

٤٨- ئارام وەک پیاوێکی گەنج دەستی پێکرد.

سەرەڕای ئەمانەش دەکرێت وەکو کردارێکی هۆیی دەربکەوێت، وەک ڕستەی ژمارە(٤٩):

٤٩- مامۆستاکە پێشبڕکێیەکەی پێ دەستپێکردن.

ناجی باسی جیاوازیەک دەکات، لە نێوان کردارەکانی دەستپێکردن، جیاوازیەکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو کردارانە کردارێکی تری سەرەکیان بەشێوەی ڕادە دیارینەکراو لە دوادێت، ئەو کردارە سەرەکیەی کە لەدوایان دێت، بە لاڕستەی تەواوکەری کردارەکەی دەستپێکردن دادەنرێت. ناجی دەڵێت: سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە ئەو کردارە سەرەکیەی لە دوای کردارێکی دەستپێکردنەوە دێت بکەرەکەی هەمان بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە، هەربۆیە بکەری کرداری لاڕستەکە دەرناکەوێت.

بەلام جیاوازیەکی سیمانتیکی بە گوێرەی جیاوازی ئەو لاڕستە تەواوکەریەی کە لەدوای کردارێکی دەستپێکدرنەوە دێت، دێتە ئاراوە(Nagy, Tunde. 2005p:5) ، هەروەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٥٠- دەستی بە حەزکردنە وانەکەی کرد.

٥١- دەستیکرد بە یاریکردنی تۆپانێ.

دوو خاڵی سەرەکی وەک جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕستەیە دەخرێتە بەرچاو. یەکەم، هەرچی پێکهاتەی لاڕستەی تەواوکەری ڕستەی ژمارە (٥٠) واتای ئەوەدەگەیێنێت کەوا کەسی بکەر هەوڵی داوەو ویستویەتی لە چالاکیەک دا بەشداربێت، بەلام مەرجی نیە بەشداری کردبێت، واتە؛ دەستیکردووە بەحەزکردن لەوانەکە، بەلام مەرجیش نیە حەزی بەوانەکە کردبێت، یان تا کۆتایی حەزکردنەکەی بەردەوام بێت. لە کاتێکدا پێکهاتەی لاڕستەی تەواوکەری ڕستەی ژمارە (٥١) ئەوە دەردەخات کە بکەری ڕستەکە ویستویەتی بەشداربێت لە کردارەکە و بەشداریش بووە.

دووەم: هەربەگوێرەی توێژینەوەکەی ناجی (2010) بێت، ئەو کردارە سەرەکیانەی کە باسی بارێک یان دۆخێک دەکەن، لەشێوەی پێکهاتەی لاڕستەی ڕستەی ژمارە (٥٠) لەگەڵ کردارەکانی دەستپێکردن دەردەکەون. لە هەمان کاتدا ئەو کردارانەی کە باسی چالاکیەک یان کردەوەیەک یان پرۆسەیەک دەکەن، وەیان جوڵەیەکی فیزیکی دەکەن، ئەوا لە شێوەی پێکهاتەی لاڕستەی ڕستەی ژمارە (٥١)دا لەگەڵ کردارەکانی دەستپێکردن دەردەکەون.

فرێدو ویرزبیکا باسی جیاوازیەکی تری نێوان ئەم دوو جۆرە پێکهاتە لاڕستانەی کردارەکانی دەستپێکردن دەکەن کە جیاوازترە لەو دووخاڵەی کە لەلایەن ناجی (2010) خراونەتەڕوو. ئەو دوو نووسەرە دەڵێن ئەو پێکهاتە لاڕستەییەی کە لە ڕستەی ژمارە (٥٠) دەرکەوتووە، واتای داهاتوو دەردەبڕێت، لایەنی کەم واتای ئەوە دەردەبڕێت کە کردارەکە لەدوای دەربڕینی ڕستەکەوە دەستپێدەکات. لەهەمان کاتدا ئەو پێکهاتە لاڕستەی

کە لە ڕستەی ژمارە (٥١) دەردەکەوێت، واتای ئەوە دەردەبڕێت کە کردارەکە یەکسەر، یاخود دەم ودەست دەستپێدەکات، یان کاتی ڕوودانی کردارەکەی کە دەکەوێتە دوای کردارەکەی دەستپێکردنەوە، کاتی ڕوودانی هاوکەتە لەگەڵ کاتی دەربڕنی ڕستەکە*.

## ٦-١-٣ کردارەکانی هەوڵدان:

بە شێوەیەکی گشتی لەڕووی سیمانتیکیەوە کردارەکانی ئەم تەوەرە بەسەر چوار گروپ دا دابەش دەبن:

**گروپی یەکەم:** کردارەکانی (هەوڵدەدات، تێدەکۆشێت) دەگرێتەوە.

**گروپی دووەم:** کردرداری (سەردەکەوێت) دەگرێتەوە.

**گروپی سێیەم:** کردارەکانی (دەرناچێت، سەرناکەوێت، شکست دێنێت، لەدەست دەچێت) دەگرێتەوە.

**گروپی چوارەم:** کردارەکانی (کارەپێدەکات، دووبارەدەکاتەوە) دەگرێتەوە.

کردارەکانی دەستپێکردن، کردارەکانی ئەم تەوەرەش وەک کردارەکانی (دەست پێکردن) کرداردرێکی سەرەکی تریان لە دوا دێت. کە وەسفی ئەو کردارە دەکات کە لەدوای دێت. هەروەها لە ڕووی سینتاکسیەوەش ئەو کردارە سەرەکیەی تر، کە لەدوای کردارێکی ئەم تەوەرەوە دێت، دەبێتە لاڕستەی تەواوکەری بۆی. ( Duffley, and Tremblay, 1994, p.567) وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- هەوڵی دا قاسەکە بکاتەوە.

لەم ڕستەیەدا لاڕستەی (قاسەکە بکاتەوە) لاڕستەیەکی تەواوکەری ڕادە دیارینەکراوە. وەکو کردارەکانی دەستپێکردن، کردارەکانی هەوڵدانیش دەکرێت لاڕستەکەیان بەدوو شێوە لەدوا بێت، وەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢- هەوڵیدا قاسەکە بکاتەوە.

٣- هەوڵیکردنەوەی قاسەکەی دا.

لە هەردوو ڕستەی ژمارە (٢ و ٣) بکەری ڕستەی لاوەکی هەمان بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە، هەربۆیە بکەری ڕستە لاوەکیەکە لابردراوە. لە ڕووی سیمانتیکیەوەش ڕستەی ژمارە (٢) واتە؛ ئەو هەوڵیداو ویستی کە لە چالاکی کردنەوەی قاسەکە بەشداری

* بڕوانە: (Freed, A. 1979- Wierzbicka, A. 1988).

بکات، بەلام بەتەواوی توانای نەبوو. کەچی ڕستەی ژمارە (٣) واتا هەولّیدا ویستی لەچالاکیەکەدا بەشداری بکات و بەشداربوو لەکردنەوەی قاسەکە، ئەگەرچی بەشداریکردنەکەی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت.

کویرک و ئەوانی تر و هیلّدستن و پولّەم باسی ئەوە دەکەن، کەدەکرێت کرداری (هەولّدەدات) چەند واتایەکی تاڕادەیەک لەیەکتر جیاوازی هەبێت، بەگوێرەی جیاوازی ئەو لاڕستە تەواوکەریەی کە لەدوای دێت ( Quirk, Randolph, Sidney Greenbaum, Geoffrey Leech and Jan Svartvik. 1985, p.12-43) ، وەک لەم ڕستانەی ژمارە (٤و ٥و ٦و ٧)دا ڕوونکراوەتەوە:

٤-منداڵەکە هەولّیدا کێکە کە بخوات.

٥- هەولّی خواردنی کێکەکەی دا.

٦- هەولّیدا بەشەمەندەفەر سەفەر بکات.

٧- هەولّی سەفەرکردن بە شەمەندەفەری دا.

ڕستەی ژمارە (٤) واتای ئەوەدەدات کە کەسی بکەر (منداڵەکە) هەولّیدا لە چالاکی خواردنی کێکەکە بەشداری بکات، بەلام تەواو توانای نەبوو و نەیتوانی بەشداربێت، لە کاتێکدا ڕستەی ژمارە (٥) واتای ئەوە بەدەستەوە دەدات کە کەسی بکەر هەولّی بەشداری کردنی دا لە چالاکی خواردنی کێکەکە و توانای بەشداربێت.

هەرچی ڕستەی ژمارە (٦)ە، واتای ئەوەدەگەیێنێت کە بکەرەکە، چووە وێستگەی شەمەندەفەر، بەلام بینی کە شەمەندەفەرەکە پڕە و نەیتوانی بەشەمەندەفەر سەفەر بکات، کەچی ڕستەی ژمارە (٧) واتای ئەوەدەدات کە بکەرەکە بۆ ماوەیەک بەشەمەندەفەر سەفەری کرد و شەمەندەفەری بە باشتر زانی لە پاس.

کوێرک و ئەوانی تر دهڵێن : ڕستەکانی ژمارە (٤ و ٦) واتای ئەوە دەدەن بەدەستەوە، کە جێبەجێکردنی کردارەکە تاڕادەیەک شاراوەیی تێدا و کەمتر هەست بەڕاستەقینەیی کردارەکە دەکرێت. لە کاتێکدا ڕستەکانی ژمارە (٥ و ٧) واتای ئەوەدەن، کە کردارەکە بە شێوەیەکی ڕاستەقینەیی جێبەجێ بووە.

( کرداری (تێدەکۆشێت) بەشێوەیەکی گشتی بەجۆرێک لەجۆرەکان بە هاواتای کرداری (هەولّدەدات) دادەنرێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە کرداری تێدەکۆشێت ئاماژە بە گرنگی ئەرکەکە یان کردارەکە دەکات و واتای ئەوەش دەگەیێنێت کە ڕادەی زەحمەتی

کرداری (تێدەکۆشێت) زیاترە لە کرداری (هەوڵدان). هەروەها جیاوازیەکی تری نێوان کرداری هەوڵدەدات و تێدەکۆشێت ئەوەیە، کە کرداری هەوڵدەدات تاڕادەیەکی زۆر واتایەکەی دەوەستێتە سەرە واتای لاڕستە تەواوکەریەکەی، بەلام پێناچێت کرداری تێدەکۆشێت واتایەکەی بوەستێە سەر تەواوکەرەکەی(Fanego,1997, p.63). بۆ نموونە بەراوردی نێوان ئەم دوو ڕستەی خوارەوە بکە:

٨- هەوڵی سەرکەوتن بەسەرلوتکەی گردەکەی دا.

٩- تێیکۆشا بۆ سەرکەوتن بەسەر چای ئەڤرێست.

لەم دوو ڕستەدا بۆ مان دەردەکەوێت ئەو ڕادەو زەحمەتیەی کە لەڕستەی ژمارە (٩)دا دەبینرێت، ناکرێت ئەو ڕادە زەحمەتیە لە ڕستەی ژمارە (٨) بدۆزرێتەوە. هەر ئەمەش وایکردووە کە لە هەندێک باردا هاواتا نەبن و ناکرێت شوێنی یەکێکیان بەوەی تریان بگیرێتەوە.

کرداری (سەردەکەوێت) واتای ئەوەدەگەیێنێت کەسێک سەرکەوتووە لە شتێک دوای تەنیا یەکجار هەوڵدان، وەیان دوای ئەرک و ڕەنجێکی کەم، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٠- دانا سەرکەوت لە چارەسەرکردنی کێشەکە. .

گیڤۆن لەبارەی کردارەکانی هەوڵدانەوە دهڵێت: کرداری (شکست دهەێنێت) واتای ئەوە دەگەیێنێت کە کەسێک شکست دهەێنێت لە کردارێک یان شتێک دوای چەندین جار لە هەوڵدان، وەک لە ڕستەی ژمارە(١١)دا ڕوونکراوەتەوە:

١١- دانا شکستی هێنا لە پێکانی ئامانجەکە.

ڕودانکۆ دهڵێت: کرداری (شکست دهەێنێت) لەزۆربەی داتایەکان دەردەکەوێت، کە بە درێژای مێژوو پریپۆزشنی لە دواهاتووە، ئینجا کردارە سەرەکیەکەی تری لە دوا هاتووە. بڕوانە پریپۆزشنی (لە) لە نموونەکانی ژمارە (١١ و ١٢)دا.

کرداری (لەدەست دەچێت) واتای ئەوە دەگەیێنێت کە تاکە شتێک هەبێت لە دەستت بچێت، نەک چەند دانەیەک لەو شتە، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٢- دلێر پێکانی ئامانجەکەی لەدەست چوو.

هەروەها ڕودانکۆ (١٩٩٦) دهڵێت تاڕادەیەکی زۆریش دەکرێت کرداری (لەدەست دەچێت) وەها لێکبدرێتەوە، کەوا هیچ هەوڵدان و ڕەنجێک نەبووە. هەروەها دەکرێت وەهاش لێکبدرێتەوە کەوا شتێک بەڕێکەوت لەدەست بچێت.

بەراوردی نێوان هەردوو کرداری (شکست دهەێنێت، لە دەست دەچێت) بکە لەم دوو ڕستەی خوارەوەدا، کە هەردووکیان واتای بەدەست نهەێنان و سەرنەکەوتن لە جێبەجێکردنی شتێک یان کردارێک دەکەن:

١٣- شکستم هێنا لە بینینی نارین.

١٤- بینینی نارینم لەدەست چوو.

ڕستەی ژمارە (١٣) واتای ئەوەدەگەیێنێت کە من سەرکەتوو نەبووم لە بینینی نارین، سەرەڕای ئەوەی کە سەیری هەموو شوێنەکەم کرد بۆ بینینی نارین، لەکاتێکدا ڕستەی ژمارە (١٤) واتای ئەوەدەدات کە من نەمزانی نارین لەوێیە، ئەوە شتێکی ڕێکەوتبوو کە واڕوویدا من بگەمە ئەوێ یەک تۆز، پاش ئەوەی کە نارین ئەوێی جێهێشت.

بە پێچەوانەی کردارەکانی (دەستپێکردن)، کردارەکانی (هەوڵدان) هیچ پۆلێنکردنێکیان نیە، سەبارەت بەوەی کە کام کرداری سەرەکی لەدوایان دێت دەتوانرێت لاببردرێت. هەرچەندە یاسایەکی بنەڕەتی هەیە بۆ لابردنی هەندێک کردار، کە لەدوای کردارەکانی هەوڵدانەوە دێن، ئەم لابردنەش کاتێک ڕوودەدات کە بەرکارێکی تایبەتی لە دوای کردارەکەوە دێت، ئەم بەرکارەش وادەکات کە کرداره لابردراوەکە واتایەکەی لە واتای بەرکارەکەوە دەربکەوێت، وەک لە ڕستەی ژمارە (١٥)دا ڕوونکراوەتەوە:

١٥- هەوڵی کارێکی نوێی دا.

لەم ڕستەیەدا کرداره سەرەکیەکەی دوای کرداری هەوڵدان لابردراوە، بەلام واتایەکەی بهەۆی بەرکاری (کار)ەوە دەرکەوتووە، بۆیە ڕستەکە دەبێتە (هەوڵی دۆزینەوەی کارێکی نوێی دا). هەروەها ئەم ڕستەیەش بەهەمان شێوە:

١٦-هەوڵی شانسێکی تر دەدەم.

لەم ڕستەیەشدا کرداره سەرکیەکەی دوای کرداری هەوڵدان دەرنەکوتووە، بەلام بهەۆی بەرکارەکەوە واتای کرداره سەرەکیە لابراوەکە دەرکەتووە و ڕستەکە دەبێتە (هەوڵی بەدەستهێنانی شانسێکی تر دەدەم)*.

هۆمێربێرگ و گەنێڵ، دهڵێن: لایەنێکی تری کردارەکانی (هەوڵدان) ئەوەیە کە دەکرێت هەرکردارێک لەدوای کردارەکانی هەوڵدانەوە بێت لاببردرێت، جگە لەکردارەکانی

---

* بڕوانە: ١- Givón, Talmy. 1973:893-311

٢- Rudanko, Juhani. 1996:21,22,110

٣- Rudanko, Juhani. 1998

(حەزپێکردن و بێزارکردن) نەبێت، کە ناکرێت لاببردرێن، بەلام بەمەرجێک دەبێت واتای کردارە سەرەکیە لابراوەکە بهەۆی بەرکارەکەوە دەرکەوتوو بێت، یان واتای کردارە سەرەکیە لابراوە کە بهەۆی ژینگەو بارودۆخی دەقەکەوە بۆ کەسی گوێگر ڕوون بێت، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١٧- نووسینگەی پۆستە لەکوێیە؟ نازام، واباشترە پرسیار لە موختار بکەی.

لەم ڕستەیەدا کردارە سەرەکیەکە دەرنەکەوتووە، بەلام بهەۆی ژینگەی دەقەکەوە واتای کردارە سەرەکیەکە ڕوونە و ڕستەکە دەبێتە (واباشترە هەوڵ بدەی لە موختار بپرسی).

لابردنی کرداری سەرەکی لە دوای کرداری (تێدەکۆشێت) کەمێک ئەستەمە، بەلام دەکرێت لابردنەکە ڕووبدات ئەگەر بەرکارەکە هاوکاربێت بۆ لابردنی کردارەسەرەکیەکە، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٨- ساڵی داهاتوو بەنیازە بۆ پۆستی سەرۆک پەرلەمانی تیبکۆشێت.

لەم ڕستەیەدا کردارە سەرەکیەکە دەرنەکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا واتای کردارە سەرەکیەکە بهەۆی بەرکارەکەوە (بۆ پۆستی سەرۆک پەرلەمانی) ڕوونە و زانراوە، بەم جۆرە ڕستەکە دەبێتە (ساڵی داهاتوو بە نیازە بۆ وەرگیران/بەدەستهینانی پۆستی سەرۆک پەرلەمانی تێبکۆشێت).

کرداری (شکست دەهێنێت) ڕێگە دەدات کردارە سەرەکیەکەی کە لەدوایەوە دێت لاببردرێت. بێ گومان ئەم ڕێگەدانەش بەیارمەتی بەرکارەکەوە دەبێت، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوە:

١٩- لە تاقیکردنەوەکە شکستی هێنا.

هەرچەندە لەم ڕستەیەدا کردارە سەرەکیەکەی دوای کرداری (شکست دهەێنێت) دەرنەکەوتووە، بەلام بە یارمەتی بەرکاری (لە تاقیکردنەوەکە) واتای کردارەسەرەکیەکە دەرکەتووە و ڕستەکە دەبێتە (لە دەرچوونی تاقیکردنەوە شکستی هێنا). هەرچی کرداری (لەدەست دەچێت)ە، بە شێوەیەکی ئازاد ڕێگە بەلابردنی ئەو کردارە سەرەکیانە دەدات کە لەدوای دێن، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٠- چوومە وێستگەی شەمەندەفەرەکە، بەلام نارینم لەدەستچوو.

دیسان کرداره سەرەکیەکەی ئەم ڕستەیە لابراوە، بەلام واتایەکەی ڕوونە و ڕستەکە دەبێتە (چوومە وێستگەی شەمەندەفەر، بەلام بینینی نارینم لە دەستچوو). هەرچی کرداری (سەردەکەوێت)ە ، بەهەمان شێوە ئازادیەکی زۆری هەیە لەڕێگەدان بەلابردنی ئەو کرداره سەرەکیانەی کە لەدوایەوە دێن ( .Hommerberg, Charlotte and Gunnel Tottie 2007,p.47-56)، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا دیارە:

٢١- نازێ لە پرسیارەکانی بیرکاری سەرکەوتووبوو.

کردارەسەرەکیەکە لەم ڕستەیەدا لابردراوە، بەلام لەبنەڕەتدا واتای ڕستەکە (نازێ لە وەلامدانەوەی پرسیارەکانی بیرکاری سەرکەوتووبوو).

فێلبۆم لە پۆلکردنی کردارەکانی سالّی (١٩٩٨)دا دەلێت: کردارەکانی گروپی چوارەم کە بریتین لە هەردوو کرداری (کارپێدەکات و دووبارە دەکاتەوە)، لەگەڵ کردارەکانی (هەوڵدان) هەژمار دەکرێن لەبەرئەوەی لەڕووی سیمانتیکیەوە لێکچوونی زۆر لە نێوانیان داهەیەو وەکو ئەوانیش ڕێگە بەلابردنی ئەو کرداره سەرەکیانە دەدەن کەلە دوایان دێن، بەلام بەڕادەیەکی سنووردار. کرداری (کارپێدەکات)، ئاماژە بە چالاکیەکی بەردەوام دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە بەلابردنی کرداری سەرەکی دوای خۆی دەدات و واتا بەردەوامیەکەشی بهەۆی بەرکارەکەوە دەردەکەوێت، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٢-کاری بە کلارنێتەکە کرد.

لەم ڕستەیەدا کرداره سەرەکیەکە لابراوە، بەلام بهەۆی بەرکارەکەوە واتاکەی دەرکەوتووە و ڕستەکە دەبێتە (ئەو کاری ژەنینی بە کلارنێتەکە کرد).

کرداری (دووبارە دەکاتەوە) وەسفی دەستنیشانکردنی چالاکیەک دەکات کە زیاتر لە جارێک ڕوویداوە یان ئەنجامدراوە، هەروەها ئەم کرداره بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕێگە بە لابردنی کرداره سەرەکیەکەی دوای خۆی دەدات و واتای کرداره سەرەکەیە لە بەرکارەکەوە دەردەکەوێت، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٣- دارا چیرۆکەکەی دووبارە کردەوە.

وەک زۆربەی کردارەکانی تری هەوڵدان، کرداری (دووبارەدەبێتەوە) لەم ڕستەیەدا ڕێگەی بەلابردنی کرداره سەرەکیەکەی دوای خۆی داوە و بەیارمەتی بەرکارەکە، واتای

کرداره سەرەکیە لابراوەکە دەردەکەوێت و ڕستەکە دەبێتە (دارا گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دووبارەکردەوە).

وەک کردارەکانی دەستپێکردن، کردارەکانی هەوڵدانیش لەوانەیە بەرکارەکەیان بریتیبێت لە چالاکیەک یان ناوێک. زۆربەی کاتیش دەکرێت ئەو بەرکارەی کە دەبێتە ناو بە شێوەی کردارێکی شێوە بەردەوامی چالاکی دەربکەوێت*، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٣- هەوڵی داوای لێبوردنی دا.

٢٤- هەوڵیدا داوای لێبوردن بکات.

دواشت سەبارەت بە کردارەکانی هەوڵدانەوە بیڵێن ئەوەیە، کە دەکرێت کردارەکانی ئەم تەوەرەیە لە پێکهاتەی زنجیریەکدا دەرکەون کە ئەو پێکهاتەیە پڕە لە کردار، وەکو لەم نموونەیە دا کە لە هیدڵستن و پۆڵەم وەرگیراوە:

کچەکە ویستی هەوڵدا کوڕەکە رازیبکات تا یارمەتی بدات بۆ نۆژەنکردنەوەی خانووەکەی(Huddleston, Rodney and Geoffrey Pullum. 2002,p.11-77).

بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە و تیشک خستنە سەر تایبەتمەندییەکانی کردارەکانی (هەوڵدان)، ئەم خشتەیە دەخەینەڕوو:

| گروپ | تێپەڕیەتی | تێنەپەڕیەتی | ڕێگە دان بە لابردنی کرداری سەرەکی دوای خۆی | بکەری لاڕستە/بکەری کردارەسەرەکیەکەی دوای خۆی |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | هەیە | نیە | ڕێگەدەدات | بکەری ڕستەی سەرەکی |
| دووەم | هەیە | نیە | ڕێگەدەدات | بکەری ڕستەی سەرەکی |
| سێیەم | هەیە | نیە | ڕێگەدەدات | بکەری ڕستەی سەرەکی |
| چوارەم | هەیە | نیە | ڕێگەدەدات | بکەری ڕستەی سەرەکی |

* بڕوانە: Fellbaum, C. 1998.

## ٦-١-٤ کردارەکانی پەلەکردن (خێراکردن):

بە گوێرەی دیدی فایبەرو میرەل بێت، کردارەکانی ئەم تەوەرە ژمارەیان کەمە و ئەو کردارانە دەگرێتەوە کە وەسفی خێرای جێبەجێکردنی چالاکیەکە دەکەن. کردارەکانیش بریتین لە (پەلەدەکات، خاوەخاو دەکات، زوو ڕادەپەڕێنێت). هەروەها دەکرێت کرداری (دوودڵی دەکات) لەگەڵ کردارەکانی پەلەکردن هەژمار بکرێت. کردارەکانی ئەم تەوەرە هەموویان بەجۆرێک باسی جوڵەیەکی ئاراِستەدار دەکەن. لە ڕووی سینتاکسیەوە کرداری تێپەڕن و کردارێکی سەرەکی تریان لەدوادێت، بەلام کردارە سەرەکیەکەی تر بە هۆی پریپۆزشنێکەوە بەکردارەکەی پەلەکردنەوە بەستراوەتەوە. ئەوکردارە سەرەکیەی کە دەکەوێتە دوای کردارێکی پەلەکردنەوە وەک لاڕستەی تەواوکەی کرداری پەلەکردنەکە دەبێت و بکەری ئەو لاڕستەیەش هەمان بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە (Faber & Mairal, 1999, p.280)، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- پەلەی کرد لە تەواوکردنی کارەکە.

٢- پەلەی کرد بۆ تەواوکردنی کارەکە.

لە هەندێک زماندا، زیاتر لە کردارێک بۆ مەبەستی دەربڕینی (پەلەکردن) بەکاردێت، وەکو لە زمانی کوردیدا (پەلەکردن، خێراکردن)مان هەیە. هەرچەندە ئەم دوو کردارە واتاکانیان زۆر هاوشێوەو لێکچووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت جیاوازی لە نێوانیان بکرێت. بۆ نموونە کرداری (پەلەدەکات) واتای ئەوە دەگەیێنێت کە کەسی ئەنجامدەری کردارەکە یان ئەوەتا دەستی بەئەنجامدانی کردارەکە نەکردووە، یان لە ئان و ساتی دەست پێکردنی دایە، لە کاتێکدا کرداری (خێرادەکات)، واتای ئەوە دەگەیێنێت کەوا کەسی ئەنجامدەری کردارەکە دەستی بەکارەکەی کردووە و لایەنی کەم لەسەرەتایی ئەنجامدانی کارەکەیە. سەرەڕای ئەوەش دەکرێت جیاوازیەکی تر لە نێوان ئەم دوو کردارە بکرێت ، ئەویش ئەوەیە کە (پەلەدەکات) کردارە ئاساییەکەیە و بۆ هەموو دەقێک و بارێک دەبێت، کەچی کرداری (خێرادەکات) بۆ ئەو دەق و بارودۆخانە دەبێت کە ئامێرێک، شتێک یان ئەنجامدانی کارەکە خێرادەکات، واتە؛ کرداری (خێرادەکات) زیاتر بە وشەیەکی فیزیایی دادەنرێت.

گۆڵد بێرگ دەڵێت : سەرەڕای لێکچوونیان لەڕووی واتاییەوە لەبەرئەوەی کە هەردووکیان واتای ئەنجامدانی شتێک بە زووی یان بەپەلە دێن، جیاوازی لە نێوان هەردوو کرداری (پەلەدەکات) و (زووڕادەپەڕێنێت)یش هەیە. کرداری (پەلەدەکات) جگە لە واتایەکەی خۆی، واتایەکی زیادەی شاراوەشی تێدا بەدیدەکرێت کە بریتیە لە (جوڵە)،

کەچی ئەو واتایە لەگەڵ کرداری (زوو ڕادەپەڕێنێت) کەمتر ڕوون و هەستپێکراوە*، وەکو لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣- پەلەی کرد بۆ گۆڕینی قوفڵی سەر دەرگاکە.
٤- گۆڕینی قوفڵی سەر دەرگاکەی زوو ڕاپەڕاند.

ڕستەی ژمارە (٣) واتای ئەوە بەدەستەوە دەدات، کە وا ئەو بەپەلە بەرەو دەرگاکە جولاوە، بۆ ئەوەی قوفڵکە بگۆڕێت کە گەیشتە لای دەرگاکە، ڕستەی ژمارە (٤) واتای ئەوەدەدات کە ئەو پەلەی بووە لە گۆڕینی قوفڵە کۆنەکە و دانانی قوفڵێکی نوێ لە شوێنی. لەم دوو ڕستەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کرداری (پەلەدەکات) زیاتر بەو مانایە دێت کە کەسی ئەنجامدەر لە جوڵەکە پەلەیەتی یان پەلەی کردووە، لەو کاتەی کرداری (زوو ڕادەپەڕێنێت) بەرەو ئەو ئاڕستەیە دەڕوات کەوا کەسی ئەنجامدەر پەلەی لە ئەنجامدانی کردارەکە کردووە، نەک جوڵەکە بۆ ئەنجامدانی کارەکە.

پاوڵی لە پۆلێنکردنی کردارەکان دەڵێت : دەکرێت ئەو کردارە سەرەکیەی کەلە دوای کرداری (پەلەدەکات) ەوە دێت، لابردرێت و واتاکەشی بەهۆی بەرکارەکەوە دەردەکەوێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٥- پەلەی لە Ø ژەمەکەی کرد.

لەم ڕستەیەدا کردارە سەرەکیەکەی کە لە دوای کرداری (پەلەدەکات)ەوە دێت لابردراوە، بەلام واتای ڕستەکە گەیشتووەو ڕوونە، بەم شێوەیە ڕستەکە دەبێتە (پەلەی لە خواردنی ژەمەکەی کرد). بەلام (زووڕادەپەڕێنێت) زۆر بەزەحمەت یان هەرگیز ڕێگە بەلابردنی کردارە سەرەکیەکەی دوای خۆی نادات.

کرداری (خاوەخاو دەکات) واتای ئەوە دەگەیێنێت، کە شتێک بە هێواشی یان لەسەرەخۆیەوە ئەنجام بدرێت. لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە لە ئاوەڵکارێکی چۆنیەتی (خاوەخاو) + کرداری سادەی (دەکات) پێکهاتووە. ئەم کردارە کردارێکی سەرەکی تری لەدوا دێت و تەنیا دەکرێت پریپۆزشنی (لە) لە نێوان کرداری (خاوەخاو دەکات) لەگەڵ ئەو کردارە سەرەکیەی کەلە دوایەوە دێت، دەربکەوێت. دەکرێت کردارە سەرەکیەکەی دوای کرداری خاوەخاو لابردرێت و واتاکەشی بەهۆی بکەر و بەرکارەکەوە

* بڕوانە: GOLDBERG, A. 1995

دەرکــەوێــت(Pawley, Andrew. 2006,p.6,12) ، وەک لــەم ڕســتەیەی خــوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٦- دکتۆرەکە خاوەخاوی لە Ø دواهەمین نەخۆش کرد.

لەم ڕستەیەدا کردارە سەرەکیەکە دەرنەکوتووە بەلام بەهۆی بکەرو بەرکاری رستەکە واتاکەی دەرکەوتووەو بەم شێوەیە ڕستەکە دەبێتە (دکتۆرەکە خاوەخاوی لە پشکنینی دواهەمین نەخۆش کرد).

فێریز پێی وایە، کرداری (دوودڵی دەکات) واتە؛ کەسی ئەنجامدەر نا دڵنیاییەکی پێوە دیارە لە ئەنجامدانی کردارەکە. دەکرێت ئەم کردارە هەردوو جۆرە لاڕستەی تەواوکەری (لە / سەبارەت/دەربارەی + کردارێکی سەرەکی) و (بۆ + کردارێکی سەرەکی) لە دوابێت. (دوو دڵی دەکات) لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە لە ئاوەڵناوی ژمارەی (دوو) + ناو (دڵ) + ئامرازی لێکدەر (ی) + کرداری سادە (دەکات) پێکهاتووە. کاتێک ئەم کردارە پرێپۆزشنی (لە/سەبارەت/دەربارەی) + کردارێکی سەرەکی لەدوادێت، واتای ئەوە دەگەیێنێت کەوا کەسی ئەنجامدەر لەسەرەتایی کردارەکە نا دڵنیا و نیگەران بووە لە کردارەکە، بەلام لە کۆتاییدا کردارەکەی ئەنجامداوە، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

٧- دوودڵ بوو لە ڕۆیشتن.

واتە؛ کەسی ئەنجامدەر سەرەتا دووڵ بووە لە کردارەکە (ڕۆیشتنەکە)، بەلام لە کۆتاییدا کردارەکەی ئەنجامداوە و ڕۆیشتووە.

کاتێک کرداری (دوو دڵ دەبێت) پرێپۆزشنی (بۆ) + کردارێکی سەرەکی تریان لەدوا دێت، واتای ئەوەدەدات کە کەسی ئەنجامدەر نەیتوانیووە خۆی یەکلا بکاتەوەو بڕیار بدات بۆ ئەنجامدانی کردارەکە، یان نیگەران بووە لەوەی کە ئایا کردارەکە ئەنجام بدات یان نا، زۆربەی جاریش لە کۆتاییدا کەسەکە کارەکە ناکات، وەک لە نموونەی ژمارە(٨)دا ڕوونکراوەتەوە:

٨- دوودڵ بوو بۆ ڕۆیشتنەکەی.

واتە؛ کەسی ئەنجامدەر نەیتوانیووە خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکە (ڕۆیشتنەکە) لەوانەیە لە کۆتاییدا نەڕۆیشتبێت.

کرداری (دوو دڵی دەکات) وەک (پەلەدەکات)، دەکرێت ڕێگە بە لابردنی ئەو کردارە سەرەکیە بدات کە لە دوایەوە دێت، بەمەرجێک ئەگەر واتای کردارە لابردراوەکە دەرکەوتوو ڕوون بێت بهەۆی بکەر و بەرکارەکە و زانیاری کلتووری و کۆمەلایەتی

هاوبەشی نێوان کەسی قسەکەر و کەسی گوێگر(Férez, Paula Cifuentes. 2008,p.235-238). سەیری ئەم ڕستەی خوارەوە بکە:

٩- پیاوەکە دوودڵ بوو لە Ø دیاریەکە بۆ هاوسەرەکەی.

لەم ڕستەیەدا کردارە سەرەکیەکە دەرنەکەوتووە، بەلام واتای کردارە سەرەکیەکە دەکرێت بهەۆی بکەر و بەرکارەکەوە لێکبدرێتەوەو ڕستەکە دەبێتە:

١٠- (پیاوەکە دوو دڵ بوو لە کڕینی/هەڵبژاردنی دیاریەکە بۆ هاوسەرەکەی).

سیفەتێکی باوی ئەو کردارانە لە فەرهەنگی کۆلێنس کۆبیلد باسکراوە، ئەوەیە کە دەکرێت ئەو کردارانە لە باری داخوازی یان فەرمانیدا بە تەنیا بەکار بێن، واتە؛ بە بێ هەبوونی بەرکار، تەنیا لەگەڵ بکەر دەردەکەوێت*، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١١- پەلەبکە/ پەلەی لێبکەن.

١٢- خاوەخاوی لێ مەکە/ خاوەخاوی لێ مەکەن.

هەروەها دەکرێت کرداری (پەلەدەکات) وەک کردارێکی هۆیی بەکاربێت، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٣- سەرپەرشتارە دڵسۆزەکە پەلەی لە قوتابیەکەی کرد.

لەم ڕستەیەدا کرداری (پەلەدەکات) وەک کردارێکی هۆیی ئەرکی بینیووە، لەبەرئەوەی (سەرپەرشتارە دڵسۆزەکە) بۆتە هۆی ئەوەی (قوتابییەکە) پەلە بکات.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو تیشک خستنە سەر کردارەکانی ئەم تەوەرەو سیفات و تایبەتمەندییەکانیان، دەکرێت ئەم خشتەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

| ژ | کردار | تێپەڕیەتی | تێنەپەڕیەتی | ڕێگەدان بەلابردنی کرداری سەرەکی دوای خۆی | بکەری لاڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پەلەدەکات | هەیە | نیە | ڕێگە دەدات | بکەری ڕستەی سەرەکی |
| ٢ | خاوەخاو دەکات | هەیە | نیە | ڕێگەدەدات | بکەری ڕستەی سەرەکی |
| ٣ | زوو ڕادەپەڕێنێت | هەیە | نیە | ڕێگە نادات | بکەری ڕستەی سەرەکی |
| ٤ | دوودڵ دەبێت | هەیە | نیە | ڕێگە دەدات | بکەری ڕستەی سەرەکی |

* بڕوانە: Collins Cobuild English Language Dictionary. 1988

## ٦-١-٥ کردارەکانی وێران:

کردارەکانی ئەم تەوەرە هەردوو کرداری (دەوێرێت و سەرەڕۆیی دەکات) دەگرێتەوە. هەردوو کرداریش ئەوە دەردەخەن کەوا بکەرەکە ئازایەتی و دلێریەکی تەواوی هەبووە بۆ ئەوەی شتێک بکات. زۆربەی جاری هەردوو کردارەکە لە ڕستەی نەرێدا دەردەکەون (Duffley, 1994, p.223-226).

هەروەها لە زمانی کوردیدا دەکرێت کردارێکی تریش هەبێت لەگەڵ کردارەکانی ئەم تەوەرە دابنرێت، ئەویش کرداری (پرکێشی دەکات). کردارەکانی ئەم تەوەرە کردارێکی سەرەکی تریان لەدوا دێت کە دەبێتە لاڕستەی تەواوکەریان و بکەری لاڕستەکەش یان بکەری لاڕستەکە بەرکاری کرداری (دەوێرێت)ە، یان هەمان بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- چاودێرەکە نەوێرا بچێتە ناو قەفەسی شێرەکە.

تەیمانس باسی بەکارهێنانێکی تری کردارەکانی ئەم تەوەرە دەکات و دەڵێت: دەکرێت کرداری (دەوێرێت) وەکو کردارێکی هۆیی بەکاربێت، کە ئەمەش لە بارێکدا دەبێت کە بکەری ڕستە سەرەکیەکە وا لە کەسێکی تر بکات کارێک بکات، کە پێی وایە ئەو کەسە خۆی ئازایەتی تەواوی نیە بۆ ئەنجامدانی کردارەکە (Taeymans, 2004,p.17)، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢- بەڕێوەبەرەکە وای لە چاودێرەکە کرد کە بوێرێت ناو بچێتە قەفەسی شێرەکە.

کاتێک کرداری (دەوێرێت) بەم شێوەی هۆییە بەکاردێت، ئەوا بەرکاری ڕستە سەرەکیەکە (چاودێرەکە) دەبێتە بکەری لاڕستەکە.

ئەگەر بگەڕینەوە سەر ئۆتۆ یەس پێرسن، کە یەکێکە لە نووسەرە پێشەنگەکان لە ڕێزمان و لە پۆلێنکردنی کرداردا، باسی ئەوەی کردووە کە لە زمانێکی وەکو زمانی ئینگلیزیدا کرداری (دەوێرێت) وەکو کردارێکی یاریدەدەری لاوەکی و سەرەکی بەکاردێت(Jespersen, O.1940,p.435). بەلام لە زمانی کوردیدا تەنیا وەک کردارێکی یاریدەدەری لاوەکی بەکاردێت، کە لەڕووی سیمانتیکیەوە ئاماژە بە بارودۆخی دەرەکی دەکات بۆ وێران بێت یان نەوێران بێت. بەڵگەی ئەوەی کە ئەم کردارە وەک کردارێکی یاریدەدەری لاوەکی لە زمانی کوردیدا بەکاردێت ئەمانەن:

ا- ئەم کردارە، وەک کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکانی تر ناتوانێت لەرستەدا بەکاربێت، دەبێت هەمەیشە کردارێکی سەرەکی تری لە دوابێت.

ب- ئەم کردارە، وەکو کردارە یاریدەدەر لاوەکیەکانی تر، لە ڕستەی نەرێدا نیشانەی نەرێیەکە وەردەگرێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣- پیاوەکە <u>نە</u>وێرا دەست لە ژنەکە بدات.

لایۆنس باسی چەند تایبەتمەندییەکی کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکان دەکات و کرداری (دەوێرێت)تیش لەگەڵ ئەو کردارە یاریدەدەرە لاوەکیە (deontic) "دیۆنتیکیەکان" پۆلین دەکات و باسی ئەم خالانەی خوارەوەیان دەکات*:

ج-ئەم کردارە، وەکو کردارە یاریدەدەرە لاوەکیەکانی تر، لە کاتی پرسیاریدا دێتە سەرەتای ڕستەو جێناوە بکەریەکە پێوە دەنووسێت، وەک لەم ڕستەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤- دەوێریت دەست لە مارەکە بدەیت.

د-ئەم کردارە، وەکو کردارە یاریدەدەرکانی تر، ناتوانێت لە باری فەرمانیدا دەربکەوێت، دەبێت کردارێکی سەرەکی تری لە دوا بێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا دیارخراوە:

٥- *بوێرە.

٦- بوێرە برۆ.

ح-ئەم کردارە، وەکو کردارە یاریدەدەرەکانی تر، دەتوانێت نیشانەی کات هەڵگرێت، بۆ دەمی ڕانەبردوو و ڕابردوو، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا دیارخراوە:

٧-وێرام دەست لە شێرەکە بدەم.

## ٦-٢ بەشی دووەمی کردارە لاوەکیەکان:

کردارەکانی ئەم بەشە تەنیا یەک ڕۆڵ دەناسێنن، کە ئەویش بکەری کردارە لاوەکیەکەیە، بەلام دەبێت ئەوەش بڵێین، کە ئەم کردارانە کردارێکی سەرەکیان لە دوادێت بە شێوەی لاڕستەی تەواوکەری، ئەو کردارە سەرەکیەی کە لە دوای یەکێک لە کردارە لاوەکیەکانەوە دێت ڕۆڵی خۆی وەردەگرێت، جا ڕۆڵێک بێت یان زیاتر. سەیری ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکە:

١- <u>کچەکە</u> **ویستی** <u>کورەکە</u> **پیرۆزبایی** لە من بکات.

---

* بڕوانە:.Lyons, John. (1977)

لەم ڕستەیەدا (کچەکە) تاکە ڕۆڵی کرداری (ویستن)ە، بەلام کردارە سەرەکیەکەی تر (پیرۆزبایی دەکات)، کە لەشێوەیە لاڕستەی تەواوکەری لەدوای کرداری (ویستن)ەوە دەرکەتووە، دوو ڕۆڵی خۆی هەیە کە (کوڕەکە)ە، و ڕۆڵە بکەرەکەیە بۆ کرداری (پیرۆزبایی) دەکات، هەروەها (من) ڕۆڵە بەرکارەکەی بینیووە. لە هەمان کاتدا هەموو لاڕستەکە بەیەکەوە بوونوتە بەرکاری کرداری لاوەکیەکی (ویستن).

دەکرێت بکەری ڕستەی سەرەکی هەمان بکەری لاڕستە تەواوکەریەکەش بێت، لەم بارەدا بکەری لاڕستەکە لابردراوە، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢- ڤارین ویستی<u>Ø</u> **پیرۆزبایی** لە من بکات.

سەرەڕای ئەم دوو بارەی سەرەوە دەکرێت بکەری ڕستە سەرەکیەکە و بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە هەمان شت بن، واتە؛ بکەرێکی بۆگەراوەی دەبێت، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە مەبەستی دووپاتکردنەوەو جەختکردنەوە لە دووبارە دەرکەوتنەوەی بکەرەکەدا هەیە، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

<u>٣-</u> ئەو **ویستی** <u>خۆی</u> **پیرۆزبایی** لەمن بکات.

کردارەکانی (ویستن) دەکرێن بە دوو پۆلی جیاوازەوەو هەر پۆلێکیان، لەوانەیە زیاتر لە گروپێک لە خۆبگرێت، ئینجا لە نێو هەر گروپێکیشدا زیاتر لە کردارێکمان هەبێت. بە پێی دیکسن (١٩٩١) و (١٩٩٥) بێت، دەتوانین ئەم حەفت گروپەی خوارەوە لە کردارەکانی ویستن دروست بکەین*.

## ٦-٢-١ کردارەکانی ویستن:

کردارەکانی ئەم پۆلە یەک ڕۆڵی سەربەخۆ وەردەگرن، ئەویش ئەو ڕۆڵەیە کە کردارەکە وەسفی دەکات، ئەو ڕۆڵەش ئەو هەڵوێستەیە کە کەسێک هەیەتی سەبارەت بە ڕووداوێک یان بارێک. دەکرێت ئەو ڕووداوە یان ئەو بارەش لە شێوەی لارستەیەکی تەواوکەری دابێت، کە بکەری کردارەکەیە. کردارەکانی ویستن لەڕووی سینتاکسیەوە بە کرداری تێپەڕ دادەنرێن و کات و کەسداریشن، واتە؛ نیشانەی (ڕابردوو، ڕانەبردوو) وەردەگرن.

---

* بڕوانە: DIXON, Robert M.W. 1991:175-220
DIXON, Robert M.W. 1995.

کردارەکانی (ویستن) دەکرێت لەڕووی سیمانتیکیەوە بکرێنە چەند گرووپێک و هەر گرووپێکیش سیمای سینتاکسی تایبەتیی خۆی هەیە. گرووپەکانیش ئەمانەن:

**گرووپی یەکەم:** کردارەکانی (دەمەوێت، خۆزگەدەخوازێت، ئارەزوودەکات، تامەزرۆدەبێت، بەپەرۆش دەبێت) دەگرێتەوە.

**گرووپی دووەم:** کردارەکانی (هیوادەخوازێت، ئومێدەواردەبێت) دەگرێتەوە.

**گرووپی سێیەم:** کرداری (دەخوازێت) دەگرێتەوە.

**گرووپی چوارەم:** کردارەکانی (پێویستپێدەبێت، پێویستدەکات، شایەنیدەبێت) دەگرێتەوە.

**گرووپی پێنجەم:** کردارەکانی (پێشبینیدەکات، چاوەڕێدەکات) دەگرێتەوە.

**گرووپی شەشەم:** کردارەکانی (پلان بۆ دادەنێت، نیازی وایە، ئامانجیەتی، مەبەستیەتی) دەگرێتەوە.

**گرووپی حەفتەم:** کردارەکانی (وا پێشیاندەدات، وادەنوێنێت)  دەگرێتەوە.

لاسیتەر دهڵێت : هەندێک جار کردارەکانی (ویستن) وەک کردارە مۆدەڵەکان هەژمار دەکرێن، بهەۆی هەبوونی سیفەتی هاوبەش لە نێوان کردارەکانی ویستن و کردارە مۆدەڵەکاندا، بەلام ئەوەی کە کردارەکانی (ویستن) لە کردارە مۆدەڵەکان جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە ئەگەر هەر یەکێک لەم کردارە سەرەکیانە لە دوای کردارێکی ئەم گرووپە کردارانەوە هات (وەردەگرێت، هەبوون، دەستدەکەوێت) دەکرێت ئەو کردارە سەرەکیە لاببردرێت و فرێز ناوەیە بەرکارەکە دەبێتە بەرکاری ڕووکەشی کردارەکەی ویستن(Lassiter, 2011, p.16). وەک: لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤- پێویستم بە Ø پێنووسێکی نوێیە.

٥- شایەنیØ میدالیایەکە.

٦- پێشبینی Ø ئەسپێک دەکات بۆ ڕۆژی لە دایک بوونی.

لە ڕستەکانی ژمارە (٤ و ٥ و ٦ )دا دەبینین کردارە سەرەکیەکانی دوای کردارەکەی (ویستن) لابردراوە و فرێزە ناویەکە بووەتە بەرکاری کردارەکەی (ویستن). هەربۆیە تەواوی ڕستەکانی بەم شێوەیەن (پێویستم بە <u>دەستکەوتنی</u> پێنووسێکی نوێیە)، (شایەنی <u>وەرگرتنی</u> میدالیایەکە)، (پێشبینی <u>وەرگرتنی/پێدانی</u> ئەسپێک دەکات بۆ رۆژی لە دایک بوونی).

(دەبێت ئەوەش بزانین کە لابردنی کردارە سەرەکیەکەی دوای کردارەکەی (ویستن) تەنیا کاتێک شیاوەو ڕێگە پێدراوە کە بکەری رستە سەرەکیەکە و بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە

هەمان شت بن()، واتە؛ بکەری هاوبەشیان هەبێت. بۆ نموونە بەراوردی نێوان ئەم دوو ڕستەی خوارەوە بکە:

٧-دەمەوێت مۆبایلێکی نوێم دەستکەوێت.

٨- دەمەوێت سارا مۆبایلێکی نوێی دەستکەوێت.

لە ڕستەی ژمارە (٧)دا بکەری ڕستە سەرەکیەکە و بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە هەمان شتن. کە (من)ە، بۆیە دەکرێت ڕستەی ژمارە (٧) ڕێگە بەلابردنی کردارە سەرەکیەکەی (دەستکەوێت) دوای خۆی بدات و ڕستەکە ببێتە (مۆبایلێکی نوێم دەوێت). لە کاتێکدا لە ڕستەی ژمارە (٨) بکەری رستە سەرەکیەکە (من)ە، بەلام بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە (سارا)یە، بۆیە ناکرێت کردارە سەرەکیەکەی دوای کردارەکەی (ویستن) لاببەین.

هەدلسن دەڵێت: یەک باری ناوێزە لێرەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر کردارە سەرەکیەی دوای کردارەکەی ویستن بریتیبێت لە کرداری (دێت یان دەگات)، ئەوا دەکرێت کردارە سەرەکیەکەی دوای کردارەکەی (ویستن) لاببردرێت تەنانەت ئەگەر بکەری ڕستە سەرەکیەکە و بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە جیاوازیش بن ( Huddleston, Rodney. 1984,p.207-213)وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٩-بەیانی پێشبینی موچەی فەرمانبەران  دەکەم (بێت).

هەروەها کردارێک لە دوای کردارەکەی (ویستن) دەربکەوێت کە باسی چالاکیەک دەکات، لەم بارەدا کردارەکەی نێولاڕستە تەواوکەریەکە لە شێوەی بکەر نادیاریدا دەردەکەوێت، وەکو لەم ڕستەیەدا:

١٠- پێشبینی لێدانیم دەکرد.

١١- پێشبینی ئەوەم  نەدەکرد لێی بدرێت/ پێشبینی لێدانیم  نەدەکرد.

کردارەکانی گروپی شەشەم لە کردارەکانی (ویستن) دەکرێت لە بارێکدا دەربکەون کە بەرکاری ڕستەکە باسی چالاکیەکە دەکات، بۆیە دەکرێت ئەو کردارە سەرەکیەکەی کەلە دوای کردارەکەی ویستنەوە دێت ئاماژە بە هەمان چالاکی بکات، لاببردرێت، لەبەرئەوەی واتای ئەو کردارە سەرەکیە لەلایەن ئەو بەرکارەی کە باسی چالاکیەکە دەکات جێگەکەی پردەکرێتەوە، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٢- پلانی یارییەک دادەنێن بۆ کۆتایی هەفتە.

لەم ڕستەیەدا دەبینین کە بەرکاری (یاریەک) باسی چالاکیەکە دەکات، یان بڵێین باسی ئەنجامدانی چالاکیەک دەکات، هەربۆیە ڕێگەی بۆ لابردنی کردارە سەرەکیەکەی دوای

خۆی خۆشکردووە، ئەگەرنا ڕستەکە بەم شێوەیە دەبوو (پلانی ئەنجامدانی/کردنی یاریەکمان داناوە بۆ کۆتایی هەفتە).

-کردراری (ویستن) لە دوو باردا دەردەرکرون :

باری یەکەم: هەندێک لە کردارەکانی (ویستن) وەک کرداری (هیوادەخوازێت، چاوەڕێدەکات، پلان دەدەنێت) پریپۆزشنی (بۆ)ی پێویستە بۆئەوەی ئەو پریپۆزشنە لە پێش بەرکارێک دەربکەوێت کە لە شێوەی فرێزێکی ناوی دایە، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٣- هیوا بۆ داوەتکردنێک دەخوازم.

لەم ڕستەیەدا دەبینین کە بەرکاری ڕستەکە فرێزێکی ناوییە (داوەتکردن)، هەربۆیە کرداری (هیوا دەخوازێت) پێویستی بە (بۆ) بووە. سەرەڕای ئەمەش ئەگەر بەرکارەکە ناوێک بێت ببێتە بکەری لاڕستەکە، ئەوا دیسان کردارەکەی (ویستن) پێویستی بە (بۆ) دەبێت تا لە پێش ئەو بەرکارە ناوییەدا دەربکەوێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٤- هیوا بۆ نەمام دەخوازم کە داوەتم بکات.

باری دووەم: ئەمە لەو کاتەی هەندێک کرداری تری (ویستن) وەکو کردارەکانی (داوادەکات، دەخوازێت، تامەزرۆ دەبێت) کاتێک بەرکارەکەیان بریتیە لە فرێزێکی ناوی، ئەوا پێویستیان بە هەبوونی(بۆ) نیە، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٥- داوای خواردنەوەیەکی کرد.

بەلام کاتێک هەمان کردار بەرکارەکەی بریتیە لە ناوێک کە دەبێتە بکەری لاڕستەکەش، ئەوا پێویستی بە پریپۆوشنی (لە) دەبێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٦- داوای لە گارسۆنەکە کرد خواردنیکی بۆ بەێنێت.

جاکندۆف و کالی کەفەر، باسی بارێکی تری کردارەکانی (ویستن) دەکەن، ئێمە لێرە دا ئەمە وەک باری سێیەم دەخەینەڕوو:

باری سێیەم: کردارێکی وەک (خۆزگە دەخوازێت) ڕێگە بە دەرکەوتن و لابردنی (بۆ) دەدات لە پێش بەرکارەکەی، ئەگەر بەرکارەکەی ناوێک بێت و بکەری لاڕستەکە بێت (Jackendoff and Culicover, 2001,p.10)، وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە:

١٧- خۆزگە دەخوازم سارا بڕوات.

١٨- خۆزگە بۆ سارا دەخوازم بڕوات.

دەکرێت جیاوازیەکی سیمانتیکی لەم دوو ڕستەیەدا بەدیبکرێت، ئەویش ئەوەیەکە ڕستەی ژمارە (١٧) واتای ئەوەدەدات، من خۆزگە بۆ خۆم دەخوازم کە سارا بڕوات، واتە؛ شتێک هەیە پەیوەستە بەخۆمەوە وەکو قسەکەر و بکەری ڕستە سەرەکیەکە، لەکاتێکدا لەڕستەی ژمارە (١٨)دا من خۆزگەکە بۆ سارا دەخوازم کە بڕوات دیارە شتێک هەیە پەیوەستە بە سارا، نەک من.

باری چوارەم: کردارەکانی تری پۆلی (ویستن) وەک کردارەکانی (دەوێت، پێویستە، پێویست دەکات، پێشبینی دەکات) پێویستیان بە پریپۆزشنی (لە/بۆ) نیە جا بەرکارەکەیان چ فرێزێکی ناوی بێت یان ناوێک بێت کە بکەری لاڕستە تەواوکەرەکەیە، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا، کە لەڕستەی یەکەمیاندا بەرکارەکە بریتیە لە فرێزێکی ناوی و لەڕستەی دووەمیشدا بەرکارەکە بریتیە لە بکەری لاڕستەی تەواوکەری ( Jackendoff and Culicover. 2001,p.11):

١٩-سێوێکم دەوێت.

٢٠- دەمەوێت سارا سێوێکم بداتێ.

زمانەزان گلێسن باسی کردارەکانی (خۆزگە دەخوازێت) دەکات و دەڵێت ئەو کردارانە بەوە ناسراون کە زۆربەی کات ئەو کردارە سەرەکیەی کە لە دوای دێت لە دەمی ڕابردوو دایە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێەوە کە باسی ناڕاستەقینەی یان ئەستەمی کردارە سەرەکیەکە دەکات. هەروەها دەڵێت دەکرێت لاڕستە تەواوکەریەکەی دوای هەردوو کرداری (دەمەوێت، خۆزگە دەخوازێت) لابېردرێت کاتێک لاڕستە تەواوکەریەکە هاوتایە بەوەی کە پێشتر گوتراوە(Gleason, Shirley. 1980:1-11). بۆ نموونە:

٢١- دەتوانین ئەمڕۆ ئەنجامی بدەین ئەگەر بتەوێت.

لەم ڕستەیەدا لاڕستە تەواوکەریەکە بریتیە لە (ئەمڕۆ ئەنجامی بدەین)، بەلام لەبەر ئەوەی ئەم لاڕستەیە لە ڕستە سەرەکیەکە گوتراوە، بۆیە دەکرێت وەکو لاڕستە لابېردرێت. واتە؛ لاڕستە تەواوکەریەکە دووبارە ناکرێتەوە لە لاڕستەکە و لە ڕستە سەرەکیەکەش.

لایەنێکی سینتاکسی تر کردارەکانی ویستن ئەوەیە کە دەکرێت ئەو کردارانە لاڕستە تەواوکەریەکەیان بە (کە) دەست پێبکات، ئەمەش لەبەرئەوەی کردارەکانی ویستن ئاماژە بە بارێک یان ڕووداوێک دەکات، وەک لە ڕستەی (٢٢)دا ڕوونکراوەتەوە:

٢٢- خۆزگە دەخوازم کە خواردنەوەیەکم بۆ بێنێت.

ئەو لاڕستە تەواوکەریەی کە لە دوای کردارێکی (ویستن)ەوە دێت، دەکرێت کردارێکی یاریدەدەری لاوەکی لەخۆ بگرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو بارەی یان ڕووداوەی کە لاڕستەکە ئاماژەی بۆ بکات ڕاستەقینە نەبێت یان هێشتا ڕووی نەدابێت، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

٢٣- خۆزگە دەخوازم کە بتوانێت لە تاقیکردنەوەکە دەربچێت.

بەگوێرەی هەماوەند بێت، لە زمانی کوردیدا دەکرێت لارستە تەواوکەریەکە کردارێکی سەرەکی بە شێوەی چاوگ لە خۆ گرتبێت، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە بکەری لاڕستەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە هەمان شت بن، هەربۆیە بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە لادەبردرێت، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا دیارخراوە:

٢٤- پلانی ڕۆیشتنە دەرەوەیە دوای تەواو کردنی تاقیکردنەوەکانی.

٢٥- ئامانجی تەواوکردنی نامەی ماستەرەکەیەتی پێش سەری ساڵ.

هەنێکجار دەکرێت ئەو کردارە سەرەکیە چاوگە، بەرگی بکەر نادیاری بە بەر ڕستەکە بکات ئەگەر کردارەکانی (ویستن) بریتیبێت لە (پێویستە، پێویست دەکات، شایەنیەتی)، یان لایەنی کەم ڕستە سەرەکیەکە بکەرێکی سینتاکسی هەیە، بەلام لەڕووی سیمانتیکیەوە واتای ڕستەکە هاوتایە بە واتای ڕستەیەکی بکەر نادیار*. وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٦- ئەم گۆشتە پێویست دەکات بکوڵێندرێت/ئەم گۆشتە پێویستی بە کۆلاندنە.

٢٧- ئەو بەرخە پێویستی بە خواردنە.

پێدەچێت لە زمانی کوردیدا (بکوڵێندرێت)ەکەی ڕستەی ژمارە (٢٧) فریزێکی ناوی نەبێت، بەڵکو لاڕستەیەک بێت، لەبەرئەوەی دەکرێت ئاوەڵکارێکی چۆنیەتی بۆ ئەو لاڕستەیە زیاد بکرێت و ڕستەکە ببێتە:

٢٨- ئەو گۆشتە پێویست دەکات باش بکوڵێندرێت، یان

٢٩- ئەو گۆشتە پێویستی بە کولاندنێکی باشە.

کردارەکانی ویستن لە ڕووی سینتاکسیەوە بەوە ناسراون کە زۆربەیان لاڕستەی تەواوکەری (کە) وەردەگرن. هەروەها لایەنێکی تری سینتاکسی کردارەکانی ویستن

---

* بڕوانە: Hamawand, Zeki. 2002

ئەوەیە، کە نەک هەر تەنیا کردارە سەرەکیەکەی دوایان دەکرێت بگۆردرێت بۆ باری بکەر نادیاری، بەڵکو دەکرێت کردارەکەی (ویستن) خۆشی لە باری بکەر نادیاریدا دەربکەوێت (Biber, Det al, 1999, p.661) وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٠- هیوادەخوازرێت ئەو یاریەکە بباتەوە.

٣١- پێشبینی دەکرێت کە یاریەکە بباتەوە.

ئێستا زیاتر سەرنج دەخەینە سەر لایەنی سیمانتیکی کردارەکانی (ویستن)و هەوڵدەدەین باسی لایەنی سیمانتیکی کردارەکانی هەر گروپێک بکەین.

نونان دهڵێت: لایەنی سیمانتیکی کردارەکانی (ویستن)و زۆربەی کردارەکانی پەیوەستە بەو لاڕستە تەواوکەریەی کە لەگەڵ کردارەکاندا دێن. خودی کرداری (دەوێت) کاتێک لاڕستەیەک وەردەگرێت، ئەوا زیاتر مەبەستێکی پراگماتیکی لە پشتە، ئەویش ئەوەیە کە ئاماژە بە شتێک دەکات کە دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣١- دەمەوێت ئەم پاش نیوەڕۆیە قسە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەم بکەم.

کرداری (خۆزگە دەخوازێت) مانایەکی شاراوە هەڵدەگرێت لەلاڕستە تەواوکەریەکەیدا، ئەویش باس لە شتێک دەکات کە لەوانەیە بەدی هێنانی ئاسان نەبێت یان هەر ئەستەم بێت، وەکو لە نموونەی (٣٢)دا دیارخراوە:

٣٢- خۆزگە دەخوازم کە بتوانم چەند پرسیارێکی کەم لە سەرۆک وەزیران بکەم.

لەڕووی سیمانتیکیەوە کرداری (دەوێت) داوایەکەی بهەێزترە لە کرداری (خۆزگە دەخوازێت)، تەنانەت کرداری(دەوێت) دەگاتە ڕادەی ناچارکردن.

کرداری (ئارەزوو دەکات) وەکو کردارەکانی (دەوێت و خۆزگە دەخوازێت) بەربلاو نیە. کاتێک بەرکارەکەی بریتیە لە فریزێکی ناوی مرۆڤی، ئەوا واتای حەزپێکردنێکی سێکسی دەگەیێنێت، وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٣- ئارەزووی تۆدەکەم.

هەر لەڕووی سیمانتیکیەوە ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو کەسەی ئەو قسەی پێدەگوترێت، واتە؛ کەسی گوێگر، پێویستە وەلامێکی هەبێت بۆ کەسی قسەکەر.

کرداری (تامەزۆری دەبێت) وەسفی ئارەزوێکی زۆر خەست دەکات کە زۆربەی جار ئەو ئارەزووخەستنە، بۆ خواردنێکە یان شتێکە کە دەبێتە بەرکاری کردارەکەو ئەو

بەرکارەش بریتیە لە فریزێکی ناوی(Noonan, Michael. 1985, p.110-133). وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٤- تامەزرۆی خۆخی نوێم.

فارکەس لەباسی لایەنی سیمانتیکی کردارەکاندا دهڵێت: کرداری (بەپەرۆش دەبێت) بە هەمان شێوەی کرداری (تامەزرۆی دەبێت) واتای ئارەزوویکی خەست بۆ شتێک یان کەسێک دەکات، بەلام مەودای بەکار هێنانی کرداری (تامەزرۆ دەبێت) فراوانترە لە ڕووی بەکارهێنانەوە (Farkas,1992, p.69). بۆ نموونە:

٣٥- بەپەرۆشی دارام نامەیەک بنووسێت.

ئەم کردارە زۆربەی جار پریپۆزشنی (بۆ) لەگەڵ بەکاردێت، بەلام بە کار هێنانی ئەم پریپۆزیشنە ناچاری نیە، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣٦- بەپەرۆشم بۆ خوشکم لە تاقیکردنەوەی دەرچێت.

بە شێوەیەکی گشتی کردارەکانی گروپی یەکەم وەسفی بە پەرۆش بوون تامەزرۆ بوون بۆ شتێک دەکەن کە ڕوودەدات. کردارەکانی گروپی دووەم جەخت لەسەر ئەوەی دەکاتەوە کە شتێکی پەسەند و باش لە داهاتوو دا ڕوودەدات. کردارەکانی گروپی سێیەم وهەا دەردەکەوێ کە تێکهڵەی دووکردار بێت (دهڵێت) و (دەیەوێت). زۆربەی کات دەکرێت کەسی گوێگر لەگەڵ ئەم کردارە دەرکەوێت بەلام دەبێت کەسی گوێگر بە یارمەتی پریپۆزشنی (لە) بدرێە پاڵ کردارەکە، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

٣٧- خواستی ئەوەم هەبوو کە ئەو ئۆتۆمبێلەکەم خاوێن بکاتەوە.

٣٨- داخوازی ئەوەم لە ئەو کرد کە ئۆتۆمبێلەکەم خاوێن بکاتەوە.

لەم ڕستەیەدا دەبینین کەسی گوێگر (ئەو) وەک بەرکاری ڕستە سەرەکیەکە دەرکەوتووە و هەر ئەو خۆشی دەبێە بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە، بەلام لە لاڕستە تەواوکەرەکە لابردراوە.

کردارەکانی (پێویست بوون، پێویست دەکات)، کە کردارەکانی ئەم گروپەن، زیاتر لە شێوەی کردارە مۆدەڵەکانن، لەبەرئەوەی باسی ناچارکردن و پێویست بوون دەکەن، بەلام جیاوازی نێوان پێویستی و ناچارکردنی ئەو کردارانەو کردارە مۆدەڵە کان ئەوەیە، کە کردارە مۆدەڵەکان باسی ئەوە دەکەن کە کەسی بکەر دەیەوێت شتێک بکات، کەچی کردارەکانی ئەم گروپە زیاتر بە شێوەیەک بەکاردێن کە لاڕستە تەواو کەریەکەیان بریتیە

لە پێکهاتەیەکی بکەر نادیاری. واتە؛ لە کردارەکانی ئەم گروپەدا دەبێت ناچاریەک یان پێویستیەک بۆ بکەرەکە بکرێت* وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا دیارخراوە:

٣٩- ئەو پێویستە هانبدرێت.

بە پێچەوانەی زۆربەی کردارەکانی (ویستن)، کردارەکانی گروپی چوارەم دەکرێت بکەر یان بەرکاریان شتێکی بێ گیان بێت.

کرداری (پێویستە) واتایەکەی هاوشێوەی واتای کرداری (ویستنە)، بەلام (پێویست دەکات) زیاتر بۆ بارێکی پێویستی بەکاردێت کە پەیوەستە بەڕاستی، وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤٠-پێویستە کچەکەم بێتەوە ماڵەوەو چاودێریم بکات.

٤١-پێویست دەکات سێ سستەر بە شەفتات کاربکەن و چاودێریم بکەن.

شانک و ئەبێلسن، دهڵێن کرداری (پێویستە) زۆربەی کات ئاماژە بە بارێکی فیزیکی و سۆزداری دەکات و بکەری لاڕستە تەواوکەریەکەش زۆربەی جار بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە. لە کاتێکدا کرداری (پێویست دەکات) زۆر بە دەگمەن بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە هەمان بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە. هەروەها لە ڕووی سیمانتیکیەوە کرداری (پێویست دەکات) زۆربەی کات بۆ ئەوە بەکاردێت تاوەکو پێویستیەکە دیاری بکات و ڕستەکە بەرەو بارێکی ناچارکردن ببات لەڕێگەی دەستنیشانکردنی (پێویستە). وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤٢- لە کاتی ڕاوێژکردندا پێویست دەکات پارە بدەیت.

کرداری (شایەنی دەبێت) پەیوەستە بە شتێکەوە کە دەبێت ئەنجام بدرێت وەکو پاداشتێک بۆ ڕەوشت و هەڵس و کەوت و کردەوەیان، زۆربەی کاتیش بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە هەمان بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە** وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤٣- دکتۆرەکە شایەنی بردنەوەی خەڵاتەکەیە.

هەروەها دەکرێت بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە لەیەکتر جیاوازبن، وەکو ئەم ڕستەیەی خواەوە:

٤٤- نیان شایەنی ئەوەیە کە پشیلەکەی خەڵاتەکە بباتەوە.

---

* بڕوانە: WILENSK, ROZERT. 1978

** بڕوانە: Schank, R. C., & Abelson, R. P. 1977

هەیم باسی کردارەکانی (پێشبینی دەکات، نیازی وایە، پلان دادەنێت) دەکات، کە ئێمە لێرەدا کرداری (پێشبینی دەکات) بە کرداری گروپی پێنجەممان داناوە و ئاماژە بەوە دەکەن کە شتێک ڕوودەدات، جا مەرج نیە ئەو شتەی ڕوودەدات باش بێت ( Heim, 1992,p.191-211)، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤٥- پێشبینی دەکەم بێت.

مەرج نیە هاتنەکەی شتێکی باش بێت یان خراپ بێت، بکەری لاڕستەی کردارەکانی گروپی پێنجەم بەرکاری ڕستە سەرەکیەکەیە، نەک بکەری.

دوو کردارەکەی تریش، کردارەکانی (نیازی وایە، پلان دادەنێت) بریتین لە کردارەکانی گروپی شەشەم، وەسفی ئەوەدەکەن کە شتێک دەکەن لە داهاتوودا، کردارێکی تری ئەم گروپەش کرداری (نیازی وایە)، بکەری لاڕستەی کردارەکانی گروپی شەشەم زۆربەی کات هەمان بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

٤٦- نیازم وایە یاریەکە ببەمەوە.

کرداری (پلان بۆ دادەنێت) دەستەیەک نیاز لە خۆ دەگرێت، سەرەڕای بیرکردنەوە و پلانەکە، هەروەها دەکرێت ئەم کردارە لاڕستەیەکی پرسی وەرگرێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤٧- پلانم داناوە کێ پرسەکە دەوروژێنێت.

بارۆن باسی کرداری (وادەنوێنێت) دەکات، کە ئێمە لێرە وەکو کردارەکانی گروپی حەفتەم باسی دەکەین. کردارەکانی گروپی حەفتەم لە ڕووی سینتاکسەوە هەمان سیفات و تایبەتمەندی کردارەکانی (ویستن) یان هەیە، بۆ نموونە، دەکرێت لاڕستەی تەواوکەری (کە) وەربگرن و بکەری لاڕستەکەش هەمان بکەری ڕستە سەرەکیەکە بێت ( Barron, Julia. 1997:11-13).وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤٨- وام پیشاندا کە من بەڕێوەبەرەکەم.

هەروەها دەکرێت بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە جیاوازبێت لە بکەری ڕستە سەرەکیەکە، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤٩- وام پیشاندا کە ڕۆزە بەڕێوەبەرەکەیە.

ئەگەر بکەری لاڕستەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە هەمان شت بن، ئەوا دەکرێت بکەری لاڕستەکە لابربدرێت، وەکو لەم ڕستەیەیخوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٥٠- وام نیشاندا کە بەڕێوەبەرەکەم.

(جیاوازی سەرەکی کردارەکانی گرووپی حەفتەم لەگەڵ کردارەکانی تری گرووپەکانی تر ئەوەیە کە کردارەکانی گرووپی حەفتەم، بەپێچەوانەی کردارەکانی تری (ویستن)، باسی دەمی ڕابردوو یان ڕانەبردوو دەکەن، نەک دەمی داهاتوو. هەروەها کردارەکانی گرووپی حەفتەم ڕێگە بە هەبوونی کردارێکی مۆدەڵ نادەن لە لاڕستە تەواو کەریەکەیاندا. لایەنێکی لێکچووی نێوان کردارەکانی گرووپی حەفتەم و کردارەکانی گرووپە کانی تر ئەوەیەکە لە ڕووی سیمانتیکیەوە ئاماژە بەشتێک دەکەن کە ڕاستەقینە نیە.

پۆرتنەر و ڕۆبنستن، باسی هەندێک کردارەکانی (ویستن) دەکەن لەوانەش کرداری (هیوا بۆدەخوازێت). ئەم دوو نووسەرە پێیان وایە ئەم کردارە جۆرێک لە ئارەزووی کەسی نیشان دەدات و ئاماژە بە بە بیرۆبۆچوونێک و هەڵوێستێک دەکات، کەسی بکەری هەڵگری ئەو بیرەیە یان بەرگری لێدەکات.

کرداری (دەوێت) باسی ئارەزوویێکی هەست و سۆزی دەکات، لە هەمان کاتدا کرداری (خۆزگە بۆ دەخوازێت) باسی جۆرێک لە ئارەزووی مشت و مڕهەڵگر دەکات (Portner, Paul, and Aynat Rubinstein. 2013,p.464-484).

بۆ زیاتر خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی کردارەکانی (ویستن)، ئەم خشتەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

| گرووپ | ژمارەی کردار | تێپەڕیەتی | تێنەپەڕیەتی | ڕێگەدان بە کردارە سەرەکیەکەی دوای خۆی | بکەری لاڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | پێنج | هەیە | نیە | بۆ هەندێک کردار ڕێگە دەدات، ئەگەر بکەری لاڕستە و بکەری ڕستەی سەرەکی هەمان شت بن | بکەری ڕستەی سەرەکی بکەری سەربەخۆ |
| دووەم | دوو | هەیە | نیە | بۆ هەندێک کردار ڕێگە دەدات، ئەگەر بکەری لاڕستە و بکەری ڕستەی سەرەکی هەمان شت بن | بکەری ڕستەی سەرەکی بکەری سەربەخۆ |
| سێیەم | یەک | هەیە | نیە | ڕێگەدەدات | بکەری ڕستەی سەرەکی بکەری سەربەخۆ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| چوارەم | سێ | هەیە | نیە | ڕێگەدەدات | بکەری ڕستەی سەرەکی |
| پێنجەم | دوو | هەیە | نیە | بۆ هەندێک کردار ڕێگە دەدات، ئەگەر بکەری لاڕستە و بکەری ڕستەی سەرەکی هەمان شت بن | بکەری ڕستەی سەرەکی<br>بکەری سەربەخۆ |
| شەشەم | چوار | هەیە | نیە | بۆ هەندێک کردار ڕێگە دەدات، ئەگەر بکەری لاڕستە و بکەری ڕستەی سەرەکی هەمان شت بن | بکەری سەربەخۆ |
| حەفتەم | دوو | هەیە | نیە | ڕێگە نادات | بکەری ڕستەی سەرەکی<br>بکەری سەربەخۆ |

## ٦-٢-٣ کردارەکانی دواخستن:

بەگوێرەی جانتونێن بێت، کردارەکانی ئەم تەوەرە پێویستیان بە یەک ڕۆڵ هەیە سەرەڕای ڕۆڵێکیش لە کردارەکەی لاڕستە تەواوکەرەکە وەردەگرن. ئەو ڕۆڵەی کە لەگەڵ کردارەکانی دواخستن دەردەکەوێت بریتیە لە کات ڕێکخەر، کە پلانی ئەنجامدانی شتێک دادەنێت. کردارەکانی ئەم تەوەرەش بریتین لە (دوادەخات، دوادەکەوێت، پاش خستن، خۆلێ لادەدات). هەرچوار لە کردارەکان لاڕستەی تەواوکەری وەردەگرن، جا دەکرێت بکەری لاڕستەکە جیاوازبێت لە بکەری ڕستە سەرەکیەکە، یان بکەرەکانیان هەمان شتن بن* وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- دەستپێکردنی نانی ئێوارەمان دواخست تاوەکو تۆ گەیشتی.

بۆلینگەر بەجۆرێک باسی کرداری (لێ لادەدات) دەکات کە ئەندامێک بێت لە کردارەکانی دواخستن. کرداری (لێ لادەدات) کەمێک لە کردارەکانی تری ئەم تەوەرە جیاوازە لە ڕووی سیمانتیکیەوە. دەکرێت کردارەکەی ناوڕستەکە لەگەڵ کرداری (لێ لادەدات) لابردرێت ئەگەر بێتوو کرداری (لێ لادەدات) واتای (بینین، بەشداردەبێت) بدات (Bolinger, 1968 b, p.120)وەک لە نموونەی (٢ و ٣)دا ڕوونکراوەتەوە:

* بڕوانە: Jantunen, Natalia. 2013

٢- بەڕێگایەکیتر سوڕامەوە ماڵەوە بۆ لادان لە (بینینی) گۆڕستانەکە.

٣- ئەو هەردەم وا پلان دادەنێت خۆی لە (بەشداریکردنی) ژەمەکانی ئێوارە لادات.

کرداری (لێ لادەدات) ئاماژە بە کردەیەکی بە بهانە دەکات، کە ئەنجامدراوە، بۆئەوەی تێوە نەگلێت لە چالاکیەکی نەویستراو، زۆربەی جاریش کات و شوێنی لەگەڵ ئەو کردارە کەدەردەکەوێت، دیاریکراو نیە، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤- لەسەردانی کردنی دایکم لادەدەم/دووردەکەومەوە لەو ڕۆژانەی کە ئەگەری زۆرە باپیرەم تەلەفۆن بکات.

پیت جۆڤیسکی و ئەوانی تر پێیان وایە کە کردارەکانی ئەم تەوەرە دەکرێت بەرکارێک وەرگرن کە باسی چالاکیەک دەکات، یان ئەو بەرکارەی لە شێوەی ناوی دایە، ئەمەش وادەکات پێکهاتەی ڕستەکە بەشێوەی بکەر نادیار دەربکەوێت، وەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٥- کۆبونەوەکە دواخرا.

٦- گفتوگۆیەکە پاشخرا.

هەر سێ کرداری (دوادەخات، پاشدەخات، دوادەکەوێت) لەڕووی سیمانتیکیەوە زۆر واتاکانیان لەیەکتری نزیکە و هاوشێوەن. بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە بڕیارێک دەکەن کە پەیوەستە بە هەست و هۆشەوە و ئەو بڕیارە پێش وەختە دراوە. وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٧- ئاهەنگی هاوسەرگیریەکەیان تاوەکو مانگی هەشت دواخست.

لەبەرانبەردا کرداری (پاشدەخات) زۆربەی کات وەسفی گۆڕانێک لە دواخستنێک لە کات دەکات کە بۆ مەبەستێک یان پێویستیەکی تایبەت بووە و پێشتر پلان بۆ داڕێژراو نەبووە. زۆربەی جاریش ئەو پاشخستنە بۆیە ڕوودەدات تاوەکو لە هەندێک بارودۆخی نەخوازراو و پێشبینی نەکراو بە دووربن (Pustejovsky, James. Roser Saur´ı, Lotus Goldberg and Marc Verhagen. 2009,p.12-17) وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٦- دەستپێکی کۆبوونەوەکەیان پاشخست، لەبەرئەوەی ئەو فڕۆکەی شاندەکەی لە باکوورەوە دهەێنێت نەگەیشتووە.

## ٦-٣ بەشی سێیەمی کرداره یاریدەدەرەکان:

سێیەم بەشی کرداره یاریدەدەرەکان وەکو بەشی دووەمی کرداره یاریدەدەرەکان تەنیا یەک ڕۆڵ وەردەگرن، کە بریتیە لە بکەری کرداره یاریدەدەرکە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵێکیش لە کردارەکەی نێو لاڕستە تەواوکەرەکە وەردەگرێت. شیباتانی دەڵێت لە ڕووی سیمانتیکیەوە جیاوازیەک لە نێوان بەشی دووەم و بەشی سێیەمی کرداره یاریدەدەرەکان هەیە، ئەویش ئەوەیە:کردارەیاریدەدەرەکانی بەشی دووەم وەسفی هەڵوێستی کەسی بکەر دەکەن سەبارەت بە ڕووداوێک یان بارێک ( Shibatani, Masayoshi. 2000,p.176-137) ، وەکو لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١-باوکم دەیەوێت/پێشبینی دەکات سارا بچێتە کۆلیژی پزیشکی.

لەکاتێکدا بکەری کرداره یاریدەدەرەکانی بەشی سێیەم تەنیا هەڵویستیان بەرانبەر ڕووداوەکە یان بارەکە نیە، بەڵکو ڕۆڵدەگێڕن لە هاتنە ئارای ڕووداوەکە یان بارەکە، وەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢- باوکم زۆری لە سارا کرد بچێتە کۆلیژی پزیشکی.
٣- باوکم ڕێگەی دا سارا بچێتە کۆلیژی پزیشکی.
٤- باوکم یارمەتی سارای دا بچێتە کۆلیژی پزیشکی.

لایەنێکی تر، کە دیکسن بە تێرو تەسەلی باسی کرداره یاریدەدەرەکانی بەشی سێیەم دەکات و بەراوردیان دەکات بە کرداره یاریدەدەرەکانی بەشی دووەم. لە دیدی دیکسندا زۆربەی کات کرداره یاریدەدەرەکانی بەشی دووەم بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە لەگەڵ بکەری ڕستە سەرەکیەکە هەمان شتە، هەربۆیە بکەری لاڕستەکە لادەبردرێت، وەکو لەم ڕستەیە خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٥- قوتابیەکە دەیەوێت بیرکاری بخوێنێت.

لەکاتێکدا کرداره یاریدەدەرەکانی بەشی سێیەم زۆر بە دەگمەن واڕێکدەکەوێت کە بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە هەمان شت بن، هەربۆیەشە زۆربەی کات دەبێت هەردوو بکەرەکە دەربکەون، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٦-قوتابیەکە زۆری لەخۆی کرد بیرکاری بخوێنێت.

جیاوازیەکی تری نێوان کرداره یاریدەدەرەکانی بەشی دووەم لەگەڵ کرداره یاریدەدەرەکانی بەشی سێیەم ئەوەیە، کە دەکرێت هەندێک کرداری دیاریکراو کە وەک

کرداری سەرەکی لە دوای کردارە یاریدەدەرەکانی بەشی دووەم دەردەکەون، لاببردرێن، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٧- ئەمڕۆ پێشبینی(هاتنی) ئازاد دەکەم.

واتە؛ دەکرێت کردارەسەرەکیەکە (هاتن)ی دوای کردارە یاریدەدەرەکەیە کە (پێشبینی دەکەم)ە، لاببردرێت و ڕستەکە ببێتە (ئەمڕۆ پێشبینی ئازاد دەکەم). لەبەرانبەردا، لەگەڵ کردارە یاریدەدەرەکانی بەشی سێیەم لابردنی کردارە سەرەکیەکەی دوای تەنیا کاتێک ڕێگە پێدراوە ئەگەر واتای ئەو کردارە سەرەکیە لە ژینگەی دەقەکە یان پێشووتر دەرکەوتبێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٨- بۆچی ئەو دەستی لە کارکێشایەوە؟ ناحەزەکە ناچاری کرد.

واتە؛ لە ڕستەی ژمارە (٨) دا کردارە سەرەکیەکە (دەست لە کار کێشانەوە) دەکەوێتە دوای کردارێکی یاریدەدەری بەشی سێیەم، بەلام لەبەرئەوەی واتای کردارەسەرەکیەکە لە بەشی یەکەمی ڕستەکە دەردەکەوێت، ئەوا کردارە یاریدەدەرەکە ڕێگە بەلابردنی کردارە سەرەکیەکە دەدات لە بەشی دووەمی ڕستەکە.کەواتە تەواوی ڕستەکە بەم شێوەیەیە(بۆچی ئەو دەستی لە کارکێشایەوە؟ ناحەزەکە زۆری لێکرد دەست لەکاربکێشێتەوە).

خاڵێکی تر جیاوازی نێوان کردارە یاریدەدەردەکانی بەشی دووەم و سێیەم ئەوەیە کە کردارە یاریدەدەرەکانی بەشی دووەم دەکرێت لە بارێکی وەها دەرکەون کە هیچیان لە دوا نەیێت و واتای تەواویش بدەن، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٩-خۆزگە دەخوازم.

بەلام کردارە یاریدەدەرەکانی بەشی سێیەم لەم بارەدا دەرناکەون و واتای تەواو نادەن، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٠-* ناچاری دەکەم.

لەلایەکی ترەوە، کردارەکانی دواخستن لە ڕووی سیمانتیکیەوە هەندێک لێکچوونیان لەگەڵ کردارەکانی (دروستکردن) هەیە لەوەی کە لە کردارەکانی دواخستن و لە کردارەکانی دروستکردن بکەری کردارەکە ڕۆڵ دەگێرێت لەو شتەی کە ڕوودەدات. هەرچەندە بکەری (دواخستن) کاتی ڕوودانی کردارەکە ڕێکدەخات، هیچ یارمەتیەکی ڕوودانی کردارەکە نادەن. کردارەکانی (دواخستن) سەر بە کردارە یاریدەدەرەکانی بەشی دووەمن و لە ڕووی سینتاکسیەوە هەمان تایبەتمەندی کردارەکانی (ویستن)یان هەیە. یەکێک لە تایبەت

مەندیانەش بریتیە لە لابردنی بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە ( Dixon, Robert Ward. 2000,p.13-38)[*].

## ٦-٣-١ کردارەکانی دروستکردن:

(شیباتانی کردارەکانی (دروستکردن) ڕووندەکاتەوەو دەڵێت: کردارەکانی ئەم تەوەرە یەک ڕۆڵی سەربەخۆیان هەیە کە هۆکارەکەیە، ئەم ڕۆڵە هۆکارەش شتێک دەکات بۆ ئەوەی ڕووداوێک یان بارێک بێتە ئاراوە، ئەم ڕووداوە یان ئەم بارەش لەلایەن لاڕستەی تەواوکەریەوە ئاماژەی پێدەدرێت. سەبارەت بە ڕۆڵە هۆکارەکە زۆربەی کات بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە، بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە زۆربەی کات مرۆڤن، بەلام نە بکەری ڕستە سەرەکیەکە و نە بکەری لاڕستە تەواوکەریەکەش لەسەریان پێویست نیە ئیللا مرۆڤ بن. وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا دیارخراوە:

١- ئەو پێلاوە نوێیانە وادەکەن پێیەکانم ئازار بکێشن.

لەم ڕستەیەدا دەبینین کە هەردوو بکەری ڕستە سەرەکیەکە (پێلاوە نوێیەکانم) و بکەری لاڕستەکە (پێیەکانم) مرۆڤ نین. هەروەها دەکرێت یەکێک لە بکەرەکان مرۆڤی بێت و ئەوەی تر مرۆڤی نەبێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا دیارخراوە:

٢- کچەکە بووە هۆی وشک بوونی گوڵەکان.

دەکرێت بکەری ڕستە سەرەکیەکەش لاڕستەیەکی تەواوکەری بێت، ئەگەرچی زۆر باو نیە، بەلام ڕێگە پێدراوە، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣-شکستهێنان لە کاری یەکەمی وای لە قوتابیەکە کرد هەوڵی زیاتر بدات لە کاری دووەمی.

هەروەها دەکرێت پێکهاتەیەکی زیادە لەگەڵ ڕستەکە دەربکەوت تا ئەوە ڕوون بکاتەوە کەچۆن هۆکارەکە، بکەرەکە، بووەتە هۆی ڕوودانی شتەکە، زۆربەی کاتیش ئەو پێکهاتە زیادە لەڕێگەی (بە/بهەۆی/لەڕێگەی) دەناسێندرێت(Shibatani, Masayoshi. 1976,p.13-38). وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤- پیاوەکە وای لە چاودێرەکە کرد قاسەکە بکاتەوە بە/بهەۆی/لەڕێگەی هەڕەشەکردن بۆ گوتنی نهێنیەکانی.

ڕایس باسی سەرجەم کردارەکانی دروستکردن دەکات و دەڵێت: دەکرێت بیان کەین بە چوار گروپەوە. هەروەها (تاڵمی)یش پێی وایە کردارەکانی (دروستکردن) لەڕووی سیمانتیکیەوە لە سێ گروپ پێکهاتوون.

ڕایس دەڵێت: بە پێچەوانەی کردارەکانی زۆربەی پۆلەکانی تر، دەکرێت لەگەڵ بە گروپ کردنی کردارەکانی (دروستکردن)، جۆری ئەو لاڕستە تەواوکەریانەش دیاری بکەین کە لەگەڵ کردارەکانی هەر گروپێکدا دەردەکەوێت: وەک ئەم گروپانەی خوارەوە:

**گروپی یەکەم**: کردارەکانی (واڵیدەکات، دەبێە هۆی، ناچاردەکات، فریو دەدات) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گروپە بەوە ناسراون کە ئامرازی (لە) لە پێش کەسی یان شتی کارتێکراو دێت، هەروەها نیشانەی دانانی (ب) بە کردارەکەی ناو لاڕستە تەواوکەریەکەوە دەلکێت.

**گروپی دووەم**: کردارەکانی (ڕێگە پێدەدات، دهەیڵێت، بواردەدات، ڕوخسەت دەدات) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گروپە بەوە ناسراون کە ئامرازی (بە) لە پێش کەسی یان شتی کارتێکراو دێت، هەروەها نیشانەی دانانی (ب) بە کردارەکەی ناو لاڕستە تەواوکەریەکەوە دەلکێت.

**گروپی سێیەم**: کردارەکانی (ڕێگری لێدەکات، ناهێڵێت، ڕزگاردەکات، دەپارێزێت، ئازادە دەکات، دەپشکنێت، بەڕهلادەکات) دەگرێتەوە. کردارەکانی ئەم گروپە بەوە ناسراون کە ئامرازی پەیوەندی (لە)ی لە پێش کردارەکەی نێو لاڕستەکەوە دێت.

**گروپی چوارەم**: کرداری (دڵنیا دەکات) دەگرێتەوە، کهلاڕستەیەکی تەواوکەری وەردەگرێت بە (کە) دەستی پێکردووە*.

سەرەتا بە کورتی باسی واتای کردارەکانی گروپی یەکەم و دووەم دەکەین. کرداری (ناچاردەکات) دەکرێت واتای زۆرە ملێی لێکردن بێت، وەک لەم نموونەیەدا ڕوونکراوەتەوە: .

٥- زۆریم لە پیرەژنەکە کرد وەسیەت نامەکەی لەبەرژەوەندی من بگۆڕێت بهەۆی ئاڕستەکردنی تفەنگێک لەسەری.

کرداری (دەبێتهەۆی) زۆربەی کات لە کردەوە ناڕاستەوخۆیەکان بەکاردێت، وەک لە ڕستەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

٦-ئەو بووە هۆی بەیەک داکەوتنەکەی بارین.

---

* بڕوانە: 1- Rice, Keren. 2000,p.177-231 2- Talmy, Leonard. 2000

لەوانەیە کرداری (دەبێتهەۆی) بۆ دیاردەیەکی سروشتی بەکاربێت، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٧ - لەو بڕوایەدام کە تاقیکردنەوەی ژێرزەوی چەکە ئەتۆمیەکان بۆتهەۆی هەڵقوڵانی بورکان.

کرداری (والێدەکات) واتایەکی فراوانتری هەیە و ئاماژە بە هەر شتێک دەکات کە کەسی هۆکار ئەنجامی دەدات بۆ ئەوەی ڕووداوەکە بێتە ئاراوە، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتە:

٨- واتلێکردم نانەکە بسووتێنم

هەردوو کرداری (زۆری لێدەکات، دەبێتهەۆی) بە بەشێک لەکرداری (والێدەکات) دادەنرێن، هەربۆیە دەکرێت هەمیشە کرداری (والێدەکات) وەکو هاواتایان لە شوێنی ئەم دوو کردارە دابنرێت.

کرداری (فریو دەدات) لەڕووی سیمانتیکیەوە هەردوو واتای (والێدەکات) و (دەوێت) دەگرێتەوە، بۆ نموونە:

٩- ئەوەی ڕاستی بێت، جێهێشتنی قاڵبە زێڕەکان لەدەوروبەری نووسینگەکە تۆی فریودا یەکێکیان بدزیت.

کرداری (فریودا) لەم ڕستەیە واتای ئەوە دەگەیێنێت جێهێشتنی قاڵبە زێڕەکان لە دەوروبەری نووسینگەکە وای لە تۆ کرد بتەوێت قاڵبێکیان بدزیت.

با ئێستا سەرنج بخەینە سەر کردارەکانی گروپی دووەم. بە گوێرەی میلەر و جۆنسن لایەرد بێت، هەردوو کرداری (ڕێگە دەدات، ڕوخسەت دەدات) لەوانەیە بە شێوەیەکی بابەتیانە و ناکەسیانە بەکاربێن. کرداری (ڕێگەدەدات) بە باشتر دادەنرێت ئەگەر ڕستەکە شتێکی فەرمی لە خۆ بگرێت*، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٠- یاسا ڕێگەت پێنادات لەدەزگاکانی میری جگەرە بکێشیت.

کرداری (ڕوخسەت دەدات) ئاماژە بەوەدەکات کە دەست لێهەڵگرتنێک هەیە لەگەڵ پرۆسەی ڕوخسەت پێدانەکە، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١١- تەنیا من ڕوخسەتم پێدراوە کە مێرسیدس لێبخوڕم لە ڕۆژی لە دایک بوونم.

* بڕوانە: Miller, G. A., & Johnson-Laird, P. N. (1976).

لەبەرانبەردا، کرداری (دەهێڵێت) جەخت لەسەر ناسنامەی کەسی هۆکار دەکاتەوە، هەربۆیە ئەمەش وادەکات کە ئەم کردارە زۆربە دەگمەنی لە باری بکەر نادیاری بەکار بیت، بۆ نموونە:

١٢- دایکم نەی هێشت تا درەنگی شەو لەدەرەوە بمێنمەوە.

کرداری (دهەیڵێت) لە ڕووی واتاییەوە فراوانە و دەکرێت واتای (ڕێگری لێنەکردن) بدات، وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا دیارخراوە:

١٣- ئەو ڕێگری لێنەکردم لەوەی دەمەوێت بیکەم.

ووڵف و ئەوانی تر دهڵێن: هەردوو کرداری (ڕێگە دەدات، ڕوخسەت دەدات) دەکرێت ڕێگە بە لابردنی کردارە سەرەکیەکەی ناو لاڕستە تەواوکەریەکە بدەن ئەگەر کردارە سەرەکیەکە بریتی بێت لە (بەدەست دەهێنێت، وەردەگرێت، هەیەتی ( Wolff, P., Song, G. & Driscoll, D. 2002,p.607-622.), وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٤- ئەو ڕوخسەتی یەک چوکلێتی بەمنداڵەکە دا.

کردارەکانی گروپی یەکەم ڕێگە بە ئامرازی (بە) کە لە پێش کەس یان شتی کارتێکراو دێت دەدات، وە نیشانەی دانانی (ب) بە کردارەکەی ناو لاڕستە تەواوکەریەکەوە دەلکێت. هەروەها کردارەکانی گروپی دووەم ڕێگە بە ئامرازی (بە) لە پێش کەسی یان شتی کارتێکراو دێت، دەدات، هەروەها نیشانەی دانانی (ب) بە کردارەکەی ناو لاڕستە تەواوکەریەکەوە دەلکێت.

ئەو لاڕستە تەواو کەریەی کە لەگەڵ کردارەکاندا دێت، کاریگەری دەکاتە سەر واتای ڕستەکان ئەگەر کردارە یاریدەدەرەکە هەمان کرداریش بێت، بۆ نموونە بەراوردی نێوان ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە بکە:

١٥- وام لە ئارام کرد حەزی لە یاریەکە بێت.

١٦- وام لە ئارام کرد حەزی بچێتە یاریەکە.

ڕستە ژمارە (١٥) واتای ئەوە دەدات کە کاریگەریەک لە سەر (ئارام) هەبووە و وای لێ کردووە کە حەزی لە یاریەکە بێت، لە کاتێکدا ڕستەی ژمارە (١٦) واتای ئەوە دەگەیێنێت کە من شتێکم کردووە، لە ئەنجامدا بۆتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی (ئارام) و حەزی بچێتە یاریەکە.

باڕۆن لە دکتۆرا نامەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە دەکرێت کرداری (والێدەکات) ڕێگە بەلابردنی کردارە سەرەکیەکەی دوای خۆی بدات بەمەرجێک کردارە سەرەکیەکەی دوای

بریتبێت لە کردارێکی (بوون)و بەرکاری کردارەکەی بوونیش بارێک بێت، *وەکو لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٧- وام لە سارای کرد تورە بێت.

١٨- سارام تورە کرد.

ئەگەر چی جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕستەیە هەر تەنیا بریتی نیە لە لابردنی کرداره سەرەکیەکە لە ڕستەی ژمارە(١٨)دا، بەڵکو جیاوازیەکی سیمانتیکیش لە نێوانیان هەیە ئەویش ئەوەی ڕستەی ژمارە (١٧) واتای ئەوە دەدات کە من شتێکم کرد لە ئەنجامدا وورده وورده بووه هۆی تورە کردنی سارا، ڕستەی ژمارە (١٨) واتای ئەوە دەدات کە من بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سارام تورە کردووە، مەرج نیە من شتێکم کردبێت ببێە هۆی تورە بوونی سارا، بەڵکو بە مەبەست و ڕاستەوخۆ ئەوم تورە کردووە. بە واتایەکی تر؛ ڕستەی ژمارە (١٧) واتە؛ وەک بڵێی بە ئەنقەست و بۆ خۆشی سارام تورە کردبێت، کەچی ڕستەی ژمارە (١٨) واتای ئەوە دەدات کە سارا بە سروشتی خۆی وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر من تورە بووە.

کرداری (زۆری لێدەکات) دەکرێت لە پێکهاتەیەکی تردا دەربکەوێت ئەویش ئەویە کە لاڕستە تەواو کەریەکەی بە پریپۆزیشنی (بەرەو) دەستپێدەکات و کردارەکەی ناو لاڕستە تەواوکەریەکەش بە شێوەی چاوگ دەبێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٩- زۆریم لە دارا کرد بۆ دەست لەکار کێشانەوەکەی.

لە ڕووی سیمانتیکیشەوە ئەو ڕستەیە ئەوە دەردەخات، کە ئەو کردارەی کە لە لاڕستەکە دایە ئاماژە بە پرۆسەیەکی مەودادار دەکات و کەمێک کاتی ویستووە تاوەکو ئەنجامەکەی بە دەست هاتووە، نەک دارا یەکسەر دەستی لە کار کێشابێتەوە.

ئامۆن و کۆمێر هەمان بۆچوونیان هەیە و کۆکن لەسەر ئەوەی کە کردارەکانی گروپی دووەم لەڕووی سیمانتیکیەوە پێچەوانەی کردارەکانی گروپی سێیەمن. کرداری (ناهێڵێت) و کرداری (ڕێگری لێدەکات) ئاماژە بەوە دەکەن کە کەسی بکەر، هۆکار، دڵنیایی لەوە دەکەنەوە کە کەسێک شتێکی نەکردووە کە ویستوویەتی بیکات یان هەوڵی کردنی داوە.

* بڕوانە: Baron, N. S. (1972).

ئەگەر چی زۆربەی کات وەک دوو کرداری هاواتای یەکتری بەکاردێن، بەلام بە شێوەیەکی گشتیش کرداری (ناهێڵێت) ئاماژە بە ناڕاستەوخۆیەتی لێنەگەڕانەکە دەکات، لە کاتێکدا کرداری (ڕێگری دەکات) زیاتر ڕاستەوخۆبوونی پێوە دیارە لە ڕێگە نەدانەکە، وەک لەم نموونانەی ژمارە(٢٠ و٢١و ٢٢)دا ڕوونکراوەتەوە:

٢٠- نەیهێشت کچەکەی بچێتە قوتابخانە.
٢١- ریگری لە کچەکەی کرد بچێتە قوتابخانە.
٢٢- ڕێگری کرد کچەکەی بچێتە قوتابخانە.

کردارەکانی (دەپشکنێت، ڕزگاردەکات، ئازاد دەکات) کرداری گرووپی سێیەمن، بەلام واتاکانیان زیاتر نزیکە لە واتای کردارەکانی گرووپی یەکەم.

کرداری (ڕێگری دەکات) دەکرێت زیاتر لە واتایەک ببەخشێت و بەگوێرەی هەریەکێک لە واتایەکانیش لە گەڵ پۆلێکی جیاواز لە کردار دابنرێت. بۆ نموونە دەکرێت کرداری (دەوەستێت) وەکو ئەندامێکی کردارەکانی دەستپێکردن دابنرێت وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٣- کوڕەکە لە مەلەکردن وەستا.

ئەم ڕستەیە واتای ئەوەیە کە کوڕەکە مەلەی دەکرد، یەکسەر بڕیاریدا چیتر مەلە نەکات، واتە؛ دەستی کرد بە وەستان لە مەلە کردن. هەروەها دەکرێت کرداری (دەوەستێت) وەکو کردارێکی هۆیی بە کاربێت، لەم بارەدا لەگەڵ کردارە یاریدەدەرەکانی بەشی یەکەم دادەنرێت، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٤- باوکەکە کوڕەکەی  وەستاند لە مەلەکردن.
٢٥- باوکەکە کوڕەکەی لە مەلە کردن وەستاند.

سەرەڕای ئەم دوو بەکارهێنانەی دەکرێت کرداری (دەوەستێت) واتای (ڕێگری دەکات) بدات، لەم بارەشدا لەگەڵ کردارە یاریدەدەرەکانی بەشی سێیەم دادەنرێت، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٦-باوکەکە ڕێگری کرد کوڕەکەی مەلە بکات.
٢٧-باوکەکە ڕێگری لە کوڕەکەی کرد مەلە بکات.

جیاوازیەکی تر سیمانتیکی نێوان ڕستەی ژمارە (٢٦ و٢٧) ئەوەیە کە ڕستەی ژمارە (٢٦) واتای ئەوەیە، کە کوڕەکە مەلەی دەکرد، باوکە کوڕەی وەستاند. لە کاتێکدا ڕستەی ژمارە (٢٧) واتای ئەوە بەدەستەوە دەدات کە باوکە ڕێگە نەداوە کوڕەکەی هەر دەست بە مەلەکردن بکات و هەر نەچووەنە ناو ئاویش.

گروپی چوارەم یەک تاکە کردار لە خۆ دەگرێت کە کرداری (دڵنیا دەکات)ە، کە لاڕستەی تەواوکەری (کە) وەردەگرێت. چەنگ و نۆڤیچ باسی ئەوە دەکەن ئەم کردارە ئاماژە بەوەناکات کە کەسی بکەر هەموو شتێک دەکات، بەڵکو تەنیا دڵنیا دەکاتەوە کە کردارەکە کراوە، جا گرنگ نیە لەلایەن کێ.(Cheng & Novick, 1991, p.84)وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٨-ئەو دڵنیات دەکاتەوە کە هەموو دەرگاکان داخراون.

## ٦-٣-٢ کردارەکانی یارمەتیدان:

کردارەکانی ئەم تەوەرە یەک ڕۆڵیان هەیە، کە یارمەتیدەرەکەیە. ئەو ڕۆڵە یارمەتیدەرەش دەبێتە بکەری ڕستە سەرەکیەکە. ئەو یارمەتیدەرەش بە کەسێکی ترەوە دەبەسترێتەوە کە لە لاڕستە تەواو کەریەکە دایە، ئەم دوو کەسە، کەسە یارمەتیدەرەکە و کەسەکەی ناو لاڕستە تەواوکەریەکە، بەیەکەوە ڕووداوێک دێننە ئاراوە. کرداری سەرەکی ئەم تەوەرەش بریتیە لە (یارمەتیدەدات)، بەلام چەند کردارێکی تریش هەن کە بە هاوواتای کرداری یارمەتیدان دادەنرێن، ئەوانیش: (هاوکاری دەکات، هەماهەنگی دەکات)نن.

خاڵێکی سینتاکسی دیاری کردارەکانی یارمەتیدان ئەوەیە کە کاتێک لاڕستەی تەواوکەری وەردەگرن، دەبێت بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە جیاواز بێت لە بکەری ڕستە سەرەکیەکە.

کردارەکانی یارمەتیدان لە کردارەکانی دروستکردن جیاوازن لەوەی کە یان دەکرێت بەرکاری لاڕستە تەواوکەرەکە لاببردرێت ( Ammon, Mary Sue Hersey. 1980.2- Comrie, Bernard.1985,p.3,48-309)، یان بکەرەکەی، وەکو لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- ئارام یارمەتی ئاراسی دا.

٢-ئارام یارمەتی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەی دا.

ڕستەی ژمارە (١) لە بارێکدا دەگوترێت، کە پێشبینی دەکرێت کەسی گوێگر بزانێت ئارام یارمەتی ئاراسی داوە لە ئەنجامدانی چ کارێک. لە کاتێکدا ڕستەی ژمارە (٢) لە بارێکدا دەردەبڕدرێت کە کەسێک نەیەوێت کەسەکەی تر دیاری بکات کە ئارام یارمەتی داوە لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکە.

فێلبووم دهڵێت: کرداری (یاریمەتیدەدات) دەکرێت لاڕستە تەواوکەریەکەی بە دوو شێوە دەربکەوێت، ئەم جیاوازیەش لە لاڕستە تەواوکەریەکە دەبێتەهۆی دروستبوونی جیاوازی واتایی(**Fellbaum.1999,p93**) وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣- چاودێرەکە یارمەتی نەخۆشەکەی دا بۆ خواردانی چێشتەکە.

٤- چاودێرەکە یارمەتی نەخۆشەکەی دا خواردنەکە بخوات.

ڕستەی ژمارە (٣) واتای ئەوە دەدات کە (چاودێرەکە) بە ملاک خواردنی داوەتە (نەخۆشەکە)، کەچی ڕستەی ژمارە (٤) واتای ئەوە دەگەیێنێت کە (چاودێرەکە) یارمەتی (نەخۆشەکەی) داوە لە خواردنی چێشتەکەی. بهەۆی ئەوەی کە هەندێکی لەگەڵ خواردووە.

بکەرە یارمەتیدەرەکە زۆربەی کات مرۆڤە، بەلام دەکرێت ناوێکی واتایی، ڕوداوێک یان لاڕستەیەکی تەواوکەری بێت، وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

٥- سەرکەوتنەکەی باوکی یارمەتیدا متمانە بەخۆی بکات.

٦- باوەڕبوون بەخوا یارمەتیدام بەسەر قەیرانەکەدا زاڵبم.

بە پێی بۆچوونی دەنگ و ئەوانی تربێت باسی ئەوە دەکەن کە هەندێکجار دەکرێت کرداری (یارمەتی دەدات) لە پێکهاتەیەکی سینتاکسی تردا دەربکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە پریپۆزشنی (لە/بە) لە دوای ئەو کەسە بێت کە یارمەتی دەدرێت، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٧-سەرپەرشتیارەکەم یارەمەتی منی دا لە نووسینی نامەکەم.

ئەم ڕستەیە لەڕووی سیمانتیکیەوە زیاتر واتایەکەی لە ڕستەی ژمارە (٤ )دەچێت، نەک ڕستەی ژمارە (٣)، واتە؛ ئەو نیوەی نامەکەی لەگەڵ من نوسیووە.

یەکێک لە کردارە زۆرتایبەتیەکانی تەوەری یارمەتیدان، بریتیە لە کرداری (فریا دەکەوێت) کە زیاتر ئاماژە بە یارمەتیدانێکی فەرمی و گشتی دەکات، نەک تاکی. هەروەها ئەم کردارە ئەوەش دەردەخات ئەو کەسەی کە پێویستی بە یارمەتیەکە هەیە پێویستە لە بارێکدابێت کە واپێویست بکات یارمەتی بدرێت. وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٨- ڕێکخراوەکە فریای منداڵە نەخۆشەکان کەوت.
لە کاتێکدا کرداری (هاوکاری دەکات) ئەوە دەگەیێنێت کە کەسی یارمەتیدەر ڕۆڵێکی ناسەرەکی دەبینێت و تەنیا وەکو یاریدەدەرێکە، بۆ نموونە:

٩- ئارام هاوکاری ئاراسی کرد لە بنیات نانی دیوارەکە لەڕێگەی خشت پێدان.

هەروەها چەند کردارێکی تر هەن وەک کردارەکانی (هاریکاریدەکات، هەماهەنگی دەکات) کە زیاتر وەکو هاووتای کرداری (هاوکاریدەکات) دەردەکەون، نەک هاوواتای کرداری (یارمەتیدەدات). ئەو دووکرداره، پریپۆزشنی (لەگەڵ) وەردەگرن، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٠-عێراق هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا دەکات لە جەنگدا.

کرداری (پاڵپشتی دەکات) هەندێکجار وەکو کردارێکی هاوواتای کرداری (یارمەتیدان) هەژمار دەکرێت، وەک ئەویش لاڕستەی تەواوکەری وەردەگرێت، کە ئەو لاڕستە تەواوکەریە باسی چالاکیەک دەکات، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١١-ئەوان پاڵپشتی ئارامیان کرد لە هەڵبژاردنی بۆ سەرۆکی پەرلەمانی.

دووکرداری تریش هەن هەرچەندە کە لەڕووی سیمانتیکیەوە واتاکانیان پێچەوانەی کردارەکانی یارمەتیدانە، بەلام زۆربەی جاریش وەکو ئەندامی کردارەکانی پۆلی (یارمەتیدان) هەژمار دەکرێن. کردارەکانیش بریتین لە هەردوو کرداری (کۆسپ دێنێتە ڕێ، بەرهەڵستی دەکات).

کرداری (کۆسپ دێنێتە ڕێ) ڕێک بە کرداری دژە واتای (یارمەتیدان) دادەنرێت. هەروەها ئەم کردارە بە شێوەیەکی ئازاد لاڕستەی تەواوکەری وەرناگرێت، بەڵکو ئەو لاڕستەیەی ئەو کردارە کە پەسندی دەکات بریتیە لە فریزێکی ناوی کە وەک بەرکاری کردارەکە دەردەکەوێت، فریزە ناویەکەش ئەو کەسەیە کە بەربەستەکەی بۆ دروست دەکرێت، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٢-پارێزەرەکە کۆسپی هێنایە ڕێی پیاوە کارکەرەکە.

کرداری (بەرهەڵستی دەکات) زیاتر وەکو کردارێک دەبینرێت کە ڕێک دژە واتای (پاڵپشتی دەکات)ە، بەهەمان شێوەش لاڕستەی تەواوکەری وەردەگرێت کە باسی چالاکیەک دەکات* وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

---

* بڕوانە:

١٣- ئەوان بەرهەڵستی تۆیان کرد لە هەڵبژاردنت وەک سەرۆکی پەرلەمان.

## ٦-٤ بەشی چوارەمی کردارە یاریدەدەرەکان:

کردارەکانی ئەم بەشە سەرجەمیان کرداری تێنەپەڕن و لاڕستەی تەواوکەری وەکو ڕۆڵە بکەرەکەیان وەردەگرن. هەروەها دەکرێت جگە لەڕۆڵە بکەرەکە ڕۆڵێکی تریش لە ناو لاڕستە تەواوکەریەکە وەربگرن.

### ٦-٤-١کردارەکانی وادەرکەوتن:

(گیس بۆڕن و هۆڵمس بە درێژی باسی کردارەکانی وادەرکەوتن دەکەن و دەڵێن کردارەکانی ئەم تەوەرە بریتین لە (واپێدەچێت، وادەردەکەوێت، وادیاردەبێت، وا هەستدەکات، ڕوودەدات). لە ڕووی سینتاکسیەوە ئەم تەوەرە بە دوو شێوە بەکاردێن:

شێوەی یەکەم: ئەم کردارانە لەگەڵ ئاوەڵناوێک یان فرێزێکی ئاوەڵناوی بەکاردێن.

شێوەی دووەم: دەکرێت بەبێ ئاوەڵناو و فرێزی ئاوەڵناوی بەکاربێن.

کاتێک کردارەکانی ئەم تەوەرە لە شێوەی یەکەم دا دەردەکەون، ئەوا ئەوە دەردەخەن کە ئاوەڵناوەکە زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی وەسفی ڕووداوەکە یان بارێک بکات، ئەو ڕووداوەش، یان ئەو بارە لەلایەن لاڕستە تەواوکەریەکەوە ئاماژەی پێدەکرێت و ئەو لاڕستە تەواو کەریەش لە شوێنی بکەر دەردەکەوێت.

لەزمانی کوردیدا ئەم کردارانە بە شێوەیەک دەردەکەون کە ئاوەڵناویان لە دوادێت + کردارێکی بوون. بۆیەی دەکرێت بڵێین کردارەکانی ئەم تەوەرەش لەڕووی پیکهاتەوە پێکهاتەی کردارە نیمچە مۆدەلەکانیان هەیە(GISBORNE, HOLMES. 2007,p.2-23)، وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢- زۆرخۆرەکە زۆر گێل دەردەکەوێت./ وادەردەکەوێت زۆرخۆرەکە گێلە.

٢- وادەردەکەوێت بۆ ئازاد زۆر زەحمەت بێت.

٣- زەحمەت دەردەکەوێت بۆ ئازاد.

---

t.dang,k.kipper,m.palmer,and.j.rosenweig.1998,p.294-298

لەدیدی ئەکینڤالد سیفەتێکی سینتاکسی کردارەکانی (وادەرکەتن) ئەوەیە، کە دەکرێت بە یەکێک لەکردارەکانی (بوون) جێگەیان بکیرێتەوە(Aikhenvald, A. (2003),p.6-28), وەکو لەم دوو ڕستەیەدا دیارخراوە:

٤- قوتابییەکە زیرەک دیارە.

٥- قوتابییەکە زیرەکە.

لە ڕووی سینتاکسیەوە کرداری (ە) کە کردارێکی بوونە، لە ڕستەی ژمارە (٥) جێگەی کرداری (وادەردەکەوێت)ی ڕستەی چوارەمی گرتۆتەوە، بەلام لێرەدا جیاوازیەکی سیماتیکی دێتە ئاراوە. ڕستەی ژمارە (٤) دەڵێت (قوتابەکە زیرەک دیارە) واتە؛ وادەردەکەوێت کە قوتابییەکە زیرەک بێت، بەلام (وادەرکەوتن) مانای وانیە کە لەڕاستیدا زیرەکە، بەمەش مەودایەک دەمەنێتەوە بۆ ئەوەی قوتابییەکە زیرەک نەبێت، تەنیا وادەربکەوێت. لە کاتێکدا لەڕستەی ژمارە (٥) کە دەڵێت: (قوتابییەکە زیرەکە) واتە؛ لە ڕاستیدا قوتابیەکە زیرەکە و بواری زیرەک نەبوون نەماوەتەوە. دەبێت ئەوەش بزانین کە ناکرێت لە هەموو بارێکدا جێگەی کردارێکی (وادەرکەوتن) بە کردارێکی (بوون) بگیرێتەوە، بەتایبەتی کاتێک لاڕستەی تەواوکەری لەڕستەکە داهەیە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە و بکەری لاڕستەکەش هەمان شتن، ئەوا زۆر دەگمەنە، ئەگەر ئەستەمیش نەبێت، کەوا جێگای کردارێکی وادەرکەوتن بە کردارێکی بوون بگیرێتەوە، وەکو لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٦- قوتابییەکە ڕاست بوو هەڵسایەوە کاتێک ماموستاکە هاتە ژوورەوە.

٧-*واپێدەچوو قوتابییەکە ڕاست بێت هەڵسایەوە کاتێک مامۆستاکە هاتە ژوورەوە.

(هەروەها گیسبۆرن پێی وایە دەکرێت کردارێکی (بوون) لەگەڵ کردارێکی وادەرکەوتن لەڕستەدا بەیەکەوە دەربکەون، وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٨- زۆرخۆرەکە <u>وادەردەکەوێت</u> گێل <u>بێت.</u>

بەلام دەکرێت کرداری بوونەکە لابېردرێت ئەگەر بکەوێتە دوای ئاوەڵناوێک یان بکەوێتە دوای فرێزێکی ناوی، لەبەر ئەوەی ئەو ئاوەڵناوەی یان ئەو فرێزەی ناوییەی کە لە پێشی ئەو شێوەی کرداری بوونەکە دێت، بریتیە لە هەڵسەنگاندنێک ( Gisborne, N.(2000),p.55-73), هەربۆیە دەکرێت ڕستەی ژمارە (٨) بە شێوەی ڕستەی ژمارە (٩) دەربېردرێت و بنووسرێت:

٩-زۆرخۆرەکە گیل دەردەکەوێت.

جیاوازیەکی تری نێوان هەردوو ڕستە ژمارە (٨ و ٩) ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی لە ڕستەی ژمارە (٨)دا شێوەیەکی کرداری بوون هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە لاڕستەی تەواوکەری لەڕستەکەدا هەبێت. لە کاتێکدا لەڕستەی ژمارە (٩)دا کرداره بوونەکە لابردراوە، لاڕستەی تەواوکەری بوونی نیە.

ئەگەر فرێزە ناویەکەی پێش کردارەکەی (بوون) باسی هەڵسەنگاندێک نەکات، ئەوا ناکرێت کردارەکەی (بوون) لەڕستەکە لاببردرێت، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٠- پێدەچێت دکتۆر بێت.

١١- واپێدەچێت دکتۆر...(بێت،ە)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕستەی ژمارە (١١) بە ناچاری پێویستی بەکردارێکی بوونە، لەبەر ئەوەی (دکتۆر) کە فرێزە ناوییەکەی دوای کردارەکەی دەرکەوتوە، باس لە هیچ هەڵسەنگاندنێک ناکات، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ڕستە ڕێگە بەلادانی کردارەکەی بوون نادات.

کردارەکانی (وادەرکەوتن) لە دوو پێکهاتەی تاڕادەیەک جێگرەوەی یەکتری بەکاردێن. ئەوانیش پێکهاتەکانی (وەک بڵی) و (وەک ئەوەی یان وەکو )ن. کاتێک کردارێکی (وادەرکەوتن) لەیەکێک لەم دوو پێکهاتەیەدا دەردەکەوێت، هەبوونی کردارێکی (بوون) ناچارییە، (María José. López-Couso, and Belén Méndez-Naya,2012,p.177 ) وەک لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٢-پیاوەکە وادەردەکەوێت وەکو بڵی لە ژنەکەی دەدا.

١٣-پیاوەکە وادەردەکەوێت وەک ئەوەی لە ژنەکەی بدات.

ئەم دوو پێکهاتەیەش کاتێک لەگەڵ کردارەکانی وادەردەکەوێت بەکاردێن، کە کەسی قسەکەر تەواو لەوە دڵنیا نیە لە گونجاوی ئەو وەسفە ئاوەڵناویەی کە لەڕستە بەکاری دێنێت، یان دڵنیا نیە لەڕاستی و دروستی ئەو وتەی کە لە لاڕستە تەواوکەریەکەدا دێت. هەروەها دەکرێت کەسی قسەکەر کاتێک یەکێک لەم دوو پێکهاتەیە بەکار بێنێت، ئەگەر زانیاری و بەڵگەی تەواوی نەبێت لەسەر ئەو بەشەی کە پەیوەستە بە لاڕستە تەواوکەریەکەوە.

دەکرێت جیاوازی سیمانتیکی لە نێوان کردارەکانی (وادەرکەوتن)دا هەبێت، بۆ نموونە جیاوازیەکی سیمانتیکی لە نێوان هەردوو کرداری (وادەردەکەوێت) و (لەوەدەچێت) هەیە.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دوو کردارە سیفەتە سینتاکسیەکانیان هاوبەشن و سیفەتە سیمانتیکیەکانیشیان زۆر هاوشێوەو لەیەکچوون، بەلام کرداری (وادەردەکەوێت) زیاتر واتای ئەوە بەدەستەوە دەدات کە (دەتوانم بگەمە ئەنجامێک، یان گەشیتمە ئەنجامێک، ئینجا وام بۆ دەرکەوت). لە بەرانبەردا کرداری (لەوەدەچێت) زیاتر واتای ئەوەیەکە (دەتوانرێت سەرنج بدرێت لەلایەن منەوە، یان دەکرێت تێبینی بکرێت لەلایەن منەوە).

کردارەکانی (واپێدەچێت، وادیاردەبێت، واهەست دەکات) ڕێزمان و واتایان هاوشێوە کرداری (وادەردەکەوێت) و (لەوەدەچێت)ە.

کرداری (وادیاردەبێت)، وەکو کرداری (لەوەدەچێت) زۆربەی کات واتای ئەوەدەدات کە کەسی قسەکەر بەڵگەکەی بینراوی و بیناییە و لە ڕێگە سەرنجدان و تێبینیکردنەوە بەدەستی هێناوە، بەلام جارجاریش دەکرێت واتای ئەوە بێت کە سەرچاوەی بەڵگەکە نەزانراو بێت.

کرداری (واهەست دەکات) زۆربەی کات بۆ ئەوە بەکاردێت کە ئەگەر کەسی بەکار هێنەر پشت بە ژیری و بەڵگە نەویستی ببەستێت، یان پشت بە بیروبۆچوونێکی مێشکی ببەستێت دەربارەی شتێک.

کرداری (واپێدەچێت) کاتێک بەکاردێت، کە سەرچاوەی بەڵگە و زانیاری کەسی قسەکەر سروشتی بێت. هەربۆیە دەکرێت زۆربەی کات دوو دوو لەم کردارانە بە هاواتای یەکتری دابنرێن، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراونەتەوە:

١٤- وادەردەکەوێت/واپێدەچێت نامۆبێت ئارام ئۆتۆمبێلەکەی بفرۆشێت.

١٥- وادەردەکەوێت/وادیاردەبێت منداڵەکە ترسا بێت.

١٧- وادەردەکەوێت/واهەستدەکات کە جارێکی تر نەیبینێتەوە.

هەرسێ کردارەکانی (واهەستدەکات، واپێدەچێت، وادیاردەبێت) دەکرێت کرداری (وادەردەکەوێت) وەک هاوتایان وەرگرن، هەربۆیەش ئەم سێ کردارە هەرسێکیان دەکرێت لە هەردوو پێکهاتەی (وەک بڵێ و وەک ئەوەی) دەرکەون (López-Couso, María José, and Belén Méndez-Naya. 2010).

زۆربەی کات کردارەکانی کۆمەڵەی وادەرکەوتن کرداری تێپەڕن، بەلام دەکرێت بەکارهێنانی شێوە تێنەپەڕیشیان هەبێت، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٧- باش دەردەکەوێت.

١٨- جوان دەردەکەوێت.

(هەردووکاری (تام دەکات، بۆندەکات) لەگەڵ کردارەکانی وادەرکەوتن هەژماردەکرێن. ئەوەی جێی سەرنجە ئەم کردارانە بەزۆری بەشێوەی تێپەڕی بەکاردێن، کاتێکیش بە شێوەی تێپەڕی بەکاردێن، ئەوا واتای (هەستپێکردن) دەدەن، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٨- هەستیان بە کێشە کردوو ڕایانکرد.

کرداری (ڕوودەدات) لەڕووی سیمانتیکیەوە واتای ئەوەدەدات کە لەڕاستیدا ئەوە بارەکەیە، جا لەوانەیە لەگەڵ ڕوودانەکە یان هەبوونی ئەو بارە شتێکی جێی سەرسوڕمان بێت، بەلام لەڕووی سینتاکسیەوە ئەم کرداره هاوشێوەی کردارەکانی وادەرکەوتنە، سەرەڕای ئەوەی کرداری (ڕوودەدات) ناتوانێت لەگەڵ پێکهاتەکانی (وەک بڵێی، وەک ئەوەی) دەربکەوێت، هەرگیز وەک کردارێکی تێپەڕ دەرناکەوێت و هەمیشە لەباری تێنەپەڕی دایە.

هەندێکجار ئەم کرداره واتای (وارێکدەکەوێت، وارێکەوت) دەدات، ئەمە لەکاتێکدا ئەو واتایە دەدات، کاتێک کردارێکی (بوون)ی لەگەڵ بەکار بێت لە ڕستەکەدا، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٢٠- زۆرخۆرەکە گێلە وارێکەوت راست بێت.

هەندێک کات دەکرێت بکەری کرداری (ڕوودەدات) ناوێک بێت کە باسی چالاکیەک دەکات، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا دیارخراوە:

٢١- شەڕەکە ڕوویدا لەبەرئەوەی پیاوەکە لە ژنەکەیدا.

کرداری (هاتە ئاراوە) لەڕووی واتاییەوە زۆر لە کرداری (ڕوودەدات) دەچێت ( Kim,. 2014.p,167**)**, وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا دیارخراوە:

٢٢- شەڕەکە هاتە ئاراوە لەبەرئەوەی پیاوەکە لە ژنەکەی دا.

## ٦-٤-٢ کردارەکانی گرنگیدان:

کردارەکانی ئەم تەوەرە ژمارەیان زۆر کەمە و گرنگترین و دیارترین ئەندامیشیان بریتیە لە کرداری (گرنگە)، کە زۆربەی کات لە باری نەرێیدا بەکاردێت. ئەم کردارە لە

ڕووی سیمانتیکیەوە، کە واتای ئەوە دەگەیێنێت کە ڕووداوێک یان بارێک لەلایەن لاڕستە تەواوکەریەکەوە ئاماژەی پێدەکرێت، گرنگە یان نا(PINE, and BEN, 2012, p.51). وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١- بردنەوەکەی دووەمەکە گرنگ نیە.

لەزمانی کوردیدا، ئەم کردارە لەڕووی مۆرفۆلۆژیەوە لە ئاوەڵناو (گرنگ) + کردارێکی بوون (ە) پێکهاتووە، هەربۆیە دەکرێت بڵێین: ئەم کردارە لە زمانی کوردیدا یەکێکە لەو کردارە دەگمەنانەی کە پێکهاتەی کردارە نیمچە مۆدەڵەکانی هەیە. دوو جۆر لاڕستەی تەواوکەری وەردەگرێت ئەوانیش لاڕستەی تەواوکەری (کە) و لاڕستەی تەواوکەری وشەی (پرس). وەک لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا دەبینین:

٢- لام گرنگ نیە کە ئازاد خەلاتەکەی بردەوە.

٣- گرنگ نیە کێ یارمەتیت دەدات.

هەندێکجار ئەم کردارە ڕێگە بەلابردنی لاڕستە تەواوکەریەکەی دوای خۆی دەدات، بەمەرجێک بکەرەکەی بریتیبێت لەلاڕستەیەکی تەواوکەری، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤- دەنگدانی ئەو بە پارێزگارەکان گرنگ نیە.

ئەم کردارە دەکرێت بکەرێک وەرگرێت کە فرێزێکی ناوی بێ سنوور یان نادیار بێت، لەم بارەدا دەبێت ئەوەی لە دوای ئەم کردارەوە دێت بهەۆی (لەلای/بەلای)ەوە بناسێندرێت، وەک لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٥-هیچ شتێک بەلای بێویژدانەکەوە گرنگ نیە.

## ٧-چەند خاڵێکی گرنگ سەبارەت بە جۆر و واتای لاڕستە تەواوکەرییەکان:

ئاکمایجان باسی جۆرەکانی لاڕستە دەکات و بە شێوەیەکی گشتی تیشک دەخاتە سەر ئەم چوار جۆرەی خوارەوە:

**یەکەم**: لاڕستەی تەواوکەری (کە) ئاماژە بە چالاکیەکی دووپاتکراوە دەکات ، یان ئاماژە بە بارێک دەکات، کە بریتیە لە تاکە یەکەیەک. هەروەها ئەم جۆرە لاڕستە تەواوکەرییە هیچ ئاماژەیەک بە مەوداو کاتی لاڕستەکە ناکات.

**دووەم**: لاڕستەی (پرسی) تاڕادەیەک هەندێک پەیوەستە بە چالاکیەکی دووپاتکراوە یان پەیوەستە بەبارێکەوە، کە ئەو چالاکیە دووپاتکراوە یان ئەو بارە ڕوونکردنەوەیەکی پێویستە.

**سێیەم**: لاڕستەی (بەردەوامی/چاوگی) ئاماژە بە بە چالاکیەک یان بارێک دەکات کە بەردەوامیەکی تێدایە، واتە؛ درێژکردنەوەیەکی کاتی تێدایە.

**چوارەم**: لاڕستەی (بۆ) ئاماژە بە چالاکیەک دەکات کە بکەری ڕستە تیایدا بەشدارە. زۆربەی ئەو کردارانەی کە لاڕستەی (بۆ) وەردەگرن ئەوا دەتوانن لاڕستەی پرسیش وەرگرن.

هەردوو جۆی لاڕستەی (پرسی ) و (کە)، پێویستە دەم کات نیشان بدەن و لەوانەشە کرداری مۆدەڵ لە خۆیان بگرن لە پێکهاتەکانیاندا. هەروەها ئەم دوو جۆرە لاڕستەیە پێویسیان بە بکەرێکی ئاشکرا هەیە(Akmaijan, A. 1977,p.427-479: )، کە لە بەشی شەشەم بەشیوەیەکی ورد باسکراوە.

زۆربەی کات، ئەوە کردارە یاریدەدەرەکانن پێویستیان بە لاڕستەیە، یان دەکرێت بڵێین هەبوونی لاڕستە لەگەڵ کردارە یاریدەدەرەکان شتێکی ناچارییە. ئەمەش بە زۆری بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە کردارە یاریدەدەرەکان گونجانێکی تەواو لە نێوان لایەنی سینتاکسی و لایەنی سیمانتیکیان نیە، لەبەرئەوەی کە لایەنی سینتاکسی کردارە یاریدەدەرەکان هاوشێوەی لایەنی سینتاکسی کردارە سەرەکیەکانە، بەلام لەڕووی سیمانتیکیەوە، کردارە یاریدەدەرەکان وەسفی کردارێکی تردەکەن، کە لە پێکهاتەی لاڕستە تەواوکەریەکەدایە، هەر ئەو کردارەی ناو لاڕستەکەشە جەخت و فۆکسی سیمانتیکی ڕستە هەڵدەگرێت.

دەکرێت پەیوەندییە سیمانتیکیەکانی نێوان کرداره یاریدەدەرەکە و کردارەکەی نێو لاڕستە کۆد کراو بێت، بۆ نموونە، دەکرێت کرداره یاریدەدەرەکە وابکات کردارەکەی نێو لاڕستەکە بکەوێتە باری چاوگی یان باری داخوازی. وەیان کرداره یاریدەدەرەکە ڕێگری بکات لە دەرکەوتنی کردارەکەی نێو لاڕستەکە لەگەڵ هەموو جۆرە لاڕستەیەک. بۆ نموونە، کرداره یاریدەدەرەکانی کۆمەڵەی یەکەم و دووەم و سێیەم، بەواتایەکی تر؛ کۆمەڵەی یەکەم کردارەکانی (دەستپێکردن و هەوڵدان و پەلەکردن و وێران) ناتوانن ڕێگە بەوە بدەن کە کردارەکەی نێو لاڕستەکەیان بە لاڕستەی پرسی لەگەڵیان دەربکەوێت. کۆمەڵەی دووەم کردارەکانی (ویستن و دواخستن) ئەوانیش ناتوانن ڕێگە بەوە بدەن کە کردارەکەی نێو لاڕستەکەیان بە لاڕستەی پرسی لەگەڵیان دەربکەوێت. کۆمەڵەی سێیەم کردارەکانی (دروستکردن، یارمەتیدان) ئەوانیش بە هەمان شێوە ناتوانن ڕێگە بەوە بدەن کە کردارەکەی نێو لاڕستەکەیان بە لاڕستەی پرسی لەگەڵیان دەربکەوێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی سەیری نموونەکانی هەریەک لەم کردارانە بکە کە لە بەشی سێیەم باسکراوە. ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کرداره یاریدەدەرەکانی ئەم سێ کۆمەڵەیە، تایبەت مەندی سیمانتیکی سەبارەت بە کرداره سەرەکیەکەی نێو لاڕستەکە بەرجەستە دەکەن. ئەگەر کردارەکانی ئەم سێ کۆمەڵەیە لەگەڵ لاڕستەی پرسیش دەربکەون، ئەوا زۆر بە دەگمەنە. هەروەها کرداره یاریدەدەرەکانی ئەم سێ کۆمەڵەیە ئەو لاڕستانەیان لەگەڵ دەرناکەوێت کە باسی هەڵسەنگاندن دەکەن، لەبەرئەوەی ئەم کرداره یاریدەدەرانەی ئەم سێ کۆمەڵەیە وێنەی بیروبۆچوون ناکێشن و باسی هەڵسەنگاندن ناکەن.

هەرچی کرداره یاریدەدەرەکانی کۆمەڵەی چوارەمن، واتە؛ کردارەکانی (وادەردەکەوێت، گرنگی پێدەدات) تاڕادەیەک تایبەتمەندی جیاوازتریان لە کرداره یاریدەدەرەکانی سێ کۆمەڵەکەی تر هەیە. کردارەکانی (وادەردەکەوێت) دەکرێت لەگەڵ جۆرە پێکهاتەیەکی تایبەت دەربکەون، کە باسی هەڵسەنگاندن دەکات. کرداری (گرنگی پێدەدات) لەوانەیە لەگەڵ لاڕستەی تەواوکەری پرسی دەربکەوێت*. سەیری نمونەکانی کردارەکانی (وادەرکەوتن و گرنگیپێدان) بکە.

کرداره یاریدەدەرەکانی کۆمەڵەی یەکەم، واتە، کردارەکانی (دەستپێکردن و هەوڵدان و پەلەکردن و وێران) هەمان ڕۆڵی سیمانتیکی کردارەکەی نێو لاڕستەکانیان هەیە. هەر ئەم

* بڕوانە..Bresnan,j.w.1979

لایەنە سیمانتیکیە هاوبەشەشە کاری کردۆتە سەر ئەوەی کە ئەم کردارە یاریدەدەرانە بنەمای سینتاکسی هاوبەشیان لەگەڵ کردارەکانی نێو لاڕستەکانیان هەبێت، بۆیە دەکرێت هەندێک لەو کردارە یاریدەدەرانە ڕێگە بەلابردنی بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە بدەن، بەتایبەتی کاتێک بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکە هەمان شتن یان ئاماژە بۆ هەمان شت دەکەن.

کردارە یاریدەدەرەکانی کۆمەڵەی یەکەم ڕێگە بە دوو جۆر لاڕستە دەدەن: ئەوانیش لاڕستەی (چاوگی)یە، واتە؛ کردارەکەی نێو لاڕستە کە لەباری چاوگی، لەگەڵ لاڕستەی (بۆ) دەربکەوێت. دەرکەوتنی کردارە یاریدەدەرەکانی کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ ئەم دوو جۆرە لاڕستە تەواوکەریە بۆ ئەوەیە، کە ئەم کردارانە، ڕێگە بە دەرکەوتنی کردارەکەی نێو لاڕستەکە دەدەن لە بارێکی چاوگیدا، کاتێک کردارە یاریدەدەرەکە ئاماژە بە ڕوودانی چالاکیەک دەکات و کاتی ڕوودانی ئەو چالاکیە دیاری ناکات. دەرکەوتنی ئەم کردارە یاریدەدەرانە لەگەڵ لاڕستەی (بۆ) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کردارە یاریدەدەرەکە ڕێگە بە کردارەکەی نێو لاڕستەکە دەدات لەگەڵ لاڕستەیەکی وا دەربکەوێت کاتێک کردارە یاریدەدەرەکە ئاماژە بە تێوەگلان و بەشداریکردنی بکەرەکە دەکات لە چالاکیەکەی نێو لاڕستەکە*.

کردارە یاریدەدەرەکانی کۆمەڵەی یەکەم و دووەم پێویستیان بە یەک ڕۆڵ هەیە، کە ئەویش بریتیە لە بکەری کردارە یاریدەدەرەکە، سەرەڕای ئەوەش ڕۆڵێک لە کردارەکەی نێو لاڕستە تەواوکەریەکە وەردەگرن، جا دەکرێت ئەو ڕۆڵەی نێو لاڕستە تەواوکەریەکە بریتیبێت لە کات، هەروەکو بۆ کردارەکانی ویستن و دواخستن هەیە.

کردارەکانی (ویستن)، وەسفی هەڵوێستێکی بنەڕەتی دەکەن بەرانبەر ڕووداوێک یان بارێک، کە ئەو ڕووداوە یان ئەو بارە لە ناو لاڕستە تەواوکەریەکە دایە. دەکرێت لەگەڵ کردارەکانی (ویستن) ئەم جۆرە لاڕستە تەواوکەریە بهەۆی لاڕستەیەکی (کە)ەوە دەرببڕدرێت. هەروەها دەکرێت لارستەی کردارەکانی (ویستن) کردارێکی مۆدەڵ لە خۆ بگرێت.

سەرجەم کردارەکانی ویستن ڕێگە بەوە دەدەن کە لاڕستەی (بۆ) وەربگرن، هەروەها هەندێک لەکردارەکانی (ویستن)، وەکو کردارەکانی (نیازی وایە، پلاندادەنێت، ئامانجیەتی)

---

* بڕوانە: van Ek, J. A. 1966

ڕێگە بە لاڕستەی تەواوکەری چاوگیش دەدەن، بەمەرجێک بکەری لاڕستە تەواوکەریەکەو بکەری ڕستە سەرەکیەکە هەمان شت بن، بۆیە بکەری لاڕستەتەواوکەریەکە لادەبردرێت. ڕێگە دانی ئەم سێ کردارە بە لاڕستەی چاوگی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەبنەڕەتدا ئەم سێ کردارە پەیوەستن بە بنەمایەکی بیرکردنەوەوە، کە دەڵێت بە دڵنیایەوە ئەو شتانە دەکرێت لە داهاتوودا*. بەراوردی نێوان ئەم دوو ڕستەیە بکە:

١- پلان بۆ دروستکردنی خانوویێک دادەنێت.

٢- پلانی دروستکردنی خانووێک دادەنێت

ڕستەی یەکەم، کە لاڕستەی تەواوکەری (بۆ)ی وەرگرتووە، واتای ئەوەدەگەیێنێت کە ئەو تەنیا بیرۆکەی ئەوەی هەیە کە بەشداری بنیاتنانی خانوویێک بکات. لەکاتێکدا ڕستەی دووەم، کهلاڕستەی چاوگی وەرگرتووە، واتای ئەوەدەدات کە ئەو بیر لە تێرو تەسەلی چالاکی بیناتنانی خانووێک دەکاتەوە کە بۆ کوێ بچێت، چۆن دروستی بکات، ..........هتد.

لەکردارە یاریدەدەرەکانی کۆمەڵەی سێیەم، کردارەکانی لقی (دروستکردن) ئاماژە بە هۆکارەکە دەکەن، کە بریتیە لە بکەری ڕستە سەرەکیەکە، ئەو بکەرەش شتێک دەکات و دەبێتە هۆی تێوەگلانی بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە لەو چالاکیەی کە لە لاڕستە تەواوکەریەکە دا هەیە.

کردارەکانی لقی یارمەتیدان ئاماژە بە ڕۆڵە یارمەتیدەرەکە دەکەن، کە ئەو یش بریتیەلە بکەری ڕستە سەرەکیەکە، ئەو بکەرەش لەگەڵ بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە یەکدەگرێت بۆ ئەوەی ڕووداوێک بێننە ئاراوە. یەکگرتنی ئەو دوو بکەرش وادەکات کە لەڕووی سیمانتیکیەوە، کردارەکانی ئەم لقە تەنیا ڕێگە بە لاڕستەی (بۆ) بدەن.

بەشێوەیەکی گشتی بکەری ڕستە سەرەکیەکە و بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە مرۆڤن، بەلام دەکرێت بکەری یەکێکان شتێکی بێ گیان بێت، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٣- لافاوی ڕووبارەکە زۆری لێکردم ڕێگاکەم بگۆڕم.
٤- ئەو وایکرد تۆپەکە غلۆل بێتەوە ناو ژوورەکە.

---

* بڕوانە:.Menzel, P. 1975

لەڕستەی ژمارە (٣)دا بکەری ڕستە سەرەکیەکە (لافاوی ڕووبارەکە) شتێکی بێ گیانە، بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە مرۆڤە، بەلام لەڕستەی ژمارە (٤)دا بە پێچەوانەوەیە. ئەو شتێکی زۆر دەگمەنە کە لەگەڵ کردارەکانی ئەم لقە، بکەری ڕستە سەرەکیەکە، کە بریتیە لە هۆکارەکە یان یارمەتیدەرەکە، لەگەڵ بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە هەمان شت بێت، تەنانەت ئەگەر بکەری ڕستە سەرەکیەکە و بکەری لاڕستەکە ئاماژە بە هەمان کەسیش بکەن، هەر دەبێت هەردوو بکەرکە دەربکەون و ڕێگە بەلابردنی بکەری لاڕستە نادرێت*، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٤- وام لە خۆم کرد خواردنەکە بخۆم.

هەندێکجار وارێکدەکەوێت کردارەکەی نێو لاڕستە تەواوکەریەکە بەجۆرێک دەردەکەوێت، کە نە لاڕستەی (کە) یە، نە لاڕستەی (پرسی) یە، نە لاڕستەی (چاوگی)یە، نە لاڕستەی (بۆ) یە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت، کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان کردارەکەی نێو ڕستە سەرەکیەکە و کردارەکەی نێو لاڕستە دا هەیە. وەکە لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٥- ڕێگەت دەدەم بچیتە ناو خانووەکەوە.

هەروەها ئەم ڕستەیە ئەوەش ڕووندەکاتەوە، کە نەک هەر تەنیا پەیوەندی لە نێوان کردارەکەی نێو لاڕستەکە و کردارەکەی ناو لاڕستە سەرەکیەکەوە هەیە، بەڵکو هاوپەیوەندیەکیش لە نێوان بکەری لاڕستەکە و بکەری ڕستە سەرەکیەکەوە هەیە.

کردارە یاریدەدەرەکانی کۆمەڵەی چوارەم، وەک کردارەکانی (بوون) ڕۆڵ دەگێڕن و وەکو کردارەکانی بوونیش دەکرێت لەڕستەدا ئاوەڵناویان لە دوا بێت. دەکرێت لەگەڵ کردارەکانی ئەم کۆمەڵەیە لاڕستە تەواوکەریەکە ڕۆڵی بکەر ببێنێت. بەم شێوەیە دەگونجێت، لاڕستە تەواوکەریەکە لاڕستەی (بۆ) بێت، ئەمەش لەبەرئەوەی بکەری لاڕستە، بەشدارە لە چالاکیەکە، وەکو لەم ڕستەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

٦- پێدەچێت ئاسایی بێت بۆ کاپتنەکە سەرکردایەتی تیمەکەی بکات.

دەکرێت لاڕستەی چاوگی، لەگەڵ کردارەکانی ئەم کۆمەڵەیە هەڵبژێردرێت، ئەمەش بۆ وەسفکردنی چالاکیەکی ماوەدارە، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

* بڕوانە: Noonan, M. 1985

٧- بەم بەیانیە چوونی ئازاد بۆ کار نامۆ دیار بوو.

هەروەها دەکرێت کردارەکانی (وادەرکەوتن) بەبێ ئاوەڵناو دەربکەون، بەڵکو ڕاستەوخۆ لاڕستەی (کە) یان لەدوا بێت، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٨- وادەردەکەوێت کە هێرۆ بیەوێت بڕوات .

دەکرێت لەگەڵ کردارەکانی (بێزارکردن) لاڕستە تەواوکەریەکە ببێتە بکەری کردارەکە، بەلام بۆ کردارەکانی (حەزپێکردن و سەرنجدان و بیرکردنەوە و بڕیاردان)، لاڕستەی تەواوکەری دەبێتە بەرکاریان. لاڕستەی تەواوکەری لەگەڵ کردارەکانی (قسەکردن) دەکەونە دوای لاڕستەی تەواوکەری یان دەکرێت ببنە بەرکاریان*.

ڕانسۆم بە شێوەیەکی گشتی باسی دەرکەوتنی لاڕستەکان لەگەڵ کردارەکان دەکات و دەڵێت: هەندێک لەو کردارانەی کە لاڕستەی چاوگی و لاڕستەی (بۆ) وەردەگرن ڕێگە بەلابردنی بکەری لاڕستە تەواوکەرەکە دەدەن، بۆ نموونە، وەکو کردارەکانی (دەستپێکردن) یان دەکرێت بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە ڕێگە بەلابردنی بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە بدات، وەک کردارەکانی (حەزپێکردن). یان لەوانەیە کردارەکە ڕێگە بەلابردنی بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە نەدات، وەکو کردارەکانی (بینین).

ئەو لاڕستە تەواوکەریانەی کە لە شوێنی بەرکاری دەردەکەون، واتە ئەو لاڕستانەی کە هیچ بەرکارێکی ڕوونیان نیە، وادادەنرێن کە بکەری ئەو جۆرە لاڕستە هەمان بکەری ڕستە سەرەکیەکەیە. ئەگەر بکەری لاڕستە تەواوکەریەکەش بوونی هەبێت، ئەوا بکەری لاڕستە تەواوکەریەکە و بەرکاری ڕستە سەرەکیەکە بە هەمان شت دادەنرێن.

هەروەها دەڵێت: بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەم چەند خاڵە سەبارەت بە پۆلێنکردنی کردارەکان و ئەو لاڕستانەی کە وەریان دەگرن بخەینەڕوو، وا باشترە بۆ ڕوونکردنەوەی هەر خاڵێکیان سەیری نموونەکانی ئەم کردارانە بکرێت کە لەبەشی شەشەم باسکراون.

ا- سەرجەم کردارەکانی (دەستپێکردن) لاڕستەی تەواوکەری چاوگی و لاڕستەی (بە) وەردەگرن.

ب- سەرجەم کردارەکانی (ویستن) لاڕستەی تەواوکەری (بۆ) لاڕستەی تەواوکەری (کە) وەردەگرن.

---

* بڕوانە:. Freed, A. F. 1979

ج- سەرجەم کردارەکانی ( بیرکردنەوە) لاڕستەی تەواوکەری (کە) و لاڕستەی تەواوکەری (پرسی) وەردەگرن، دەکرێت لاڕستەی تەواوکەری (چاوگی) و (بۆ) وەربگرن، کاتێک لاڕستە باسی هەڵسەنگاندنێک دەکات.

د- سەرجەم کردارەکانی (حەزپێکردن) لارستەی تەواوکەریەکانی (چاوگی) و (بۆ) وەردەگرن.

ڕانسۆم باسی دوو جۆرە لاڕستەی تر دەکات، کە ئەوانیش ئەو لاڕستە تەواوکەرە پرسیانەن کە بە (ئایا، ئەگەر) دەستپێدەکەن، کە ئەو لاڕستانە باسی ڕووداوێک یان بارێک دەکەن. جۆرەکەی تری لاڕستەی پرسی بە وشە پرسەکانی وەکو (کێ، چ، کامە، بۆ چی) دەستپێدەکەن، کە ئەم جۆرە لاڕستانە باسی هەندێک لایەنی ڕووداوێک یان بارێک دەکەن، نەک تەواوی خودی ڕووداوەکە یان بارەکە. جا هەردوو جۆری ئەم لاڕستە پرسیانە، دەکرێت قسەی ناڕاستەوخۆ بن وەکو وەلامی پرسیارێک یان بە واتایەکی تر بڵێن؛ ئەو لاڕستانە وتەی ناڕاستەوخۆ بن بۆ وەلامی پرسیارێک کە لەڕستە سەرەکیەکەدایە، وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

٩- پرسیان ئەگەر ئەو نەخۆش بێت؟

١٠- پرسی کێ نەخۆشە؟

دەکرێت لاڕستەی تەواوکەری پرسی، لەگەڵ هەندێک کرداردا دەربکەوێت کە کردارەکانی قسەکردن نین، ئەگەر لاڕستەی تەواوکەری پرسی لەگەل کردارێکدا دەرکەوت کە قسەکردن نیە، ئەوا ئەو لاڕستەیە ئاماژە بە شتێک دەکات کە ڕوونکردنەوەی پێویستە[*]، وەکو لەم دوو ڕستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١١- نازانم ئایا ئەمشەو خەفەرە یان نا؟

١٢- نازانم ئەمشەو کێ خەفەرە؟

باوترین ڕێسای دەرکەوتنی لاڕستەی تەواوکەری لەگەڵ کردارەکانی (دەزانێت، دەبیستێت، تێدەگات، بەبیردێتەوە، بڕیاردەدات، لێدوان دەدات) ئەوەیە کە ئەو کردارانە لەڕستەی ئەرێیدا لاڕستەی (کە) وەردەگرن و لە ڕستەی نەرێدا لاڕستەی (پرسی) وەردەگرن، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٣- دەزانم کە ئەمشەو دارا خەفەرە.

---

[*] بڕواتە: Ransom, E. N. 1986.

١٤- نازانم ئایا دارا ئەمشە خەفەرە؟

هەروەها سەرجەم ئەم کردارانە دەکرێت لەرستەی ئەرێنیدا بن و لاڕستەی پرسیش وەربگرن و کاتێکیش لەباری نەرێیدان، لەگەڵ لاڕستەی (کە) دەربکەون، وەک لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

١٥- دەزانم ئەمشەو دارا لەکوێ خەفەرە.

١٦- نەدەمزانی کە ئەمشەو دارا خەفەرە.

بەلام دەبێت ئەوە بڵێین کە ڕستەکانی ژمارە (١٥و ١٦) کاتێک بەکاردێن کە کەسێکی تر دووپاتی کردبێتەوە کە دارا خەفەرە. لەکاتێکدا ڕستەی ژمارە (١٤) واتای ئەوەدەدات کە کەسی قسەکەر ڕادەی ڕازی بوونی بەو دووپاتکردنەوەکە کەمە، بەواتایەکی تر؛ واتای ڕستەی ژمارە (١٤) لەوە نزیکە کە قسەکەر بڵێت (باوەڕ ناکەم کە ئەمشەو دارا خەفەرە). لە هەمان کاتدا ڕستەی ژمارە (١٦) ڕادەی ناڕازی بوونی کەسی قسەکەر بەو دووپاتکردنەوەکە کەمترە، هەربۆیە ڕستەکە لە دەمی ڕابردوو دایە. ئەم کەم ناڕازی بوونەی کەسی قسەکەر بە دووپاتکردنەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسی قسەکەر پێی وایە ئەو کەسەی دووپاتکردنەوەکەی کردووە، پێشتر کاتەکانی خەفەریاتی بڕیاری زانیووە.

با ئێستا هەندێک باسی لاڕستەی کردارەکانی (هەوڵدان) بکەین، کرداری (هەوڵدەدات)، دەتوانێت لاڕستەی (بۆ) وەربگرێت کاتێک کە بکەری ڕستە سەرەکیەکە تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە چالاکی نێو لارستەکە، بەلام مەرجیش نیە بتوانێت بەشدار بێت. بڕوانە نموونەکانی کردارەکانی هەوڵدان لە بەشی شەشەم. سەرەڕای ئەوەش کرداری هەوڵدەدات ڕێگە بەوەدەدات، کە لاڕستەی تەواوکەری (چاوگی) لەگەڵ بەکاربێت، لەم بارە بکەری ڕستەی سەرەکی تەنیا بۆ ماوەیەک بەشداری چالاکیەکە دەبێت.

کرداری (دەوێرێت)، ئەوە دەردەخات کە بکەری ڕستەی سەرەکی، ئازایەتی تەواوی هەیە بۆئەوەی بەشداربێت لە چالاکیەکە، هەربۆیە کرداری (دەوێرێت) ڕێگە بە لاڕستەی تەواوکەری (بۆ) و (چاوگی ) دەدات*.

* بڕوانە:.Egan, Thomas. 2008

کردارەکانی (سەرنجدان) لاڕستەی تەواوکەری (کە) وەردەگرن و ئاماژە بە زانیاری ناڕاستەوخۆ دەکەن. هەندێک لەکردارەکانی سەرەنجدان لاڕستەی تەواوکەری (بۆ)ش وەردەگرن، ئەمەش کاتێک دەبێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بکەری ڕستەی سەرەکی بەشداری چالاکیەکەی نێو لاڕستەکە دەکات. لەبەرئەوەی کردارەکانی ئەم پۆلە بەزۆری لاڕستەی تەواوکەری (کە) وەردەگرن، ئەمەش ئاماژە بە ناڕاستەوخۆ بەشداریکردنی بکەری ڕستەی سەرەکیە، هەربۆیە دەکرێت کردارێکی مۆدەڵ لە نێو لاڕستە تەواوکەریەکە هەبێت.

هەندێک لەکردارەکانی قسەکردن وەکو کردارەکانی (دەدوێت، دەمەتەقێ دەکات، قسەدەکات، نوکتە دەڵێت) ئاماژە بە چالاکیەکی کۆمەلایەتی دەکەن لە پەیوەندی کردندا. ئەوکردارانە لاڕستەی تەواوکەری (پرسی) و (چاوگی) وەردەگرن و ئەگەر بکەریان لەگەڵ بکەری ڕستە سەرەکیەکە هەمان شت بێت، ئەوا ڕێگە بەلا بردنی بکەری لاڕستە کانیان دەدەن.

